


# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وە

# خەزەڵوەری ٢٧٢٥

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- هۆکاری سەرەکیی نەبوونی یەکێتییەکی گشتگیر لە نێو ئۆپۆزیسیۆن، نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە مافەکانی مرۆڤە.......................................................... د. ئاسۆ حەسەنزادە ..... ٥
٢- هەرەس لە دوندی وەهمەوە......................................................... عەلی بداغی ..... ٩
٣- پاییزی ئایەتوڵلاکان؛ کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟....... وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٣
٤- دەستە شاراوەکان لە ورمێ: هاندانی پانتورکیزم و سیاسەتەکانی ئێران و تورکیە............ ڕەحیم نزهتزادە ..... ١٨
٥- حاشاکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بە واتای داگیرکارییە.......................................... ئازاد مستۆفی ..... ٢٤
٦- گرینگیی ژینگە و قەیرانی بەرۆکگرتووی سەرچاوەی ژیانی کوردستان!.................................... کاکۆ ..... ٣٠
سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترامپ لە بەرامبەر ئێران: دابڕان یان درێژەدانی ئیدارەکانی پێشوو؟..... دیلان هەردی ..... ٣٣
٧- حیجابی دڵخواز................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٣٨
٨- ڕاپەڕینی ژینا: دوو پارادایمی جیاواز.................................................... ئارام کەیخوسرەوی ..... ٤١
٩- مانیفێستی "ئاکسفۆرد"............................................................. شارۆخ حەسەنزادە ..... ٤٨
١٠- هەڵوەدای ڕزگاریی گەل، لە قووڵایی ئازارەوە.............................................. د. کامران ئەمینئاوە ..... ٥٣
١١- ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥ - ١٩٩٠)....................................
........................................................... کوێستان نستانی و د. هۆشمەند عەلی محمود ..... ٥٧
١٢- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید یوسف ئەمینی)............................................... برایم چووکەڵی ..... ٦٤
١٣- وەچەی ئاڵفاشمان تەیارە........................................................... هەردی سەلیمی ..... ٦٧
١٤- ڕێژەی ڕاستەقینەی هەژاری زۆر لەو ڕێژەیە بەرزترە حکوومەتی ئێران بە فەرمی ڕایگەیاند..... سلێمان تاشان ..... ٧٠
١٥- "من ئازادم!"........................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٧٤
١٦- کۆماری ئیسلامی لە چەقبەستوویی سێ لایەنەدا............................................ ڕەحمان سەلیمی ..... ٧٧
١٧- تەوسی تاڵی ژنی خەڵک و، مافیای "فیلم و فووتباڵ" لە ئێران.............................. عەلی لەیلاخ ..... ٨٠
١٨- "نظام مقدس" بڵ بووە و بۆگەنی نەک پشیلە بەڵکوو شێریش دەتۆپێنێت........................... دارسمە ..... ٨٤
١٩- "نظام مقدس" بڵ بووە و بۆگەنی نەک پشیلە بەڵکوو شێریش دەتۆپێنێت........................ ڕەحیم نزهتزادە ..... ٨٧

٢٠- کاتێک ئاشتی بۆنی مردن دەدات!...................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٩٠

٢١- شەڕی باندەکانی دەسەڵات لەپێناو مانەوەی ڕێژیم.................................. سامان فەقێنەبی ..... ٩٤

٢٢- ئازادیی ئەندێشە، قوربانیی هەمیشەیی دەسەڵاتەکانی تاران.......................... هەردی سەلیمی ..... ٩٧

٢٣- باسێک لەسەر کتێبی "٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری"دا........................................ عومەر باڵەکی ..... ١٠٠

٢٤- پاییزی ئایەتوڵڵاکان، کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟........... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٠٣

٢٥- د. کوردستان موکریانی: ئەگەر تۆ زمانی خۆت نەپاراست، یانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆت نەپاراستوە.................

................................................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٠٩

٢٦- خەڵک ئیتر ئەسپی زینکراو بۆ دەسەڵات نین! (لە پێوەندی لەگەڵ پینەوپەڕۆکردنی کۆماری ئیسلامیدا)...............

.............................................................................................. عەلی لەیلاخ ..... ١١٤

٢٧- ١٣ی خەزەڵوەر: سەرەتایەک بۆ قەیران و سەرکوت........................................... مستەفا شێخە ..... ١١٩

٢٨- سۆسیال دێموکراسی و ئاڵنگارییەکانی لە کردەوەدا........................................ سۆران عەلیپوور ..... ١٢٤

٢٩- چارەنووسی ناڕوونی ٥٢ میلیارد دۆلار، وێنەیەک لە پێکهاتەی تاڵان و وەڵامنەدانەوە لە ئێران...........................

............................................................................................ ڕەحیم نزهەتزادە ..... ١٢٩

٣٠- ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات لەبارەی نێوەرۆکی قسە تازە ئاشکرابووەکانی سەرۆکی پژاک...................... ١٣٢

٣١- ویلایەتی فەقیهـ کۆماری ئیسلامی ئێران؛ قەیران لە هەموو ئاستەکاندا......................... زانیار حوسێنی ..... ١٣٦

٣٢- پێویستیی گەڕانەوە و پشتبەستن بە ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان............................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٤٢

٣٣- قوربانیی پێدۆفیلیا............................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٤٦

٣٤- توریزمی کۆلۆنیالیستی، شیرینکردنی داگیرکاری لە زاری داگیرکراودا.................. سەلام ئیسماعیلپوور ..... ١٥٠

٣٥- قەیرانی ئاو و قەیرانێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی......................................... هەردی سەلیمی ..... ١٥٧

٣٦- یەکگرتوویی........................................................................................ مستەفا شڵماشی ..... ١٦٠

٣٧- ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥ - ١٩٩٠)........................................

............................................................................ کوێستان نستانی و د. هۆشمەند عەلی ..... ١٦٤

٣٨- هەڵوێستەیەک لەسەر ناتەبایی نێو سیستەمی کۆماری ئیسلامی.............................. حەسەن شێخانی ..... ١٦٩

٣٩- خۆخۆریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی!............................................... عەلی لەیلاخ ..... ١٧٥

٤٠- نەتەوە بەرانبەر قەوم/خێڵ (دووپاتە خوێندنەوەی پێگەی نەتەوەی کورد لە وێژمانی ناوەندگەرادا).........................

........................................................................................ ڕەحیم نزهەتزادە ..... ١٧٩

٤١- دەور و نەخشی یاخیبووان لە ئەدەبی بەرگریدا.............................................. هێمن مەردانی ..... ١٨٢

٤٢- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید محەممەدعەزیز قادری)........................................ برایم چووکەڵی ..... ١٨٨

٤٣- بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی مەحکوومکردنی کارەساتی گیانلەدەستدانی ئەحمەد بالدی.... ........................................................................................................ ١٩١

٤٤- بەڕێوەچوونی کۆڕی "خزمەتێک بە بارستایی تەمەن"، کۆڕیادی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە واشنگتۆن.................................................................................................... ١٩٣

٤٥- تێکۆشانکردن پێویستە بەمجۆرە لەنێو گەلدا بێتە بەردەوامکردن!....................................... دارسمە ..... ١٩٦

٤٦- کۆچی دوایی سروودبێژی «بژی دێموکرات»..................................................... تاهیر قاسمی ..... ٢٠٠

٤٧- وردەکاریی هێمنانە (مۆسیقا چۆن مەبەست قووڵ دەکاتەوە؟)................................... ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٢٠٣



# دەقی وتەکانی د. ئاسۆ حەسەن‌زادە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی ئێران، ئۆسلۆ، ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥



**د. ئاسۆ حەسەن‌زادە**

سڵاو و سپاس بۆ ڕێکخراوی مافی مرۆڤیی ئێران کە کۆبوونەوەی ئەمساڵی تەرخان کردووە بۆ بەرچاوترین فاکتەری پرۆسەی گواستنەوە، واتە ڕوانگەی لایەنە سیاسییەکان. من لێرە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم.

هەشتا ساڵ دوای دەستپێکردنی خەباتی پێشکەوتنخوازی کورد لە ئێران و سێ ساڵ دوای بزووتنەوەی ئاوارتەی ژینا کە لە کوردستان بە درووشمی کوردی دەستی پێ کرد؛ بووە هۆی شانازیی ئێرانییەکان لە سەرتاسەری جیهان. ئێمە وەک کورد هێشتا سەرقاڵی ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەین کە داواکارییە سیاسییەکانی نەتەوەکەمان بەپێی پێوەرەکانی مافی مرۆڤیش شیاوی سەرنجن. هەروەک پێشتر دەگەڵ بەڕێز ئەمیری موقەددەم سەبارەت بە دەرەنجامی کۆنفرانسەکە باسم کرد، بە پێچەوانەی بابەتگەلی وەک سزای لەسێدارەدان، زۆربەی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ تەنیا لە حاڵەتێکدا کۆدەنگیی هەموولایەکمان مسۆگەر دەکات کە بە شێوەیەکی گشتی دەربڕدرێن. بەڵام ئەزموون نیشانی داوە گشتگیری ئێمە ناگەیەنێتە هیچ شوێنێک. بە بڕوای من، هۆکاری سەرەکیی نەبوونی یەکێتییەکی گشتگیر لە نێو ئۆپۆزیسیۆن، نەبوونی تێگەیشتنێکی



سەرچاوە
Serchawe

هاوبەش لە مافەکانی مرۆڤە. هەروەک ئاگادارن، بە درێژایی سەدەی بیستەم و هەتا ئەمڕۆش، ڕوانگەی جۆراوجۆر بۆ چەمکەکانی مافی مرۆڤ بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمی سیاسیی جۆربەجۆر. بۆ ئێمە، هیچکام لە ڕوانگەکانی لیبراڵی، سۆسیالیستییەکان یان فەرهەنگییەکان بۆ مافەکانیی مرۆڤ، دەگەڵ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی گونجاو نین. داهاتوویەکی هاوبەش لە گرەوی ڕوانگەیەکی فرەچەشن بۆ مافی مرۆڤە کە یەکسانی دابین بکات و لە هەمان کاتدا ڕێز لە فرەیی بگرێت. بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ناونیشانی پەنەلەکەدا بدوێم، لە ڕوانگەی ئێمەوە، گرنگترین فاکتەر بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و ڕێگرتن لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆری، دادپەروەریی سیاسی و قبوڵکردنی فرەییە. بۆیە لێرەدا قسەکانم لەسەر پەیوەندی نێوان داواکارییە بەکۆمەڵ و سیاسییەکانی نەتەوەکان لە ئێران و مافەکانی مرۆڤ دەخەمە ڕوو.

بە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیەی کە گوایە ئەم داواکارییانە لە دژایەتیی مافی مرۆڤ و یەکسانیی شارۆمەندیدان یان هەر پێویست ناکات باس بکرێن و لە ڕێگەی مافە تاکەکەسییەکانی مرۆڤ و مافەکانی شارۆمەندییەوە دابین دەکرێن، دەبێت بگوترێ کە یەکسانیی شارۆمەندی داواکارییە ڕەواکانی نەتەوە بندەستەکان دابین ناکات، بەڵکوو دەبێت شوناسی بەکۆمەڵی ئەوان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە گۆڕەپانی گشتیدا بە فەرمی بناسرێت، ئەو شوناسەی کە سامناکترین جۆری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، واتە ژینۆساید بەهۆی نکۆڵیکردنەوە ڕوو دەدات. لە هەمان کاتدا، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین، لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤیشدا شیاوی پاساوهێنانەوەیە. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم؛ گەورەترین کێشەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی واتە قبوڵنەکردنی ئەویتر، زیاتر لە هەر بوارێکی دیکە سەبارەت بە نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران دەردەکەوێت. بۆ نموونە، لە جیاتی ئێمە، ئێمە پێناسە دەکەن، ناومان ناهێنن و ئەگە ناویشمان بنێن بە هۆز و قەبیلەمان پێناسە دەکەن و زۆربەی کات لە کۆتایی لیستەکە و دوای چینە کۆمەڵایەتییە زۆر بچووکترەکان یان بزووتنەوە پەراوێزخراوەکان کە لە ساڵانی دواییدا پێکهاتوون، باسیان دەکەن. ئایا ئەوان دەزانن کە نەتەوەکان گرنگترین هێزی پێکهێنەر لە مێژوو و کۆمەڵگەی ئێراندان؟ ئایا دەزانن سەرجەم ڕێککەوتننامەکانی مافی مرۆڤ پەیوەندیی نەتەوەیی لە سەرەوەی هۆکارەکانی جیاکاریی قەدەغەکراو باس دەکەن؟ ئایا دەزانن لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندوە کە بوونی گەلانی خاوەن شوناسی جیاواز، ڕاستییەکی بابەتییە کە نەک لەسەر بنەمای بڕیاری حکومەت، بەڵکوو لەسەر بنەمای خۆپێناسەکردنی ئەندامانی ئەو گرووپە دیاری دەکرێت؟

ئەوانەی نکۆڵی و حاشا لە شوناسی نەتەوەکان لە ئێراندا دەکەن، ئایا ئاگادارن باس لە گەلانێک دەکرێت کە لەسەر بنەمای هەمان مافی خۆپێناسەکردن و پێوەرە بابەتییەکان، خۆیان وەک نەتەوە و خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەزانن کە لە یەکەم ماددەی هاوبەشی پەیمانی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا هاتوە؟ بە بڕوای لیژنەی مافەکانی مرۆڤ،

مافی دیاریکردنی چارەنووس لانیکەم بە لایەنی نێوخۆییدا ئەو نەتەوانەش دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتە ئاراییەکاندا دەژین. ئەوانەی بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات دژایەتیی هەر جۆرە لامەرکەزییەتێک دەکەن، بەتایبەتی گونجاوترینیان کە فیدراڵیزم لەسەر بنەمای شوناسە، بەردەوام شمشێری دامۆکلێس لەژێر ناوی سەروەریی خاکەوە بەسەر سەرمانەوە ڕادەگرن؛ ئایا دەزانن بڕیارنامەی ٢٦٢٥ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پاراستنی سەروەریی خاک تەنیا بۆ ئەو دەوڵەتانە بە ڕەوا دەزانێت کە دەسەڵاتێکی هەڵقووڵاوی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەیان هەبێت؟ ئایا دەزانن نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر دادگای هەمیشەیی دادی نێودەوڵەتی لە دۆسیەیەکی پەیوەندیدار بە قوتابخانەکانی کەمینەکان لە ئەلبانیا ڕوونی کردەوە، تەنانەت مافە کولتوورییەکانی کەمینەکانیش تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوە خۆسەرەکانیانەوە بەدی دێن؟ ئایا ئاگاداری نێوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی کەمینە نەتەوەییەکان و گەلانی ڕەسەن، ڕای سەرۆکی دادگای بەرزی کەنەدا سەبارەت بە جیابوونەوەی کەبێک و ڕای دادگای لاهە سەبارەت بە کۆسۆڤۆ و ئەتڵەسە بەرفراوانەکەی سیستەمە فرەنەتەوەییەکانی جیهانن؟ ئەوان بە بیانووی خۆدزینەوە لە ڕاکێشانی دیواری ئەتنیکی، تەنانەت ئازادیی ڕادەربڕین و چالاکیی حیزبەکانمان لێ یاساغ دەکەن. ئایا دەزانن دادگای مافەکانی مرۆڤی ئورووپا و لیژنەی مافی مرۆڤ لە دۆسیەکانی پەیوەندیدار بە لەهێستان، بۆسنیوهەرزەگوێن، تورکیە و ئیسپانیا ڕایانگەیاندوە کە بە مەرجی دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و پڕوپاگەندەی ڕق و کینە، بوونی پارتە نەتەوەییەکان یان وەک ئەوان دەڵێن ئەتنیکی، پێویستییەکی دێموکراتیکە بۆ بەشداریی سیاسی و ئەم حیزبانە دەتوانن نەک تەنیا پێکهاتەی سیستەمەکە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی خۆبەڕێوەبەری و فیدراڵیزم بخەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵکوو دەشتوانن داوای سەربەخۆیی بکەن؟ دەستەواژەی "تەجزیەتەلەبی" داهێنانی ئێرانییەکانە کە هاوتاکەی لە هیچ زمانێکی تردا نادۆزرێتەوە ئەگە مەبەست سەربەخۆییخوازی بێت، لە وڵاتانی دێموکراتیکدا لە هەمان کاتدا دەکرێت هەم سەربەخۆییخواز بێت و لە پرۆسە سیاسی و یاساییەکانی دەوڵەتی ئاراییشدا بەشدار بێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیەکە بڕیاردان لەسەر پێگەی یاسایی نەتەوەکان لە داهاتووی ئێران بۆ ئەنجوومەنی دامەزرێنەرێک دەسپێرن کە دیار نیە چ پێکهاتەیەکی دەبێت، یان بانگەشەی ئەوە دەکەن دانیشتووانی هەموو وڵاتەکە دەبێت دەنگ لەسەر ئەم پێگەیە بدەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێککەوتننامەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگە خاوەن شوناسەکان باس لە مافی بەشداری و ڕاوێژی تایبەتیی ئەوان دەکەن و لە گشتپرسییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێفراندۆمەکانی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتەیلی وەک کەنەدا و ئینگلیس، بە بێ هیچ جیاکارییەک، بنەمای دەنگدان ناوچە یان نەتەوەی داوای پێگەی جیاواز یان سەربەخۆیی بووە نەک سەرجەم وڵات. تەنانەت بە گومان و دڵەڕاوکێشەوە سەیری پەیوەندی و یەکگرتوویی نێوان بەشە جیاوازەکانی نەتەوەیەک، وەک نەتەوەی کورد لە دەرەوەی سنوورەکان، دەکەن. ئایا دەزانن کە ئەمەش لەلایەن دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە ئورووپییەکانەوە سەبارەت بە ماددەی ٢٧ی پەیمانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و جاڕنامەی مافی کەمینەکان و سەرچاوە یاساییە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانی دیکە، وەک مافێکیی مرۆڤ بە فەرمی ناسێنراوە؟



سەرچاوە
Serchawe

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

لە کۆتاییدا، دەمهەوێت قسەکانم بە وتەیەکی یاساناسی مرۆڤدۆستی فەرەنسی و باوکی یاسای شارستانیی فەرەنسا، "پۆرتالیس"، کۆتایی پێ بهێنم. پۆرتالیس دەیگوت: "هەر جۆرە سادەکردنەوەیەک، سەرچاوەی نادادپەروەرییە." ئەگە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ئەم هەموو نادادپەروەرییەمان بینیوە، لەبەر ئەوەیە کە ویستوویانە لە بواری سیاسی و حکومڕانیدا ڕاستییە مێژووییەکان و پێکهاتەی کولتووری لەو جوگرافیایەی کە ئەمڕۆ بە ئێران ناسراوە، لەژێر ناوی یەکیەتیی، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ چڕکردنەوەی دەستەڵات و هەڵاتن لە دیموکراسی، بشارنەوە. ئەگەر نکۆڵی کردن لە فرەیی هەمیشە بووەتە هۆی دیکتاتۆرییەت، با بۆ یەکجاریش بێت ڕێزگرتن لە فرەیی تاقی بکەینەوە، کە بێگومان دەبێتە هۆی دێموکراسی.

زۆر سپاس

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# هەرەس لە دوندی وەهمەوە






**عەلی بداغی**

کۆبوونەوەی ئاشتیی غەزە لە "شرم الشیخ"ی میسر بزمارێکی دیکە  بوو لە تابووتی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی درا، ئەمە نەک هەر لە ڕوانگەی چاودێرانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە؛ تەنانەت بە دانانی ڕۆژنامەکانی ئێرانیش کە هەرکام ناوەندێکی حکوومەتی و ئەمنییەتیی ڕێژیمیان لە پشتە. ڕۆژنامەی "ستاره صبح" نووسیویەتی کۆماری

ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە نەدەبوا چووبا نێو تەنگژەی فەلەستین و ئیسڕائیل و ئەمە پرسێکی "عەرەبی - عیبری - ڕۆژئاوایی"یە و دەبوو هەر بە خۆیانمان سپاردبا!! تەنانەت ڕۆژنامەی "جمهوری اسلامی" بە مانشێتی "ئاخۆ ئەم باهۆزە براوەی هەبوو؟" دانی بەوە داناوە کە شەڕی غەززە و لێکەوتەکانی هەڵەیەکی گەورە بوو و لەبری بەهێزکردنی بەناو "بەرەی مقاومەت" بووە هۆی لەدەستچوونی قووڵایی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی لە سووریە و لوبنان!! ئەو دەنگ و بۆچوونە ڕاشکاوانەش کە لە میدیا و سۆسیالمیدیای ئێراندا بڵاو دەبنەوە، هیچیان حاشا لەوە ناکەن ئاسۆیەکی نوێ لە بەردەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە!

یەکێک لە دیارترین دەرکەوتەکانی ئەم کۆبوونەوەیەی میسر سەرەڕای لەرزۆکبوونی پەیمانەکە بەهۆی ئەزموونی مێژوویی کارکردی حەماس و کۆماری ئیسلامی وەلانانی ڕێژیم لە دانیشتنێکدا بوو کە بڕیاری لەسەر چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ و هاوکێشەکانی هێز لەو ناوچەیە دەدا. وەلانانی ئێران بە مانای داڕمانی هەیمەنە و قووڵایی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی و پەراوێزخرانی لە ململانێ ژێئۆپۆلۆتیکییەکانی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەگەر دوو ساڵ لەوە پێش ئێران بە دنەدانی حەماس بۆ هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ دەیویست ئەم ڕەوتە بوەستێنێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تەواوی بخاتە ژێر هەژمۆنیی سیاسی و ئایدۆلۆژیی خۆی، ئێستا ئیدی ئیمپراتۆرییە ئایدۆلۆژی و سەربازییەکەی ڕووخاوە. سووریە کەوتۆتە باوەشی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، حیزبوڵڵا و حەماس کەوتوونەتە ئاویلکەدان و حوسییەکانی یەمەن لە پەڕی لاوازیدان و گرووپە نیابەتییەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی دیکەش توند کڵاوی خۆیان گرتوە با نەیبا!! بەمجۆرە بوو کە ڕێبەرانی سیاسیی دنیای عەرەب، ئەمریکا، ئورووپا و زلهێزە ناوچەییەکانی دیکە لە "شرم الشیخ" و لەسەر کاولاش و وێرانییەکانی ئیمپراتۆریی داڕماوی ئایدۆلۆژی و سەربازیی کۆماری ئیسلامی کۆ بوونەوە هەتا چارەنووس و داهاتوویەکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بنووسنەوە.

خامنەیی کە دەیگوت نە شەڕ ڕوو دەدا و نە دانوستانیش دەبێ و، داهاتووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دەست بەرەی مقاومەت دەنووسرێتەوە، ئێستا دوای ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو و بەتایبەت پاش شەڕی ١٢ ڕۆژە و بەتایبەتیتر دوای کۆبوونەوەی ئاشتیی غەزە لە میسر؛ هەموو هاوکێشەکانی ڕەواییەت و بەرژەوەندییەکانی لەدژی هەڵگەڕاونەتەوە. لە دۆخی نوێی ئێستادا پێناچێ حەماس چیدی گوێڕایەڵی تاران بێ و تەنانەت هێزە نیابەتییەکانی دیکەی ئێرانیش ڕوانگە و دەستکراوەیی پێویستی هاوشێوەی جارانیان نیە، حیزبوڵڵای لوبنان لەژێر تەوژمی قورسترین گوشارە سیاسی و ئابوورییەکاندایە و شەرعییەتەکەشی لە نێوخۆی ئەم وڵاتە بە یەکجاری چووەتە ژێر پرسیار، وڵاتانی عەرەبی لە هەوڵەکانیان بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسڕائیل بەردەوامن، شکستی سەربازی و ئەمنییەتی تاران لە ئیسڕائیلیش شکۆ و هەیمەنەی ئێرانی داڕماندوە و تاران نەک چیدی ناتوانێ وەک "ڕێبەری بەرەی مقاومەت" بە خۆی

هەڵبڵێ؛ بەڵکوو لەجێدا شتێک نەماوە بە ناوی بەرەی مقاوەمەت! ئەمەش شکستێکی هەرەگەورە بۆ ڕێژیمە ئەویش بە تێچوویەکی زۆر! کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نیزیک بە پێنج دەیەی ڕابردوودا دەیان تریلیۆن دۆلار لە سەرمایە و داهات و سەرچاوە سروشتییەکانی ئێرانی بۆ سیاسەت و ستراتیژییەک بەفیڕۆ دا کە لەودا کۆماری ئیسلامی ئیسلامی "هێزی یەکەم و بێڕکەبەر" و "خاوەنی قووڵایی ستراتیژی" لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ، بەڵام بە دارمانی بەناو "بەرەی مقاوەمەت" هەمووی ئەوانە بە با چوون.

جیا لە شکستی نیزامی و ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی چ لە دەرەوەی سنوورەکانی و چ لە نێوخۆی وڵات، بەتایبەت دوای کارابوونەوەی میکانیزمی ماشە و گەڕانەوەی سزا نێودەوڵەتییەکان ئێران ئەگەر بیشیهەوێ توانای بووژاندنەوەی ئیمپڕاتۆرییە ناوچەیییەکەی جارانی نیە. شک لەوەدا نیە ئەگەر ڕێژیم پشووی بێتەوە بەر و دەرفەتی دەست کەوێ لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕوا و هیچ گۆڕانێک لە دنیابینیی ڕێبەرانی ڕێژیمدا پێکنەهاتوە. بەڵام لە فازی تەریککەوتەیی زیاتری ئێستای ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانیدا ئەوەی بۆ ڕێژیم ماوەتەوە بەستراوەیی زیاتری بە ڕووسیە و چینە کە بۆخۆشیان دەزانن ئەم دوو وڵاتە نەک هاوپەیمان و هاوبەشی سیاسیی ئێران نین، بەڵکوو ئێران وەک کارتێکی بەرژەوەندی لە هاوکێشەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپادا بەکار دێنن. لەم ڕووەوە گورچکبڕیی گەمارۆکان، بەردەوامیی گەندەڵییە سیستماتیکەکان و دارمانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری بایەخی تمەن و ئابووریی وڵات و قووڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکییەکان لە نێوخۆی حاکمییەتی سیاسییشدا نیشانەکانی ڕووخانی ئەم ڕێژیمەی پتر دەرخستوە.

بەڵام لە بەرەی خەڵکدا، خەبات و تێکۆشانی جەماوەریی گەلانی ئێران دوای شکست و هەرەسهێنانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و جیهان قۆناغێکی گرینگی بەرەوپێش بڕیوە. ئێستا پتر لە هەموو کاتێک ترس لە هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی شکاوە و خەڵک دەبینن سوپایەک کە خۆی بە ڕزگاریدەر و ڕاگری سووریە و پێتەختی چوار وڵاتی دیکەی عەرەبی دەزانی ئێستا لە هەمبەر ئیرادەی خەبات و مافخوازی ژنان لە نێوخۆی وڵاتدا بەچۆک داهاتوە. ئەمەش بەڵگەنەویستە کە ئاوەزی سیاسی و وزەی خەباتگێڕیی خەڵک زیاتر بووە و هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەرینکردنەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان هەردەم لە زیادبوونن. کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام بە قەیرانخوڵقێنی لە ناوچە و ترساندنی کۆمەڵگە لە دوژمنی دەرەکی دەیویست قەیرانە کەڵەکەبووەکانی نێوخۆی وڵات دیزەبەدەرخۆنە بکا، ئێستا لە بەرامبەر وشیاریی سیاسیی خەڵکدا بە تەواوی دۆش داوە. خەڵکێک کە خودی کۆماری ئیسلامی بە سەرەکیترین دوژمنی خۆیان دەزانن و دەشزانن کە ئەم ڕێژیمە هەر دەبێ لە ئاکامی یەکگری و هاوخەباتیی خۆیاندا تۆماری ژیانی تێکەوە پێچڕێ و لەوە بەولاوەتر بەو باوەڕەش گەیشتوون کە ئەم ڕێژیمە نەک هەر بەتەنیا لە ڕێگەی ناڕەزایەتیی سەرشەقام، بەڵکوو بە خەباتی ڕێکخراوی بەکردەوەی هەموو پێکهاتەکانی وڵات دەڕووخێ.



سەرچاوە
Serchawe

## خەزەڵوەری ٢٧٢٥

ژیلەمۆی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) لە هەناوی کۆمەڵگەدا ژیاوەتەوە. بزووتنەوە خوێندکارییەکان ئامانجدارتر دەردەکەون. کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشینکراوەکان خێراتر و بەگوڕتر لە جاران خۆ ڕێکدەخەن و هەوڵەکان لەنێو چالاکانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنیشدا بۆ نیزیکبوونەوە و یەکیەتیی بەکردەوە زیاتر بوون.

لەو بارودۆخەدا ڕاستە کە بلووغی سیاسی و گوفتومانی تێپەڕین لە ڕێژیم گەیوەتە ترۆپکی خۆی؛ ڕاستە کە تێگەیشتنی خەڵک لە چەمکەکانی دێموکراسی، سێکۆلاریزم و مافی نەتەوەیی و ئازادییە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەکانی وڵات زیاتر بووە؛ ڕاستە ڕایەڵە و تۆڕەکانی ڕێکخستن و هاوخەباتی لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بەرفراوانتر بوون؛ بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کاتێک دەڕووخێ کە ئاڵترناتیڤی ئەم ڕێژیمە لەسەر بنەمای متمانەی گشتی و لەسەر ئەرزی واقع چێ بووبێ. بۆ ئەوەش یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن چ لە قۆناغی ڕووخاندنی ڕێژیم و چ لە قۆناغی گوزار پێویستە. ئەم یەکگری و هاوپەیمانییەش پێویستە لەسەر بنەمای دانانی و دەستەبەرکردنی دێموکراسی، دابەشبوونی دەسەڵات، دابینبوونی مافی نەتەوە و پێکهاتەکانی وڵات و دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی بنیات نرابێ.

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# پاییزی ئایەتوڵڵاکان کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟

(بەشی یەکەم)





فارین ئەفەرز - کەریم سەججادپوور

وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە: کەماڵ حەسەنپوور

بۆ یەکەم جار پاش نزیکەی چوار دەیە، ئێران لە سنووری گۆڕینی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی و ڕەنگبێ تەنانەت ڕێژیمیش

دابێت. لەگەڵ نێزیکبوونەوە لە کۆتایی ڕێبەریی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، جەنگێکی ١٢ ڕۆژە لە مانگی ژۆئەندا ناسکیی ئەو سیستەمەی ئاشکرا کرد کە ناوبراو دروستی کردوە. ئیسرائیل شار و پێگە سەربازییەکانی ئێرانی کوتا، ڕێگەی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان خۆش کرد تا ١٤ بۆمب، کە توانایی تێکشکاندنی بنکەی ژێر زەوییان هەبوو، بەرداتەوە سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران. جەنگەکە مەودای بەرچاوی نێوان فڕوفیشاڵە ئایدیۆلۆژیکییەکانی تاران و تواناییە سنووردارەکانی ڕێژیمی پیشان دا، کە بەشێکی بەرچاوی دەسەڵاتی ناوچەیی لەکیس دابوو، چیدیکە کۆنترۆڵی ئاسمانەکەی پێ نەدەکرا و دەسەڵاتێکی سنوورداری بەسەر شەقامەکانەوە مابوو. لە کۆتایی جەنگەکەدا، خامنەیی ٨٦ ساڵە لە حەشارگەکەی هاتە دەر و بە دەنگێکی نووساوەوە سەرکەوتنی ڕاگەیاند. شانۆگەرییەک کە ئامانجەکەی پیشاندانی هێز بوو، بەڵام لەجیاتان لاوازیی ڕێژیمی ئاشکرا کرد.

لە پاییزی ئایەتوڵڵاکاندا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ ئەو ڕێژیمەی مەلایان کە ئەو لە ١٩٨٩ بەولاوە ڕێبەریی دەکات، دەمێنێتەوە، دەگۆڕدرێت یان تێکدەڕووخێت و، کام پەرگالی سیاسی دوای ئەو سەر هەڵدەدات. شۆڕشی ١٩٧٩، ئێرانی لە پاشایەتییەکی هاوتەریبی ڕۆژاوا کردە حکوومەتێکی ئایینیی ئیسلامی، لە چاوتروکاندنێکدا ئەوی لە هاوپەیمانی ئەمریکاوە بۆ دوژمنێکی سوێندخورادوو گۆڕی. چونکە هێشتا ئێران وڵاتێکی فرە گرینگە، زلهێزێکی وزە کە سیاسەتی ناوخۆیی ئاسایش و پەرگالی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناڤین دیاری دەکات و ئاسەوارەکانی لە سیستەمی جیهانیدا ڕەنگ دەداتەوە، پرسی ئەوەی کە کێ (یان چی) جێگرەوەی خامنەیی دەبێت کاردانەوەی فرە بەرچاوی دەبێت.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، پاش هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، کە تەنیا خامنەیی لە نێو ڕێبەرە گەورەکانی دنیادا بە ئاشکرا پشتگیریی لێ کرد، بەرهەمی ژیانی لە لایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە بووەتە تۆزی بانان. نێزیکترین دەستپەروەردە سیاسی و سەربازییەکانی کوژراون یان تێرۆر کراون. بەکرێگیراوە هەرێمییەکانی لاواز کراون. پرۆژە بەربڵاوە ناوکییەکەی، کە بە تێچوویەکی زەبەلاح بۆ سەر ئابووری ئێران دروست کرابوو، لەژێر داروپەردوودا نێژراوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە چەمانەوە سەربازییەکەی بکاتە دەرفەتێک بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری ئاڵاکەی، بەڵام بەشمەینەتییەکانی ژیانی ڕۆژانە بۆ خۆ لێ لادان نابن. حەشیمەتی ٩٢ میلیۆنیی ئێران، مەزنترین ڕێژەی دانیشتووانی دنیان کە دەیان ساڵە لە سیستەمی سیاسی و ئابووری جیهانی تەریک خراونەوە. ئابووریی ئێران یەکێک لە گەمارۆدراوترینەکانی دنیایە. دراوەکەی یەکێک لە بێ نرخترین دراوەکانی دنیایە. پاسپۆرتەکەی یەکێک لە ڕەتکراوترینەکانی دنیایە. ئینتەرنێتەکەی سانسۆڕکراوترینەکانی دنیایە. هەوایەکەشی لە پیسکراوترینەکانی دنیایە.

دروشمە لەمێژینەکانی ڕێژیم، "مردن بۆ ئەمریکا" و "مردن بۆ ئیسرائیل"ە، بەڵام قەت "بژی ئێران" نیە، کە ئاشکرای دەکات

پێشترییەتییەکەی سەرپێچییە نەوەک گەشە کردن. کوژانەوەی کارەبا و نارەزایەتی بێ ئاوی بوونە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ڕۆژانە. یەکێک لە سیمبۆلە سەرەکییەکانی شۆڕشەکەی، حیجابی زۆرەملی، کە ئایەتوڵڵا خومەینی، یەکەم ڕێبەری گەورەی کۆماری ئیسلامی جارێک وەک "ئاڵای شۆڕش" باسی کرد، ئێستا شڕ بووە, چونکە ڕێژەیەکی پەرەئەستێن لە ژنان بە ئاشکرا دژی داخوازیی شاردنەوەی قژەکانیان دەوەستنەوە. کۆنترۆڵی پیاوسالارانی ئێران بە سەر ژنانی وڵاتەوە لە کۆنترۆڵی ئەوان بەسەر ئاسمانی وڵاتەوە باشتر نیە.

بۆ تێگەیشتن لەوە کە چۆن ئێران گەیشتە ئەو قۆناغە، پێویستە لە پرینسیپەکانی ڕێنوێنیکەری دەسەڵاتداریی ٣٦ ساڵەی خامنەیی بکۆڵینەوە. دەسەڵاتدارییەکەی لە سەر دوو کۆڵەکە وێستاوە: ئەرکداریی قورس و قایم بەرانبەر بە پرینسیپەکانی شۆڕشگێڕانە لە ناوخۆ و دەرەوە و ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆی چاکسازیی سیاسی. خامنەیی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە هەر جۆرە لادان لە ئایدیالەکان و سنووردانانەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوی تووشی هەمان چارەنووس دەکات کە گلاسنۆستی گۆرباچۆف، یەکیەتی سۆڤیەتی تووش کرد و لەجیات درێژ کردنەوەی تەمەنی دەبێتە هۆی کورتکردنەوەی. خامنەیی بە هەمان شێوە قەت دەستی لە بەرهەڵستکارییەکەی دژی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵنەگرتوە.

تەمەنی خامنەیی، سازش نەکردنەکەی و مردنەکەی بەو نیزیکانە، ئێرانی لە نێوان دارمانی وردە وردە و هەرەسهێنانی لەناکاو هەڵپەساردوە. کاتێک خامنەیی نەمێنێت، ئەگەری ڕوودانی چەند جۆر داهاتوو لە ئارا دان. ئایدیۆلۆژی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بکەوێتە ژێر بێدەربەستیی پیاوێکی بەهێز لە شێوەی ڕوسیەی دوای سەردەمی سۆڤیەت. وەکوو چین پاش مردنی مائۆ، ڕەنگبێ ئێران ئایدیۆلۆژییە نەگۆڕەکەی بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی پراگماتیستی بگۆڕێتەوە. دەتوانێ سەرکوت و تەریک کەوتوویەکەی چەند هێندە بکات، وەک چۆن کۆرەی باکوور بۆ ماوەی چەند دەیە ئەو کارەی کردووە. ڕەنگبێ دەسەڵاتی مەلایان بە قازانجی دەسەڵاتی سەربازیی پاشەکشە بکات، وەک چۆن لە پاکستان ئەوە ڕوویداوە. و ئەگەرچی هەر دێتوو ئەگەری کەمتر دەبێتەوە، ئێران دەتوانێ بەرەو دەوڵەتێکی نوێنەرایەتیکەر هەنگاو بنێت، خەباتێک کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی یاسای بنەڕەتی لە ١٩٠٦. ڕێگای ئێران تاقانە دەبێت و، ئاراستەکەی نە تەنیا ژیانی ئێرانییەکان بەڵکو سەقامگیریی خۆرهەڵاتی ناڤین و پەرگالی جیهانیی بە شێوەیەکی گشتی دیاری دەکات.

## گومانداریی لە ڕادە بەدەر

ئێرانییەکان زۆر جار خۆیان بە میراتگری ئیمپڕاتورییەکی مەزن دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ئەو دواییانەی ئەوان پڕە

لە داگیرکرانی پەیتا پەیتا، سووکایەتی و خیانەت. لە سەدەی نۆزدە ئێران نزیکەی نیوەی خاکەکەی بە دراوسێ تالانکەرەکانی دۆڕاند، قەفقاز (پێکهاتوو لە ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان و داغستانی ئەمڕۆ) تەسلیمی ڕوسیە کرا و لە ژێر گوشاری بریتانیا، دەست لە هەرات هەڵگیرا. لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ڕوسیە و بریتانیا وڵاتیان کردبووە هەرێمی ژێر نفوزی خۆیان. لە ١٩٤٦، سوپای سۆڤیەت ئازەربایجانی داگیر کرد و بەتەما بوو بیخاتە سەر خاکەکەی و لە ١٩٥٣، بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان کودەتایەکیان بەڕێوە برد کە یارمەتیدەری لە دەسەڵات خستنی سەرۆک وەزیران محەممەد موسەددیق بوو.

ئەو میراتە بووەتە هۆی پەروەردە کردنی چەند جیل دەسەڵاتداری ئێرانی کە لە هەموو شوێنێک پیلان دەبینن، تەنانەت لە نێزیکترین یاریدەدەرانیان بەگومانن کە سیخوڕی بیانییان بن. ڕەزا شا، دامەزرێنەری بنەماڵەی پەهلەوی و ڕێبەرێک کە ئێشتاش زۆر ئێرانیی ڕێزی لێ دەگرن، لەبەر هۆگرییەکەی بۆ ئاڵمانی نازی، لە جەنگی جیهانیی دووهەمدا لایەن هاوپەیمانانەوە ناچار کرا دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت. ئەو بە گوتەی ڕاوێژکارەکەی، عەبدولحوسێن تەیمورتاش لە "هەموو کەس و هەموو شتێک بەگومان بوو. لە ڕاستیدا لە هەموو وڵاتدا، خاوەن شکۆ متمانەی بە کەس نەبوو." محەممەد ڕەزا شای کوڕیشی هەمان هەستی هەبوو. دەوای ئەوەی لە شۆڕشی ١٩٧٩ دا لە دەسەڵات کەوت، ئاکامگیرییەکەی ئەوە بوو کە بەڵێنییە درۆکانی ئەمریکا "بوونە هۆی لەکیسدانی تاجەکەی." کاتێک خومەینی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، بە تۆمەتی سیخوڕی بیانی بوون، هەزاران بەرهەڵستکاری لە سێدارە دا. جێگرەوەکەی، خامنەیی، لە نێزیکەی هەموو وتارەکانیدا ئاماژە بە پیلانەکانی ئەمریکایی و زایۆنیستی دەکات.

ئەو بێمتمانەییە قووڵە تایبەتی نوخبەکان نیە؛ ئەوە لە دەماری جەستەی سیاسەتدا دەگەڕێت. خاڵۆ گیان ناپلیۆنی ئیرەج پزیکشزاد، ڕۆمانێکی خۆشەویستی ئێرانی، کە دواتر ئاڵقەی تەلەفزیۆنیی لەبیر نەکراوی لە ١٩٧٦ لێ دروست کرا، تەنزێک بوو لەبارەی گەورەپیاوی بنەماڵەیەک کە پیلانی بیانی لە هەموو شوێنێکدا دەدیت، بەتایبەت هی بریتانیایی. ئەو ڕۆمانە هێشتا نوێنگەیەکی کولتوورییە کە تێفکرینی پیلانگێڕیی دەورووژێنێت و هێشتا داڕێژەری کۆمەڵگە و سیاسەتی ئێرانە. لە ڕاپرسییەکی بایخەکانی دنیادا لە ٢٠٢٠ دەرکەوت کە کەمتر لە ١٥٪ی ئێرانییەکان پێیان وایە "زۆربەی خەڵک بۆ متمانە پێکردن دەبن"، کە کەمترین ڕێژەی هەموو جیهانە.

لە شێوەی گوماندارییی لە ڕادەبەدەری ئێرانیدا، بیانییەکان وەک ڕاوچی سەیر دەکرێن و، نێوخۆییەکان وەک خائین و دامەزراوەکانیش ملکەچی دەسەڵاتی تاکەکەسی دەبن. لە سەدەی ڕابردوودا، تەنیا چوار پیاو دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوە بووە، بە تاکپەرستیی وەک جێگرەوەی دامەزراوەی خۆڕاگر و سوڕی سیاسی لە نێوان دەورەی کورتی شاگەشگە بوون و ساڵانی

دورودرێژی بێهیوایی. کۆماری ئیسلامی ئەو شێوازەی بە دابەشکردنی شارۆمەندان بە سەر "خۆمانە" و "بێگانە" دا تۆختر کردووە. لە کەشوهەوایەکی وەها بێمتمانەییدا، هەڵبژاردنی نەرێنی بەردەوام دەبێت: مامناوەندی بوون خەڵات دەکرێت، لێڵ بوون بروەی پێ دەدرێت و، وەفادار بوون لە جیات لێهاتوویی دەستخۆشانەی پێ دەدرێت. بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن خامنەییەوە لە ١٩٨٩، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو دینامیزمە بوو و، وێدەچێ هەمان پێوەر بۆ نەخشەی جێگرەوە دڵخوازەکەی ڕەچاو بکرێت. ئەو کولتووره ریشە داکوتاوەی بێمتمانەیی، شکڵدراو بە مێژوو، بەهێزکراو بە دەست دەسەڵاتدارانەوە و ڕۆچوو بە هەناوی کۆمەڵگەوە، نە تەنیا درێژەدەری دەسەڵاتداریی سەرڕۆیانەیە، بەڵکو کۆسپی ڕێکخستنی جەماوەریشە کە بۆ دەوڵەتداریی نوێنەرایەتیکەر پێویستە. ئەوە کاریگەریی بەردەوامی لە سەر داهاتووی ئێران دەبێت.

دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە سیستەمە سەرەڕۆکاندا زۆر بە دەگمەن بە گوێرەی سێناریۆی دڵخواز جێبەجێ دەکرێت و، هی ئێرانیش ریزپەڕ نیە. مردن یان لە پەلوپۆ کەوتنی خامنەیی دیارترین هۆکاری گۆڕانکاریی دەبێت. شۆکێکی دەرەکی، هەرەسهێنانی نرخی نەوت، چڕ بوونەوەی گەمارۆکان، هێرشێکی سەربازیی نوێی ئیسرائیل یان وڵاتە یەکگرتووەکان، دەتوانێ ڕێژیم ناسەقامگیرتر بکات. بەڵام مێژوو پیشانی داوە کە ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی نێوخۆیی، کارەساتێکی سروشتی، خۆ سووتاندنی میوەفرۆشێک، کوشتنی ژنێکی لاو لەبەر پیشاندانی لە ڕادەبەدەری قژ، دەتوانێ هەمان ئاسەواری هەبێت.

بۆ ماوەی نێزیکە پێنج دەیە، ئێران بە ئایدیۆلۆژی بەڕێوە چووە، بەڵام داهاتوویەکەی بە لۆجیستیک بەستراوەتەوە، لە پێش هەمو شتێکدا ئەو کەسەی بتوانێ وڵاتێکی نێزیکەی پێنج هێندەی ئاڵمان بەڕێوە بەرێت کە سامانێکی فراوانی هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا گیرۆدەی ئالنگاریی فرە ترسناکیشە. لەو نادڵنیاییەدا، پەرگالی ئێرانی پاش خامنەیی دەتوانێ بە چەند شێواز بێت: دەسەڵاتداریی پیاوێکی بەهێزی ناسیۆنالیست، بەردەوامبوونی حکوومەتی مەلایان، بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن هێزی سەربازییەوە، بووژانەوەی پۆپۆلیستی، یان تێکەڵاوێکی تاقانە لەوانە. ئەو ئەگەرانە ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی وڵات بەسەر لابالی جیاواز دایە. مەلاکان بەتەمای پاراستنی ئایدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامین. سوپای پاسداران لە هەوڵی پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆی دایە. شارۆمەندانی هەژار، لەناویاندا کەمینە نەتنیکەکان، داوای ڕێز و دەرفەت دەکەن. ئۆپۆزیسیۆن لەوە پەرتەوازەترە کە یەک بگرێت بەڵام لەوەش پێداگرترە کە نەمێنێت. هیچکام لەو لابالانە یەکپارچە نین، بەڵام ئەوە خولیا و هەنگاوەکانیانە کە ئەو خەباتە دیاریی دەکات ئاخۆ ئێران ببێتە چ وڵاتێک؟

ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## دەستە شاراوەکان لە ورمێ: هاندانی پانتورکیزم و سیاسەتەکانی ئێران و تورکیە





**ڕەحیم نزهتزادە**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە ورمێ، شاهیدی بزاڤ، ئاڵۆزی و هاندان بە ڕەهەندێکی نەتەوەیی ڕەگەزپەرەستانە و هاندەرانە بووین، کە بێگومان پێویستیان بە شیکردنەوەی ورد هەیە. لەم وتارەدا بەبێ ئاماژەدان بە ناوی هیچ لایەنێکی دیاریکراو، هەوڵ دەدەین لە دوو ڕوانگەی گرینگەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەوتی ئەم دۆخە بکەین. یەکەم: ڕۆڵی وشیارانە یان خۆ

نائاگایانەی حکوومەتی ناوەندییە لە ئاسانکاری بۆ بەستێنی ئەو بزووتنەوە و بزاڤە ڕەگەزپەرەستانەیە؛ دووەم: کاریگەری و دەستێوەردانی ئەکتەرە بیانییەکان، بەتایبەتی کۆماری تورکیە لە دروستکردن و هەوڵدان بۆ بەرەو ئاڵۆزتربردنی ئەم دۆخە.

## ١- ڕەخساندنی بوار و زەمینەسازیی حکومەتی ناوەندی

سەرەتا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بە درێژایی دەیان ساڵ، حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتگەلێکی جێبەجێ کردوە کە لە زۆر حاڵەتدا پێکەوەژیانی نەتەوەکان و نەتەوەیی تێکداوە. یەکێک لەو شێوازانەی کە حکوومەت هەندێک جار بەکاری هێناوە، "ڕێگەپێدان" بە گرووپێکی تایبەت لە چالاکە نەتەوەییە ڕەگەزپەرەستەکانی سەر بە نەتەوەیەکی تایبەتە، کە گۆیا داواکاریی خاک و ناسنامەیان لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا هەیە؛ بەڵام لە حەقیقەتدا کۆماری ئیسلامی تەنها بە هاندانی ڕەگەزپەرەستانەی ئەو بزوتنەوە ڕەگەزپەرەستییە ڕێگەپێدراوانە، ئەوان وەک ئامرازێک لە هاوکێشەکانی دەسەڵاتدا دەکار دەکا. لە ڕووداوی ئەم دواییەی ورمێدا،

**چەندین نیشانەی ئاگادارکردنەوەی جیددی دەبینرێن:**

- بێباکی و بێدەنگییەکی واتادار و مەبەستدار لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هاندانەکاندا؛ کاتێک ڕیزەکانی پانتورکی یان گرووپە هاندەر و شێوێنەرەکان کە لە فەزای میدیایی دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پەیام و پۆستەر، دەبوو دەزگا ئەمنییەکان و هەواڵگری، پێشوەختە دەستبەکار ببان تا کۆنترۆڵی کەشە ئاڵۆزەکە بکەن. بەڵام ئەوەی بینرا دواکەوتنی کاردانەوەی فەرمی یان پێنەدانی وەڵامێکی ڕوون بۆ ڕای گشتی بوو.

- کەلکوەرگرتن لە کەسایەتییە نێوخۆییەکان و دامودەزگا فەرمییەکان؛ لە ورمێ وا دیارە کە بانگەوازی گردبوونەوە لەژێر ناوی "کۆبوونەوەی عەلەوییەکان" لە لایەن بەرپرسێکی شارەوە دەرچووە کە مەبەست و ئەرکەکەی لە بەرنامەیەکی سادەی ئایینی تێپەڕیوە. میدیاکان باسیان لەوە کردوە کە ئەم بانگەوازە بواری بۆ دزەکردنی هێزی تێکدەر خۆش کردوە!

- سیاسەتی ناڕوونی و ڕووبەڕووبوونەوەی زارەکی لە میدیای فەرمیدا؛ لەکاتێکدا هەندێک لە میدیاکانی دەوڵەت بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە گردبوونەوەکە ناسیاسییە و تەنیا لایەنێکی ئایینی هەیە، چالاکانی مەدەنی و میدیای سەربەخۆ، بە بەشێک لە پرۆژەی "ناکۆکی بنافرێنە و حوکمڕانی بکە"یان لێکدایەوە.



سەرچاوە
Serchawe

- وەڵامدانەوەی ئەمنیی درەنگ و سنووردار؛ هەندێک لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هێزەکانی جێبەجێکاری یاسا، دوای توندبوونەوەی نائارامییەکان چوونە شوێنی ڕووداوەکە و چەندین بەناو هاندەریان دەستگیرکردوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە، بۆچی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بڵاوبوونەوەی دروشمی ڕەگەزپەرەستانە و ئینکاری ناسنامەی کوردیدا، وەڵامدانەوەی خێراتر نەبوو یان وا ڕاستترە بڵێین کە هەر وەڵامدانەوەیەک بوونی نەبوو؟

بۆیە دەکرێ بگوترێ کە حکوومەتی ناوەندی لە ڕێگەی سیاسەتی "کۆنترۆڵی جێگرەوە"، ڕێگەی داوە تۆوی گرژیی نەتەوەیی بئاوسێن و دواجار لە قۆناغێکی دواتردا، بێتە نێوەوە بۆ کۆنترۆڵی سەحنەکە؛ شێوازێک کە هێزە وروژێنەر و هاندەرەکان، دەتوانن خێراتر پێشڕەوی بکەن و کاریگەریی زیاتریان هەبێت.

## ٢- دەستی شاراوەی تورکیە، لە شەڕی ناسنامەی نێوخۆی ئێراندا

یەکێک لە بەڵگە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم پێشهاتانە، ڕۆڵی کۆماری تورکیەیە لە یارییە نەتەوەییەکان لە نێوخۆی ئێراندا. لە دەیان ساڵی ڕابردوودا تورکیە هەوڵی داوە لە نەتەوەکانی تورکزمان لە سنوورە دراوسێکانیدا، وەک ئامرازێکی ژیۆپۆلۆتیکی بۆ فشار یان کاریگەری کەڵکیان لێ وەربگرێت. لە ڕووداوی ئەم دواییەی ورمێدا،

**چەند خاڵێک شایانی ڕەچاوکردن و سەرنج هەن:**

- دەسبەکاربوونی هاوکاتی جووڵەی ڕاگەیاندنی تورکمێحوەر لەگەڵ ڕوودانی کۆبوونەوە ڕەگەزپەرەستەکان؛ دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی گردبوونەوەکانی ورمێ، میدیا تورکی و ئازەرییەکان، یەکسەر بە مانشێتەکانی وەک "ورمێ تورکییە و بە تورکی دەمێنێتەوە"، هاتنە مەیدان و جەختیان لە شوناسی تورکی و ئەویش بە شێوازێکی ڕەگەزپەرەستانە کردۆتەوە.

- ئاشکرابوونی پاڵپشتی میدیایی سنووربەزێن؛ ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوەکان، میدیای تورکیە و ئازەربایجان، زیادەڕەوییان لە ڕووداوەکان کرد و بانگەشەی هاندەرانەیان بۆ دانیشتوانی تورک کرد. هەندێک لە ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بە "فەزیحەی میدیای تورکیە لەدوای گردبوونەوەی ورمێ" کردوە.

- کەڵکوەرگرتن لە ناسنامەی نەتەوەیی وەکوو هێز؛ تورکیە لە پارێزگاکانی هاوسنووری خۆی، بە تیشکخستنە سەر هەستی نەتەوەیی تورک، هەوڵ دەدات کۆماری ئیسلامی قەناعەت پێبکات، کە تورکەکان لە ئێران "لەژێر گوشار و زەلیلدان" و

پێویستە پشتیوانییان لێبکرێت. ئەم تاکتیکە دەتوانێت پێشەکییەک بێت بۆ دەستێوەردانەکانی سیاسی یان نەرم. بە واتایەکی تر ڕۆلی تورکیە لەم شانۆیەدا دەتوانێت بە زیادکردنی هەستیاریی نەتەوەیی، هاندانی ژینگەی ڕاگەیاندن لەسەر سنوورە هاوبەشەکانی، بە فشارخستنەسەر کۆماری ئیسلامی لەسەر سنوور، ڕۆڵی "ئەکتەرێکی سنووربەزێن" بگێڕێت.

### ٣- هاوتەریبی نوخبە نێوخۆییەکان لەگەڵ پرۆژەی هاندەرانەدا

هەرچەندە لەم بابەتەدا، خۆمان لە ناوهێنانی هەر لایەنێکی دیاریکراو بەدوور گرتوە، بەڵام ناکرێ ئاماژە بەوە نەکەین کە لەم ڕووداوەدا هەندێک نوخبەی نێوخۆیی، لەوانەش "ئەندامانی ئەنجومەنی شار و پارێزگا، یان کەسایەتییە سیاسییەکان" کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی هاندەرانەی ئیستفزازیدا هەڵسوکەوتیان کردوە. بۆ نموونە شوڕای شار داوای گردبوونەوە دەکات و هەندێک کەسی دیار لە پێشەوە ئامادە بوون کە میدیاکان ئەو کردەیەیان وەک دەرفەتێک بۆ هاندان و وروژاندن بینی و لێکدایەوە.

ئەم پشتیوانییە نێوخۆییەش هۆکار بووە کە پرۆژەی ئاژاوەگێڕیی نەتەوەیی، نەک تەنیا لە دەرەوە، بەڵکوو لە نێوەوەی پێکهاتەی شاریشەوە هێز و شەرعیەت بەدەست بهێنێت.

### ٤- دەرئەنجام و هۆشدارییەکان

ئەوەی لە ورمێ ڕوویدا، زۆر زیاترە لە پێکدادانێکی وەرزشی، یان ڕووداوێکی یەکجارە؛ دەکرێت خاڵێک بێت کە هەڵە نەتەوەییە شاراوەکان سەرهەڵبدەن، و بگۆڕدرێن بۆ قەیرانی ئەمنی و ناسنامەیی.

**چەند کاریگەری و هۆشدارییەک کە شایەنی باسە:**

١- لاوازکردنی هاوپشتیی نیشتمانی و متمانەی نێوان نەتەوەکان؛ ئەگەر خەڵکی ناوچەکە هەست بکەن، کە ئەمنییەت و ناسنامەیان لەژێر هەڕەشەدایە و نوکی تیژی قسەی ناشیرینی دژەنەتەوەیی بەرامبەریان بەکار دەهێندرێت، متمانەی نێوان نەتەوەکان کەم دەبێتەوە.

٢- دروستکردنی دووجەمسەریی میدیایی و گوتاری توندی نەتەوەیی؛ کاتێک میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەچنە نێو



سەرچاوە
Serchawe

گەمەی "تورک بەرامبەر کورد"، کەشوهەواکە خێرا دەگۆڕدرێت بۆ جەمسەرگیرییەکی بەرز و مەترسیدار، کە زەمینە دەخوڵقێنێت چینی مامناوەندی کۆمەڵگە خۆی بخاتە حاڵەتی بەرگرییەوە.

٣- ئاشکرا بوونی ڕۆڵی ئەکتەرە بیانییەکان لە کاروباری نێوخۆدا؛ دەستێوەردانی میدیایی و ناسنامەی تورکیە نیشان دەدات کە قەیرانە نەتەوەییەکان لە ئێراندا دەتوانن ببنە دەرفەتێک بۆ دەستێوەردانەکانی جیۆپۆلەتیکی.

٤- پێویستیی وریایی گشتی و نوخبەیی؛ تەنها مرۆڤە ئاساییەکان نین کە پێویستیان بە هۆشیارییە، دەبێت نوخبەکان، بەرپرسانی نێوخۆیی و میدیاکان، لە بەرامبەر پرۆژە وروژێنەرەکاندا وریا بن و خۆیان لە کەوتنە نێو ئەو تەڵەی ئەو هاندانە ڤێزەونە بەدوور بگرن.

٥- ئەنجام و بانگهێشتکردن بۆ پێشبینیکردنی چارەسەرەکان؛ ئەوەی لەم شیکارییەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە ڕووداوی ئەم دواییەی ورمێ ڕووداوێکی هەڕەمەکی نیە، بەڵکوو بەشێکە لە دیزاینێکی مۆدێرن لە بواری شوناسی نەتەوەیی کە هەم لە نێوەوە بەڕێوە دەبرێت و هەم لە دەرەوە پشتیوانی لێ دەکرێت. هەم کۆماری ئیسلامی لە ڕۆڵی خۆیدا وەک ئاسانکاری دۆخەکە، بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو و جێگرەوە هەڵسوکەوتی کردوە و، هەم تورکیە لە ڕۆڵی سنووربەزاندنیدا هەوڵی داوە سود لەم کەشە وەربگرێت.

**ئەگەر بمانەوێت ئەم دۆخە بەڕێوە ببەین و ڕێگری لە داڕمانی سامانی شوناس و متمانەی کۆمەڵایەتی بکەین، پێویستە:**

- وەک هەنگاوی یەکەم، فشار بخرێتە سەر هەموو بەرپرسانی ئەمنییەتی، ڕۆشنبیری و نێوخۆیی تا ڕوونکردنەوە بدەن کە چ کەسانێک بانگەشەی نارەزایەتییەکان داوە و چ کەسانێک لە پشت پەردەوە ڕۆڵیان گێڕاوە؛

- دووەم: ڕێگری لە ڕوودانی گردبوونەوەی ڕەگەزپەرەستانە و بێمۆڵەت بکرێ، و لە هەمانکاتدا مافی مرۆڤە "بە کورد و تورک و نەتەوەکانی دیکەشەوە" بۆ دەربڕینی کولتوور و ناسنامەی خۆیان مسۆگەر بکرێت؛

- سێیەم: پێویستە میدیای نێوخۆیی پارێزگا و سەرتاسەری، هەڵوێستی ورد و بێلایەنانە بگرێتەبەر، هەروەها ڕێگە نەدات گێڕانەوەگەلێکی نەتەوەیی هەڵگری بانگەشەی ڕەگەزپەرەستانە زاڵ بێت؛



سەرچاوە
Serchawe

- چوارەم: لە نێو نەوەی گەنجدا، پەروەردە لە هاوەدەنگیی نیشتمانی، گفتوگۆی نێوان نەتەوەکان و هۆشیاری مەدەنی زیاد بکرێت؛

لە کۆتاییشدا پێویستە ڕێوشوێنەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەکتەرە بیانییەکان لە هاوکێشە نەتەوەییەکانی ئێراندا بگیرێتەبەر، لەوانەش چاودێریکردنی میدیا و ڕێگریکردن لە کەڵکوەرگرتن لە فەزای میدیایی وڵات بۆ قازانجی بیانییەکان.

## سەرچاوەکان

**Anadolu Agency. (2025, October 10). Tajamoe gostarde mardom-e Orumiyeh: Orumiyeh Turk ast va Turk khahad mand . Anadolu Agency. https://www.aa.com.tr/fa/3517205/ایران/تجمع-گسترده-مردم-ارومیه-ارومیه-تُرک-است-و-تُرک-خواهد-ماند**

**Hengaw Organization for Human Rights. (2025, October 11). Raporta taybetî derbareya tehrîkatên etnîkî li Urmiyê. Hengaw.net. https://hengaw.net**

**Iran International. (2025, October 10). Tashannoj-e qowmi dar bāzī-ye futbāl-e Orumiyeh. Iran International. https://www.iranintl.com**

**Kurdpa News Agency. (2025, October 11). Wekhevîyên civakî ya Kurdan di ber tehrîkatên dawi de li Urmiyê. Kurdpa.net. https://kurdpa.net**

**Radio Farda. (2025, October 9). Tashannoj-e qowmi dar Orumiyeh va barkhord-e nirouhā-ye amniyati. Radio Farda. https://www.radiofarda.com**

**Rudaw Media Network. (2025, October 10). Tevgera pan-tirkî di leyîza fûtbalê de li Urmiyê û nîqaşên etnîkî. Rudaw.net (Kurmancî edition). https://www.rudaw.net/kurmanci**

**Tabnak News Agency. (2025a, October 9). Dar Orumiyeh che khabar shod? Baztab-e tajamo’at dar fazā-ye majāzī-ye Irān. Tabnak.ir. https://www.tabnak.ir/fa/news/1295850**

**Tabnak News Agency. (2025b, October 10). Janjāl-e resāneh-hā-ye Torkiye pas az yek tajamo’ dar Orumiyeh. Tabnak.ir. https://www.tabnak.ir/fa/news/1295679**

**X (formerly Twitter). (2025, October 8–12). Posts and commentaries by Kurdish and Azeri civil activists on Urmia incidents. Retrieved from https://twitter.com**

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# حاشاکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بە واتای داگیرکارییە





**ئازاد مستۆفی**

نەتەوەی کورد کە ژمارەی دانیشتووانی لە ئێران لانیکەم ١٢ بۆ ١٥ میلیۆن کەس دەخەمڵێندرێ، بۆ ماوەی هەزاران ساڵە لە خاکی خۆیاندا کە مێژووەکەی بۆ ئیمپراتۆرییەتی ماد (سەدەی حەوتەمی پێش زایین) دەگەڕێتەوە هەن و دەژین و زۆر جار کورد بە نەوەی ماد و سۆمەری ناسراوە. لە ڕووی مێژووییەوە کوردستان لە چەند پەیماننامەی ئیمپراتۆری، یەکەمیان

پەیمانی زەهاب (١٦٣٩) دابەش بوو کە تێیدا یەکەم دابەشبوونی کوردستان بەسەر کوردستانی سەفەوی و کوردستانی عوسمانیدا بەبێ ڕەچاوکردنی خواستی خەڵکی کوردستان یان ئاماژەدان بە بۆچوونەکانیان ڕووی دا.

پەیمانی دووهەم بۆ دابەشکردنی کوردستان، پەیمانی لۆزان (١٩٢٢) بوو. کە چاوپۆشی لە خواستەکانی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کرد، وەک چۆن لە ١٠ی ئوتی ١٩٢٠دا پەیمانی سیڤەر و مادەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ سەروەریی کوردیان وەک "ناسنامەیەکی سەربەخۆ" پەسەند کردبوو. دوای پەیمانی لۆزان، خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی زۆرەملێی ئێران، عێراق، سووریا و تورکیادا بەسەر خاکە داگیرکراوەکاندا دابەش کرا (کوردیزم، بێهزاد خۆشحاڵی، ل١٢). لە ئێرانی سەفەوی و قاجاردا، کورد لە ئۆتۆنۆمی ڕێژەیی بەهرەمەند بوو، بەڵام ئەم دۆخە لەگەڵ ناوەندگەرایی لە سەردەمی پەهلەوی (١٩٢٥-١٩٧٩)دا گۆڕانی بەسەردا هات و سیاسەتێکی فاشیستی سەپێنرا. شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران ئەم دینامیکەی چڕتر کردەوە. حیزبەکانی کوردستان کە سەرەتا پشتیوانییان لە شۆڕشی دژی شا کرد و چەند ناوچە و شاری کوردستانیان بەدەستەوە بوو، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩٧٩) ئایەتوڵڵا خومەینی فیتوای جیهادی دژ بە نەتەوەی کورد دەرکرد و سوپا و هێزە میلیشیا توندڕەوەکان هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە دەستپێکرد کە بووە هۆی لەسێدارەدانی دەرەوەی یاسایی و تەنانەت کۆمەڵکوژیی خەڵکی بێتاوان لە قارنێ و قەڵاتان. بێگومان ئەمە سێیەم داگیرکاریی کوردستان بوو، کە لە لایەن هێزەکانی دژە گەلی ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکانەوە ڕووی دا.

## شەرعییەتی دەوڵەت لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی خەڵکە نەک کۆنترۆڵی خاک

ڕەگ و ڕیشەی تیۆریی دەوڵەتە مۆدێرنەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئاشتی وێستڤالیا (١٦٤٨). ڕێککەوتنێک کە دوای شەڕە مەزهەبییەکانی ئورووپا، بنەمای سەروەری نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی دامەزراند. ئەم سیستەمە نوێیە، دەوڵەتی وەک یەکەیەکی شەرعیی دەسەڵاتی سیاسی لە خاکێکی دیاریکراودا پێناسە کرد و وردە وردە چەمکی دەوڵەتی-نەتەوەیی لە قاڵب دا. بەڵام هەر ئەم مۆدێلە کە جەختی لە قۆرخکاریی دەسەڵات لە دەستی حکوومەتی ناوەندیدا دەکردەوە، بووە هۆی دروستبوونی پێکهاتەی سیاسیی ناکامڵ و جیاکاری بەتایبەت لە ناوچە فرەنەتەوەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لە ئێران، لەبری ئەوەی ئەم یەکە سیاسییە لەسەر بنەمای فرەچەشنی نەتەوەیی و کولتووری و زمانەوانی بنیات بنرێت، چەمکی دەوڵەتی -نەتەوەیی برا بە باڵای "نەتەوەی فارسزمان و شیعە مەزهەب". ئەم تێڕوانینە نەک هەر لەگەڵ ڕۆحی پەیمانی وێستڤالیادا کە ئامانجی کۆتاییهێنان بە هێژموونی ئایینی و دروستکردنی نەزمێک بوو، نەدەگونجا بەڵکوو هێمای سەلماندنی دەوڵەت- نەتەوەیەکی ناتەواو یا پڕ کەموکۆڕییە، چونکە دەوڵەتێکە شەرعییەت نەک لە ڕەزامەندی گشتیی بەڵکوو لە قۆرخکاریی شوناس و سەرکوتکردنی نەتەوە غەیرە فارسەکانەوە وەردەگرێت.



سەرچاوە
Serchawe

چەمکی سەروەری لە ئێراندا بووەتە کەرەستەیەک بۆ ڕەوایەتیدان بە داگیرکاری نێوخۆیی و ئینکاری مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان؛ لە کاتێکدا بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مۆدێرن، شەرعییەتی دەوڵەت لە ڕەزامەندی و بەشداریکردنی هەموو گروپە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی ناوەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک لە میراتی سەرزەوینی یان دەسەڵاتی سەربازییەوە. ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی کورد نموونەیەکی ڕوونی دژایەتیی نێوان سیستەمی وێستفالیی دەوڵەت-نەتەوە و واقیعی فرەنەتەوەیی و فرە کولتووری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، زلهێزە کۆلۆنیالییەکانی ئورووپا هەوڵیان دا مۆدێلی وێستفالی دەوڵەت-نەتەوەیی بگوازنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؛ مۆدێلێک کە بەپێی ئەو هەر دەوڵەتێک سنووری ڕوونی هەبێت و دانیشتووانێکی "نەتەوەیی" هەبێت. بەڵام لە ناوچەیەکدا کە نەتەوە و زمان و ئایینە جیاوازەکان تێکەڵاون، ئەم نەخشە نەک هەر بە شێوەیەکی سرووشتی دروست نەبووە، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕێککەوتنە سیاسییە کۆلۆنیالیزمەکانی وەک ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ (١٩١٦) و پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) سەپێنراوە. سنووری دەستکردی نوێ، نەک لەسەر بنەمای ناسنامەی مێژوویی گەلان، بەڵکوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی زلهێزەکان کێشران و سەرزەوینگەلێکی وەک کوردستان کە پاشخانێکی شارستانی و شوناسێکی سەربەخۆیان هەبوو، بەسەر چەند دەوڵەتێکی تازەدامەزراو دابەشکران. ئەم دابەشبوونانە لە مادەکانی ٦٢ تا ٦٤ی پەیمانی سیڤەردا دانپێدانراوە، بەڵام دواتر پشتگوێ خراون و گەورەترین درزکەوتن و قەڵشی نێوان بنەما ڕاگەیەندراوەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس (Right to Self-Determination) و بنەمای ڕەزامەندی حوکمدراوان (Consent of the Governed) بوو. لەو کاتەوە زۆرێک لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەوانە ئێران، تورکیا، عێراق و سووریە، لەبری ئەوەی هەنگاو بنێن بەرەو پێکهێنانی نەتەوەی سڤیل، لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەندی و یەکدەستکردن و ئایدیۆلۆژیدا مانەوە. ئەم جۆرە "دەوڵەت-نەتەوەی ناتەواو" لەسەر بنەمای ئینکاریی جیاوازی و سەرکوتکردنی فرەچەشنی کولتووری، بەواتایەکی تر بووە ناسنامەی نەتەوەی فەرمی لەم وڵاتانەدا و بووە ئامرازێک بۆ نەهێشتنی ناسنامەکانی تر. لە پێکهاتەیەکی وادا کورد بە هاووڵاتی یەکسان نەدەزانرا، بەڵکوو وەکوو کەمینەیەک کە دەوڵەتی ناوەندی بەسەریدا زاڵە.

لە ئەنجامدا هەروەک تیۆریستەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان پێ کردوە، شەرعییەتی دەوڵەت بەبێ ڕەزامەندیی گەلانی نێو ئەو دەوڵەتە مومکین نیە و لە هەر شوێنێک دەوڵەت ڕەتی بکاتەوە ئەرکەکانی بەرانبەر بە هاووڵاتیانی خۆی جێبەجێ بکات، لە ڕوانگەی ئەخلاقی سیاسی و یاسای نێودەوڵەتییەوە، لە دەوڵەتێکی شەرعییەوە دەگۆڕدرێ بۆ هێزێکی داگیرکەری نێوخۆیی و بێگومان بارودۆخی کوردستان لە ئێراندا دەکرێ بەوردی لەم چوارچێوەیەدا شی بکرێتەوە.

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## خاکی داگیرکراو لە یاسای نێودەوڵەتیدا

هاوشێوەی کاربەدەستانی ڕێژیمی پەهلەوی لە ڕوانگەی ئایەتوڵڵاکانی ئێرانەوە کە دەستیان بەسەر شۆڕشی ١٩٧٩دا گرت، کورد هەڕەشەیە بۆ سەر حکوومەتێکی پاوانخواز، چونکە باوەڕیان بە دێموکراسی و ئەم دێموکراتیزەکردنە هەیە و وتنی نەخێر بۆ ڕێژیمی "کۆماری ئیسلامی" بەناوی نەتەوەی کوردەوە بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆحوڵڵا خومەینی فیتوای جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد لە ٢٨گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی دەرکرد و بەشێک لە دەسەڵاتدارانی شیعە وەکوو ئایەتوڵڵا کازم شەریعەتمەداری پشتیوانییان لێ کرد. لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا مافەکان بۆ کەمەنەتەوەکان و بەتایبەت کوردەکان لەبەرچاو نەگیراون و تەنیا لە مادەی ١٥ی دەستووردا زمانە غەیرە فارسییەکان ڕێپێدراوە لە قوتابخانەکان بگوترێنەوە، کە هەرگیز نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە و دەستووری ئێران هەموو شتێکی خستووەتە ژێردەستی شیعەی دوانزە ئیمامییەوە. ڕێژیمی ئێران بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوردستان بەشێکە لە ئێران و گەلی کورد وەک هاووڵاتییانی دیکە لە هەموو مافەکانی مرۆڤ بەهرەمەندە، بەڵام سەرکوتی سیستماتیکی سیاسی، کولتووری و ئابووری، تیرۆرکردنی ڕێبەرانی کورد، بە نموونە: دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و پلانی حکوومەتیی بەرفراوان بۆ زینیدانی و دەستگیرکردنی چالاکانی مەدەنی کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییەکانیان دەدەن، ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕێژیمی ئێران بە سەپاندنی ستەم و دووچاوگی، مافێک بۆ خەڵکی ئەم سەرزەوینە بەڕەوا نابینێت. لە ڕووی مێژووییەوە ئەم زاڵبوونە بە مانای داگیرکاریی دێت، چونکە مافی چارەی خۆنووسین ڕەت دەکاتەوە کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان (مادەی یەکەم) دانی پێ دانراوە. مافی چارەی خۆنووسین یەکێکە لە بنەما هەرە بنەڕەتی و دیارەکانی یاسای نێودەوڵەتی. هەروەها ئەم پرەنسیپە یەکێکە لە بوارە هەرە چالاکەکانی یاسای نێودەوڵەتی، چونکە بووەتە شوێنی ململانێ لە نێوان یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتان و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان. لەم ڕووەوە، یەکێک لە بنەڕەتیترین بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵەتییەکان کە بە ڕوونی دان بەم مافەدا دەنێت، بڕیارنامەی ٢٦٢٥ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بە ناوی "بەیاننامەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەیوەندییە دۆستانەکانی نێوان دەوڵەتان بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٧٠". ئەم بڕیارنامەیە لە بەشی پێنجەمیدا بە ڕوونی باس لە مافی چارەی خۆنووسین دەکات. لە بڕیارنامەکەدا هاتوە کە "هیچ شتێک لەم بڕیارنامەیەدا هانی پارچەپارچەکردن یان تێکدانی یەکپارچەیی خاکێک نادات کە بنەمای چارەی خۆنووسین پەیڕەو دەکات و بۆیە نوێنەرایەتی تەواوی گەلانی خاکەکەی بەبێ جیاوازییەکانی ڕەگەزی، بیروباوەڕ، ڕەنگ و...هتد، دەکات". بەپێی بنەماکانی لێکدانەوەی یاسایی، ئەم بڕگەیە گوزارشت لە چەمکێکی دژبەیەک دەکات. بەپێی چەمکی دژبەیەک لەم بڕگەیە، یەکپارچەیی خاک تەنیا کاتێ ڕێزی لێدەگیردرێ و دانی پێدا دەنرێت کە ئەو دەوڵەت-نەتەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەموو نەتەوەکانی لەبەرچاو گرتبێ.



سەرچاوە Serchawe

بە واتایەکی تر، نەتەوەیەکی چەوساوە کە هەرگیز ناسنامە نەتەوەییەکەی دانی پێدا نەنراوە و بەشێوەیەکی سیستماتیک تووشی پاکتاوی نەتەوەیی و پێشێلکاریی گەورەی مرۆیی بووەتەوە، ڕێگەی پێدەدرێت لەپێناو گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆی، یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی ناوبراو پشتگوێ بخات و بێگومان بەپێی هەموو تێبینییە مێژووییەکان و بارودۆخی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بنەمایەکی یاسایی و بابەتیی هەیە.

ئەرکەکانی دەوڵەت بەرانبەر بە هاووڵاتییانی، وەک لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ (UDHR) و پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان(ICCPR) دا پێناسە کراوە، بریتین لە: پاراستنی ژیان، ئازادیی ڕادەربڕین و یەکسانی بەبێ جیاوازی. ڕژێمی ئێران بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەو پابەندبوونانەی بەرانبەر بە کورد پێشێل کردوە و کردەوەگەلێکی ئەنجام داوە کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دێنە ئەژمار. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٤ لە بارەی کەمینەکان لە ئێران، دەیسەلمێنێ کە کورد و بەلووچ بەشێوەیەکی نارێژەیی سەرکوت و ئێعدام دەکرێن و لەسێدارەدان و دەستگیرکردنی خۆسەرانە و کۆمەڵکوژییە مێژووییەکان، ئەم ئارگیومێنتە بەهێزتر دەکەن. ئەم پێشێلکاریانە شکستی تەواوی ئەرکەکانی دەوڵەت دەسەلمێنێ و ڕێژیم لە جیاتی پاراستن، سەرکوت دەکا و پاساو بۆ داگیرکاریی دەهێنێتەوە.

لە یاسای نێودەوڵەتیدا، داگیرکاریی بە کۆنترۆڵکردنی کاریگەر بەسەر خاکێکدا بەبێ ڕەزامەندی، بەپێی مادەی ٤٢ی ڕێساکانی لاهای (١٩٠٧) پێناسە دەکرێت. هەرچەندە کوردستان خاکێکی داگیرکراوی ئەم دواییە نیە، بەڵام ئارگیومێنتە یاساییەکان پشتگیری لە داگیرکاریی دیفاکتۆ دەکەن کە لەسەر بنەمای هەڵاواردنی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسینە. بڕیارنامەی ٢٦٢٥ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٧٠) مافی چارەی خۆنووسینی خەڵک دووپات دەکاتەوە. کورد، وەک گەلێکی جیاواز و خاوەن زمان و کولتوور و مێژوویەکی جیاواز، ئەم پێوەرە بەدی دەکات. پیلانی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان، ئەو مەسەلەیە دەورووژێنێت کە دابەشکردنی کوردستان لە دوای ١٩١٨، یەکسانە بە کۆلۆنیکردنی خاکەکە لە لایەن داگیرکەرانەوە. لە مادەی ١٩ی دەستووری ئێراندا "هەڵاواردنی نەتەوەیی" قەدەغە کراوە، بەڵام بە کردەوە گەلی کورد لە پۆستی باڵا و پۆستی سەرەکی بێبەشە و خاکی کوردستان بە بەراوەرد لەگەڵ شارەکانی نێوەڕاست بە گەشەنەکردوویی ماوەتەوە. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٢٥ەوە، چڕکردنی چاودێری و سەرکوت لە ئێران بەتایبەتی بەرانبەر بە کەمینەکان مەحکووم کردوە. گرووپی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێی دۆسییەی کوردیان وەک پێشێلکارییەکی جیددی دۆکیۆمێنت کردوە. لە ڕوانگەی ئێرانەوە، حکوومەت بانگەشە بۆ سەروەریی خاک دەکات، بەڵام ئەمە داگیرکارییەکی نێوخۆیی دەشارێتەوە، هاوشێوەی دۆسییەکانی وەک "تبت"ی چین. دانپێنەدانی

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

نێودەوڵەتی بە مانای خەوشدارکردنی ڕاستییەکان نەبووە و نیە، سەرکوتی سەربازیی و ڕەتکردنەوەی مافەکان بەمانای داگیرکاریی دێتە ئەژمار. دەوڵەتێکی شەرعی دەبێت گەرەنتی ئاسایش و پەروەردە و تەندروستی و بەشداریی سیاسی خەڵک بکات (پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ٢٥). لە ئێراندا نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی هەڵاواردنێکی سیستماتیک بووەتەوە. ڕێژەی بەرزی بێکاری بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا ٥٠٪ لە هەندێک ناوچەی کوردستان، داخستنی پۆلە خۆبەخشەکانی زمانی کوردی، گرتن و سەرکوتکردنی مامۆستایانی خۆبەخشی زمانی کوردی و... هتد.

بەپێی ڕاپۆرتی لێبوردنی نێودەوڵەتی (٢٠٢٤) حکوومەتی ئێران بەردەوامە لە پێشێلکردنی مافی بیروڕادەربڕین و گردبوونەوە و بۆ چالاکانی کورد بەبێ هەبوونی پارێزەر لە دادگە و لەپشت دەرگەی داخراوەوە، حوکمی ئێعدام دەردەکەن. ئەمەش پێشێلکردنی مادەی شەشەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانە سەبارەت بە مافی ژیان. سەرکوتی جەماوەریی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر کورد ئاماژەیە بۆ داگیرکاری. بە پشتبەستن بە بەڵگەی مێژوویی (دابەشبوونی ئیمپراتۆرییەت و سەرکوتی دوای شۆڕشی ئێران) و کۆمەڵکوژی و ئێعدام و تیرۆرکردنی دەوڵەت و ڕەتکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد؛ کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە داگیرکراوە و سەرەوەری ئەرکەکانی بەرانبەر بە هاووڵاتییانی کورد پێشێل کردوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی لەپێناو پێشگرتن لە کوشتنی گەلی بێدیفاعی کورد دەبێ پشتیوانی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد بکات.

**١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

---

# گرینگیی ژینگە و قەیرانی بەرۆکگرتووی سەرچاوەی ژیانی کوردستان!





**کاکۆ**

ژینگە لە واتا گشتییەکەیدا بریتییە لە هەبوونێکی سەرەکی و بنەڕەتی کە بە شوێن و سەرچاوەی ژیان و ئەو جێگایەی کە زیندوویی، ژیان، بەردەوامی و مانەوە تێیدا مسۆگەر دەبێت؛ کەوایە مرۆڤ و کۆمەڵانی مرۆیی و هەروەها بوونەوەرانی دیکە بوون و مانەوە و گەشەکردنیان بەستراوەی ژینگە و سەرچاوەکانی ژیانە.

کاتێک باسی کوردستان و گەلێک کە لەو خاکەدا ئەژین دێتە ئاراوە بە شێوەیەکی دەروونی و عەقڵانی سامان و سەرمایەی سروشتی و بەگشتی ژینگەیی واتە ئاو، خاک، هەوا و کۆی پێکهاتە ژینگەییەکان، دێتە پێشەوە و بەو پێیە خوێندنەوە و شرۆڤەی جوگرافیا و تایبەتمەندی و هەڵکەوتوویی ئەو مەڵبەند و ئاخێزگەیە دادەڕێژرێت و واتا دەگرێت.

هەڵکەوتەی سروشتی و جوگرافیایی کوردستان و زاگرۆسی نیشتمان تایبەتمەندی و دەوڵەمەندییەکی ناوازە و باری ستراتیژیکی بەهێزی پێوە دیارە.

دارستان، لێڕەوار، بەرهەمی جۆراوجۆری سروشتی، ڕووبار، کانیاو، کانگاگەلی زێڕ و بەرد و خاکی بەپیت و لەبار و هتد بە فراوانی و بەربڵاوی تێیدا بوونی هەیە و بووە بە سەرچاوەی ژیان و لە ئەنجامدا دروستبوونی پێگە و مەڵبەندی مرۆیی و چوونە قۆناغی ژیانی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانێکی دوور لە کۆڕەوی و سەقامگرتن و جێگرتن لە شوێن و سەرزەوییەکی دیاریبووی بەرهەمدار بە ناوی کوردستان و زاگرۆسی دێریندا.

ژیانی هەزاران ساڵەی گەلی کورد لەژێر سێبەری ژینگەی بایەخداری کوردستانەوە سەربەخۆیی و پێگە و بەردەوامی و شکۆمەندییەکی لەمێژینەی بە خەڵک و دانیشتووان و تەنانەت دەرەوەی خۆی بەخشیوە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا جیا لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەشەڕهاتن لەگەڵ نەتەوە و گەلێکدا جۆرێکی دیکە لە شەڕ هاتۆتە پێشەوە کە پێی دەوترێت شەڕی نەرم، واتە ڕووبەڕووبوونەوە و لێدانی ناڕاستەوخۆ لە قەوارە و ڕەنگ و پیلان و پرۆسەیەکی داگیرکاریی دیکەدا، سڕینەوەی پێناس و شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی، لەنێوبردنی سامان و سەرچاوەکانی ژیانی گەل و نیشتمان، دەرکەوتەکانی شەڕی نەرمی ڕووخێنەرە کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا بە زەقی و ڕاشکاوی و خێرایی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە دەبینرێت و سووچ و قوژبنی ژیانی گەلی گرتۆتەوە.

ئەوەی جێگای تێڕامان و وردبوونەوەیە دۆخی هەستیار و هەڵدێراوی ژینگەی کوردستان و زاگرۆس بەگشتییە کە بە ئازار و قەیرانگەلی جۆراوجۆر و بەربڵاوەوە تووش کراوە و بەرەو کارەساتیماڵوێرانکەر دەڕوات.

## نموونەی تاڵان و کاولکاری و داگیرکارییەکان؛

ئاگری زنجیرەیی ٢٠ ساڵەی دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان، بنەبڕکردنی دارستان و داگیرکردنی شوێنە پاکتاوکراوەکان



سەرچاوە
Serchawe

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

بۆ باخ و مەزرا و کارگەگەلی پیشەسازی، سووتاندنی هەزاران هێکتار دارستان و بنەبڕکردنی دارستانەکان بەمەبەستی خەڵووزکردن و تیجارەتی مافیاگەرانەی خەڵووزفرۆشی و بازرگانیکردن بە دارە بەتەمەن و سەختەدار و پێناسبەخشەکانی زاگرۆس، پرۆژەگەلی بەنداو لە ناوچە و شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و ڕاکێشان و گواستنەوەی ئاوی بەنداو و ڕووبارەکان بۆ دەرەوەی ناوچە و شارە کوردستانییەکان، ڕێگەپێدان و بەرێوەبردنی پرۆژەگەلی تاڵان و کاولکردنی ژینگەی کوردستان، سووتاندن و بنەبڕکردنی سەدان هێکتار دارستان و لێڕوارەکان بەمەبەستی ڕێکخستنی پرۆژەگەلی نەوت و گاز لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و کانگاکانی بەرد، خاک، زێڕ و سامانە سروشتییەکانی دیکە لە ناوچە و پارێزگاکانی دیکەی کوردستاندا،

ڕاوی بەکۆمەڵی ئیزندراو و کوشتنی بوونەوەرەکانی ژینگەی کوردستان و زاگرۆس تا ئاستی کەمبوونەوە و تێداچوونی زیندەوەران وەک پڵنگ، گورگ، ورچ و جۆری پەلەوەر وەک هەڵۆ، کەو و هتد و، تەنانەت تیجارەت و بازرگانیکردن بە سمۆرە وەک ڕوێنەر و پارێزەری دارستانەکانی زاگرۆس و دەیان و سەدان نموونەی دەستێوەردان و تاڵان و قاتوقڕکردنی بوومپێک و ساحەتی خاکی پیرۆزی کوردستانە.

لەم نێوانەدا پێویستە بەپێی ئەرکی ئەخلاقی، مرۆیی و نیشتمانییەوە، تاک و کۆمەڵانی کوردستانی بە تێگەیشتنی ئەم ڕاستییانە، لە بوونی سامان و سەرچاوەکانی ژیان بەدوور لە هەر جۆرە بەرتەسکی و هەلپەرستی و بەرژەوەندیخوازییەکەوە، بە هەڵسوکەوتی پێگەیشتووانەی ئەمەگدارانەی بەرپرسیارانەوە ژیانی ئێستا و داهاتوومان لە هەر چەشنە تاوان و داڕمانێک دوور بخەنەوە و ئاسۆی ڕوونی ڕزگاریمان بە شکۆی تەواوەتی بووی کوردستانەوە مانا و واتا بکەن. هەروەها دەخوازێت چین وتوێژەکانی کۆمەڵانی کوردستان، چالاکوانان و کۆی ڕێکخراوەکانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بە تێگەیشتنی قووڵ و بیرمەندانە و پلان و کردەوەی فریاکەوتنانە لە ئاستی مانەوە و سەروەریی خاکی پیرۆزی کوردستان و سەربەستی و سەربەرزیی گەل، کارگێڕی و کاردانەوەی گونجاو و کاریگەری خۆیان هەبێت و بۆ نەهێشتن و سڕینەوەی پیلانی تاڵانکردن و بەبیابانکردنی کوردستان و داڕماندنی کەرامەتی گەل و نەتەوەی کورد، ئەرکدارانە وەخۆ کەون و کۆتایی بەم تراژیدیا ژیانسووتێنەرە بهێنرێت.

**کۆتاقسەش ئەمەیە: زیندوویی و سەربەستی و سەورەریمان، بەستراوەی مانەوە و سەرسەوزی و ئاوەدانیی ژینگە و دیمانەی شکۆداری خاکی کوردستانی پیرۆزمانە.**

**١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترامپ لە بەرامبەر ئێران: دابڕان یان درێژەدانی ئیدارەکانی پێشوو؟





دیلان هەردی

سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا لەدوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی)، سیاسەتێکی ئەمنییەتییە. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەگەر گوێ لە بەرپرسانی ئەمریکا بگرین، دەستەواژەیەک بەردەوام دووپات دەکەنەوە: "هەڕەشەی ئێران".

هەم بۆ کۆمارییەکان و هەم بۆ دێموکراتەکان، ئێران وەک هەڕەشە ناو دەبردرێ، بەڵام ئەوەی ئەو دوو لایەنە لێک جیا دەکاتەوە، شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەڕەشەیە. کۆمارییەکان لە گوتارەکانیاندا بڕوایان بە ڕێکاری توندە بەرامبەر بە ئێران، هەرچەندە لە کردەوەدا زۆر جار ژێربەژێر پەیوەندییان لەگەڵ ئێران هەبووە. لە کاتێکدا، دێموکراتەکان پێیانوایە ڕێکاری توند هەڕەشەی ئێران زیاتر دەکا. بۆیە هەوڵ دەدەن ڕێکاری دیکە بگرنە بەر. سەرەڕای ئەوە، تا ئێستا کە ئەو دێڕانە دەنووسم، هیچکام لە حکوومەتەکانی ئەمریکا نەک هەر خوازیاری گۆڕینی ڕێژیمی ئێران نەبوونە، بەڵکوو هەوڵی نەگۆڕانیشیان داوە. ئیدارەی دووهەمی ترامپ کە درێژ کراوەی هەمان ئیدارەی یەکەمە، لە ستراتێژیی ئاسایشی نەتەوەییدا پێداگری لەسەر چەند بابەتی وەک "لە پێشدا ئەمریکا"، "بەرگریی لە نیشتمان"، "نیشاندانی هێزی ئەمریکا" و "ئاشتی لە جیهان" دەکا. بە پێی ئەم ستراتێژییە، وڵاتانی جیهان بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەبن: دەستەی یەکەم، وڵاتانی دوژمن وەکوو ئێران و کۆریای باکوور کە ئەمریکا دەبێ وەکوو دوژمن ڕووبەڕوویان ببێتەوە. دەستەی دووهەم، وڵاتانی ڕکابەر وەکوو چین و ڕووسیا کە ئەمریکا دەبێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕکابەرییان بکا. دەستەی سێهەمیش وڵاتانی هاوپەیمانن کە پەیوەندیی سیاسی، ئابووری، نیزامی و ئەمنییان لەگەڵ ئەمریکا هەیە. لە ئیدارەی دووهەمی ترامپدا، هەندێک گۆڕانکاریی لەو دەستەبەندییەدا دەبیندرێ، ئەویش ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمێکی "ئابووریتەوەر" بەسەر ئیدارەی ترامپدا زاڵە کە گۆڕانکاریی لەو دەستەبەندییانەدا دروست کردوە. واتە وڵاتان بە پێی ڕادەی بەرژەوەندیی ئابوورییان بۆ ئەمریکا، دەستەبەندی کراون. لەو سۆنگەیەوە، دێموکراتبوون و هاوپەیمانیبوونی سیاسی و نیزامی لەگەڵ ئەمریکا، چیتر بۆ ترامپ پێوەر نین. عەرەبستان و قەتەر و ئیمارات بۆ ئیدارەی ترامپ لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی وەکوو ئورووپا و کانادا گرنگترن. بەڵام ئێران لە کوێی ئەو هاوکێشەیەدا جێ دەگرێ؟

بۆ وڵامی ئەو پرسیارە، پێویستە بگەڕێینەوە دواوە و بە خێرایی ئاوڕێک لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکانی دیکەی ئەمریکا لەدوای شۆڕشی ئیسلامییەوە بدەینەوە. لەبەر ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترامپ لە درێژەی سیاسەتی ئیدارەکانی پێش خۆیدایە. لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، هەر کام لە ئیدارەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی جیاوازییان لە بەرامبەر ئێران گرتۆتە بەر کە هەر کام لە بەستێنێکی تایبەت بەو سەردەمدا داڕێژراوە. هەتا سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ی زایینی و ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران لە بەستێنی شەڕی سارددا دادەڕێژرا. ئەو سەردەمە هەموو هەوڵی ئەمریکا ئەوە بوو کە ئێران نەکەوێتە باوەشی سۆڤیەتەوە. ئەگەرچی ئیدارەی جیمی کارتێر تا دوایین ڕۆژەکان پشتیوانی لە ڕێژیمی شا دەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشت کە شا توانای ڕاوەستان لە بەرامبەر خەڵکی نییە. دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، کارتێر هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دروست بکاتەوە، بەڵام بە بارمتە گرتنی دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لە لایەن توندئاژۆکانی ئێران، ڕێگر بوو لەو پەیوەندییە. دوای کارتێر، ڕۆناڵد ڕەیگان لە دەیەی هەشتای زایینیدا، بۆ ئەوەی ئێران لە شەڕ لە بەرامبەر عێراقدا

شکست نەخوا و بە ناچار نەکەوێتە باوەشی سۆڤیەتەوە، بە فڕۆکەی ئەمریکی مووشەکی ئەمریکی دەنارد بۆ تاران تا لەدژی عێراق کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئاشکرابوونی ئەو پەیوەندییە ئابڕووچوونێکی گەورە بوو بۆ ڕەیگان کە تا ئەمڕۆش بە ناوی دۆسیەی "ئێران ـ کۆنترا" باسی لێوە دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە، ڕەیگان پشتیوانی لە عێڕاق دەکرد تا ئەویش لە بەرامبەر ئێراندا نەدۆڕێ. لە ڕوانگەی حکوومەتەکەی ڕەیگانەوە، لاوازبوونی ئێران یان عێراق لە شەڕدا دەبوویە هۆی ئەوەی یەکێکیان بکەوێتە باوەشی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە. ئەوەش دەستی سۆڤیەتی دەگەیاند بە کەنداو. هەر بۆیەش شەڕی نێوان ئێران و عێڕاق بەبێ بردنەوەی هیچکامیان هەشت ساڵ درێژەی کێشا. چونکە ئەمریکا نەیدەهێشت هیچکامیان بدۆڕێن. دوای ڕەیگان، جۆرج بووشی یەکەم کە بە نزیکترین سەرکۆماری ئەمریکا لە ڕێژیمی ئێران دەناسرێ، دەیویست لە ئێران نزیک بێتەوە. هۆکارەکەشی ئەوە بوو دەیویست سەرنج بخاتە سەر عێڕاق. ئەو هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە، بەڵام نەیهێشت ڕێژیمی سەددام بڕووخێ، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو عێڕاقی زۆرینە شیعە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئێران. دوای بووش، بیل کلینتۆن وەک دێموکراتێک، ئەو ڕەوتەی گۆڕی. ئەو ئێران و عێڕاقی خستە دەرەوەی گرنگایەتیی ئەمریکا و هەر دوو وڵاتی خستنە پەراوێزەوە. ئەو ئێرانی بە وڵاتێکی "سەرەڕۆ" ناو هێنا کە دەبوایە ناچار بکرێ بچێتە نێو چوارچێوەی پڕۆژەی "پەرە پێدانی دیمۆکراسی" لە جیهاندا، بەڵام لە سەردەمی سەرۆکایەتیی محەممەد خاتەمیدا لە ئێران، پەیوەندیی لەگەڵ ئێران دروست کرد. بە دەسەڵات گەیشتنی جۆرج بووشی دووهەم کۆمەڵێک ڕووداوی بە دواوە بوو، وەکوو هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبەر، شەڕی ئەفغانستان، شەڕی عێڕاق و ئاشکرا بوونی بەرنامەی ناوکیی ئێران. هەرچەندە ئەمریکا لە شەڕەکاندا سەر کەوت، بەڵام هێژمۆنیی ئێران بەسەر ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، ئەمریکای بە تەواویی خستە ئاڵنگارییەوە.

ئەوەش وای کرد، دوو خولی سەرۆکایەتیی جۆرج بووشیش بەبێ کارێکی ئەوتۆ لەدژی ئێران کۆتایی پێ بێ. بە دەسەڵات گەیشتنی باراک ئۆباما وەکوو دێموکراتێک هاوکێشەکەی گۆڕی. ئۆباما سەرەتا پەیامی ئاشتی بۆ ئێران نارد، بەڵام ئێرانییەکان سەرنجیان پێ نەدا. قۆناغی دووهەم، سەپاندنی سزای ئابووری بوو بەسەر ئێراندا. ئۆباما پێی وابوو تەنیا سزای ئابووری دەتوانێ ئێران بەچۆکدا بێنێ. ئەو توانی نەک هەر سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا بسەپێنێ، بەڵکوو توانی هەموو کۆمەڵگای جیهانیش لە دژی ئێران تەیار بکا. سزاکانی سەر ئێران لە ئیدارەی ئۆباما، قورسترین سزای هەموو مێژووی نێوان ئێران و ئەمریکا بوون. ئەوە وای کرد ئێران مل بۆ دانوستان بدا و لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥دا بە زۆرینەی مەرجەکانی ئەمریکا ڕازی بێ. بەڵام ساڵی ٢٠١٦ کەسایەتییەکی جیاواز سوکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکای گرتە دەست، ئەویش دۆناڵد ترامپ بوو. ئەو نەک هەر لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و گرووپی پێنج کۆ یەک هاتە دەر، بەڵکوو بە دروشمی "گوشاری لەڕادەبەدەر" جگە لە گەڕاندنەوەی سزاکانی پێشوو، هێندەی دیکە سزای خستە سەر ئێران. لە ڕاستیدا ترامپ لە تاکتیکی ئۆباما تێگەیشتبوو و دەیزانی ئێرانییەکان تەنیا بە سزا ملکەچی داواکارییەکانی ئەمریکا دەبن. ئامانجی ترامپ ئەوە بوو کە ئێران مل بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ بدا کە تێیدا بابەتی بەرنامەی مووشەکی و تێرۆریزم و



سەرچاوە
Serchawe

پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلی تێدا بێ، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە ترامپ ئەو پێگەیەی ئۆبامای لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەبوو تا وڵاتانی جیهان لەگەڵ خۆی بخا. ئەوە وای کرد کە بۆ نیشاندانی هێزی خۆی، دەست بۆ کاری دیکە ببا، کە ئەویش کوشتنی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس بوو. ئیدارەی دووهەمی ترامپیش لە یەکەم ڕۆژەکانیدا دووبارە هەمان سیاسەتی سزا ئابوورییەکانی گرتە بەر، کە ئەمجارە بووە هۆی ئەوەی ئێران مل بۆ دانوستان بدا، بەڵام ئێران هیچ کارتێکی لە دەستدا نەبوو کە کایەی پێ بکا، جگە لە کاتکوشتن. بۆیە ترامپ دووبارە گەڕایەوە بۆ بژاردەی سەربازی، ئەویش وەشاندنی گورزی سەربازی بوو لە ڕێگای ئیسرائیلەوە. بەڵام دەبوایە قارەمانی شەڕەکە ترامپ بێ. هەر بۆیە ڕێک ئەو کاتەی ئیسرائیل نەیتوانی بنکە ئەتۆمییەکانی ژێر زەوی بکاتە ئامانج، ئەمریکا هات و کارەکەی کۆتایی پێ هێنا.

بەڵام گورزی سەربازی بە واتای شەڕی گەورە یان جەنگ نییە. چونکە هەر وەک باسم کرد، گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران تا ئێستا لە بەرنامەی ئیدارەی ترامپدا نییە. بەڵکوو هەروەک ئیدارەکانی دیکەی ئەمریکا، ترامپیش تەنیا خوازیاری گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی ئێرانە.

**بۆ ئەمریکا، مانەوەی ڕێژیمی ئێران سوودەکانی زیاترن لە زیانەکانی؛**

**یەکەم ئەوەی کە،** هێشتنەوە یان ساز کردنی دوژمنی دەرەکی کردەوەیەکی سیاسیی باوە کە هەموو حکوومەتەکان لە جیهان کەڵکی لێ وەردەگرن بۆ گرێدانی هاوڵاتیانی خۆیان لە حکوومەت. واتە هاوڵاتیان لە ترسی هێرشی دەرەکی پەنا بۆ حکوومەتەکەیان دەبەن و زیاتر گوێڕایەڵ دەبن.
**دووهەم درووستکردنی پێویستییە لە خۆی،** بەو واتایە کە وڵاتانێکی دیکە هەن وەکوو وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل کە بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی ئێران دەکەونە باوەشی ئەمریکا و ناچارن گوێڕایەڵی ئەمریکا بن.
**سێهەم، فرۆشتن و خوردکردنەوەی چەکە بەو وڵاتانە کە ئێران وەک هەڕەشە دەبینن.** ئەوەش داهاتێکی ئێجگار زۆری بۆ ئەمریکا هەیە.
**چوارەم،** گۆڕینی کێشەی عەرەب و ئیسرائیلە بۆ هاوپەیمانیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و جێگرتنەوەی بە کێشەی عەرەب و ئێران.
**پێنجەم،** گۆڕینی کێشەی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوایە بۆ گۆڕینی کێشەی نێوخۆیی موسوڵمانان، واتە کێشەی شیعە و سوننی.

بەو ئەنجامە دەگەین کە سیاسەتی ئیدارەی ترامپ هەمان سیاسەتی ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکایە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران. واتە دابڕان نییە لە سیاسەتی حکوومەتەکانی پێشوو. ئەگەرچی ئەو سیاسەتە لەسەر بنەمای نەهێشتنی

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

"هەڕەشەی ئێران"ـە، بەڵام بە واتای گۆڕینی ڕێژیمی ئێران نییە، بەڵکوو گۆڕینی ڕەفتاری ئێران لە بەرامبەر ئەمریکا و کەڵک وەرگرتنە لەو هەڕەشەیە بە مەبەستی سیاسی و ئابووری و نێونەتەوەیی کە دەبێتە هۆی زاڵبووونی زیاتری ئەمریکا بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. لەوانەیە یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو سیاسەتە، گوێڕایەڵبوونی تەواوی گرووپە ئیسلامییەکانی سووریا بێ کە خۆی لە ئەحمەد شەرعدا دەبینێتەوە، کاتێک لە تیرۆریستێکەوە دەبێتە ئەو کەسەی ئەمریکا دەیهەوێ. بەڵام ئەوە دەتوانێ گرووپە توندڕەوەکان هان بدا کە زیاتر گرنگیی بە توندوتیژی بدەن، لەبەر ئەوەی پێیان وابێ لە کۆتاییدا ئەمریکا و ڕۆژئاوا دانیان پێدا دەنێن. پرسیارێک دەمێنێتەوە کە تا چەندە ئەو سیاسەتە دەتوانێ بەردەوام بێ؟ چونکە نەگۆڕینی ڕێژیمی ئێران لەوانەیە لەدوای ترامپ هاوکێشەکە بگۆڕێ.

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

---

# حیجابی دڵخواز





**ئاسۆ مینبەری**

بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی ڕێوڕەسمی زەماوەندی کچی عەلی شەمخانی لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕۆژەڤی باسەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو. هەرچەند کە لە حاڵەتی ئاساییدا پرسی حیجاب پرسێکی تاکەکەسییە و دەچێتە چوارچێوەی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم ڤیدیۆیە و نەبوونی هیچ نیشانەیەک لەو حیجابە ئیسلامییەی

کۆماری ئیسلامی پڕوپاگەندەی بۆ دەکات و هەموو ئیمکاناتی خۆی بەکار هێناوە تاکوو بەسەر کۆمەڵگەیدا بسەپێنێ، ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان دوای بڵاوبوونەوەی ئەم گرتە ڤیدیۆییە بێت.

لە هەموو ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، حیجابی ئیسلامیی دڵخوازی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گرینگترین ئامرازکانی سەرکوتی ژنان لەو کۆمەڵگەیەدا بووە. بە هەزاران ژن بە هۆی ڕەچاونەکردنی ئەم حیجابە زۆرەملێیە لەگەڵ گەشتی ئێرشاد و زۆر جاریش دۆسییەسازی بەرەوڕوو بوونەتەوە، تا جێگایەک کە لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامیدا ژینا ئەمینی بە بیانووی ڕەچاونەکردنی ئەم حیجابە زۆرەملێیە کەوتە بەر توندوتیژییەوە و شەهید کرا و دوابەدوای ئەوەش بە سەدان ژنی چەوساوەی دەستی ئەو حیجابە زۆرەملێیە هاتنە سەر شەقام و بە ساچمەی چەکی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وڵامیان درایەوە.

کەمتر لە دوو ساڵ دوای قەتڵی سیستماتیکی ژینا و سەرکوتی بەربڵاوی ژنان، لە تارانی پێتەختی سەرکوتکاریدا و لە هۆتێل ئێسپیناس پالاسی ئەم شارەدا، کچی ڕاوێژکاری سیاسیی عەلی خامنەیی لە ڕێوڕەسمێکدا کە داماڵراو لە هەموو باوەڕە ئیسلامییەکانی خۆیانە، ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەی بەڕێوە دەبات و ساڵ و نیوێک دواتر و لە پاییزی ١٤٠٤دا ڤیدیۆکانی لە سۆشیاڵ میدیادا بڵاو دەبنەوە. جیا لە هەموو بابەتە جیاوازەکانی ئەم ڤیدیۆیە وەک تێچووی زۆری هۆتێلەکە و ئەو هەموو پارەیە کە خەرج کراوە، ئازادیی کچ و ژنەکەی شەمخانی و باقی میوانەکان لە پۆشێنی جلوبەرگ و دڵخوازبوونی حیجابەکەیان و باقی بابەتەکانی دیکە، پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەم ڤیدیۆیە پێشتر و هەر لەو کاتەدا دزەی نەکرد؟ بۆچی لەو کاتەدا کە ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک خەریکی پاساوهێنانەوە بۆ کوشتنی ژینا و سەدان کەسی دیکە بوو ئەم ڤیدیۆیە بڵاو نەکرایەوە تاکوو تووڕەیی خەڵک زیاتر پەرە بستێنێ و بە یەکجاری ئەم ڕێژیمە بڕووخێنن؟

بابەتێکی دیکە تایبەت بوونی ڕێوڕەسمەکە و کەمیی ژمارەی بەشداربووانە، ئەمە نیشانەی بچووکبوونی بازنەی پێوەندییەکان یان باشترە بڵێین بازنەی کەسە متمانەپێکراوەکانی بنەماڵەی شەمخانی بووە؛ لەم ڤیدیۆیەدا خاڵێک سەرنجڕاکێشە، هەبوونی مۆبایلەکان بۆ فیلم هەڵگرتنەوە و هاوکات ئەو کامێرایانەی کە بە شێوەی فەرمی خەریکی تۆمارکردنی ڕێوڕەسمەکەن، سەرنجدانێکی زۆر ئاسایی گۆشەنیگای کامێراکان دەریدەخات ئەو کامێرەوانەی کە ڤیدیۆکەی بڵاو کردووەتەوە زۆر بە ئاسانی دەبینرێتەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەردەکەوێ کە کێ ئەم ڤیدیۆیەی بڵاو کردووەتەوە. لێرەدا ئەم پرسیارانە دێنە گۆڕێ کە ئاخۆ ئەو کەسە کە لە بازنەی کەسە متمانەپێکراوەکانی شەمخانیشدا بووە لە ئێراندا نەماوە، یان نا لەوێ ماوە و بە پشتبەستن بە کەسانی دیکە کە ئەچنە بەرەی ئەویترەکانی شەمخانی و کەسە نزیکەکانییەوە ئەم ڤیدیۆیەی بڵاو کردووەتەوە؟ کەسانێک کە ڕەنگە ڤیدیۆ و بەڵگەی زۆر گرینگتر لەمەیان نەک تەنیا لە



سەرچاوە
Serchawe

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

شەمخانی کە لە بازنەی داخراوی شەمخانی و لەسەر زۆر پرسی گرینگ لەبەر دەستدا بێت و وەکوو کارتی گوشار کەڵکی لێ وەربگرن. ئایا ئەم ڤیدیۆیە ئامانجدار بڵاو بووەتەوە و باسەکە پێوەندیی بە ئاڵۆزی و گرووپ بەندییەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە یان نا بەئەنقەست و بۆ گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگە لەپێناو درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتدارێتییەکەیانە؟

بەپێی زانیارییەکان، ئەم ڕێوڕەسمە ڕۆژی ٣٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٣دا بووە، واتە ساڵێک پێش هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و لە گەرمەی پێداگریی کۆماری ئیسلامی لەسەر پرسی حیجاب و هێنانەئارای دەیان گەڵاڵەی شکستخواردوو بۆ ئەم پرسە؛ لەکاتێکدا کە هێشتا کۆماری ئیسلامی خەریک بوو لەگەڵ دەرەنجامەکانی شۆڕشی ژینا دەست و پەنجەی نەرم دەکرد و بە سەرکوتی خەڵک و بەتایبەت ژنان، پرسی حیجابی وەک گرینگترین کۆڵەکەی مانەوەی ڕێژیمەکەی وێنا دەکرد، لە هەمان کاتدا ڕێوڕەسمێک لە قووڵایی تارانی پێتەختی هزری ئیدئۆلۆژیکی ئەم ڕێژیمەدا، لەلایەن بنەماڵەی شەمخانی کە دەبیری شۆرای ئەمنییەتی ڕێژیمە بەڕێوە دەچێت.

ڕەنگە لێکدانەوەکان بۆ ئەم بابەتە جیاواز بن، لەلایەکەوە شکاندنی نۆرمەکانی کۆمەڵگە کە خودی ئەم دەسەڵاتدارانە بۆ خەڵکیان پێناسە کردوون و لادان لەو پرسە کە ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی بەتاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لانیکەم لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، وەکوو یەکێک لە گرینگترین کەڵکەڵەکانی خودی ڕێژیم چاوی لێ کراوە و لەلایەکی دیکەشەوە درزی نێوان مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم و بڵاوکردنەوەی بەڵگە لەسەر یەکتر! بەڵام بابەتێکی تر کە گرینگیی هەیە، ڕووداوەکانی چەند مانگ پێش ئێستان! ئیسرائیل هێرشی کردە سەر ئێران و بە لەنێوچوونی بنکە ناوکییەکان و کاراکردنەوەی مێکانیزمی ماشە، ئێستا کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی قەیراناویدایە؛ لەگەڵ ئەمەشدا، بەداخەوە لە ناوەند بە پێچەوانەی باقی جوغرافیای ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم، پرسی حیجاب لە پرسی نان و مان گرینگترە و ئەوەندە پێداگری لەسەر ئەم پرسە دەکرێ، پرسی ئازادی گرینگیی پێ نادرێ، بۆیە ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤیدیۆیەش، هەوڵی ڕێژیم بۆ گۆڕانکارییەک لە چوارچێوەی حیجابی داسەپاودا بێت تاکوو لە ئەگەری دەسپێکردنەوەی شەڕدا، خۆی لە مەترسیی نارەزایەتییە نێوخۆییەکان بپارێزێ.

**٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

# ڕاپەڕینی ژینا: دوو پارادایمی جیاواز





**ئارام کەیخوسرەوی**

ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١هەتاویی هەواڵێکی بەپەلە زۆربەی مێدیاکان و سۆشیاڵ مێدیای کوردیی و ئێرانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد. هەواڵە سەرەتاییەکان شتێکی نوێ نەبوو، گرتن و دەستبەسەرکردنی کچان و کوڕان لەژێر سێبەری دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بابەتێکی باو و ئاشنا بوو. ئاشنایەتییەک کە زۆرجار بووەتە هۆی ئەوەی ئەم

ڕووداوانە بایەخی هەواڵیشیان نەمێنێت. واتە گرتن و دەستبەسەرکردن وەک بابەتێکی ئاسایی لێ هاتووە. مەرگ و کوشتن خراپەیەکە مرۆڤی ژێردەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە بەردەوام لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

کوشتن و مەرگ بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. واتە لە پانتایی جوگرافیایی ئێراندا و لەژێر دەسەڵاتداریی ڕێژیمێکی ملهۆڕ وەک کۆماری ئیسلامی دیاردەی مەرگ و کوشتن نەک کردە و بابەتێکی ئاوارتە، بەڵکوو وەک کردەیەکی ئاسایی لێ هاتووە. کاتێک کردەیەکی دژە مرۆییانە، خراپەیەک بەردەوام دووپات و چەندپاتە دەبێتەوە، دۆخێک دێتە ئاراوە کە دۆخی «ئاساییبوونەوەی خراپە»یە. یەک لە کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٧ساڵەی تەمەنیدا ئاساییکردنەوەی کوشتن و قەتڵی دژبەرانی خۆی بووە. ئەم ئاساییکردنەوە بۆ ئەو نەتەوانە کە لەژێر داگیرکەریی ڕێژیم-حەقیقەتی ئێرانی بە دەسەڵاتداریی کۆماریی ئیسلامیدان زیاتر نۆرماڵیزە و ئاسایی بووەتەوە. کوشتنی دەیان و سەدان کەس لە ئازادیخوازان، بەدەستهێنانی پەلەی یەکەمی لەسێدارەدان، کوشتن لەژێر ئەشکەنجە و... هتد. بێجگە لەوەی گرتنی گیانی مرۆڤەکان و سڕینەوەی دژبەرانی خۆی بووە، دەرەنجامێکی دیکەشی بووە، ئەویش ئاساییکردنەوەی مەرگ و کوشتن بووە. ئەستەمە، ڕۆژانە لە میدیاکان و سۆشیاڵ میدیادا هەواڵی لەسێدارەدان و کوشتنی مرۆڤێک لە لایەن ئەو ڕێژیمەدا نەبینین و بەر گوێمان نەکەوێت. بەڵام لە دۆخێکدا کە خراپەکان، مەرگ و کوشتن ئاسایی بوونەتەوە؛ کوشتنی چ کەسێک و کێ دەتوانێت کۆمەڵگەیەک ڕاچڵەکێنت و ئەو قامکەی کە بەردەوام لەسەر مۆبایلە ژێرەکاندا بەسەر هەواڵی کوشتنی کوڵبەران، گرتن و دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە سووڕانەوەیەک دەگوزەرێت، ڕابوەستێت و ڕایچڵەکێنێت و ویژدانی مێژوویی و نەتەوەیی بەربینگی پێ بگرێت؟

ئەو هەواڵەی کە سەرەتا وەک هەواڵێکی ئاسایی و وەک دەیان و سەدان هەواڵی لەو چەشنە کە ڕۆژانە لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە باس دەکرێن، بڵاوبوویەوە هەر زوو سەرنجی کۆمەڵگە، هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە کوردستان بۆ لای خۆی ڕاکێشا. سەرنجڕاکێشانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کچەکە. کچە کوردێک لە تاران بەهۆی لێدان و توندوتیژی هێزەکانی ئێران لە بەشی چاودێری تایبەتی یەک لە نەخۆشخانەکانی تاراندایە. بڵاوبوونەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ژینا ئەمینی هەر زوو سەرنجی سۆشیاڵ میدیای کوردیشی بۆ لای خۆیی ڕاکێشا. بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر زوو بە پارڤەکردنی وێنەی ژینا ئەمینی و نووسراوەی جۆراوجۆر کاردانەوەیان نیشان دا. لەم نێوەدا دێرە شێعرێکی شێرکۆ بێکەس واتە: «تاران بە دەم کەسەوە پێناکەنێ، بە دەم مەرگەوە نەبێت». و هەروەها شێعری «لەوێ مەمرە جانی جانان...» ڕۆڵی بەرچاوی بینی. لەم دوو شێعرە جوگرافیا و ناسنامە دەورێکی کاریگەر دەبینن. لە یەک لە شێعرەکان بە دیاریکراوی نێوی تاران هاتووە و لە یەک لە شێعرەکان وشەی «لەوێ» هاتووە کە ئاماژە بە جوگرافیایەکە. سۆشیاڵ میدیای کوردیی بە شێوەیەکی بەرچاو هەر دووی ئەم شێعرانە بەکار دەهێنێت.

لێرە بەدواوە کوردبوون وەک ناسنامەی نەتەوەیی ژینا و تاران وەک جوغرافیای ڕووداوەکە سەرنجی زیاتر دەخرێتە سەری. بەدەر لە نییەتی نووسەری ئەو دێڕە دەبێت ئەو شێعرە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە نییەتی نووسەر شرۆڤە بکرێت. تاران لە یەکەم ڕوانیندا شارێکی گەورەی ئێرانە، بە حەشیمەتێکی زۆرەوە و دەکرێت لە لای هەندێک کەسیشەوە وەک شارێکی جوان و دەلال یان ناخۆش و وەڕەزکەر پێناسە بکرێت. بەڵام کاتێک لە سۆنگەی کوردبوونەوە و لە دەلاقەی کوردستانەوە چاو لە تاران دەکرێت، تاران جوگرافیا و شارێکی ئاسایی نیە. تاران لە پرسپێکتیوی کوردستانەوە خاوەنی ناوەڕۆکێکی سیاسییە. ناوەڕۆکێک کە لەم دێڕە شێعردا لە ڕێگای «مەرگەوە» پیشان دراوە. کورد لە پرسپێکتیوی کوردستانەوە بەردەوام تاران وەک مەرگ و کوشتن و لەسێدارەدان و... دەبینێت. زەقبوونەوەی کورد بوون و تاران لە ڕاستیدا زەقبوونەوەی پەیوەندییەکی مێژووییە. پەیوەندییەک کە وەبیرهێنەرەوەی پەیوەندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو، باندەست و بندەستە. لە چرکەی کوشتنی ژینا ئەمینی وەک کوردێک لە تاران یادگەی کۆیی بندەست و کوژراو وەبیری ئەم پەیوەندییە دەکەوێتەوە. بڵاوبوونەوەی قسەیەکی ژینا ئەمینی لە کاتی دەستبەسەرکردنی کە وتوویە: «ئێمە لێرە غەریبین» زیاتر ئەم پەیوەندی و ئانتاگونیستەی نێوان کورد بوون و تاران زەق دەکاتەوە. ئەم غەریبییە وەک غەریبییەکی مێژوویی و پێشاندەری فۆرماسیونی نێوان باندەست و بندەستە.

ئەم ڕووداوە چرکەی لادرانی پەردە و دەرکەوتنی ئەم پەیوەندییە کۆلۆنیالیستییەیە لە نێوان کوردستان و ئێران بوو کە لەو دێڕە شێعرەدا لە تاران وەک هێمای ئێران کەڵک وەرگیراوە. ژینا پەیوەندییەکی ئاشکرا کرد کە سەدان ساڵ لە ڕێگای هێزی سەخت و نەرمە هێزەوە حەشار درابوو و لە جێی ئەوە حەقیقەتێکی تر لە بەرژەوەندی داگیرکەر و هێشتنەوەی پەیوەندیی باندەست و بندەستی سەپاندە بوو. لەم چرکە هەستیارەدا هەموو شتێک دەست بە دەستی یەک دەدا تا حەقیقەتی ئەم پەیوەندییە داگیرکەرانە ڕوون ببێتەوە. ئەو کچە کوردەی کە بە دەستی هێزەکانی ناسراو بە «گشتی ئێرشاد» بە شێوەیەکی دڕندانە گیانی لێ ئەستێندراوە خاوەنی دوو نێوە. نێوێکی کوردی و نێوێکی ئێرانی. نێوە کوردییەکەی پێشاندەری نەتەوەی بندەست و کولتوورێکی تایبەتە و نێوە ئێرانییەکەی پێشاندەری هێزی نەتەوەی باڵادەستە و کولتوورێکی ترە. «ژینا» واقیعی ڕاستەقینەی ئەو کچە کوردەیە کە لە تاران گیانی لێ ئەستێندراوە و «مەهسا» حەقیقەتی ساختە و سەپێنراوە کە دەرخەری پەیوەندیی نێوان باندەست و بندەستە. ئەم دوو ناوە مانایەکی بەرفراوانتر دەگرن و لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش کارەساتی ٢٢ی خەرمانان زیاتر ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە. ژینا لێرە تاکە کەسێک نیە، وەک چۆن مەهساش تاکە کەسێک نیە. ژینا ئاماژەیە بۆ ئێمەیەکی گشتی کورد و مەهساش ئاماژەیەکە بۆ ئەوانی گشتی ئێرانیی و پەیوەندی نێوان «ئێمە» و «ئەوان.» ژینا یان ئەو ئێمە گشتییە وەبیرهێنەرەوەی هەموو ئەو ڕەنج و کوێرەوەری و کوژران و ماڵ وێرانی و بێ ماف بوونەیە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەشی ئێمە بووە. ئەمەش تەنیا هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو سیاسەت و ڕەوتە داگیرکەرانەی دەگەڕێتەوە کە سەدان ساڵە دەیەوێت ژیناکان بکات بە مەهسا. لە ڕاستیدا هەرچەند کە هەر دوو نێوەکە

ئاماژە بە کەسێکی دیاریکراو دەدەن، بەڵام ئەم دوو نێوە باس لە دوو گوتار، دوو ڕەوت، دوو سیاسەت و دوو خوێندنەوەی دژ بە یەک دەکەن. مەهسا نوێنەری کولتووری داگیرکەر و کۆلۆنیالە کە دەیەوێت پەیوەندی داگیرکەر و داگیرکراو وەک خۆی بمێنێتەوە و ژینا کە نوێنەری کولتوور و گوتارێکی ترە. گوتارێک کە دژی داگیرکەرییە. پەیوەندیی نێوان ئەم دوو گوتارە پەیوەندییەکی ئانتاگونیستیی و مێژووییە کە لە چرکەی ژینادا خۆی زیاتر دەردەخات.

٢٢ی خەرمانان هەر لە سەرەتاوە بەم ئانتاگونیسمە و بەم جیاوازییە جەوهەرییەوە دەستی پێ کرد و تا کۆتاییش ئەم جیاوازییە مایەوە. لە خۆپیشاندانەکاندا، لە هێزە سیاسییەکاندا، لە ئەکادیمیسییەن و... ئەم جیاوازییە بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی دەرخست. واتە هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ هاوبەشیەتی درا تووشی شکست هاتن، بەشێکی بەرچاوی ئەم شکستانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە بنەڕەتی و ئانتاگونیسمیانە کە ئاماژەم پێ دان. ئەم جیاوازییە هۆکارێکە تا نەتوانین ڕووداوەکانی پاش گیانبەختکردنی «ژینا ئەمینی» کە لە ئێران و کوردستان هاتە ئاراوە لە یەک سۆنگەوە بخوێنینەوە. هەر هەوڵدانێک بۆ یەکپارچەکردنی ئەم ڕووداوانە هەوڵدانێکی نەزۆک و شکست خواردووە. مێدیا، بیرمەند و ئەکادیمیسیەنی سەر بە نەتەوەی سەردەست هەوڵێکی تەواو دەدا تا ئەم ڕووداوانە ببەستێتەوە بەگشتییەتێک بە ناوی ئێران. یەک وەک درێژەی شۆڕشی مەشروتییەت نێوە دەبات، یەک وەک شۆڕشی نەتەوەیی و یەک وەک هەوڵدانی سەد ساڵەی ئێرانییەکان بۆ دێموکراسی و دادپەروەریی، یەک وەک درێژەی بزووتنەوەی سەوز و یەک وەک درێژەی خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ٩٨ و ٩٦ی هەتاویی یان بە لەونە چەپەکەیدا وەک «شۆڕشی برسییەکان»، «شۆڕشی ماندووەکان» و... هتد. بیرمەند و مێدیاکار و نووسەری نەتەوەی سەردەست خۆی لەو جیاوازییە جەوهەرییە دەدزێتەوە و دەیانەوێت پەیوەندییەکانی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو وەک خۆی بمێنێتەوە. لە ڕاستییدا ئەوەی لە کوردستان ڕوویدا هەمان شت نەبوو کە لە ئێران ڕووی دەدا. یان ئەگەر واوەتر بچین، دەکرێت بڵێین ئەوەی لە جوگرافیای نەتەوە بندەستەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران ڕووی دا لەگەڵ ئەو شتەی کە لە ئێران هاتە ئاراوە جیاوازییەکی بنەڕەتی بوو.

خۆپیشاندانەکانی پاش گیانبەختکردنی ژینا هەر یەکە و خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆ بوون، ناسنامەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان و بەلووچستان جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئێران بوو. لێرە نامەوێت نکۆڵی لە هاوبەشییەکان بکەم، بەڵام بزوێنەریی ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران دوو سەرچاوەی جیاواز و دابڕاو لە یەکتریان هەبوو. بۆیە هەر خوێندنەوەیەک سەبارەت بە خەرمانانی ١٤٠١ بە بێ ڕەچاوکردنی ئەم جیاوازییە؛ خوێندنەوەیەکی ناتەواو و نەزۆک دەبێت. بێجگە لەوە ناهاوسەنگییەک دەبینرێت کە ناکرێت کۆی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە وەک یەک بخوێنرێنەوە. ئایا ئەوەی لە شەقامەکانی تاران دەبینرا هەمان شت بوو کە لە شارەکانی کوردستان دەبینرا؟ ئایا دەکرێت بەوەی تاران بڵێین شۆڕش و بەوەی کوردستانیش بڵێین شۆڕش؟ ئەم جیاوازییانەش دیسان ڕێگرن لەوەی کۆی ئەو ڕووداوانەی کە لە خەرمانانی ١٤٠١

دەستی پێ کرد بە شێوەی یەکپارچە و یەکدەست بخوێنینەوە. بۆ میناک ئەو شتەی کە لە کوردستان و بەلووچستان هاتە ئاراوە دەکرێت وەک ڕاپەڕینێکی گشتیی بخوێنرێتەوە، لە حاڵێکدا ئەوەی کە لە تاران دەبینرێت زیاتر وەک نارەزایەتیی خۆی دەردەخات، نارەزایەتییەک کە زۆر جار توانایی خۆدەرخستنی بۆ شەقامەکان نیە، واتە نابێت بە خۆپیشاندان و تەنیا نارەزایەتییەکە کە لە ماڵ و لە سۆشیاڵ میدیا بە شێوەیەکی پاسیڤ خۆی نیشان دەدات.

## دوو پارادایمی جیاواز: خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانە

لە ڕاپەڕینی ژینا بەدواوە - لە پێش ئەویشدا-ئەدەبیاتێکی زۆر دەوڵەمەند لە بەرانبەر پرسی «ئێرانیبوون» و «کوردستانیبوون» بەرهەم هاتوە؛ دووانەیەک کە وەک پرسێکی ئانتاگۆنیستی لە لایەن دەستەبژێری ئەمڕۆی کوردستانەوە جەمسەر بەندی کراوە. ئەم هەوڵانە زیاتر خۆی لە دوانەی «کۆیلە و سەروەر»، «داگیرکراو و داگیرکەر»، یان بە واتای شمیتییەکەی «دۆست و دوژمن» دەناسێتەوە. ئەم هەوڵانە بە جەختکردنەوە لە سەر ئەمری سیاسی دەیەوێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی هۆکاری یەکنەگرتنی کوردستان و ئێران-چ لە ئاستی کۆمەڵگە و چ لە ئاستی هێزە سیاسییەکاندا - باس بکات.

وەک دیارە، ئەم هەوڵانە زۆرتر لە بەستێنی فەلسەفەی سیاسیدا هاتوونەتە کایەوە و کەمتر ئاوڕیان لە ڕەهەندی کۆمەڵناسی، بەتایبەت کۆمەڵناسیی سیاسی داوەتەوە. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا گۆڕانێکی پارادایمی هەیە کە تەوەری سەرەکی ئەم پارادایمە پرسی فەرهەنگییە. پرس گەلێک وەک واتا، چۆنیەتی پێناسەکردنی خۆ، جەستە، ڕەگەز، کۆمەڵگە گچکەکان وەک هاوڕەگەزخوازان و ناسنامە، کە هەموویان پرسێکی کۆمەڵایەتین زیاتر تیشکیان خراوەتە سەر. ئەگەر تایبەتمەندی سەرەکی کۆمەڵناسی سیاسی کۆن ململانێی چینایەتی و ئایدیۆلۆژی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکان، حیزبەکان، ڕووناکبیران و... هتد بووبێت، لە کۆمەڵناسی سیاسی نوێدا زیاتر تاک، یان کۆمەڵگە بچووکەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سلێبریتییەکان گرنگییان هەیە. کۆمەڵێک دیاردەی نوێ، ناسنامەی نوێ، پرسی نوێ، و تەنانەت تاکێکی نوێ بە کۆمەڵێک خواستی نوێوە هاتوونەتە کایەوە. ئەمانە ئەو دیاردانەن کە هەندێک جار وەک «سیاسەتی ناسنامە» ناو دەبرێن، یان وەک فۆکۆیاما دەڵێت: "تەوەری سەرەکییان پرسی «تیمۆس» یان کەرامەتە" ئەم باس و بابەتە نوێیە پەیوەندی بە پرسی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. پەیوەندی چڕ و پڕیان لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمەوە نیە. دوکتور قاسملوو لە کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک، پرسی نەتەوەیی و پرسی کۆمەڵایەتی لە یەک جیا دەکاتەوە و دەڵێت: "ئێمە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی تێدەکۆشین، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کۆمەڵایەتی یان دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە پاش ڕزگاری نەتەوەییەوە، سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە ڕێگەچارە دەزانین". لێرە دەکرێت سنووری پرسی کۆمەڵایەتی بەربڵاوتر بکەین و بڵێین ئەم پرسە، پرسی ژن، جەستە، و...

هتدیش لە خۆ دەگرێت. بەڵام چارەسەرکردنی پرسی کۆمەڵایەتی بە مانای چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی نیە. دەکرێت لە کۆمەڵگەیەک دادپەروەری کۆمەڵایەتی، پرسی ژن و تەنانەت ئەو ناسنامە نوێیانە وەک کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازن چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسی نەتەوەیی لە جێی خۆت بمێنێتەوە. بۆیە پرسی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی جیاوازن. ئەم جیاکارییە لە سەردەمی نووسینی کورتە باسدا، هەڵگری جیاوازی و ململانێی نێوان هێزە چەپ و نەتەوەییەکان بووە. لە لایەکەوە بەرەی چەپ دەیەوێت، پرسی کۆمەڵایەتی بخاتە پێش پرسی نەتەوەییەوە، وەک پێشخستنی خەباتی چینایەتی، دژایەتی کردنی بورژوازی کورد و یەکخستنی کرێکاران و لە لایەکی دیکەوە بەرەی نەتەوەیی هەوڵێکی پێچەوانە دەدات. لێرە دوو گێڕانەوەی گەورە هەیە: خەباتی چینایەتی بە ڕێبەریی کرێکارانەوە و گێڕانەوەی نەتەوەیی بە ڕێبەریی نەتەوەیەکی یەکەوە. پاش هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت و لاوازی بەرەی چەپ، ئەم لێکدژییە شێوازێکی دیکەی بە خۆوە گرتووە. ئەم شێوازە نوێیە زیاتر وەک سیاسەتی ناسنامە دەناسرێت. سیاسەتی ناسنامە پرسێکی کۆمەڵایەتییە. پرسی جەستە، هاوڕەگەزخوازیی، فرەیی، جیاوازی و بە فەرمی ناسینی ناسنامە و تاکە پەراوێزخراوەکان دیارترین بابەتەکانی نێو ئەم شێوازە نوێیەن. بێجگە لەوە سیاسەتی ناسنامە دژی گێڕانەوە گەورەکانە و هەوڵی شکاندنی ناسنامە کۆییەکان دەدات.

لە لای گیدنز، ئەم پرسە وەک سەرهەڵدانی شێوازێکی دیکە لە سیاسەت کە وەک «سیاسەتی ژیان» ناوی دەبات، دەناسرێت. سیاسەتی ژیان تایبەتی دۆخی پاش ئایدیۆلۆژییە؛ واتە دۆخێک کە ژیان، تاک و کەسایەتی گرنگتر لە هەر چەشنە ئایدیا و مەرامێکە. گیدنز سیاسەتی ژیان لە بەرانبەر سیاسەتی ڕزگاریخواز پێناسە دەکات. ئەگەر بەپێی ئەم چوارچێوەیە تەماشای پەیوەندی کوردستان و ئێران بکەین، دەبینین کە لە هەر دوو لایەن پارادایمی سیاسی جیاواز زاڵە: لە کوردستاندا هێشتا سیاسەتی ڕزگاریخواز زاڵە؛ لێرە بە دیاریکراوی پرسی ڕزگاری نەتەوایەتی لە ئارادایە. لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا، بە تایبەتی لە نەسڵی نوێ و بەشێکی زۆری شارنشینان، پارادایمی سیاسەتی ژیان خۆی نیشان داوە. ئازادی کەسی، شێوازی ژیان، جلوبەرگ و... هتد، گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش بەپێی ئەم پارادایمانە جیاوازن. بزووتنەوە لەنێو سیاسەتی ڕزگاریخوازدا بەپێی نەریتی خۆیی خاوەنی ڕێبەرایەتییەکی سیاسییە و ئامانجی دیاریکراوی هەیە. بەڵام بزووتنەوە لەنێو پارادایمی سیاسەتی ژیاندا زۆر جار خاوەنی ڕێبەرایەتی نیە. پەیوەندییەکان لێرە پەیوەندییەکی ئاسۆیین و خاوەنی هیچ دامەزراوەیەکی سیاسی نین، و خوازیاری دامەزراندنیش نین. لەم کۆنتێکستەدا، ئیتر وەک پێشوو بزووتنەوەکان بە شوێن گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە نین؛ خۆڕێکخستن لە چوارچێوەی ڕێکخراو یان حیزب و دامەزراوەیەکی سیاسی گرنگی خۆی لە دەست داوە. ڕەنگە گرنگترین ئامانجیان بە گوتەی کاستلز؛ گۆڕینی بایەخ و ئێژاییەکانی کۆمەڵگە بێت. بۆیە لە ڕوانگەی کاستلزەوە پرۆسەی بزووتنەوەکە خۆی ئامانجە: «چەشنێک هێنانی داهاتوو بۆ ئێستا». ئەمەش جیاوازە لەگەڵ ئەو بزووتنەوانە کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە و حیزب یان کەسایەتییەکەوە بە دووی ئامانج و گۆڕانێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتن. ئەوەی لە ڕاپەڕینی ژینا لە ئێراندا بەپێچەوانەی کوردستان

ڕووی دا دەبێت لەم چوارچێوەیەدا بخوێنرێتەوە.

بۆیە کاتێک لە ڕاپەڕینی ژینادا هەندێک ئەکت و ڕەفتاری ئێرانییەکانمان دەبینی، پێمان سەیر بوو. زۆر جار ئەمانەمان وەک "داڵنگاندنی ڕاپەڕینەکە" پێناسە دەکرد. کاتێک ڕاپەڕینەکە کز بوو و فەزاکە هێور کرایەوە و ژنانی ئێران بە بێ حیجاب دەرکەوتن، ئێمە وەک کوردستان پێمان وا بوو خیانەتمان لێ کراوە. خیانەتێک نەکرابوو؛ ئێمە لە دوو فەزای فکری و سیاسی جیاوازدا دەژین. لەوێ پرسێکی کۆمەڵایەتی هەیە. ناسنامەیەکی نوێ هەیە، تاکێکی نوێ هەیە کە خوازیاری خودموختاری لە ئاستی کەسی دایە. پرس گەلێکی ڕۆژانە وەک شێواز و ستایلی ژیان، جلوبەرگ و ململانێیەک لەگەڵ هەر چەشنە ئۆتۆریتەیەک (نەریت، بنەماڵە، قوتابخانە و... هتد) کە بیهەوێت سنووری ئەم خودموختارییە بەرتەسک بکاتەوە. واتە بە دووی گۆڕینی بایەخە نەریتی و باوەکانی کۆمەڵگەیە و خوازیاری بەفەرمی ناسینە. بەڵام لە کوردستان پرسێکی کۆیی چارەسەرنەکراوی هەیە، وەک نەتەوە. گوتاری زاڵ لەم فەزایە گوتاری ڕزگاریخوازییە. لێرە مەبەست ئەوە نیە کە کوردستان دوورگەیەکی تەریک کەوتوە و هیچکام لەم پرسانە، ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان نین؛ بەڵام لە کوردستان گێڕانەوەیەکی گەورە هەیە؛ گێڕانەوەیەک کە لە چوارچێوەی ڕزگاری نەتەوەییدا پێناسە و پۆلێنبەندی کراوە. بۆیە هێژموونی ئەم گێڕانەوەیە بەسەر هەموو ئەکت و بزاڤێکی کۆمەڵایەتیدا دیارە.

٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# مانیفێستی "ئاکسفۆرد"






**شاڕۆخ حەسەنزادە**

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم، دوو قوتابخانەی ئابووری و سیاسیی بەرەی سەرەکیی دێموکراسی، بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە ئایدۆلۆژییەکانیان، سنووریکی ڕوون و ئاشکرایان لە بەرانبەر تۆتالیتاریزمی کۆمۆنیستی بە سەرۆکایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت کێشایەوە. لیبراڵەکان بە داڕشتنی مانیفێستی ئاکسفۆرد (١٩٤٧)، لیبراڵیزمیان وەک

ڕێگەی مسۆگەرکردنی ئازادیی تاکەکەسی و سەروەریی یاسا ناساند و پێگەی خۆیان لە بەرانبەر هەردوو توندڕەویی فاشیزم و کۆمۆنیزمدا قایم کرد. بە هەمان شێوە، سۆسیال دیموکراتەکانیش پێنج ساڵ دواتر، لە ساڵی ١٩٥١دا بە جاڕنامەی فرانکفۆرت، بەفەرمی ئایدیای خۆیان لە مۆدێلی دەسەڵاتخوازیی سۆڤیەت جیا کردەوە و جەختیان لەسەر پابەندبوونی سەرەکییان بە دیموکراسیی فرە-حیزبی و مافی مرۆڤ کردەوە؛ بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە سۆسیالیزمی دیموکراتیک، بە پێچەوانەی کۆمۆنیزمەوە، پرۆژەیەکی چاکسازیخواز و دیموکراتیکە*. ئەم بەڵگەنامانە، چوارچێوەی فیکریی کۆتایی و سنووربەندیی بەرەی دیموکراسیی ڕۆژئاوایان لە بەرانبەر هەڕەشەکانی شەڕی سارددا دیاری کرد.

لە درێژەی ئەم پرۆسەی چاکسازییەدا، بزووتنەوەی "بەهاری پراگ" لە ساڵی ١٩٦٨، لە ڕاستیدا هەوڵێک بوو بە مەبەستی درێژەپێدان بە چاکسازییە پێکهاتەییەکانی سۆسیالیزمی دیموکراتیک – واتە سۆسیال دیموکراسی – بەڵام ئەمجارەیان لە لایەن ڕیفۆرمخوازانی نێوخۆیی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیاوە دەکرا. ئامانجی ئەو سەرکردانە، لەوانە "ئەلێکساندەر دوبچێک"، جێبەجێکردنی پرۆژەی "سۆسیالیزم بە ڕوخسارێکی مرۆڤانەوە" بوو کەمبریتی بوو لە: تێکەڵکردنی بنەما سۆسیالیستییەکان لەگەڵ ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، لامەرکەزییەت لە ئابووری و مافی مرۆڤ، بەبێ لادانی فەرمی لە بلۆکی ڕۆژهەڵات. بەڵام ئەم هەوڵە بۆ دروستکردنی مۆدێلێکی سۆسیالیزمی دیموکراتیک لەنێو جەرگەی بلۆکی کۆمۆنیستیادا، لە لایەن سەرکردایەتیی سۆڤیەتەوە وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ دەسەڵاتی مۆسکۆ چاو لێدەکرا. لە ئاکامدا، بە دەستێوەردانی نیزامی سپای سوور لە مانگی گەلاوێژی ١٩٦٨دا، ئەم چاکسازییانە بە توندی سەرکوت کرا و سنووربەندیی سۆسیالیستەکانی ئەورووپا لەگەڵ ستەمکاریی سۆڤیەت جارێکی دیکە بە ڕوونی دەرکەوتەوە.

لە بەرانبەردا، سیستەمی دیموکراسیی لیبراڵ، هەرچەندە بەرەورووی ئاڵنگارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بۆوە -وەک قەیرانەکانی سەرمایەداری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی- توانی گەشەی بەردەوامی خۆی بە نەرمی و پێکهاتەیی درێژە پێ بدات. دامەزراوەی "نێونەتەوەیی لیبراڵ (Liberal International)" بە دارشتنی مانیفێستی ئاکسفۆرد، توانی بنەماکانی خۆی لەسەر کۆڵەکەی ئازادییە تاکەکەسییەکان، سەروەریی یاسا و دەوڵەتی خۆشبژێو-لە چوارچێوەی مۆدێلی لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی- دابمەزرێنێ. ئەم چوارچێوەیە، بەهۆی سروشتی دیموکراتیکەوە، ڕێگەی بە چاکسازیی هەنگاو بە هەنگاو و گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات دەدا، لە کاتێکدا بلۆکی سۆسیالیستیی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت، هەر هەوڵێکی چاکسازیی هاوشێوەی بە هێزی نیزامی سەرکوت دەکرد. لە کۆتاییدا هەر ئەم جیاوازییە لە میکانیزم و چۆنیەتی بەرەوڕووبوونەوە بوو کە ڕێگەی بە سیستەمی دیموکراسیی لیبراڵ دا، بە سەرکەوتوویی شەڕی سارد تێپەڕێنێت و ئایدۆلۆژیا ڕەکەبەرەکەی وەپاش خۆی بدات.



سەرچاوە
Serchawe

مانیفێستی ئاکسفۆرد، یەکەمین جاڕنامەی جیهانیی بنەماکانی لیبراڵیزم لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم بوو، کە وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم - نازیسم و کۆمۆنیزم - داڕێژرا و بووە بنەمای دامەزراندنی "لیبرالیزمی نێودەوڵەتی (LI)"ئەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییە، کە زیاتر لە ١٠٠ ئەندام - پارتە لیبراڵەکانی سەرانسەری جیهان- تێیدا چالاکن، لە ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە شاری "ئاکسفۆرد"ی ئینگلیس دامەزرا و هەتا ئێستاش بارەگا سەرەکییەکەی لەو شارەدا جێگیرە. لەو ساڵەدا، لیبراڵەکان لە ١٨ وڵاتی جیاوازەوە لەو کۆنفرانسەدا کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی بەرەیەکی هزریی یەکگرتوو لە بەرانبەر هەڕەشە نوێیەکان پێکبهێنن. دوای شکستی فاشیزم لە جەنگەی شەڕی ساردا، پێویست بوو لیبراڵەکان بنەماکانی خۆیان لە بەرانبەر مەترسیی کۆمۆنیزمی دەسەڵاتخواز و هەروەها زیادەڕۆییە ئەگەرییەکانی سەرمایەداریی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پێناسە بکەن. ئەم مانیفێستە بە جۆرێک لە پێناسەکردنەوە و میانڕەوکردنی لیبراڵیزم لە سەردەمی نوێدا بوو. فەلسەفەی دامەزراندنی ئەم دامەزراوە نێودەوڵەتییە بریتی بوو لە: بەرگریکردن لە ئازادییە تاکەکەسییەکان، سەروەریی یاسا و دیموکراسیی پەرلەمانی لە ئاستی جیهاندا. ڕاگەیاندنی بنەما لیبراڵەکان وەک تەنیا جێگرەوەی کردەیی بۆ هەموو شێوەکانی تۆتالیتاریزم و دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ نەزمێکی جیهانیی ئاشتیخواز لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ، لە ئامانجەکانی ئەم مانیفێستە بوون. ئەم مانیفێستە هەوڵی ئەوە بوو بڵێ؛ لیبراڵیزم نەک تەنیا فەلسەفەیەکی سیاسییە، بەڵکوو ڕێکارێکە بۆ دڵنیاییدان لە خۆشبژێوی و تەناهی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی.

### کۆڵەکە سەرەکییەکانی مانیفێستی ئاکسفۆردی ١٩٤٧:

١- ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافە مەدەنییەکان:

- دڵنیاییدان لە ئازادییە بنەڕەتییەکان وەک ئازادیی ویژدان، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی چاپەمەنی و ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە.
- جەختکردنەوە لەسەر سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دادوەری بۆ پاراستنی تاک لەهەمبەر دەوڵەت.

٢- ئازادیی کۆمەڵایەتی:

- مافی مرۆڤ دەبێت بەبێ جیاکاریی ڕەگەزی، چینایەتی یان جێندەری جێبەجێ بکرێت.

- دابینکردنی لانیکەمی بژێو بۆ هەر تاکێک لەهەمبەر نەخۆشی، بێکاری و پیری، لە چوارچێوەی چەمکێکدا کە نزیکە لە لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی.(Social Liberalism)

٣- ئازادیی ئابووری:

- پشتیوانیکردن لە خاوەندارییەتی تایبەت و ئابووریی بازاڕی کێبڕکێیی.
- بەڵام بازاڕ دەبێت لەژێر ڕێسایەکدا بێت کە ڕێگری لە قۆرغکاری بکات و بەرژەوەندی گشتی مسۆگەر بکات
- جەختکردنەوە لەسەر کێبڕکێی دادپەروەرانە و ڕەتکردنەوەی کاپیتالیزمی کۆنترۆڵنەکراو.

٤- ئاشتیی نێودەوڵەتی:

- جەختکردنەوە لەسەر هاوکاریی نێونەتەوەیی لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە تایبەتەکانییەوە.
- پشتیوانیکردن لە مافیی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراسی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

بە شێوەیەکی گشتی، مانیفێستی ئاکسفۆرد بەڵگەنامەیەکی مێژووییە کە لیبراڵیزمی لە تۆمەتی بێباکبوون بەرانبەر چینی هەژار، کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پرسی دادپەروەری بێبەری کرد و وەک فەلسەفەیەکی پابەند بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی خۆشگوزەران، شانبەشانی ئازادییە نەریتییەکان، لە بەرانبەر کۆمۆنیزمدا ڕاگرت. ئەوە لەحاڵێکدا بوو کە، بەهۆی ئاڵنگارییە نوێیەکانی جیهان لە سەدەی ٢١دا، وەک قەیرانی دارایی، سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم، هەڕەشەکانی ژینگەیی و شۆڕشی دیجیتاڵی، نێونەتەوەیی لیبراڵ بنەماکانی خۆی لە ساڵی ٢٠١٧ لە "ئەندۆرا" نوێ کردەوە. ئەم خوێندنەوە نوێیە، لە کاتێکدا بنەماکانی ١٩٤٧ پشتڕاست دەکاتەوە، زیاتر سەرنجی لەسەر پرسەکانی سەردەمی نوێیە.

**تەوەری سەرەکی مانیفێستی ئەندۆرای ٢٠١٧:**

١- بەردەوامی و، ژینگە:

لە مانیفێستەکەدا، پاراستنی ژینگە و بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا وەک ئەرکێکی بنەڕەتیی لیبراڵی و پێویستییەکی

ئەخلاقی و ئابووری ناسێنراوە.

٢- بەرەنگاربوونەوەی پۆپۆلیزم و ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ:

جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی بەرگریی چالاکانە لە دامەزراوە دێموکراسییەکان و بەها جیهانییەکان لە بەرانبەر شەپۆلی نوێی سیاسەتە شوناسخوازە ڕژدەکان و دەسەڵاتخوازیی پۆپۆلیستی.

٣- کۆمەڵگەی دیجیتاڵ و هەلی یەکسان:

جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی دەستوێڕاگەیشتنی جیهانی بە زانیاری و ئینتەرنێت وەک مافێکی بنەڕەتی.
پێویستیی پێداچوونەوە بە مۆدێلەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران بۆ وەڵامدانەوەی ئاڵنگارییەکانی ئۆتۆمەیشن (خۆکارکردن) و ئابووریی گیگ.(Gig Economy)

٤- سیاسەتی دەرەوەی مرۆڤ - تەوەر:

فراوانکردنی چەمکی مافەکانی مرۆڤ و بەرگریکردن لە ئازادییە جێندەرییەکان و مافی کەمینەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.
لەکاتێکدا مانیفێستی ١٩٤٧ زیاتر سەرنجی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی فاشیزم و کۆمۆنیزم -هەڕەشەکانی سەدەی بیستەم- بوو. مانیفێستی ٢٠١٧ سەرنج دەخاتە سەر بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی ناوخۆی دێموکراسی-پۆپۆلیزم و نادادپەروەری- و ئاڵنگارییەکانی تەکنۆلۆژیا و ژینگە وەک پرسەکانی سەدەی بیست و یەکەم.

---

جاڕنامەی سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵ(SI) کە لە ساڵی ١٩٥١ لە فرانکفۆرتی ئاڵمان بڵاو بۆوە، وەک ئەنتەرناسیۆناڵی چوارەم ئەژمار دەکرێ (هەرچەندە زۆرجاریش وەک جێگرەوەی ڕاستەوخۆی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم ناسراوە).

٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵوەدای ڕزگاریی گەل، لە قووڵایی ئازارەوە (تیشکێک لەسەر ژیان، تێکۆشان و بەرهەمەکانی عەلی گەلاوێژ)




ئەم کتێبە کە بە بۆنەی سەدەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی دوکتور عەلی گەلاوێژ (١٣٦٧ - ١٣٠١ ی هەتاوی) لە لایەن دڵسۆزانی مێژوو و ئەدەبی کوردییەوە لە ساڵی ٢٠٢٣ زایینی ئامادە کرابوو، لە لایەن "دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی"ش لە هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاو بۆتەوە. نووسەرانی ئەم کتێبە بریتین لە بەرێزان ئەنوەر سوڵتانی، نەمر حوسێن شکارچی خوشکەزای د. عەلی گەلاوێژ، حەسەن ماوەڕانی، محەممەد ئازادگەر، ئەسەد سەیف، محەممەد ڕەمەزانی و کامڕان ئەمینئاوە.

**لە سەرەتای کتێبەکەدا هاتوە:** "ئەم کتێبە بەرهەمی زەحمەت و کاری کەسانێکە کە نایانەوێ یادی ئەو کەسایەتییە کوردانەی لەپێناو ئازادیی نیشتمان و بەختەوەریی گەلدا ئەرک و ڕەنجیان کێشاوە لەبیر بچی و، وەچەی ئێستا و داهاتوو ناسیاوی ژیان، کار و بەرهەمەکانیان بن، بەو هیوایەی لە ئەزموونیان کەلک وەرگرن و هەڵەکانیان دووپات نەکەنەوە. بێگومان ژیان و هەڵسووڕانی ئەو کەسانە ناتوانێ دوور بێت لە هەڵەی گەورە و بچووکیان. ئەرکی گرنگی ڕووناکبیری کورد ئەوەیە بە دروستی و بە دوور لە پاوانخوازی، دەمارگرژی و ڕۆمانتیزمی خەیاڵی، مێژووی گەلەکەی و حیزب و

کەسایەتییەکانی هەڵسەنگێنی و سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرێ، تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ژیانی کەسایەتییەکان و بارودۆخ و توانایی ئەوان بە هەمان ئەو چەشنەی کە بووە لێکبداتەوە و ئاوات و چاوەڕەوانییەکانی خۆی پێوەری لێکدانەوە و داوەری نەکات. نەتەوەی کورد بە تایبەت لە سەدەی ڕابردوودا تووشی دەیان کارەساتی گەورە و بچووک بوو، هەزاران ڕۆڵەی خۆی پێشکەشی ئازادیی و بەختەوەریی وڵاتەکەی کرد و لەگەڵ گەلێک دوژمنی غەددار و فریوکار ململانەی کرد".

زانای پایەبەرز، دوکتور عەلی گەلاوێژ کە مامۆستا هەژار بەحەق وەکوو "مەولانای ڕۆمیی زەمانی شەمسی تەبریزی" پێناسەی دەکات، ڕۆژی یەکی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٠١ی هەتاویی لە گوندی ساروقامیش، لە ٣٠ کیلۆمێتری ڕۆژهەڵاتی شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر، ئازادیخواز و فەرهەنگدۆستی فەیزوڵڵابەگی لەدایک بوو. ڕێگایەکی پڕ لە هەواز و نشێوی دوور و درێژی لە ژیانی پڕ لە ڕووداوی خۆی بڕی.

لە گوندی ساروقامیش، بۆکان، مەهاباد و شاری تەورێزی ئازەربایجان ژیاوە، دەرسی خوێندوە و ئەفسەری سپای میلیی کوردستان لە سەردەمی کۆمار بووە. لە ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ نزیکەی ٦٠ لاوی کوردستانی بۆ دەرس خوێندن لە زانستگای ئەفسەریی نێردرایە یەکیەتیی سۆڤییەت و تا ساڵی ١٣٥٨ لە باکۆ، بولغارستان و لایپزیگی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات ژیاوە. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران لە بەهاری ١٣٥٨ بوو بە بەرپرسی ڕێکخراوەی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران لە کوردستان و تا کاتی گیانبەختکردنی لە ساڵی ١٣٦٧ لە تاران و تەورێز و ماوەیەکیش لە کوردستان بووە.

گەلاوێژ لە ساڵانی ژیان لە تاراوگە، لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و فەرهەنگیدا بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد و گەشەکردنی سیاسی و فەرهەنگی نەتەوەکەی هەوڵێکی زۆری دا و، پاش تەواوکردنی خوێندنی باڵای خۆی لە بواری ئابووری و وەرگرتنی دوکتورای زانستی دەستی کرد بە کارکردن لە ئاکادێمی زانستیی ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتناسیی یەکیەتیی سۆڤیەتی، بەشی ئابووریی شاری باکۆ. ئەو یەکێک بوو لە کارگێڕانی دەرکردنی ١٣٣٧ ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە باکۆ. هەروەها بێژەر و نووسەری کوردی ڕادیۆ پەیکی ئێران، نووسەری کتێبی بە نرخی "پێوەندییە وەرزێرییەکانی کوردستانی ئێرانی ئەمڕۆ، بە تورکی ئازەریی (باکۆ ١٣٣٤)" و بە ڕووسی (باکۆ ١٣٣٩)، "پێوەندییە ئەرزییەکانی کوردستان: ڕووخانی سیستمی عەشیرەیی" بە زمانی فارسی، (تاران ١٣٦١)، مەنزوومەی زووحەیاتەین بە زمانی کوردی و بابەتی زۆر لە پێوەندی کێشەی نەتەوەیی کوردستان لە "دنیا" گۆڤاری تیوری سیاسیی کومیتە ناوەندی حیزبی تودەی ئێران و هتد بوو.

کتێبی **"هەڵوەدای ڕزگاریی گەل، لە قووڵایی ئازارەوە"** تیشک دەخاتە سەر بەشێک لەبەسەرهات و تێکۆشان و بەرهەمەکانی عەلی گەلاوێژ و، وێنە و چەند بەڵگەیەکی مێژوویی لە خۆ دەگرێ. شێعرەکانی گەلاوێژ بەشێکی بەرچاوی

کتێبەکە پێک دێنێ، ئەرکی ئامادەکردن و شیکردنەوەی شیعرو هونراوەکانی عەلی گلاوێژ لە ئەستۆی کاک ئەنوەر سوڵتانی بووە، کارێکی پڕزەحمەت و بەرپرسانە. بەداخەوە شێعرەکانی عەلی گەلاوێژ جارێ بەتەواوی کۆ نەکراونەتەوە. بە وتەی مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی "خوێنەری شێعرەکانی گەلاوێژ زۆر زوو پەی بە هەستێکی قووڵ و لەبن نەهاتووی نۆستالژیک و خەم و تەمی دووری لە خاک و خەڵک و کەسوکار و ژیانی ناوگوندەکانی کوردستان دەبات کە لە زوربەی شیعرەکاندا پەنگی خواردۆتەوە. ئەو خەمە، ئەو تەمە لە خۆشی و ناخۆشی، لە ئازەربایجان و ئاڵمان، لە مۆسکۆ و کییێفی ئوکراین نیشتۆتە سەر ژیانی ڕۆژانەی و لێی جیا نەبۆتەوە، تەنانەت لە شێعرە سیاسییەکانیدا، کە بەشی سەرەکیی شێعرەکانی پێک دەهێنن ئەو هەورە نارەوێت و بە ئاسمانی ژیانی شاعیرەوە دەمێنێ. خەبات لەپێناو وڵات و سەربەخۆیی کوردستان و مافخوازی بۆ گەلی کورد و پەسنی پێشمەرگەی ناو سەنگەری شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١ تا ١٩٧٥) زیاترین بەشی شێعرەکانی گەلاوێژیان پ ێبڕاوە. وەک ئەوەی شاعیر وڵاتی بەجێماو و ئاواتی گەڕانەوە و شادبوونەوە بەدیداری خۆشەویستانی خۆی تەنیا لە تەقەی تفەنگی پێشمەرگەدا بینیبێت".[...] "هەستێکی دیکەی هەڵقوڵیو لە شێعرەکانی گەلاوێژ، باوەڕی ئینترناسیۆنالیستییە کە ئیدیۆلۆژیی سەرانسەری لە یەکیەتیی سۆڤیەتی و تەنانەت لەو ساڵانەدا باوەڕی کومۆنیستەکانی سەرانسەری جیهان بوو؛ ... بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدا پێکەوە گونجاندنی ئەو ناسیۆنالیزمەکوردییەیە لەگەڵ ئینترناسیۆنالیزمی کەسێکی کومۆنیست.

گەلۆ ئەو ئینترناسیۆنالیزمەی گەلاوێژ لەکوێ خۆی شاردۆتەوە کاتێ گوتوویەتی:

نەورۆزی کوردی ئەو دەمەیە خاکی نیشتمان
ڕزگار ببێ لە کەڵپی دڕندەی سەگ و گەماڵ

(شێعری 'نوێ ڕۆژی کوردی'، ساڵی١٩٥٠)

زامنی فەتحە حیزبی دێموکرات...
هەرکەسێ کوردی بوێ ماڵ و ژیانی بۆچییە؟...
کوا لە باسی کورد خۆشتر بۆ ئەوانەی تێ ئەگەن

(شێعری 'من و کۆنەهەوالان'، ساڵی ١٩٥٠)"

بیرەوەریی بەشێک لە دۆست، خزم و هاوڕێیانی نەمر گەلاوێژ دەورێکی بەرچاو لە ناساندنی تایبەتمەندییەکانی ژیانی خۆیی و سیاسیی ئەو وەک مرۆڤێکی گەلێک ڕاستبێژ، هیدی و جێگەی ڕێز، بە هەستی قوڵی نەتەوایەتی و دادپەروەرانەوە



سەرچاوە
Serchawe

دەگێڕێ.

ئەم کتێبە بە هەوڵ و زەحمەت و پێداچوونەوەی دوکتۆر کامران ئەمین‌ئاوە لە ماوەیەکی کەمدا پێک هات بۆ ئەوەی لە ساڵرۆژی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی گەلاوێژدا بڵاو بێتەوە. ئامانجی سەرەکیی دەرکەردنی کتێبەکە، زیندوو ڕاگرتنی یادی کەسایەتیەکە، کە بێ هیچ چاوەڕوانییەک باشترین و زۆرترین ساڵانی خۆی تەرخانی خزمەت بە گەلەکەی کرد.

عەلی گەلاوێژ کە لە شیعرەکانیدا بەڵێنی گەڕانەوە بۆ نیشتمان و مردن لەوێی دابوو، پاش چەند دەیە خەبات، ئاوارەبوون و ژیانی تاراوگە، پاش گیرانی لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ لە تاران لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی سپای پاسداران و هەڵکردن لەگەڵ ساڵانی زیندان و ئەشکەنجەی زۆر سەخت و لەڕادەبەدەر، لە کارەساتی کوشتاری بەکۆمەڵی خەرمانانی ١٣٦٧(١٩٨٨) لەگەڵ هەزاران شۆڕشگێڕ و خەباتکاری دیکەی ڕێگای ئازادی لە زیندانی ئێڤینی تاران لە سێدارە درا و چووە نێو ڕیزی کاروانی نەمرانی ڕێگای ئازادی.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥- ١٩٩٠) (ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا)





کوێستان نستانی

د. هۆشمەند عەلی محمود

بەئاگاهاتنەوەی ژنان لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا، کە لە سەردەمی قاجارەوە (١٧٩٤ - ١٩٢٥) دەستی پێ کردبوو و تا دوای شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٦ - ١٩١١) و لە قۆناغەکانی دواتریشدا لە پەرەسەندندا بووە. لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی (ڕەزاشا ١٩٢٥ - ١٩٤١) و (محەممەدڕەزاشا ١٩٤١ - ١٩٧٩) ژنان لە نێوخۆی کۆمەڵگەی ئێراندا لە جاران



سەرچاوە
Serchawe

بوێرتر هاتوونەتە مەیدان و باوەڕیان وابووە کە گرنگ و پێویستە بەشێوازێکی دیکە بژین. لەسەر ئەو باوەڕەش دەستیان بە شۆڕشێکی نوێ کردوە و توانیویانە چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشکراتر لە چوارچێوەی چەندین ڕێکخراو و بڵاوکراوەی تایبەت بە ژناندا پەرەپێ بدەن (دلریش، ١٣٧٥، ١١١؛ همایون، ١٣٥٤، ٤٦). واتا نیشانەکانی ڕوناکبیری لەنێو بزووتنەوەکانی ژنانی ئێراندا بە گشتی چووبووە قۆناغێکی پێشکەوتوو و (عباسی و دیگران، ١٣٩٣، ٦٤؛ ستوده، ١٣٧٣، ١١٨) بە ئاوێتەبوونی کولتووری ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوادا، ژنانی نێو کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی کەوتبوونە بەر شاڵاوی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی وڵات و بنەماڵەی شاهانشاهی لەپێناو برەودان بە شوناسی بنەماڵەکەیان و بەمۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێران و ڕیفۆرم لە گشت بوارەکاندا، بەتایبەتی لەمەڕ پرس و مافەکانی ژنان لەکۆمەڵگەیەکدا، کە ڕوحانییەت دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبووە، هەوڵیان دا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن(١) (همایون، ١٣٥٤، ٢٤).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کورستان بە تایبەتی لە مەڕ پرسی ژنان گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆیەوە بینیووە کە هێشتا تێڕوانینی کۆمەڵگە لەژێر یاسا و تێڕوانینێکی باوک سالاریدابووە، بەڵام ژنان بۆ تێپەڕاندن و زاڵبوون بەسەر ئەو کولتورەدا هەوڵیان داوە لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و گەشە بە شوناسی خۆیان لە چوارچێوەی مافە مەدەنی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بدەن، ئەوەش لە نوسینی گەڕیدەکاندا بە تەواوی ڕەنگدانەوەی هەبووە و پێیان وایە ئافرەتی کورد خاوەن پێگەی سیاسی و سەربازی بوون و شارەزاییەکی بەرچاویان لە بارەی خێڵ و عەشیرەت و پلان و بەرنامە و ناکۆکیی نێو هۆزەکان هەبووە و تەنانەت بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بۆچوونی خۆیان خستۆتەڕوو. هەروەها گەڕیدەکان ئافرەتی کوردیان بە سیمبولی ئاشتی و یەکگرتوویی و کۆمەڵایەتی وێنا کردوە و ئەوەشیان خستۆتە ڕوو کە ژنان وەک سەرۆک خێڵ ڕێزیان لێ گیراوە و تەنانەت وەک سەرۆک خێڵ عەشیرەتیان بەڕێوە بردوە (محمد، ٢٠٢٤، ٩٤ - ٩٥).

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) و وەرگرتنی سەرۆکایەتیی (ژێکاف) لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد ئەرک و کاری گرینگ ئەنجام دراوە. هەروەک لە نوسراوەکاندا دەردەکەوێ دوای چوونی "سازمانی جەوانانی کورد" بۆ نێو ڕیزی (ژێکاف) و ئاشکرابوونی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵە، کاتێک ڕێکخراوی سازمانی جەوانانی کورد ڕاسپێردرا شانۆیەک بە ناوی (دایکی نیشتمان)(٣) بێننە سەر شانۆ، داوای ئامادەکاری و دەستنیشانکردنی کەسانی شیاو وەک ئەکتەر بۆ ئەم شانۆیە بکەن کە هەموویان پیاو بوون. لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥ لە تێرمیناڵی شاری مەهاباد ئەو شانۆیە پێشان درا و ١٧ ئەکتەر تێیدا بەشداربوون. بەشێک لە ئەکتەرەکان بریتی بوون لە سیروس حەبیبی، سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان، غەنی بلووریان، محێدین ماوەرانی و عەبدوڵڵای نەهری کە ڕۆڵی دایکی نیشتمانی گێڕاوە.

نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییە بۆ وشیاری کۆمەڵگە بەگشتی و هاندان و بەشداریی ژنان بووە بۆ بینینی بەتایبەتی. ئەوە لە کاتێکدا،کە کوڕانیش لەو ڕۆڵگێرانەدا دوچاری گرفت و ڕەخنە بوونەتەوە، چ جای بگات بەوەی ژن بەشداریی بکات و وەک ئەکتەر ڕۆڵ بگێریت! ئەم شانۆیە بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە شاری مەهاباد پێشان دراوە و دواتریش لە شارەکانی شنۆ و بوکان و شارەکانی تریش نمایش کراوە و تەنانەت بلیت بۆ ژنان و دانیشتووانی گوندەکان بەخۆڕایی بووە. غەنی بلوریان ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، "کاتێک ئەو شانۆییە نمایش کراوە، بنەماڵەی لاوانی بەشدار لە شانۆگەرییەکە دژی بەشداریکردنی کوڕەکانیان بوون، تەنانەت باوکی من تا خودا حەز بکات داب و نەریتی بنەماڵەکەمانی دەپاراست و کە توڕە دەبوو پیاو لێی دەترسا، هەر بۆیە کاتێک چوومە لای دیتم دەموچاوی تێک نابوو و ڕووی گرژ کردبوو و گوتی: دەڵێن خەریکە ئەدای شەکرۆکان دەردێنی؟"(بلوریان، ١٩٩٧، ٤١).

بەڕوونی دەکرێ بگوترێ، بەدواداچوون بۆ داخوازییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری ژنان لەبنیادنانی کایەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری تایبەتمەندی بەرچاوی دوای ئەم قۆناغە مێژوویە بووون. چونکە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کاریگەریی چەندین پێشهات بووە هۆی هەبوونی مێژوویەکی تایبەت لە بواری بەشداریی ژنان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بارودۆخی نوێی بۆ چالاکییەکانی ژنان لەکایەی گشتیدا کردبۆوە و ئەم بارودۆخە لە کوردستان سەرەرایی لیکچوونەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا، لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی سەرتاسەری وڵاتیشدا جیاوازی هەبووە (محەممەدی و دیگران، ١٤٠٠، ٣٨١).

ئەوەی جێگای بایەخە، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٥ لە شاری مهاباد کە لەسەر داروپەردوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) دامەزرا(بازیار، ٢٠٢٠، ٨٦، ٨٧)، دامەزراندنی ژێکاف، نوختە گۆڕانێگ بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد وسەرەتایەک بوو لەپێکهاتنی ڕێکخراو حیزبی سیاسی پێشکەوتوو و مۆدێرندا، چونکە پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی ئەوتۆو پێشکەوتووو بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە پێک نەهاتبوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوەش حیزبی دێموکرات توانی پشتیوانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم حیزبە ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای خۆی و بەتایبەت لە ژێر بەرنامەیەکی تۆکمەو ڕوونی سیاسیی دا بوو(قاسملوو، ٢٠٢٠، ٣١، ٣٢).

دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەهۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بوو (بازیار، ٢٠٢٠،

٩٣). دوای ئەوەی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆز، عەشیرەتەکان، خەڵکی بازرگان، جوتیار و کاسبکاران کۆماری کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتە کایەوە(حوسێن، ٢٠٠٨، ٢٧؛ شەمزینی، ٢٠٠٦، ٣١٧) پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە سەرۆکی کۆماری کوردستان و لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا پێشەوا قازی محەممەد کار و بەرنامەی دوارۆژی کۆماری ڕاگەیاندوە، و لەبنەڕەتدا هەموو ئەو بەرنامەیە، پێشتر حیزبی دێموکراتی کوردستان داینابوو (قاسملوو، ١٩٩١، ٦٨).

هاوکات لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوانە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکان و دەستکەوتە گرنگەکانی کۆماری کوردستان هاتنی ژنان بۆ نێو ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و بونیادنانی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن بوو، چونکە ژنانی کورد بۆ یەکەم جار و بەفەرمی و بەئاشکرا هاتنە نێو مەیدانی خەبات و بۆ ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی ژنانیش پێشەوا قازی محەممەد ژن و کچی خۆی هان دا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن و ببن بە پێشەنگی ژنانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (قاسملوو، ٢٠٠٢، ٦٥؛ بازیار، ٢٠٢٠، ٩٥).

لەگەڵ ئەوەی ژنانی کورد لەو سەردەمەدا لەگەڵ داب و نەریت و کولتوورەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەوڕوو بوون، بەڵام دەستپێکی یەکەمین خەباتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاڵی وەچەرخان لە بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دادەنرێت کە توانییان بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان لەژێر ناوی (یەکیەتیی ژنانی کوردستان)، یان (یەکیەتیی یایانی کوردستان) بە ڕێبەرایەتیی (مینا خانم ١٩٠٨ - ١٩٩٨) هاوسەری پێشەوا قازی محەممەد لە (٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٤دا) دابمەزرێنن (گەوهەری، ٢٠١٧، ٢٠٩).

**کوبرا عەزیمی** (٤) **لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ:** "دوای دامەزراندنی یەکیەتیی یایانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بڕیار درابوو هەر گەڕەکەی سەرۆکی خۆی هەبێت و لە یەکەم کۆبوونەوەشدا پرسیاری ئەوە کرا کە ژنە دەستڕۆیشتووی گەڕەکەکان کێن؟ دوای ئەوەی دیاری کران، لەلایەن مینا خانم وەک سەرۆکی گەرەک دیاری کران و ئەرکیان ئاگادارکردنەوەی ژنەکانی گەڕەکی خۆیان لە کۆبوونەوە جێژنەکان بوو، تەنانەت زۆرجار سەرۆک گەڕەکەکان هەڕەشەیان دەکرد هەر کەسێک نەیەت بۆ کۆبوونەوە غەرامە دەکرێت. هەروەها بێجگە لە مامۆستاکان و سەرۆک گەڕەکەکان، کۆمەڵێک ژنی دیکەش بوونە ئەندام کە بەشێکیان لە خۆشەویستیی خاک و نیشتیمان دەبوونە ئەندام، بەشێکی دیکەیان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە هان دەدران تا جێگایەک لە کۆماری کوردستاندا بۆخۆیان مسۆگەر بکەن" (عەزیمی، ٢٠٢٤، ٩٣، ٩٤).

ئەوەی لە نووسراوەکاندا دەردەکەوێ تەنانەت ژنانی دیکەش هاتونەتە نێو ئەو ڕێکخراوەیە. بۆ نموونە، هاوسەری مستەفا خۆشناو (١٩١٢- ١٩٤٧) و دوو کچەکەشی چوون بۆ کۆبوونەوەکان. ئەوکات ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک ئەندام کاریان کردوە و مانگانەی ئەندامەتییان لە تمەنێک تا (دە) تمەن بووە (گەوهەری، ٢٠١٧، ٢٠٩؛ عەزیمی، ٢٠٢٤، ٩٤) چونکە ئەندامان بە بەخشینی دارایی و کۆکردنەوەی پارە لە ژنانی غەیرە ئەندامیشەوە هاوکار بوون و تەنانەت خودی قازی محەممەد بە(مینا خانمی) گوتوە: شاژنی فەرەنسا ئەڵقەی هاوسەرەکەی پێشکەشی گەلی فەرەنسا کردوە، ئەی ئێوە بۆ پەیڕەویی هەمان شت ناکەن، من دڵنیام ئەمە هانی ژنانی تر دەدات بۆ ئەوەی لە ڕووی داراییەوە هاوکاریی کۆماری کوردستان بکەن (موجاب، ٢٠٠١، ٣٥). بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر گەڕەکێک کە بەرپرسێکی ژن لەو گەڕەگەدا بووە، هەوڵی کۆکردنەوەی مانگانەی ئەندامەکانی داوە،

بەپێی ئاماریک لە (دە) گەڕەگی شاری مهاباد بەم شێوەیە ئابوونەی ئەندامەتی کۆکراوەتەوە:

| ناوی بەرپرسی گەڕەک | ناوی گەڕەک | بڕی ئابوونەی کۆکراوە بە ڕیاڵ |
|---|---|---|
| ١- کولسووم سوڵتانیان | هەرمەنیان | ١٣٠٥٠ |
| ٢- خورشید شاتری | بازاڕ | ٢٨٢٥ ڕیاڵ |
| ٣- خەدیجە قازی | چۆمێ | ٢٢٧٥ ڕیاڵ |
| ٤- سەید ئایشە شاتری | حاجی حەسەن | ٨٢٢٥ ڕیاڵ |
| ٥- سەدیقە والیزادە | خرێ | ٩٣٦٥ |
| ٦- زیبا خانم | قوڵەقەبران | ٢٣٠٥ ڕیاڵ |
| ٧-. ئامینە داودی | قیبلە | ٢١٠٠ ڕیاڵ |
| ٨- زارای مەولەوی | ڕزگەیان | ٢٠٠٠ ڕیاڵ |
| ٩- پیرۆز موشیری | مزگەوتی جومعە | ١٢٠٠ ڕیاڵ |
| ١٠- ماوزەری بلەزادە | یەهودیان | ٩٥٠ ڕیاڵ |

کۆی گشتی: ٤٤٢٩٠ ڕیاڵ

لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهاباد بە تایبەتی لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا

ڕۆڵیان نەبوو، بەڵام لە بواری ئابووریەوە بەهۆی چاککردنی خوری و ڕستنی بەرماڵ و جاجمیان لەلای جۆلا بە کردن دەدا و گۆرەوی و کڵاو کەلوپەلی تریان چنیوە و فرۆشتویانە و دواتر داهاتەکەیان بە یەکیەتیی یایان داوە و جاروباریش گۆرەوی، دەستەوانە، زەنگاڵ و سەرکڵاویان چنیوەو بۆ پێشمەرگەیان کۆکردۆتەوە (عەزیمی، ٢٠٢٤، ٩٦).

جێگای وەبیرهێنانەوەیە، بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخراوی یایانی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەمجار لە خوێندنگەیەکی سەرەتاییدا بووە ودواتریش خانوویەکیان بەکرێ گرتوە تاوەکوو کاروباری ئەو ڕێکخراوەیی تێدا ئەنجام بدەن. دیارە ئەم ڕێکخراوە ئاگادارییەکی بۆ ژنانی خوێندەوار ڕاگەیاندوە تا داواکاریی پێشکەش بکەن بە مەبەستی کارکردن لەچەند پۆستێکی ڕێکخراوی ژنان وەک (ژمێریاری، خەزنەداری، سکرتێرو نووسەر). ئامانجی سەرەکی جۆشدانی ژنانی گەورەساڵان و پشتگیریکردنی کۆماری کوردستان بووە و چالاکیەکانیان لە چوارچێوەی بە ئاگاهێناوەی ژنان لە چەندین مەسەلەی وەک (خەتەنەکردن و پێکهینانی ژیانی هاوسەری بە گەورە بە بچوکی و شیربایی و هتد...) بووە، چونکە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو سەردەم وای بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندبوو لە بچووکترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان ژنان و کچان دەبوونە قوربانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

بێجگە لەوەش ئەرکی دیکەیان بریتی بوو لە کۆکردنەوەی داهات و یارمەتیدانی سوپای نیشتمانی لە چنینی جلوبەرگ وگۆرەوی و کڵاو بۆ پێشمەرگە و بەشداریکردن لە خۆپێشاندانەکان و نوسین بۆ ڕۆژنامەی کوردستان. بۆیە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان وێنەی دەوڵەتێکی مۆدێرنی بە کۆماری کوردستان دابوو، کە بایەخی بە بووژانەوەوپێشکەوتنی ژنانی کوردستان دەدا (باڵەکی ، ٢٠١٦، ٣٤؛ موجاب، ٢٠٠١، ٣٢).

***

١- ئەوەی جێگای سەرنجە هەرچەندە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی بە سەردەمی کرانەوە و گەشەکردنی بارودۆخی ژنان دادەنرێت، بەڵام تاجولملوک لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە چاکسازییەکانی ڕەزاشا ڕووکەشی بوون و ژنان تێکەڵی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەدەبوون. ئەمن شاژنی وڵات بووم و وەک هەموو ژنەکانی تری وڵات لە ماڵەوە بووم و بەشداریی هیچ کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەیەکمان نەکردوە و جیاوازیمان لەگەڵ ژنانی تری وڵات نەبووە، بەجۆرێک تەنیا لە چوار تا پێنج بۆنەی وەک زەماوەندی منداڵەکانم، لادانی سەرپۆشی ژنان لە ساڵی ١٩٣٨ و هاتنی هاوسەری باڵیوزخانە بیانییەکان بەشداریم کردووە (خسروداد و ئەوانی تر، ٢٠١٣، ٥٧، ٥٨).


٢- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٢ دوای ئەوەی نوێنەرانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە شاری مەهاباد کۆ بوونەوە و یازدە نوێنەری هەردولا بەشدار بوون، لەو کۆبوونەوەیە


یەکێک لە ئەرکەکانیان دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) بوو، عەبدولڕەحمان زەبیحییش بە سکرتێری کۆمەڵە دیاری کرا (شەمزینی، ٢٠٠٦، ٣١٧)

٣- **غەنی بلووریان دەڵێ:** هێشتا نەمزانی کێ دەقی شانۆیەکەی نوسیبوو، تەنانەت مەناف کەریمی کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دەیگووت هێشتا نازانم نووسەری ئەو شانۆیە کێیە؟ ئەوەی دەگوترێ ئەو شانۆیە لە بیرۆکەی پێنج کۆپلە شێعری شاعیری بەناوبانگی کورد عبدولڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە هەژار سەرچاوەی وەرگرتبوو (بلوریان، ١٩٩٧، ٣٥).

٤- **کوبرا عەزیمی** یەکێک لەو ژنە چالاکانە بووە، وەک مامۆستا لە خوێندنگای پەروانەی کچان مامۆستا بووە و وەک ئەندام لە یەکیەتیی یایانی کوردستان کاری کردوە، لە هەمان کاتدا لە کۆڕ و کۆبوونەکانی تایبەت بە کۆماری کوردستاندا بەشدار بووە و تەنانەت ئاڵای کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان بە دەستی ناوبراو گوڵدۆزی کراوە. هەر لەو ڕۆژەشدا لەگەڵ دوو مامۆستای دیکەی ژن بە ناوەکانی خەجیج خانمی مەجیدی و وێڵمی سەیدیان هەڵبژێردراون و وتاریان هەبووە. هەروەها لە ڕۆژنامەی "کوردستان" چەندین وتار و بابەتی نووسیوە، ناوبراو ساڵی ٢٠٢٠ لەسوید/ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردوە.

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید یۆسف ئەمینی) لە بەیانی ئازادیدا بە یەخەی کوێستانێکەوە دیسانەوە لەسەر شانی ئەرخەوانیی نیشتمانم



**برایم چووکەڵی**

مێژووی خەبات و بەربەرەکانی ڕۆڵەکانی کورد لەدژی هێزی داگیرکەرانی کوردستان لێوان لێوە لە فیداکاریو قوربانیدان و خۆڕاگری و سەربەرزی. بە درێژایی مێژووی نەتەوەکەمان ئەو تێکۆشان و بەربەرەکانییە بەردەوام بووە و هەر لە درێژەی

ئەو خەباتەدا زۆر پیلان لە لایەن دووژمنانەوە بۆ خاشەبڕکردنی جووڵانەوە لەئارادا بووە کە لەلایەن تێکۆشەرانی گەلەوە پوچەڵ کراونەتەوە. دوژمنان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان و قەڵاچۆکردنی نەتەوەکەمان بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە هاتوونەتە گۆڕەپانی ئەو بەربەرەکانییە و بۆ لەنێوبردن و لاوازکردن و دامرکاندنەوەی ئەو خەباتە بەرحەقەی نەتەوەکەمان لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە سڵیان نەکردوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای زەبرو زەنگێکی لەڕادەبەدەر ڕۆڵە بوێرو ئازاکانی گەلەکەمان لە خەبات و بەربەرەکانی دژی زۆرداران هەمیشە بە گوڕوتینەوە بەرگرییان لە مەوجوودییەتی نەتەوەکەیان کردوە.

کۆماری ئیسلامی یەکیک لە دڕندەترین ڕێژیمەکانی سەردەم، بە فەرمانی جیهادی خۆمەینی هێرشیکی بەربڵاوی بۆسەر خاکی کوردستان دەست پێ کرد. ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بۆ بەرپەرچدانەوەی کوشتن و قەڵاچۆکردنی نەتەوەکەیان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، زۆر ئازایانە وەستانەوە و پۆل پۆل چەکی دیفاعیان لە وڵات لە شان کرد و هەر لەو پێناوەشدا بە هەزاران لاوی خوێنگەرم گیانی خۆیان پیشکەش بە بارەگای ئازادیی کردوە و بە ڕشتنی خوێنی گەشی خۆیان ئاگری ئەو خەباتەیان هەر گەشاوە ڕاگرتوە و سەرئەنجام ڕۆڵی بەرچاویان لە خەبات و تێکۆشان بووە بە بەشیک لە مێژووی گەلەکەمان. یۆسف ئەمینی یەکێک لەو قارەمانانە بوو کە بە خوێنی خۆی لاپەرەیەکی زێڕینی لەو مێژووە شکۆدارە بۆ خۆی تەرخان کردوە.

یۆسف ئەمینی لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە ئاوایی" قرنێسە" سەر بە کەناربەڕۆژی ورمێ چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. کاتێک پێی لە تەمەنی ٧ ساڵی نا ڕەوانەی قوتابخانە کرا، بەڵام خوێندن بۆ ئەو بە هۆی بێدەرەتانی کارێکی دژوار بوو؛ بۆیە تەنیا دوو پۆلی دەرس خوێند. ژیانی سەخت و تاقەتپڕووکێن هەستی شۆڕشگێڕانەی لە وجوودیدا خولقاند و دواتر ئەو هەستە بوو بە بیروباوەڕی سیاسی. هەتا یۆسف ئەمینی گەورەتر دەبوو زیاتر هەستی بە نابەرابەری دەکرد، بۆیەش دژی ئاغا و دەرەبەگ وەستابۆوە و بەدەستی بەتاڵ بەرپرچی دەدانەوە، لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی زاڵمانەی پاشایەتی و هەڵاواردنی نەتەوەیی و چینایەتی دەیان ڕۆڵەی مەڵبەندی ورمێی بەگژ ڕێژیمی پاشایەتیدا هێنابووە مەیدان. ئەو ژیانە تاڵە هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیران لە ساڵی ١٣٥٧ درێژەی کێشا و یۆسفیش هەنگاو بە هەنگاو وێڕای کۆمەڵانی خەلک بۆ خاشەبرکردنی دوایین ئاسەواری ڕێژێمی پاشایەتی تێدەکۆشا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران چەکی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی هەڵگرت و وەک کوڕە کوردێکی بوێر ئامادەی پارێزگاری لە مان و مەوجوودییەتی نەتەوەکەی بوو. ئیمانی قووڵ بە ڕێبازەکەی، ورەی بەرزی، تێکۆشانی بێوچان، یۆسفیان کردە خۆشەویست لەلای خەڵک و هاوسەنگەرانی. کاتێک کۆنەپەرەستانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

پەلاماری کوردستانیان دا، یۆسفی قارەمان لە مەڵبەندی ورمێ وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ چاوەدێری خاک و نیشتمانی دەکرد و دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەستاوە. توانای گەڵاڵەدارێژی و ئازایەتی یۆسفیان بردە پلەی فەرماندەری لک و لەو بەرپرسایەتییە ڕووسوور وسەربەرز هاتە دەر. چەندین عەمەلیاتی قارەمانانەی لەنێو شاری ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری بەڕێوە برد و ئەو ناوچەیەی لە دوژمنان کردە گۆڕستان. یۆسف بە هەر هێرشێک زراوی دوژمنی دەتۆقاند و بە چۆکی دادێنان، لە مەڵبەندی ورمێ هەمیشە ستوونە تیکشکاوەکانی دوژمن وەک نیشانەی ئازایەتی پێشمەرگە لە سەر جادەکان بەجێ دەما. ڕێژیم ئەگەر بە هێزی پیادە نەیدەتوانی شەر لەگەڵ پێشمەرگە بکا پەنای بۆ هێزی هەوایی دەبرد و لەچەندین شاری دیکەرا هیزی بۆ کوردستان ڕەوانە دەکرد، یۆسفی قارەمان لەبەرامبەر ئەویشدا ڕادەوەستا. حەماسەکانی لە گەلی بەند، تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ بە چەندین داستانی خۆڕاگری بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد. شەهید یۆسف تەنیا فەرماندەیەکی ئازا و شەڕکەر و قارەمان نەبوو بەڵکوو کادرێکی سیاسی و بەتوانای حیزب بوو کە لە یو کۆمەڵانی خەڵک سیاسەتەکانی حیزبی بڵاو دەکردەوە. تواناکانی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە وەک فەرماندەری هیزی نەحۆ دیاری کرا. هێزی پیشمەرگە

بەهاری ساڵی ١٣٦٣ بە فەرماندەهی کوڕی تیکۆشەری دێموکرات یۆسف ئەمینی، مەڵبەندی ورمێیان لە دوژمنان کردە ئاگر و ڕۆژ نەبوو گرمەی ئارپیجی و قریشکەی چەکەکانیان مولگەکانی دوژمن وێران نەکا. ئازایەتی ئەو و فەرماندەهی لە شەڕەکانی گەلی قاسملوو، باراندیز، گەلی بەند، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕو شاری ورمێ لە نێو کارنامەی فەرماندەرانی حیزبی دیموکرات شاهیدی بۆ قارەمانی یۆسف ئەمینی دەدەن کە چەندە فەرماندەیەکی بە ئەزموون و کادرێکی بەتوانای حیزبی دێموکرات بوو.

ڕۆژی ٩ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٣ ئاخرین فیداکاری ئەو فەرماندە بە توانایەی کوری دێموکرات بوو. لە کاتێکدا لەیاو شاری ورمێ دەگەڕانەوە لە ڕێگا تووشی شەرێکی گەورە لە "ئاشیبا "ی گەلی بەندی ورمێ بوون لەو شەڕەدا زەبرێکی باشیان لە هێزی دوژمن دا، بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا فەرماندەری هەڵسووڕ و بەتوانا یۆسف ئەمینی گیانی پاکی پیشکەش بە خاکی نیشتمان کرد.

٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# وەچەی ئاڵفاشمان تەیارە





**هەردی سەلیمی**

کاتێک سروودی "کاتیۆشا" داندرا و مەبەست لەو سرووده بەرگریکردن لە نیشتمان لە بەرامبەر فاشیستاندا بوو، ڕەنگە کەمتر کەسێک بیری لەوە کردبێتەوە ئەم سرووده دەبێتە سروودێکی جیهانی و نزیکەی سەدەیەک دواتریش لە زمانەکانی تردا درێژە بە ژیانی دەدات، بەڵام فاشیزم و داگیرکاری لە شێوازی جۆراوجۆردا بەردەوامە و ئەم سروودەشی هەرماو کردووە؛

ئەو سروودەی گیانی بەرخۆدان و نەچەمین و هیوادارییە.

دەقی سروودەکە بە زمانی ڕووسییە و لە نیوەی دووەمی سەدەی پێشوودا لەلایەن "شاسوار جەلال سەعید" ناسراو بە شەهید ئارام، یەکێک لە سکرتێرەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە وەرگێڕراوە بۆ سەر زمانی کوردی و بە ناوی "ڕێی خەباتمان" دەناسرێتەوە. نیو سەدە پاش لەدایکبوونی ئەم سرووده بە زمانی کوردی، لەو دیوی سنووره دەسکردەکانەوە منداڵانی خوێندنگەیەک لە شاری جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو جوانڕۆیەی لە پاییزی ١٤٠١دا و لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، بە دەستی بەتاڵ بووە "ستالینگراد"ێک و هێزی فاشیستیی کۆماری ئیسلامی گەمارۆی دابوو، یەکدەنگ لە بەرامبەر فاشیستاندا هاوار دەکەن؛

"ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێت  
با چوار دەورمان کڵپەی ئاگر بێت  
لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لا نادەین  
ئێمە بۆ مردنیش ئامادەین"،

پەیامی سەرەکییەکەی ڕوونە: دەڵێن هەرچەندە لەمەی کە ئێستاش هەیە دۆخەکە ئەستەمتر بێت، ئەو ڕێیەی گیراوەتە بەر، بەر نادرێ هەتا ئەو ڕۆژەی بەری پێ دەدرێ.

هەر ئەم ڕاشکاوییە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تووڕە کردووە و لە بەرامبەردا پەنای بردۆتە بەر تاکە تاکتیکەکەی واتە نەهێشتن و وەلانان، بۆیە لە درێژەی سیاسەتی وەدەرنان و لاکارلادانیدا خاتوو "زەیتوون کۆهزادی"، بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگەیەی جوانڕۆی لەسەر کار لاداوە و لە پیشەی مامۆستایەتی دەری کردووە. ئەو تاکتیکەی کەوا پێشتریش و لە پێوەندی لەگەڵ هەزاران کەسی تێکۆشەری تریشدا زۆری بەکار هێناوە، بەڵام کەسیان بیر لەوە ناکەنەوە گەر بەناو ڕێکارەکەیان کاریگەر بووایە، دەبوو هیچ هەوڵێکی لەم چەشنە هەر ئاسەواریشی نەمابا! چونکە پێشتریش مامۆستای قوتابخانەکانیان دەرکردووە و وەلایان ناون، چونکە پێشتریش گەردنی شەهید "فەرزادی کەمانگەر"یان وەک مامۆستایەکی پەروەردەکار بە پەتی سێدارەوە کردووە، ئەدی بۆ کەس "پشتی لە هۆنراوە و ئاواز و لەیلاکان و خەونەکانی هەڵ نەکردووە"؟

هەر لە شاری جوانڕۆ دوابەدوای ئەوەی ئەو حوکمی دەرکردنە، کە باشترە بڵێین ئەو میدالی شانازییەیان کردە ملی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

مامۆستا نیشتمانپەروەرە، لە خوێندنگەیەکی تری ئەو شارە بۆ یەکەم جار جلوبەرگی فەرمیی خوێندنیان کردە جلوبەرگی کوردی، ئەویش بەمەبەستی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان.

بۆیە ئەوەی هاوار دەکەن:

**"لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لا نادەین" تەنیا دروشمێک نییە و بەڕاستی ئەو کۆمەڵگە وشیار و لەسەرهەستە نایەوێ هیچ کات لەو ڕێ پیرۆزە، کە ئەنجام و ئاکامەکەی گەیشتن و گەیاندنی نیشتمان بە ئازادی و دادپەروەرییە، لا بدات.**

کوردستان بە واتای تەواوی وشە کۆڵ نادات و ئەمەی سەلماندوە. زۆر دوور ناکەوینەوە و ناچینە دڵی مێژووەوە هەر باس لە دوێنێی نیشتمان دەکەین کە نەوەی زێد، شەقامەکانی کوردستانی ئازاد کرد، ئەوا ئەمڕۆ لە نەوەی زێدیش تێپەڕی کردووە و نەوەی ئاڵفاشمان تەیارە و بە وزەیەکی نوێترەوە پێی ناوەتە ئەم مەیدانەوە؛ کوردستان هەموو چین و توێژی و هەموو وەچە و نەوەیەکی گڕی نەورۆز و شۆڕشی پێیە و ئەم گڕەی بە داییساوی هێشتۆتەوە.

باسی شەهید ئارام کرا لەگەڵ ئەوەی دەبێ بۆ جەختێکی زیاتر بڵێین گەر نەهێشتن وڵامدەر بووایە، ئێستا پاش نیو سەدە لە نەهێشتنی ئارام، وا وەچەی زێد و ئاڵفا پیت و وشەکانی ئەویان لەبەر نەدەبوو و نەیاندەوتەوە،

پێویستە ئەو کۆپلە هۆنراوەیەی بۆ یادی شەهید ئارام وتراوە بیهێنینەوە و گەشبین بین بە هەموو ئارامەکانی نیشتمان:

**"دە با فاشییەکان بزانن**
**وا ئێستاکە لە کوردستانی ئاراما**
**لە کوردستانی قەتماغە و کێڵگەی زاما**
**هەر دەوەنە و بن تاشەبەردی چیایە**
**سەنگەرێکە و قوتابخانەی دروستبوونی ئارامێکی تری تیایە".**

٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێژەی ڕاستەقینەی هەژاری زۆر لەو ڕێژەیە بەرزترە حکوومەتی ئێران بە فەرمی ڕایگەیاند





**سلێمان تاشان**

لە سایەی سەری کۆماری ئیسلامیی ئێران خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ هەژارتر و دەستکورتر دەبن و ئەوەی دەستیان دەکەوێت نەک بەشی بژێوییان ناکات بەڵکوو دەبێت لە دەمیان بگرن و لە سفرەی کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی ژیانی کولەمەرگی پێ بەڕێ بکەن. ئەو ئامارە نوێیانەی لە لایەن حکوومەتی ئێران سەبارەت بە هەژاری بڵاو کراونەتەوە لەگەڵ واقیعی ئابووری و

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

ئامارە ڕاستەقینە جیهانییەکان یەک ناگرنەوە و حکوومەت بەو ئامارە نوێیەی بڵاوی کردۆتەوە ویستوویەتی ئەمە پێشان بدات دۆخی ئابووریی وڵات جێگیرە و جڵەوەکەی هێشتا لە دەستیان دەرنەچووە.

فاتیمە موهاجیرانی گوتەبێژی حکوومەتی ئێران هەفتەی ڕابردوو بە فەرمی نرخی هێڵی هەژاریی وڵاتی بۆ ساڵی ١٤٠٣ ڕاگەیاند و گوتی هێڵی هەژاریی ساڵی ڕابردوویان بە شەش میلیۆن و ١٢٨ هەزار و ٧٣٩ تمەن داهاتی مانگانەی تاک دەستنیشان کردووە و بەراورد بە ساڵێک پێشتر، دوو میلیۆن و ٣٣٠ هەزار تمەن زیاد کراوە. ئەو هەواڵەکەی بە شێوەیەک بڵاو کردەوە وەک ئەوەی هێڵەکەیان کۆنترۆڵ کربێت و ڕێگەیان نەدابێت لەچاو ساڵان ژمارەی زیاتری خەڵک کەوتبنە ژێر هێڵی هەژاری و لە کۆتاییدا ئاماژەی بە هەمان ٣٠%ی ڕێژەی هەژاری لە ئێران کرد کە چەند ساڵێکە ڕادەگەیەنرێت.

هێندەی پێنەچوو ژمارەیەک لە ڕۆژنامەکان لەوانەش دنیای ئیقتساد ڕێژەی هەژاری لە ئێرانیان بە ٣٦% ناو برد و ئاماژەیان دا ئەو ڕێژەیە لە هەژاری بەرزترین ڕێژەیە کە لانیکەم لە دەیەی ڕابردوودا تۆمار کرابێت.

بەڵام وێنە ڕاستەقینەکە لێڵە و ڕێژەی هەژاری لە ئێران زۆر لەو ڕێژەیە بەرزترە کە میدیاکانی ئێران بڵاوی دەکەنەوە و هەر خۆی پێوەری شەش میلیۆن تمەن بۆ دەستنیشانکردنی هێڵی هەژاری بەو ئامانجە بووە لە هاوکێشە بیرکارییەکەدا دەرەنجامی هەژاری جێگیر پێشان بدرێت.

ئەگەر پێوەرە جیهانییەکانی هەمان ساڵ بۆ ئەو پرسە لەبەر چاو بگرین و بمانەوێت کەمێک لە لێڵیی وێنەکە ڕوون بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێت دۆخەکە زۆر لەوە شپرزەترە بیری لێ دەکرێتەوە.

بانکی جیهانی سێ ستانداردی جیاوازی بۆ هێڵی هەژاری دەستنیشان کردووە، یەکەمیان بریتییە لە ٢.١٥ دۆلار بۆ داهاتی ڕۆژانەی تاک کە تایبەت کراوە بە وڵاتانی هەژار، دووەم نرخ بریتییە لە ٣.٦٥ دۆلار بۆ وڵاتانی خاوەن داهاتی مامناوەندی و ٦.٦٨ دۆلار بۆ ئەو وڵاتانەیە کە داهاتیان لەسەرووی مامناوەندییە و ٢٠ دۆلاریش بۆ ئەو وڵاتانەیە کە داهاتیان زۆرە.

سەیر لەوەدایە حکوومەتی ئێران خۆی وڵاتەکەی لە خوارەوەی وڵاتانی مامناوەندی و نزیک لە وڵاتانی هەژار پۆلێن کردووە لە کاتێکدا ئێران لە ڕاپۆرتە جیهانییەکان لە گرووپی ئەو وڵاتانەیە کە داهاتیان سەرووی مامناوەندییە و ئەگەر بڕیار بێت ڕێژەی ڕاستەقینەی هەژاری بۆ ئێران لێک بدرێتەوە دەبێت بۆ داهاتی ڕۆژانەی تاک ٦.٦٨ دۆلار بە پێوەر وەرگیرێت.



سەرچاوە Serchawe

تێکڕای نرخی دۆلار لە ساڵی ڕابردوودا لە ئێران ٦٨ هەزار تمەن بووە و ئەگەر ئەو بڕەی حکوومەتی ئێران بۆ هێڵی هەژاری دەستنیشانی کردووە لەبەر چاو بگرین بۆمان دەردەکەوێت هێڵی هەژاری بریتی بووە لە سێ دۆلار داهاتی ڕۆژانە بۆ هەر تاکێک و هەموو ئەوانەی لەم بڕە پارەیە کەمتریان دەست کەوتووە لە ژێر هێڵی هەژاریدا جێیان کراوەتەوە.

شەش میلیۆن تمەن ئەگەر دابەشی ٣٠ ڕۆژ بکرێت ئەوا ڕۆژانەی داهاتی تاک دەبێتە ٢٠٠ هەزار تمەن و ئەو بڕە داهاتە دەبێت لەو ساڵەدا بەشی خواردن و خواردنەوە و کرێی خانوو و دەرمان و خوێندن و گەشت و سەرجەم خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی کەسێک بکات کە شتێکی ئەستەمە و بەهۆیەوە دەتوانرێت تەنیا چوار "پوفەکی خانەوادگی" پێ بکڕدرێت.

ئەگەر بێلایەنانە بمانەوێت ڕێژەی ڕاستەقینەی هەژاری لە ئێران دەستنیشان بکەین ئەوا دەبێت ستانداردی سەرووی مامناوەندیی نرخەکەی بانکی جیهانی بۆ ئێران بە پێوەر وەربگرین کە ٦.٦٨ دۆلارە و بەپێی تێکڕای نرخی تمەن لە ساڵی ١٤٠٣ دەیکردە ٤٥٥ هەزار تمەن.

بەمە بۆمان دەسەلمێنرێت کە ئێران کەمتر لە نیوەی ستانداردی بانکی جیهانی بۆ دەستنیشانکردنی هێڵی هەژاری لە ئێران لەبەر چاو گرتووە و هێڵی راستەقینەی هەژاری دەبێت زۆر بەرزتر بێت.

سزا ئابوورییەکان، چوونەدەرەوەی بەلێشاوی سەرمایە و پارە لە ئێران، بەرزیی ڕێژەی هەڵاوسان، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و پاشەکشەی کەرتە جۆراوجۆرە ئابوورییەکان هۆکارگەلێکن کە لەپاڵ ناکارامەیی سیاسی وایان کردووە ئابووریی ئێران بۆ دواوە بگەڕێتەوە.

دابەزاندنی ڕێژەی هەژاری و گواستنەوەی خەڵک لە خوار هێڵی هەژاری بۆ سەرووی هێڵەکە بە دەستکاریکردنی ئامار و فێڵی بیرکاری ناکرێت بەڵکوو پێویستی بە گەشەی ئابووری، ڕەخساندنی هەلی کار، دابەزاندنی ڕێژەی هەڵاوسان و بووژانەوەی بازاڕ و کەرتە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان و لە سەرووی هەمووان کارگێڕیی تۆکمەی ئابووری هەیە کە دەمێکە ئێران لێی بێبەرییە.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕاپۆرتە نێوخۆیی و جیهانییەکانی ئاستی گەشەی ئابووریی ئێران و سەپاندنەوەی سزا نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە پرسی ئەتۆمیی و خراپتربوونی دۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران لە هەموو ڕەهەندەکان و



سەرچاوە
Serchawe

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان و بێبەهابوونی زیاتری دراوی نیشتمانی، دەبێت ڕێژەی هەژاری لەمساڵدا زۆر بەرزتر لەم ڕێژەیە ڕابگەیەنرێت.

مانگی ڕابردوو ناوەندی توێژینەوەی پەرلەمانی ئێران خۆی بڵاو کردەوە، گەشەی ئابووریی وڵاتەکە لەمساڵدا بۆ خوار سفر دابەزیوە، هەمان ناوەند ڕێژەی گەشەی ئابووریی ساڵی ڕابردووی ئێرانی بە ٣.1% ڕاگەیاندبوو، ئەو ڕێژەیەش لە گەشەی ئابووری پێوەندی بە بەرزبوونەوەی قەبارەی هەناردەی نەوتی ئێران لە ساڵەکەدا هەبوو بەڵام ئەمساڵ دۆخەکە زۆر گۆڕاوە. ئەمڕۆ حەوتی خەزەڵوەرە ناوەندی ئاماری ئێران ڕێژەی هەڵاوسانی مانگی ڕەزبەر بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردووی بە ٤٨.٦% ڕاگەیاند کە واتای ئەوە دەگەیەنێت خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەم مانگەیان دەبێت داهاتیان لەچاو ساڵی ڕابردوو بەهەمان ڕێژە بەرز بووبێتەوە بەڵام داهات جێگیرە و نرخەکانیش ڕوویان لە هەڵکشان.

جگە لەمە نرخی دۆلار لە بازاڕ ١٠٨ هەزار تمەنە کە ٥٠ هەزار تمەنی زیاترە لە تێکڕای نرخی دۆلار لە ساڵی ١٤٠٣ و لە پاڵ ٤٨.٦%ی هەڵاوسان و هەر بە پێوەرەکەی کۆماری ئیسلامی، ژمارەیەکی کەمی دانیشتووانی ئێران لە سەرووی هێڵەکە خۆیان پێ ڕادەگیرێت و زۆرینەی ڕەها دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە و بە ستانداردی جیهانیش دەبێت دۆخەکە زۆر قەیراناویتر بێت.

**٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## "من ئازادم"!





**شەماڵ تەرغیبی**

لە یەکێک لە دیمەنەکانی فیلمی "ژیانێکی شاراوە" بەرهەمی گەورە دەرهێنەری ئەمریکایی، تێرەنس مالیک، جووتیارێکی ئۆتریشی کە بەهۆی ملکەچنەبوون لە بەرامبەر دەوڵەتی فاشیزمی هیتلێردا دەستبەسەر کراوە بڕیاری ئێعدامکرانی دەدرێت. پارێزەرە دەسنیشانکراوەکەی داوای لێ دەکات کە سوێندی وەفاداری بۆ هیتلێر بخوات تاکوو ژیانی ڕزگار بێ و ئێعدام

نەکریت و ئازاد بکرێ. بەڵام جووتیارەکە لە حاڵێکدا دەزانێ کە چەند چرکە دواتر ئەگەر ئەو سوێندە نەخوات، گیانی لێ دەستێندرێت، پێی دەڵێ: "من ئازادم"!

لە نێواخنی ئەم فیلمەدا گەلێک دیالۆگی سەرنجڕاکێش بەر گوێی بینەر دەکەوێ بەڵام گرینگترینیان هەر ئەم ڕستە کورتەیە کە دەڵێ: "من ئازادم!" ئەم رستە کورتە کە لە ناخی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک واتای فەلسەفی و سیاسی و ئەخلاقییە هاوکات ورووژێنەری کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەریشە کە ڕەنگە ئەم پرسیارە خۆی لە لووتکەدا ببینێتەوە؛ پرسیاری ئەوەی کە چۆن دەکرێ کەسێک کە بە دیل گیراوە و لە ساتەوەختی ئێعدامکراندایە بڵێ من ئازادم؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفە و تێڕوانینی "کانت" کە بەئاشکرا دەڵێ: ئەمە کردەیەکی ئەخلاقی و ڕەوشتمەدارانەی سووژەیەکی خاوەن ئیرادەیە کە دەیهەوێ ئازاد بێت؛ ئازاد لە هەموو فاکتەرە دیاریکەرەکان و هۆکارە دەرەکییەکان.

ملکەچنەبوونی جووتیاری نێو فیلمی ژیانێکی شاراوە بۆ سوێندخواردن و ئامادەبوون بۆ ئێعدامکران، لەم چوارچێوەیەدا پێناسەی بۆ دەکرێت. کەسێک کە ئامادە نییە ببێتە دیلی دەستی هۆکارە دەرەکییەکان؛ جا چ نەریت و دابەکان بێت یان ئابووری و سیاسەت. ئەو دەیهەوێ ئازاد بژی کەواتە ئامادەیە بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە مەعنەوی و ئەخلاقییە گیانی خۆی پێشکەش بکات.

ئەم بەسەرهاتە و داستانی ئەم فیلمە بۆ زۆرێک لە ئێمەش ئاشنایە و نامۆ نییە. ساڵانێکی دوورو درێژە کە لاوانی کورد بۆ "ئازادژیان" ملیان بە تەنافی ئێعدامەوە دەڕازێننەوە چونکە نایانهەوێ هۆکارە دەرەکییەکان و لە سەرووی هەمووان دەسەڵاتی سیاسی زاڵ لە مانا بەتاڵیان بکاتەوە. ڕاستە کە ئەم بیرکردنەوە و پێبەندبوون پێی زۆر سەخت و دژوارە و تێچووەکەی لانیکەم بۆ بکەری ئەو کردارە گەلێک زۆرە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئازادی لەو کاتەدا مانا پەیدا دەکات.

لە کۆمەڵگەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا کەم نەبوون ئەو زاتە ڕەوشتبەرزانەی کە ئامادە نەبوون بۆ چرکەساتێک ژیانی زیاتر، خۆیان بفرۆشن یان لە مانای ڕاستەقینەی ژیان دوور بکەونەوە و چاویان لە ئاست ئازادییان بنوقێنن. ئەمە ڕاستەوڕاست خاڵی جیاکەرەوەی ئەو کەسانەیە لەگەڵ ئەو تێڕوانین و بۆچوونەی کە سەرانی کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە هەوڵ دەدەن لە مێشک و زەینی کۆمەڵگەدا تێی خزێنن و خەڵکانێکی گوێلەمست و ئاڵقەلەگوێ بار بهێنن کە لەباتی ئەوان بیر بکەنەوە، بڕیار بدەن و ژیان بکەن و شێوەی ژیانێک لە مێشکیاندا بخوڵقێنن کە پەسندی لای دەزگای ویلایەت بێ.

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

کۆماری ئیسلامی دواساتەکانی ژیانی خۆی ئەزموون دەکات؛ گوشارە لانیزۆرەکانی دنیای دەرەوە، گوشارە ئابوورییەکان لە نێوخۆ کە خۆیان لە قەوارەی گرانی و بێکاری وهەژاری ڕەهادا دەرخستووە و هەروەها نەمانی ڕەوایی و مەشروعیەت لای خەڵکانی نیشتەجێ لەم جوغرافیایە و بێزاریی وڵاتانی ناوچەیی لە سیاسەتە شەڕئەنگێزانەکانی تاران وایان کردووە کە هەر وەک لە ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی ژینادا بینیمان، لە هەر ئانوساتێکدا دەبێ چاوەڕوانی تەقینەوەیەکی بەهێز بین کە ڕوو بە دەسەڵاتی ئازادیکوژ ڕوو دەدات؛ بەڵام دەسمایەی سەرەکی ئەم تەقینەوەیە و شکڵگرتنی ئەو نارەزایەتییە گشتگیرە کە ئیرادەی تێکەوەپێچانی تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی لە بەردا بێ، ئەوەیە کە "ئازادژیان" بە هەموو دژواری و سەختییەکانی قبووڵ بکرێ. ئەمە ئەو کەتوار و ڕاستییە نکۆڵیلێنەکراو و لە هەمان کاتدا سەلمێنراوەیە کە دەبێ ئازادیخوازانی وڵات لەبەر چاوی بگرن و خەڵکانی تریشی لێ ئاگادار بکەنەوە.

**٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

# کۆماری ئیسلامی لە چەقبەستوویی سێ لایەنەدا





**ڕەحمان سەلیمی**

پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران نیشانەکانی قەیرانێکی قووڵتری دەرخستووە، قەیرانێک کە نەک لە یەک ڕەهەندا بەڵکوو لە سێ ئاستدا لە یەک کاتدا پەرەی سەندووە. ئەم دەقەی خوارەوە وێنەیەکی شیکاریی ئەم چەقبەستووییە فرەلایەنە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەخاتە ڕوو.

لە پاییزی ساڵی ١٤٠٤دا کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی بێوێنەی چەقبەستووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن دایە؛ چەقبەستووییەک کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی سێ قەیرانی بنەڕەتییە و دەتوانرێت وەک "پەکێجێکی دارمانی سیاسی" لێک بدرێتەوە.

ئەم سێ قەیرانە – سەرکوتی خوێناوی، شەڕی نێوخۆیی لەنێو دەسەڵاتدا و دارمانی ئابووری، وێنەیەکی ڕوونی باری نائاسایی کۆماری ئیسلامی دەکێشن، دۆخێک کە دەسەڵات هیچ ڕێگەیەکی بۆ چاکسازی و توانای پاشەکشەی نییە.

لایەنی یەکەمی ئەم سێگۆشەی قەیرانە، خێرابوونی بێوێنەی سەرکوتی سیاسی و زیادبوونی ئێعدامەکانە. تەنیا لە مانگی ڕەزبەری ١٤٠٤دا زیاتر لە ٢٨٠ کەس لەسێدارە دراون، ئەمەش ئامارێکە لە چوار دەیەی ڕابردوودا نەبینراوە. درێژەی ئەم ڕەوتە لە مانگی خەزەڵوەردا، بە لەسێدارەدانی ٢٢ زیندانی لە سێ ڕۆژی یەکەمی مانگدا، ئەوە دەردەخات کە خامنەیی و دەزگا ئەمنیەتییەکەی چیتر هیچ دوودڵییەکیان لە بەکارهێنانی توندوتیژیی ڕووتدا نییە. ئێعدام ئێستا ئامرازی تۆقاندن نییە، بەڵکوو نیشانەی ترس و نائومێدییە. لە ڕاستیدا دەسەڵات لەبری ئەوەی پشت بە ڕەوایی ببەستێت، تەنیا بە خوێن و کوشتن خۆی دەپارێزێت؛ وەک ئەوەی دوایین سەنگەری مانەوەی، پەتی سێدارە بێت.

لایەنی دووەم، بۆشایی دەسەڵاتی نێوخۆییە. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ململانێی لایەنەکان لە ڕکابەریی میدیایی تێپەڕیوە و گەیشتۆتە هەڕەشەی قەزایی و ئەمنییەتی لەنێوان بەرپرساندا.

ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ لە هێڵی پێشەوەی بەرگریکردن لە ڕێژیم بوون، ئێستا یەکتر بە گەندەڵی، بێتوانایی، یان تەنانەت خیانەت تۆمەتبار دەکەن.

داواکارییە ئاشکراکان بۆ دەسبەسەرکردن یان دادگاییکردنی ڕکابەرە سیاسییەکانی نێو ڕێژیم، ئاماژەن بۆ دارمانی هێژمۆنی ناوەندی و لەدەستدانی دەسەڵاتی خامنەیی لە نێو وەفادارەکانیدا. ئەم دۆخە ئەوە دەردەخات کە بڕیارە گەورەکانی وڵات لەسەر بنەمای عەقڵانییەتی سیاسی نییە، بەڵکوو لە کەشێکی بێمتمانەیی و ترس و کێبڕکێی تێکدەرانەدا دەدرێت.

لایەنی سێیەمی ئەم چەقبەستووییە، قەیرانی ئابووری و بەڕێوەبردنە. هەڵاوسانی هەوسارپچڕاو و دارمانی ڕیاڵ و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا سەرەتاییەکان و نەتوانینی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک، پێکهاتەی ڕێژیمی ئێرانیان گەیاندۆتە لێواری دارمانی تەواوەتی.

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

دەوڵەت نە توانای کۆنترۆڵکردنی بازاڕی هەیە و نە پلانی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانی بژێوی ژیان. هەروەها گەندەڵیی سیستماتیک و بڕیاری دژبەیەک و سزا نێودەوڵەتییەکان توندی ئەم دارمانەیان زیاتر کردووە. خەڵکی ئێران ئەمڕۆ، زیاتر لە جاران، لەنێوان هەژاری و تووڕەیی، بێمتمانەیی و نائومێدیدا گیری خواردووە.

بەم پێیە ئەو سێ قەیرانەی کە باس کران، سێ دیوی سێگۆشەیەکن کە دەسەڵات لەو چوارچێوەیدا وەهەناسەبڕکێ کەوتووە. زیادبوونی ئێعدامەکان نیشانەی نەبوونی ڕەوایی سیاسییە، ململانێکانی نێو دەسەڵات ئاماژەیە بۆ پچڕانی پێکهاتەی دەسەڵات، قەیرانی ئابووریش ئاشکرابوونی بێتوانایی بەڕێوەبردنی ئەو نیزامەیە. ئەم سێ چەقبەستووییە، تەنیا دۆخێکی قەیراناوی نییە، بەڵکو قۆناغێکە لە دارمانی وردەوردە کە دەتوانێت ببێتە هۆی پێشهاتە چارەنووسسازەکان.

لەم جۆرە هەلومەرجەدا ڕۆڵی کۆمەڵگەی ئێران و هێزە جیهانییەکان یەکلاکەرەوەیە. ئەگەر کۆمەڵگە بە هۆشیاری و ڕێکخستنەوە وەڵامی ئەم قۆناغە گرینگە بداتەوە، ئەگەری تێپەڕینی بۆ داهاتوویەکی نوێ دابین دەکرێت؛ دەنا درێژەدان بەم دۆخە چەقبەستووە تەنیا تێچووی مرۆیی و کۆمەڵایەتی زیاد دەکات. پاییزی ساڵی ١٤٠٤ دەتوانرێت وەک وەرزی پەردەلادان لەسەر ڕاستییەک سەیر بکرێت کە ساڵانێک بوو لە سێبەردا شاردرابۆوە: سیستەمێک کە شەڕ بۆ مانەوە دەکات کە لە ڕاستیدا پێشتر شکستی هێناوە.

**١٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

---

# تەوسی تاڵی ژینی خەڵک و، مافیای "فیلم و فووتباڵ" لە ئێران





**عەلی لەیلاخ**

دەرهێنەرەی بەناوبانگی ئەمریکایی "تۆنی سکۆت" لە فیلمی (لایەنگر١٩٩٦) قامک لەسەر شەیدایی و وەسواسیی کاراکتەرێک دادەنێ کە نغرۆ بووە لە لایەنگرییەکی دەمارگرژانەی لە یاریزانێکی تیمی "بەیسباڵ" و، تەنانەت لەو پێوەندییەدا کە نایهەوێ لەگەڵ واقعیەتی تاڵ، ڕووبەڕوو ببێتەوە، دەبێتە چەقۆکێش و مرۆڤکوژ!

ئەو فیلمە پێمان دەڵێ ڕاستە سەیرکردنی کێبەرکێ و لایەنگری لە یاریزانان حەزێکی ئاساییە، بەڵام کاتێک نائاسایی دەبێت کە تووشی ئێلیناسیۆن بی، بە واتای غەرقبوون لەو حەزە و، بێئاگابوون لە هەقیقەتەکانی تەنیشتت.

ئەگەر لە ئێستای فەڕانسە و ئیسپانیا، خەڵک بەهەستتر لە ئێران لاینگەری "تیمی نەتەوەیی تۆپی پێ"ی وڵاتەکەیان بن، مادام بنەما دێموکراتیکەکان و گەشەستاندنی وڵات جێ کەوتووە و، "وەرزش" لەژێر ڕکێفی دەسەڵات، ڕزگاری بووە، دەتوانێ بەشێک لە ئۆغژنیی ژیان بێ، بەڵام گەمژەییە کە تاکێکی کوردی بەشمەینەت یان بەلوچێکی بێرێزکراو، بەرۆکی خۆی بۆ "تیمی میلیی کۆماری ئیسلامی" دادڕێ، کە بە مەیل و ویستی حاکمیەتی سەرکوتکەرە و، هێشتا کێشەی رۆیشتن و نەڕۆیشتنی ژنان بۆ یاریگە، ئامرازی دەستی ناوەندە ئەمنییەکانە کە هەر کات بیانهەوێ شل و توندی دەکەن و، شەقامی ناڕەزایەتیی پێ سەرقاڵ دەکەن.

نموونەی ئەم چاوداخستنە جەمعییە، لە ئێستای کۆمەڵگەی ئێران بە جوانی دەبیندرێ و، بە سەرنجدانێک دەتوانین پەی بە قووڵایی ئەو کارەساتە ببەین کە "مافیای فیلم و فووتباڵ" لە ئێرانێک کە تەنانەت لە ئاستی جیهانیدا لەو دوو بوارەدا قسەی وای بۆ گوتن نییە و، شانازییەکی ئەوتۆی بە دەست نەهێناوە، بەڵام چەندە لە پەکخستن و دوورخستنی کۆمەڵگە لە هەقیقەتی ژیان و دۆخی سیاسیی وڵات بەئەنقەست و بەمەبەست بەکار هێنراون.

لە حەوتووی ڕابردوودا هەواڵێک بڵاو بۆوە کە سۆپەرستارێکی فیلمە گاڵتەجارییەکانی ئێران (کە پێی دەڵێن تەنز)، کە پێشتریش یاریزانی تۆپی پێ بووە، بە تاوانێکی گەورە بانگهێشتی دادگا و پاش دەستبەسەرکرانی چەند ڕۆژە، بە بڕی ٢٠٠ میلیارد تمەن وەسیقە، بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.

هەڵوێستگرتن بەرانبەر بەم هەواڵە، هەڵگری تێڕوانینی زۆرینەی خەڵکی ئێرانە کە چەندە هەستەکی و نابەرپرسانە ڕووبەڕووی ڕووداوەکان دەبنەوە.

بەدەر لەوەی کە نێوەڕۆکی دۆسییەی "پژمان جەمشیدی" چی بێ و چی نییە و، چەندە ڕاستە یان درۆ ، نەفسی کاردانەوە گشتییەکان جێگای سەرنجن، کە بەداخەوە "ناو و ناوبانگ" چۆن دەتوانێ ببێتە هۆی "بۆتسازی" و، ببێتە بکوژی مەنتقی مرۆڤ و، جڤاک پڕ بکات لە بڕیاری "هەیەجانی" تا عەقڵانی.
ئەم هەواڵە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنییەوە و، لە خەڵکی ئاسایی تا دەستەبژێرانی بواری "فیلم و فووتباڵ" هەوڵیان دا تا لە تاکێکی کۆمەڵگە، کە دەتوانێ هەڵگری نەخۆشیی دەروونیش بێ، "قەداسەت"ێک ساز بکەن لەسەر

"بەناوبانگ"بوون و، جێی داخ ئەوە بوو کە ناسراوبوون و دەوڵەمەندبوونیان دەکردە پەرژینێک بۆ پاراستنی! ئەمە بەرهەمی هەمان نەخۆشیی "لایەنگریی دەمارگرژانەیە" کە چاوت دەبەستێ و، تێڕوانینت کوڵ و کورت دەکاتەوە.

لووتکەی کارەساتەکە ئەمە بوو، خەڵک بێ ئەوەی بزانێت نێوەرۆکی دۆسییەکە چییە جێگای "تاوانبار" و "قوربانیان" گۆڕی؛ واتە لە کەیسی بەناو دەستدرێژیی سێکسی، بە پاساوهێنانەوەی نابەجێ، هەمدیسان ژنیان بە تاوانبار لەقەڵەم دەدا، مەبادا پیاوەکە چونکە "ئەکتەرێکی ناسراو و خاوەنی پلە و پارەیە لە "مافیای فیلم و فووتباڵ"، پرێستیژی خەوشی تێ کەوێ.

لەوانەیە بگوترێ چونکە دەزگای دادی ئێران جێی متمانە نییە، بۆیە خەڵک وا هەڵوێستیان گرت، بەڵام ئەمە بەمەرجێک ڕاستە کە لە کاتی سزای ئیعدام و زیندان و دوورخستنەوەکانی ناڕازییان و زوڵملێکراوانی ئەم دواییانە، بە چەشنی بنەماڵەی دادخوازانی ڕاپەڕینی ژینا، هەمان دید و هەمان هەوڵ هەبێت؛ نەک هەقیقەت ببێتە قوربانیی "شهرت"! ئەویش لە کۆمەڵگەیەک کە عەدالەتیی شارۆمەندی بۆ دەرەوشانەوەی لێهاتووانی بوارەکانی فیلم و فووتباڵ بۆ هەمووان یەکسان نییە!

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا دەیان کەس بە پەلەپەل دادگایی و لەسێدارە دران، چونکە نە خەڵک کاردانەوەی وایان نواند، نە تیمی کارکوشتەی وەکیل و پارێزەری پارەنەویست! فریایان کەوتن.

## مەبەست لە مافیای "فیلم و فووتباڵ" چییە لە ئێران؟

لە کاتێکدا بەهۆی دەسەڵاتی ناخەڵکیی کۆماری ئیسلامییەوە، ژیانی ئاسایی لە ئێران لە تەوسێکی تاڵ دەچێت، زۆری و بۆری فیلمە کۆمێدییەکان لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی و پلاتفۆرمەکانی دیکە، پاتەوپات لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتەکان و ڕووداوە سیاسییەکان پێوەندی هەیە و، دەرخەری ئەم ڕاستییە کە ناوەندە ئەمنییەکان چاک لە خەڵکی ئێران تێگەیشتوون و، هەر کات پێویست بووە ڕێگایان خۆش کردووە بۆ زۆربوونی فیلم و سریاڵی نێوەرۆکتەوس و ئەم گەپجاڕییەش، هێندێک جار بە چاوپۆشینی دەزگای سانسۆر، هێڵە سوورەکانیشی تێپەڕاندووە.

سناریۆی کلێشەیی و گاڵتەوگەپی جینسی و دووپاتەکردنەوەی سووژە دێمۆدە و، تیکراریبوونی ئەکتەرەکان، خاڵی هاوبەشی کۆی بەناو فیلمی تەوسی ئەم ڕۆژانەی ئێرانن کە زیاتر لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی مافیایی دەچێت هەتا گرینگایەتیی ژانری

تەنز لە هونەری حەوتەمدا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لە ماڵپەڕی "فیلمنگار" ڕێژەی فیلمەکۆمێدییەکان لە ئێران بەپێی دەوڵەتەکان و دۆخی ئەمنی و سیاسیی وڵات گۆڕانی بەسەردا هاتووە.
لە پاش شەڕی ئێران و عێراق لە سەردەمی ڕەفسەنجانی بۆ هێورکردنی لێکەوتەکانی دوای شەڕی ٨ساڵە، فیلمی تەنز لە ئێران پەرەی گرت.

لە سەردەمی خاتەمی لە کزی دا و، لە پاش ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ دیسان ئەم ڕەوتە جێیگومانە! سەری هەڵدایەوە، هەتاکوو دوای ڕاپەرینی ژینا، کە بەڕاشکاوی دیارە دەسەڵات، دەسئاوەڵایی بە دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران بەخشیوە بۆ پەرەپێدان بەم جۆرە بەرهەمانەو، مەبەستەکەشی ڕوون و ئاشکرایە.

دیارە بە هۆکارگەلێکی کۆمەڵناسانە بە میلیاردیش دەفرۆشرێن چونکە لە تەنیشتی ئەم بێسەروبەرەییە، ڕەخنە جیددی و دەنگی جیاواز نییە کە بە خەڵک بڵێ: فریوخواردوویی ئێوە ملئەستۆریی ئیستبدادی بە دواوەیە و هەندێک شت بۆ گاڵتەکردن نابن بەڵکوو بۆ ڕووبەڕووبۆنەوە دەبن! وەکوو ڕانت و بەرتیل و گرانی و کەتنە کۆمەڵایەتییەکان.

بە زمانی سادە لە سینەمای بەناو تەنزی ئێران هەموو کێشە بنەڕەتییەکانی وڵات چونکە جڵف و سەرسەرییانە باس دەکرێن، بڤە نین، بەڵام کە کران بە نێوەرۆکی بابەتێک نووسەرەکە دەسبەسەر و، ماڵپەڕەکەش دادەخرێ.
ئەم قسەی "هێگڵ" لەو بارەوە تەواو ڕاستە کە دەڵێ: کاتێک گاڵتەکردن جێگای "کردەوە" دەگرێت و، پێکەنین جێگای ڕووبەڕووبوونەوە، ئێمە بەرەبەرە لە ئەخلاق و لە هەقیقەت و لە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ دوورتر دەبینەوە.

"فووتباڵ"یش بەهەمان شێوە، لە ئێران مافیاییەکی سیستەماتیکە بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک و، هەر بەپێی ناوی تیمەکانیان، پێرسپۆلیس" (شاری فارسەکان)، "سپاهان" و هەتا تیمی "تاج"، خۆسەپاندنێکی ناوەندگەرایانەیە.
لە سەردەمی رۆمی باستان، ئەگەر گلادیاتۆرە کۆیلەکان ببوون بە ئامرازی سەرقاڵیی دەوڵەمەندەکان، لە ئێستای ئێرانی بەلالێدراو، ئەوە سلێبریتییە دەستڕۆیشووتەکانی "فیلمی تەوس و فووتباڵ"ن، کە خەڵک بەخۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن و، لە هەقیقەت دووریان دەکەنەوە.

## "نظام مقدس" بڵ بووە و بۆگەنی نەک پشیلە بەڵکوو شێریش دەتۆپێنێت






**دارسمە**

ئەرێ سەردەمی خشتەی وشەی یەکتربڕتان لەبیرە؟ مەبەستم هەمان "جدول کلمات متقاطع"ە. ئای چەندە سەردەمێکی خۆش بوو! ئەوکات ئەوکەسانەی زۆر گەڕابوون، ئەوانەی زۆریان کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار خوێندبۆوە، ئەوانەی زۆر لە مەجلیسی پیاوماقوڵان دانیشتبوون و بەرتەونانە و سەردوولکە و بالۆرەی ژنانیان بیستبوو، لە پڕکردنەوەی خشتەی وشەی یەکتربڕی

ڕۆژنامە و گۆڤاراندا سەرکەوتووتر بوون. بەڵام ئەوکاتیش هێندێک کەس، بێ ئەوەی زۆریان خوێندبایەوە یان زۆر گەڕابان، زۆر جار لە پڕکردنەوەی خشتەی یەکتربڕ یان "حل جدول کلمات متقاطع"دا سەرکەوتوو بوون. هۆکارەکەش سادە بوو: زۆر پڕۆڤەی پڕکردنەوەی خشتەی یەکتربڕیان کردبوو و لەم کارەدا سەرڕاست ببوون.

داوای لێبووردنێکی قورس و قایم لەو خوێنەرە بەڕێزانە دەکەم، پێیان ناخۆشە ڕستە و دەستەواژەی فارسی بخرێنە نێو نووسین و لێدوانان. بە ناچاری ناوی "نظام مقدس" و "جدول کلمات متقاطع"م بە فارسی هێناوە. تەنیا مەبەستم ئەمەیە ئەوانەی بە کوردییەکی وەک فارسی دەدوێن، لێم تێبگەن و بزانن مەبەستم چیە. با باسی کەلکوەرگرتن لە دەستەواژە و مەستەواژەی فارسی بۆ کاتێکی دیکە جێ بهێڵین و بچینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان.

سەبارەت بە پڕکردنەوەی خشتەی وشەی یەکتربڕ، ئەوانەی بێ خوێندنەوە و دەوڵەمەندکردنی زانیاریی گشتیی خۆیان باش دەیانتوانی ئەم جۆرە خشتانە پڕ بکەنەوە، فرتوفێڵی سەیر و سەمەرەیان دەزانی. بۆ وێنە، هەر زۆر زوو شوێنی وشەی دوو پیتیی وەک "دا" و "بڵ"یان لە خشتەی وشەی یەکتربڕدا دەدۆزییەوە. ئەوانە دەیانزانی بەڵێ بە زمانی ڕووسان دەبوو بە "دا" و پیاو لە سەری دواوەی ڕا دەبوو بە "وایپ". هەروەها دەیانزانی بە میوەی زۆر گەیشتووی نزیک لە پلیشانەوە، دەڵێن "بڵ". "بڵ" ئەوەش دەگەیەنێت میوەکە ئەوەندە گەیشتوە لە سەر لێواری پێڤاژۆی ڕزینە، یان تەنانەت ڕزیوە و بۆگەنی پشیلەی تۆپیوی.

ئەم ڕۆژانە کابرایەک باسی میوەی بڵی دەکرد و منی خستەوە یادی پڕکردنەوەی خشتەی وشەی یەکتربڕ. ئەو بەڕێزە دەیگوت: "دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی بڵ بووە." منیش بێ ئەوەی پێی بڵێم، پێش ئەوەی ئەم مۆبایلە پانکەلانە بکەونە دەست خەڵک و ئەم سۆشیال میدیا و مۆشیال میدیایە پەیدا بن، ئێمە لە جیاتی ئەوەی خۆمان بە تۆڕ و مۆڕی کۆمەڵایەتی و چەت و مەتان بخافڵێنین، یان لە بەرانبەر هەڵپەڕین و سەرچۆپی کێشانی سەرچۆپی کێشیی ناسک و نازدار و چووزانم چۆندا لێکاومان بڕژێت، خەریکی دۆزینەوەی وشان دەبووین. وشەمان بۆ پڕکردنەوەی خشتەی وشەی یەکتربڕ دەدۆزییەوە.

کابرا گوتی: "قسەی من چ پەیوەندییەکی بەم درێژدادڕییەی تۆوە هەبوو؟"

گوتم: "بۆ لێدانەوەی وشەی دووپیتیی "بڵ" ئەوکات دەنووسرا: میوەی زۆر گەیشتوو".

گوتی: "بە ئەدەب و ئیحترامەوە وایان نووسیبوو. "بڵ" ئەوەش دەگەیەنێت میوەکە ئەوەندە گەیشتوە لە سەر لێواری پێڤاژۆی

ڕزینە، یان تەنانەت ڕزیوە و بۆگەن دەکات".

گوتم: "دیارە ڤینت لەم دەستەڵاتەی کۆماری ئیسلامییە و خەونی بڵبوونی پێوە دەبینی".

کابرا بە پێکەنینەوە گوتی: "بۆ ڕقم لێی بێت؟ مەگەر نابینی لە ژێرەوە لەگەڵ خەڵکی وەزاڵەهاتوودا یە و ئێمە نەمانزانیوە؟"

گوتم: "ئەی ئەوە نییە سەرکوتمان دەکات و بەم دواییانە هەشتا هەزار کەس بە ناوی "آمر بە معروف" و "حجاببان" لە قاچوقولی خەڵک بەردەدات و ناهێڵێت یەک مێینەی مرۆڤیش قژ و مژی بەدەرەوە بێت؟"

گوتی: "یانی دیسان بە دار و تێڵایان دەکەونە گیانی خەڵک و وەک جاران دەکوژن و دەبڕن؟"

گوتم: "ئەم".

گوتی: ئەم لە دیالۆگی من و تۆدا وڵامێکی نەشیاوە. ئەگەر ناشڵێی بەڵێ، بڵێی "ئا" لە "ئەم"ەکە باشترە.

گوتم: باشە بۆ سەرکوێرم دەکەی؟ خۆهەر من وانیم، ئەوانەی ئەم دەستەڵاتەیان ناوێت، هەموویان بە ئەم وڵامی یەکتری دەدەنەوە.

گوتی: هەتا ئەم بایە لەم کونەوە بێت، میوەی گەنیو هەروا بە دارەوە دەمێنیت.

گوتم: جاریَ با واز لە ئەم و مم بهێنێین وادایرە شتێ نوێت زانیوە؟

گوتی: "ئەدەی ئەوە نییە ڤیدیۆی شووکردنی کچەکەی شەمخانی لە تاران بڵاو بووەتەوە و باوکی لەکاتێکدا ڕاوێژکاری ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە، پێلی کچەکەی گرتووە. قژی ڕووت هیچ، کچە لەگەڵ کۆمەڵێک کچ و ژنی دیکە مەمکۆڵەیان بە بەرچاوی خەڵکەوە وەک جۆللانەڕادەژێن؟"

گوتم: "ئەدی ئەگەر وایە بۆچی جەنابی ڕێبەر بێدەنگە؟"


گوتی: "ئەی ئاگات لێ نییە ڕێبەر لە ترسی جووان بە زیندوویی چەند سەد ئەوەندی مردووان بەژێر زەویدا ڕۆچووە؟"

لێرەدا من شتێکم زۆر پێ سەیر بوو. باشە ئەم بەزمە چ پێوەندییەکی بە بڵبوونەوە هەیە؟ کابرا گوتی: "بڵ" لە گفتوگۆی یەکتربڕی من و تۆدا دەریدەخات ئەم دەستەڵاتە ئەوەندە بڵ بووە، خەریکە پشیلە دڵخوازەکەی دەستەڵاتدارانی خۆسەپێن بەهۆی بۆگەنیەوە دەخنکێت".

دارسمە: داوای لێبووردن لەو خوێنەرانە دەکەم پشیلەیان لە ماڵەوە ڕاگرتوە و بەخێوی دەکەن. شێریش هەر باسی دەکەن، دەنا کەس پێی بەخێو ناکرێت.

١١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## ڕیسوایی بەردەوامیی هەڵواردن (دەستبەسەرکرانی جەهانگیر ڕۆستەمی، و ڕووخساری ڕاستەقینەی ڕەگەزپەرستی حکوومەت، بەرامبەر بە پەروەردەکارانی کورد)





**ڕەحیم نزهەتزادە**

دەستگیرکردنی توندوتیژانەی جەهانگیر ڕۆستەمی، مامۆستای خانەنشینکراو و ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی هەرسین، لە کۆتاییەکانی ڕەزبەری ١٤٠٤، بۆ جارێکی دیکە ڕووی ریسوا و نامرۆڤانەی سیستەمێکی ئاشکرا کرد کە زیاتر لە چوار دەیە

دادپەروەری لە گوتار و جیاکاری لە کرداردا بە دامەزراوەیی کردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی کۆمەڵەی مامۆستایانی ئیسلامئاوای ڕۆژئاوا، هێزە ئەمنییەتییەکان شەو هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی و ئەو مامۆستایەیان دەستگیر کردووە، بە لێدان گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ئەڤین، هەروەها ڕێگری لێ کراوە نە پەیوەندی بە بنەماڵەکەیەوە بکات، نە دەستی بە پارێزەر بگات. ڕاپۆرتە جێی متمانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەستگیرکردنەکە، هەوڵێکە بۆ فشارخستنە سەر کوڕەکەی، "ئیحسان ڕۆستەمی"، بۆ دانپێدانانی زۆرەملێ؛ شێوازێک لە ئامێری ئەمنی کۆماری ئیسلامیدا، کە وەک ئامرازێک بۆ تۆقاندن و سوکایەتیپێکردنی نەیاران بەدامەزراوەیی کراوە.

بەڵام ئەم ڕووداوە تەنیا دەستبەسەرکران نییە، بەڵکوو هێمای سیاسەتێکی درێژخایەن و ڕێکخراوە، بۆ سەرکوتکردنی پەروەردەکارانی کورد. لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر جار کوردبوون بۆخۆی وەک پێناسەیەکی ئەمنییەتی دێتە هەژمار. مامۆستایانی کورد نەک هەر ناچارن لە بەرامبەر کۆت و بەندییە دارایی و پێکهاتەکان تێبکۆشن، بەڵکوو لەگەڵ ترسی بەردەوامدا لە گرتن، دەرکردن، یان تۆمەتبارکردن بە "پڕوپاگەندە دژی سیستەمدا" دەژین.

ڕێکەوتی ئەم دەستگیرکردنە، لەگەڵ شەپۆلێکی نوێی سەرکوتی چالاکانی سەندیکاکان لە کوردستان، بەڕێکەوت نییە. لە چەند مانگی ڕابردوودا دەیان مامۆستای کورد بە تۆمەتی هەڵبەستراو وەک "پەیوەندیکردن لەگەڵ گرووپە دژبەرەکان" یان "هاندانی قوتابییان" دەستبەسەر کراون؛ تۆمەتگەلێک کە هیچ بنەمایەکی یاساییان نییە و تەنیا بۆ بێدەنگکردنی دەنگی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر ناداپەروەرییە پەروەردەییەکان و هەڵاواردنی نەتەوەیی بەکار دەهێنرێن. بۆیە دەتوانین ناوی "ئەندازیاری بێدەنگی نەتەوەیی" لەو سیاسەتە بنێین، هەوڵێک بۆ بێدەنگکردنی دەنگی هۆشیاری لە قوتابخانەکاندا، بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێی کورد، بێدەنگ و بەبێ مێژوو پێ بگەن. گرتنی پەروەردەکارانی وەک ڕۆستەمییەکان، لە حەقیقەتدا هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر دامەزراوەی پەروەردە و هزری سەربەخۆ لە کوردستاندا.

لە ڕوانگەی یاساییەوە، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ جەهانگیر ڕۆستەمی، پێشێلکردنی ڕوونی بنەما دەستوورییەکانی خودی ئێران و پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانە. بەپێی مادەی ٣٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە هەموو دادگاکاندا لایەنەکانی دۆسیەکە، مافی خۆیانە پارێزەری خۆیان هەڵبژێرن. هەروەها ئێران بە ئیمزاکردنی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەڵێنی داوە، کە هیچ هاووڵاتییەک بەبێ دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر و بەبێ دادگاییکردنی دادپەروەرانە دەستبەسەر نەکرێت. بەڵام حکوومەت ساڵانێکە ئەم پابەندبوونانە پێشێل دەکات، دڵسۆزیی نەتەوەیی و ئایینی وەک پێوەرێکی ئەمنی بەکاردەهێنێت، نەک یاسا.

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

لەم نێوەنـدەدا بێـدەنگیی زۆرێـک لە ڕێکخـراوە مەدەنییەکـان و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنی ناوەنـدگەرا، خـۆی جـۆرێکە لە بەشداریکردن لەم سەرکوتکردنەدا. وەک سەندیکای مامۆستایانی ئیسلامئاوای ڕۆژئاوا جەختی لەسەر کردووەتەوە، بێدەنگی لە بەرامبەر نادادپەروەریدا، بە واتای هاوبەشیکردنە لەگەڵ ئامێری سەرکوتکردن. هەر جارێک دەنگی مامۆستایەک بێدەنگ دەکرێت، خۆڵەمێشی هەڵاواردن فراوانتر بڵاو دەبێتەوە، ڕەگ و ڕیشەی ڕەگەزپەرستیی دەوڵەتیش قووڵتر.

لێدان و ئازاردانی مامۆستایەکی خانەنشین، کە ژیانی خۆی بۆ پەروەردەکردنی جیلەکان تەرخان کردووە، تەنها پێشێلکردنی جەستەی نییە، سووکایەتیکردنە بە پیرۆزیی زانست و مرۆڤایەتی. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە ئەوە دەردەخەن، کە حکوومەت نەک تەنیا دژی نارەزایەتیی سیاسییە، بەڵکوو لە خوێندنی ئازاد و بیری سەربەخۆش وەهمی هەیە. لە ژینگەیەکی ئاوادا، هەموو مامۆستایەکی ئاگادار و بەرپرسیار بە "دوژمنی ئاسایشی نیشتمانی" دێتە هەژمار.

کوردستـان سـاڵانێکە، مەیـدانی تـاقیکردنەوەی سیاسـەتە ئەمنـی و ڕەگەزییەکـانی کۆمـاری ئیسلامی بـووە. نکـۆڵیکردن لە خوێنـدنی زمـانی دایکـی، هەڵاواردن لە دامەزرانـدن، سانسـۆری فەرهەنگـی و گرتنـی چالاکـانی سـەندیکاکان، هەموویـان بـازنەیەکن لە پرۆژەیەکـی گەورەتـردا؛ وردە وردە نەهێشـتنی ناسـنامەی کـوردە، لە کـایە و فەزای گشـتیی ئێرانـدا. دەستگیرکردنی جەهـانگیر ڕۆستەمی نیشـانەی بەردەوامبـوونی ئەم پـرۆژەیەیە؛ پـرۆژەیەک کە لەگەڵ هەر دەسـتگیرکردنێکی نوێدا، ڕووخساری ڕاستەقینەی زیاتر لە پێشوو ئاشکرا دەبێت.

ڕیسوایی ئەمڕۆ لەوەدا نییە، کە حکوومەت لە مامۆستایەکی داوە و زینـدانی کـردووە؛ ڕیسـواییەکە لەوەدایە کە جیهـان لە سەدەی بیست و یەکەمدا هێشتا شاهیدی ئەو جۆرە کارەساتانەیە، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش لە بەرامبەر ئەودا بێدەنگ مـاون. ئەگەر بڕیـار بێت کە دادپەروەری مانـایەکی هەبێـت، دەبێـت هەر لێـرەوە دەسـت پـێ بکـات، بە بەرگریکـردن لە مامۆستایەک، کە لە بێدەنگیی زیندانی ئەڤین، هێشتا باوەڕی بە ئازادی هەیە.

سـەندیکای مامۆسـتایانی ئیسـلام ئـاوای ڕۆژئـاوا، بە بـوێرییەکی ئەخلاقـیەوە ڕایگەیانـدووە: بێـدەنگی لە بەرامـبەر نادادپەروەریـدا هاوبەشـی ستەمکارییە. ئێسـتا نـۆرەی ویژدانـی بەکـۆمەڵی کـۆمەڵگەیە، کە لە تـاقیکردنەوەی هـاودەنگی و کەرامەتـی مرۆڤـایەتی بە سـەرکەوتوویی دەربچێت، چونکە ئـازادی، بڕیـارە مانـایەکی هەبێت، دەبێت لە پـۆلی خوێنـدنەوە دەست پێ بکات.

**١١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

## کاتێک ئاشتی بۆنی مردن دەدات!





**ڕەزا دانشجوو**

**دوای دوو ساڵ بەسەر ئۆپەراسیۆنی بەناو گەردەلوولی ئەقسا لە لایەن حەماسەوە بە فەرمانی ڕاستەوخۆ و پشتیوانی و یارمەتی هەمەلایەنەی ئیتلاعاتی و لۆجستیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەو ئاگرەی کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهـ هەڵیانگیرساند، هێشتاش بڵێسەکانی بە تینەوە خەریکی سووتاندنی پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین.**

گەمژەیی و ساویلکەیی هەڵقولاویی بیری ڕزیو و گەندەڵی دەسەلاتدارانی ڕێژیمی ئاخوندی کە بووە هۆی لەنێوچوونی بەشێکی زۆر لە توانایی بەرخۆدان و بەرپرچدانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لە ڕاستیدا ئەوەی ڕێژیم و حەماس بە ناوی گەردەلوولی ئەقسا خستیانە گیانی ئیسرائیل، ماوەیەکی زۆرە بەخێرایی زۆر زیاترە بەلا، ئاراستەی پێچەوانەدا بەچری خەریکی لەناوبردنی هەر شتێکە کە پەیوەندیی بە کۆماری ئیسلامییەوە هەیە.

ئاشکە ئەوەندە بێخێیە! کە ئێستا زۆرێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لەنێو دەسەلاتیش دەنگیان بەرز بووەتەوە، تەنانەت بەشێک لە سەرکردەکانی حکوومەت! ئێستا کەس نەماوە کە دژی ئەم هەڵە ستراتیژییەی حەماس و کۆماری ئیسلامی قسە نەکات. بەدڵنیاییەوە تاکە هۆکار بۆ ئەو کەمینەی کە بێدەنگ بوون، وەک خۆیان هەمیشە دەڵێن دڵخۆشنەکردنی دوژمنانی ئیسلام و ڕێبەری ڕێژیمە! ڕەخنەی ڕۆژنامەی نیمچە حکوومیی "کۆماری ئیسلامی" دوایین کاردانەوە بوو بەرانبەر بەم هەڵە ستراتیژییە کوشندەیە. هەڵەیەک کە هەموو ئەو شتانەی لەنێو برد کە کۆماری ئیسلامی بە تێچووی ملیۆنان دۆلار و بەدرێژایی سالان کەڵەکەی کردبوو. کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا و هەنیە و نزیکەی هەموو فەرماندەکانی بالای حیزبوڵڵا و حەماس و کوژرانی نزیکەی هەموو فەرماندە بالاکانی ڕێژیم و ئێستاش هەواڵی کوژرانی فەرماندەی بالای سەربازی حۆسییەکان و تێکشکان و نەمانی بەشی سەرەکیی پێکهاتەکانی حیزبوڵڵا و حەماس و لەنێوچوونی بەشی سەرەکیی توانای مووشەکی و ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی تەنیا گۆشەیەکن لە دەرئەنجامەکانی ئەم حیسابات هەڵەیە!

بەدوور لە خۆهەڵکێشان و دووپاتکردنەوەی بەردەوامی تاقمێک هەڕەشەی بێبنەما دژی نەیاران و ولاتانی ڕۆژئاوا، دەتوانرێت بەدڵنیاییەوە بگوترێ ئێستا خامنەیی سەرکردەی ڕێژیم باشتر لە هەر کەسێک دەزانێت ئەمە هەڵەیەکی گەورە و خوێندنەوەیەکی تەواو ناڕاست بوو، و نەدەبا ڕووی دابا! هەڵەیەک کە دەرئەنجامەکانی دوای تێپەڕبوونی دووساڵ هەر دێت و زیاتر دەبن!

نوێترین ئاڵقەی ئەم تێکهەڵچوونە پێشنیاری ئاشتیی ترامپە لە نێوان حەماس و ئیسرائیل، کە لە لایەن زۆرێک لە ولاتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوا پێشوازی گەرمی لێ کرا. ئاشتییەک کە قۆناغی یەکەمی بە ئازادکردنی بارمتەکانی دەستی حەماس و ئازادکردنی دیلەکانی فەلەستینی لە لایەن ئیسرائیلەوە جێبەجێ کرا. بەلام ئێستا ئەو هەواڵە دێت کە حەماس ڕایگەیاندوە کە بەردەوام دەبێت لە شەڕی ئیسرائیل! لێدوانێک کە کاردانەوەی توندی ئیسرائیل و خودی دۆناڵد ترامپی لێ کەوتەوە! ئەوەی بۆچی حەماس ئامادە نیە ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل جێبەجێ بکات، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە متمانە و دڵنیانەبوون بە لایەنی بەرانبەرەوە نیە. خاڵێکی ئەم ڕێککەوتنە بۆ حەماس یانی کۆتایی ژیانی سیاسی! واقیعەکە ئەوەیە کە حەماس نە دەیەوێت و نە ڕێگەی پێ دەدرێت چەک دابنێت! تەواوی بوونی حەماس و ڕێکخراوەکانی وەک حەماس

کە لەژێر نیقابی جیهادی پیرۆزدا خۆیان حەشار داوە، جگە لە پڕوپاگەندە و چەک هیچی تر نیە! ڕاستی ئەوەیە کە تەنیا دەسکەوتی کۆماری ئیسلامی دوای ساڵانێک حوکمڕانی بۆ خەڵکی ئێران و حەماس دوای چەندین ساڵ لە بەڕێوەبردنی کەرتی غەززە جگە لە شەڕ و ماڵوێرانی هیچی تر بۆ خەڵکی بێتاوان نەبووە. ئێستا دوای وێرانبوونی تەواوەتی غەززە کە دەرئەنجامی حیساباتی هەڵەی حەماس و ئاغاکەی کۆماری ئیسلامی بوو، بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی کەرتی غەززە هۆکاری ئەم دۆخە لە چاوی حەماسەوە دەبینن. ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نیە کە لە چاوی دانیشتوانی غەززەوە ئیسرائیل دوژمن نیە و قبوڵ کراوە. بەڵام حەماس کە ساڵیانێک توانیبووی بە ناساندنی خۆی وەک گرووپێکی خەباتکار کە بۆ ڕزگارکردنی خاکەکەی شەڕ دەکات متمانەی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی غەززە بەدەست بهێنێت، ئێستا ئەم متمانەیە ڕووبەڕووی زۆر پرسیاری گرنگ بووتەوە. بۆیە حەماس لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە بەبێ چەک لە ئایندەی سیاسی هەر دەوڵەتێکی بە ناو فەلەستین جێگەی نابێتەوە! بەڵام ئەوە تەواوی ئەم چیرۆکە نیە! سەرەکەی تری ئەم پەتە لە دەستی حاکمانی تاراندایە! کۆماری ئیسلامی نایەوێت لە هیچ بارودۆخێکدا ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ڕوو بدات. ئەم ئاشتیيە بۆ کۆماری ئیسلامی حوکمی مردن و نەمانە!

دەسەڵاتێک کە ساڵانێکە لەژێر ناوی سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلام و دۆزی فەلەستیندا کێشە کەڵەکەبووە ناوخۆییەکانی خۆی شاردۆتەوە، چۆن دەتوانێت ئەم بابەتە وەلابنێت؟ کۆماری ئیسلامی و قەیرانسازی دوو هاوڕێی هەمیشەیین کە بوون و نەبوونیان بە یەک گرێ دراوە! بەبێ قەیران، مانەوەی کۆماری ئیسلامی مەحاڵە! دەسەڵاتێک کە ساڵانێکە لایەنگرانی خۆی لە ئێران و وڵاتانی دیکە بە دروشمی "ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێت" و "ئازادی قیبلەی یەکەمی موسڵمانی جیهان" فریو داوە، هەرگیز بە ئاشتی ڕازی نابێت!

بەڵام بەشی ناخۆش و نەخوازراوی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئێستا ئیسرائیل و ترامپ بە ئیرادەتر لە هەموو کاتێکن و ئامادە بۆ پێشبردنی هەر سناریۆیەکی تازە دژی ئەگەری زێدەخوازی ڕێژیمن و هەروەک لە سەرەوە باس کرا، ئەو پێشنیارە ئاشتیيەی کە ترامپ خستوویەتە ڕوو، لایەنگری بەهێزی ناوچەیی و دەرەوەی ناوچەیی هەیە! جگە لەوەش نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە نەتانیاهۆ و ئیسرائیل لەم دواییانەدا نیشانیان داوە کە بە هیچ شێوەیەک ئامادەی هیچ جۆرە پاشەکشەیەک نین و هەرگیز نایانهەوێ بگەڕێنەوە بۆ هەلومەرجی پێش ڕووداوەکانی ٧ ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ و ئامادەی دانی هەر باجێکن بۆ داهاتوو! لە لایەکی تریشەوە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو و لێکدانەوەی کەسایەتیی ترامپ بە ڕوونی نیشانی دەدات سەرۆککۆماری ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەسێکی زۆر لووتبەرز و خۆپەرستە و بە هیچ شێوەیەک حازر نابێت ئەو پرۆسەی کە خۆی گەڵاڵەی کردوە و ئەوەی خۆی چەندین جار وەک ڕۆڵی ناوازەی لە ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا باسی کردوە، لە لایەن کۆماری ئیسلامی و حەماسەوە بە ئاسانی لەناو بچێت! هەڕەشەی ئەم دواییەی

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

**ترامپ لە حەماس بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ چەککردنی لە ئەگەری خۆ بەدەستنەدانەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەم ڕاستییە!**

دووڕێیانێکی زۆر مەترسیدار! کۆماری ئیسلامی لە ناو بەرزەخێک گیری خواردوە کە دەربازبوون لێی بێ خەسارەیەکی گەورە پێدەچێت مەحاڵ بێت!

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی زاڵ لە ناوچەکەدا، چەکداماڵینی حەماس بە مانای کۆتایی ژیانی سیاسی ئەو گروپەیە و ئەمەش بە مانای کۆتاییهاتنی میحوەری بەناو مقاوەمەتە. ئێستا لە جەمسەری هەلالی شیعەدا، تەنیا ڕێکخراوی تیرۆریستی حیزبوڵڵا لە گۆشەیەک تەنیا و بێدەسەڵات و لەوپەڕی بێ هێزی دا بێ هیچ پشتیوانییەک ماوە.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەزانێت ئەگەر ئیسرائیل بتوانێت کێشەی حەماس یەکلایی بکاتەوە و لە شەڕی غەززە ڕزگاری بێت، بەدڵنیاییەوە دێتە سەر ڕێژیم! لە لایەکی تریشەوە قبوڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و درێژەدان بە خەباتی چەکداری حەماس زۆر گۆشەگیر دەکات و لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی گەشەی هێزی نەیاری حەماس لە کەرتی غەززە، هەر وەک لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند گروپێکی چەکداری دژی حەماس بوونی خۆیان ڕاگەیاندوە!

ڕەوگەو ڕێرەوەکی یەکجار نارِوون و سەختە! ئەوەندە سەخت کە گەیشتن بە شوێنی مەبەست بەبێ قوربانیدان زۆر چەتوون و زەحمەتە! کۆماری ئیسلامی دوای گەمژەیی و ساویلکەیی ٧ ئۆکتۆبر و هەڵبەت خۆشییەکی تەواو کاتی و کورتخایەن، لە پرۆسەیەکی تەواو ئامانجدار و پلانبۆدارێژراو و دوای دەیان زەبری جەرگبڕ و قەرەبوونەکراو هێواش هێواش بەرەو گۆشەی ساحەی زۆرەوانی دەگوازرێتەوە. کێ و لەکوێ زەربەی کۆتایی لەم جەستە ماندوو و نەزارە دەدات؟ هەلومەرج و بارودۆخی ناوچە یەکلاکەرەوە دەبێت. کۆماری ئیسلامی ئێستا دوو بژاردەی زیاتر نیە، یان دەبێ تەسلیمی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بێت، یان بڕووخێت و کۆتایی پێ بێت! پلانی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕوونە! یان ئاشتی لە ڕێگەی زۆرداری! یان سڕینەوەی یەکجاری لە لاپەڕەکانی مێژوو! ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕاندایە! ئەمە ڕاستییەکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە!

**١٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# شەڕی باندەکانی دەسەڵات لەپێناو مانەوەی ڕێژیم





**سامان فەقێنەبی**

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هێرشی مۆرەکانی باڵی توندئاژۆی ڕێژیم بۆ سەر حەسەن ڕوحانی و زەریف بەگشتی و لێدوانە هەڕەشەئامێزانەکەی قالیباف لە مەجلیس بەتایبەتی، پەردەی لەسەر شەڕی شاراوەی باڵەکانی نێو کۆماری ئیسلامی، لەمەڕ مەسەلەی جێنشینی عەلی خامنەیی، زیاتر لە پێشوو لادا.

لە ڕاستیدا هەنووکە مەسەلەی جێنشینی خامنەیی لە ژووره فیکرییەکانی باڵەکانی ڕێژیم بۆتە ڕۆژەڤ و لە ئەگەری یەکلابوونەوەی ئەو مژارە، نەخشەڕیگا و چۆنیەتیی مامەڵەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گرفت و ئاڵنگارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لە داهاتوودا ڕوونتر دەبێتەوە.

لە هەمبەر ئەو پرسە، دوو ڕوانگەی جیاواز لەنێو باڵەکانی ڕێژیمدا بیچمی گرتووە و لە ئەگەری وەدیهاتنی نەخشەڕێگای هەرکام لەو دوو ڕەوتە، داهاتووی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بەرەو ئاقارێکی جیاواز دەچێت؛ هەڵبەت حەشاهەڵنەگرە کە هەوڵی هەر دوو ڕەوتەکە تەنیا بۆ گەرەنتیی مانەوەی ڕێژیمە، نەک لە پێناوی ئاڵوگۆڕی بنچینەیی و دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران.

بە پێی بۆچوونی زۆربەی چاودێرانی سیاسی، باڵی توندئاژۆ زیاتر لە خانەی خولیاکانی عەلی خامنەییەوە، دەڕوانێتە داهاتووی سیاسیی ڕێژیمەوە؛ ئەوە بەو واتایە دێت کە وەلی فەقیهی داهاتوو دەبێ درێژەدەری هەمان پلان و ستراتێژییەکانی خامنەیی بێت و لە ئەکتی سیاسیدا، لە ڕێچکەی ئەو لا نەدات کە بریتییە لە سیاسەتی "نیگا بە ڕۆژهەڵات" و گرێدانی چارەنووسی سیاسی و ژئۆپۆلەتیکیی ئێران بە مێحوەری وڵاتانی ڕووسیە و چین.

ئەم باڵە توندئاژۆیە بە میحوەرییەتی موجتەبا خامنەیی و بە پاڵپشتیی محەممەدباقر قالیباف، سەرۆکی مەجلیس و عەلی شەمخانی، نوێنەری خامنەیی لە شۆڕای بەرگری و تا ڕادەیەکیش عەلی لاریجانی، دەبیری شۆڕای باڵای ئاسایشی نیشتمانی، لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕێژیمدا ڕۆڵ دەبینن و دروشمدان و پێبەندبوونی ڕواڵەتی بە بنەما ئیدئۆلۆژیکییەکانی کۆماری ئیسلامی، پێناسەی ئەسڵی ئەو باڵەیە؛ هەروەها دەنگوڕەنگی ڕێژیمیش لەو چوارچێوەیەدا ڕۆڵ دەبینێت.

لە ڕوانگەی مۆرە ئەسڵییەکانی ئەم باڵە، دەبێ وەلی فەقیهی داهاتوو، هەر لەسەر ویست و خولیاکانی خامنەیی بۆ گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە توانای زانستی و تەکنۆلۆژیکیی دروستکردنی چەکی ناوکی و مووشەکی بالستیکی دوورمەودا، سوور بێت و بە مەبەستی دەورلێدانەوە و کەمکردنەوەی ئاسەواری گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەر هاوپەیمانی و هاوکارییەکانی ڕووسیە و چین حیساب بکات.

لە لایەکی دیکەوە باڵەکەی تری ڕێژیم کە ڕەوتە میانەڕەوەکان لەخۆ دەگرێ، لە هەوڵی ئەوە دان کە بە ڕوانگەیەکی پراگماتیستییەوە مامەڵە لەگەڵ هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا بکەن و لە بیاڤی سیاسیی ئێراندا بە درێژەدەری ڕوانینەکانی عەلی‌ئەکبەر هاشمیی ڕەفسەنجانی لەقەڵەم دەدرێن؛ دیارترین مۆرەی ئەم باڵەی ڕێژیم هەنووکە حەسەن



سەرچاوە
Serchawe

## خەزەڵوەری ٢٧٢٥

ڕوحانی، سەرۆککۆماری پێشوویە و کەسانێک وەک محەممەدجواد زەریف و حیسامەدین ئاشنا، ڕاوێژکاری پێشووی ڕوحانی، نوێنەرایەتیی ئەو ڕەوتە دەکەن.

ئەو باڵەی ڕێژیم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕێگەچارە هاتنەدەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە بنبەستی هەنووکەیی، نزیکبوونەوە لە بەرەی وڵاتانی ڕۆژاوایی و بە تایبەتی ئەمریکایە و جەخت لەسەر پێویستیی وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر لەگەڵ ئەو وڵاتە دەکەنەوە.

دەکرێ بڵێین کە ململانێ و شەڕی دەسەڵات لەنێو باڵەکانی ڕێژیم لەسەر دیاریکردنی ستراتێژی و نەخشەڕێگای درێژخایەنی سیاسی، بە مەسەلەی جێنشێنی خامنەییەوە گرێی خواردووە و لە دوای زاڵبوونی هەرکام لەو دوو باندەدا پاش نەمانی دیکتاتۆر، دوورەدیمەنی پێشهاتەکانی دواڕۆژ ڕوونتر دەبێتەوە؛ بەڵام ئەوەیکە لە ئێستاوە ئاشکرایە بریتییە لەوە کە لە ڕوانگەی زۆرینەی خەڵکی ئێرانەوە کە سەرەتاییترین خواستیان مسۆگەربوونی ژیانێکی نۆرماڵە، هیچکام لەو باڵانەی ڕێژیم ڕەوایەتییان نەماوە و پرۆسەی تێپەڕین لە نیزامی ویلایەتی فەقیهـ ڕێی گەڕانەوەی نییە.

١٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# ئازادیی ئەندێشە، قوربانیی هەمیشەیی دەسەڵاتەکانی تاران





**هەردی سەلیمی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەپۆلی نوێی دەسبەسەرکردن و گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەتا دوایی کۆمەڵگەی ئێران، ئەم جار بەدیاریکراوی هێرشیان کردووەتە سەر چەندین ڕووناکبیر و نووسەر و توێژەر. "هێمن ڕەحیمی"، نووسەر و وەرگێڕ، "مەهسا ئەسەدوڵڵانژاد"، نووسەر و وەرگێڕ، "شیرین



سەرچاوە
Serchawe

کەریمی"، نووسەر، "پەرویز سداقەت"، نووسەر و توێژەری بواری ئابووری، "محەممەد ماڵجوو"، ئابووریزان، "ڕەسووڵ قەنبەری"، توێژەری بواری کۆمەڵایەتی، لەو کەسانەن کەوا هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە هێرشکردن بۆ سەر ماڵەکانیان وێڕای ئەوەی دەستیان بەسەر کەلوپەل و کتێب و موبایل و...دا گرتووە، خۆیشیان دەستبەسەر کردوون.

ئەمە یەکەم جار نییە لە مێژووی وڵاتی ئێراندا نووسەر و توێژەر و وەرگێڕ و بەگشتی توێژی ئاگابەخشی ئەو کۆمەڵگەیە بکەونە بەر پەلاماری دامودەزگا سەرکوتکەرەکان، هەر لە سەد ساڵی ڕابردوودا دەیان نموونە لەبەردەستە، کەسانی وەک: "میرزادەی عیشقی"، "فەڕوخیی یەزدی"، "خوسرەو گوڵسورخی"، "سەعید سوڵتانپوور" و... لەو کەسە دیارانەن کەوا بەبۆنەی هزر و پێنووسیانەوە لەلایەن دەسەڵاتە هاوچەرخەکانی ئێرانەوە بەفەرمی زیندانی کراون و گیانیان لێ ئەستێنراوە. ئەمە جگە لەوەیە کە دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیکە زیندان کراون یاخود بە هەموو شێوەکان خراونەتە ژێر گوشار و هەوڵ دراوە زمان و پێنووسیان ببڕن. کۆماری ئیسلامی بەوەش ڕازی نەبووە وێڕای ئەوەی دەیان نووسەر و تەنانەت خوێنەری ڕۆژنامە دژبەرەکانی خۆی لە دەیەی شەستدا ئێعدام کردووە، لە دەیەی حەفتاشدا زنجیرە تیرۆرێکی وەڕێ خست و لە ئاکامی ئەو تیرۆرانەدا چەندین شاعیر و نووسەر و توێژەری بەتوانای وەک: "محەممەد موختاری"، "محەممەدجەعفەر پوویەندە"، "ئەحمەد میرعەلایی" و "حەمید حاجیزادە" و هتدی تیرۆر کرد.

دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێران هەمیشە هەوڵیان داوە دەست بەسەر بواری زانیاری و ئاگایی کۆمەڵگەدا بگرن، ئەگەر سانسۆریان بۆ لواوە سانسۆریان کردووە، ئەگەر زیندانیکردنیان بۆ لواوە زیندانییان کردووە، ئەگەر پێیان وابووە بە کوشتن دەتوانن کێشەکەیان ببڕنەوە ئەوە دەستیان داوەتە کوشتن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە بۆ هەمیشە "کێشە"ی ئاگایی کۆمەڵگە لەسەر خۆیان لابەرن.

لە ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی بەتەواوی ڕەوایی خۆی لەدەست داوە، لە وێژمانسازیدا تووشی شکست و بێمایەیی بووە، هێرشی کردووەتە سەر ئەو کەسانەی وا دەزانێ لەو هەژاریی وێژمانەی وا بەسەر دەسەڵاتەکەیدا زاڵ بووە ڕۆڵیان هەبووە، بۆیە هیچ هزرێکی ڕەخنەگرانە و زانیاریبەخش و وەئاگاهێنەر تەحەممول ناکات.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور بەبۆنەی دووی نۆڤامبرەوە "ڕۆژی جیهانیی کۆتاییهێنان بە پارێزبەندی لە بەرامبەر تاوانکاری بەدژی ڕۆژنامەنووسان" لیستەیەکی لە دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی لە ساڵی ٢٠٢٥دا بڵاو کردەوە. بە وتەی ئەم ڕێکخراوە ئەو کەس یا دامەزراوانەی وا ناویان لەو لیستەدا هاتووە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر ڕۆژنامەنووسیی سەربەخۆ و مافی دەسڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیارییەکان لە خەڵک زەوت دەکەن و لە شێوازی وەک



سەرچاوە
Serchawe

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

کوشتن، گرتن، ناوزڕاندن، بانگەشە، گوشاری ئابووری و ئەرتەشی سایبێری کەڵک وەردەگرن. لەم لیستەدا دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی بەسەر پێنج بواردا دابەش کراون کە بریتین لە سیاسەت، ئەمنیەت، ئابووری، یاسا و کۆمەڵگە؛ لە بەشی سیاسەتدا "عەلی خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وەک سیاسییەکی دوژمنی ئازادیی چاپەمەنی ناوی هاتووە.

هەرچەند ئەم ڕاستییە نابێتە هۆی ڕسوایی لەوە زیاتری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کەوا کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی سانسۆر و پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی زانیاریی ڕاستەقینە دەدات و لە راستیدا ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گەورەترین زیندانەکانی دنیایە بۆ ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی دەرووست.

دەبێ لەبیرمان بێ ئەم سەرکوتانە تەنیا لە چوارچێوەی سەرکوتێکی سیاسیدا نابێ قەتیس بکرێن و دەبێ لەو ڕووەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە ئەمە نیشانەیەکە لە شکستی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی لە بواری ئەندێشە و هزردا، ئەمە لە ڕیزی گەورەترین هێماکانی سەلمێنەری دۆڕانی ستراکتۆری ئیدئۆلۆژیکیی کۆماری ئیسلامییە، سەرکوت هەرگیز بە واتای ئێقتدار و دەسەڵاتداری نییە، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەوە نیشانەی ترس و لاوازییە. لە کۆتاییدا دەبێ بوترێ ڕەنگە لە کورتماوەدا کپکردنی ئەم دەنگە ناڕازی و ڕوونکەرەوانە بتوانێ کەشێکی ترس بڵاو بکاتەوە، بەڵام بێگومان لە درێژماوەدا ئەوە سەرکوتە شکست دەخوات و ئەوە سەرنێزەکانە دەشکێن و نامێنن، نەک پێنووس و هزر.

**١٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## باسێک لەسەر کتێبی "٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری"دا





**عومەر باڵەکی**

**بەڕێزان!**

ڕێگام بدەن لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبەوە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان بکەم. ئەمڕۆ لێرە کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی پەردە لەسەر نوێترین کاری بەشی چاپەمەنی ڕاگەیاندنی حیزب، کتێبی "هەشتا ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری"دا لابدەین کە

به هەوڵ و هیممەتی هاوڕێیانی چاپەمەنی گەیوەتە بەرهەم. له ڕاستیدا ئەوە بەخۆهەڵدان نیه که بڵێین باسکردن له خەباتی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات شایانی ئەوە بوو گەورەترین ڕێورەسمی بۆ پێک بێ و به دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیکی لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ئەو حیزبە بنووسرێ. بەڵام بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە لەو هەلومەرج و بارودۆخەدا بواری زۆر شتی نەداین؛ بەو حاڵەش ئەوەی لەدەست هات بۆ ڕێزگرتن لەو یادە پیرۆزە کرا که یەکێک لەو کارانە دەرکردنی ئەو کتێبەیە که ئەمرۆکە دەمانەوێ بیخەینە بەر دەستی خوێنەرانی بەرێز.

بەرێزان! کاتێک چاو به لاپەڕەکانی مێژووی پڕ له هەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا دەخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ حیزبی دێموکرات هەر له سەرەتای دامەزرانیەوە گرینگیی زۆری داوە به چاپ و بڵاوکردنەوە داوە. حیزبی دێموکرات هەر له سەرەتای دامەزرانیەوە دەرکی بەو ڕاستییە کردوە که کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار ئەو بایەخەیان هەیە سەرنجی تایبەتیان پێ بدرێ، چونکە له هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی به گەشەکردنی بیر و هزری کۆمەڵگە دەدەن و دەبنە هۆکار بۆ کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ له زانست و زانیاری به ڕووی تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵگە و گەشەکردنی  کوردستان له هەموو ڕوویەکەوە. ئەو تێڕوانین و بیرکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان که خوێندنی به زمانی کوردی و کردنەوەی ناوەندی زانستی، کتێبخانە و قەرائەتخانە، چاپی ڕۆژنامە، کتیب و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی لەو چەشنە یارمەتیدەری پەرەپێدانی زانست و شارستانیەت دەدەن، هەشتا ساڵ لەوە پێش له فەسڵی سێهەم مادەکانی ١٣و١٤ی مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە و لەوکاتەوە هەتا ئێستا حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە پەرە بەو ئامانجە بدا. بۆیە دەبینین له قۆناخە جیا جیاکانی ژیانی خەباتکارانەی حیزبی دێموکراتدا هەموو کات بەپێی بارودۆخی گونجاو بەشی ڕاگەیاندنی حیزب به کەرەسەی زۆر سەرەتایی هەوڵی داوە جگە له ڕۆژنامەی کوردستان و بڵاوکراوە حیزبییەکانی دیکە به بەردەوامی کتێب له بواری جۆراوجۆردا چاپ بکا و بیانخاتە بەر دەستی خوێنەران که به خۆشییەوە ژمارەیان له دەیان تێپەڕیوە.

بەشی چاپەمەنی بەو کارە دوو ئامانجی پێکاوە: یەکەم؛ هەوڵی داوە به چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە حیزبی دێموکرات و ئامانجەکانی ئەو حیزبە به بەردەنگی زیاتر بناسێنی. دووهەم؛ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانە هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی مێژووی خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد به تایبەتی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان له گەردەلوولی کارەساتەکاندا بزر نەبێ. هەوڵی ئەمجارەش هەر لەو پێناوەدایە.

بەرێزان! دەرکردنی ئەو کتێبە هەوڵێکە بۆ ئاوڕدانەوە له مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران که هەشتا ساڵە له خەباتێکی خوێناوی و پڕ له کەندوکوسپ و کەوتن و هەستانەوەدایە بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانی گەلی کورد له

ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم کتێبە بەشێکی ئەو مێژووەی لە ڕەهەندی جیا جیادا و بە قەڵەمی نووسەران و توێژەران بە تێڕوانی جیاواز ئاوڕی لێ داوەتەوە. لە ڕاستیدا پێش کونگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئەو پێشنیارە لە لایەن هاوڕێی بەڕێزم کاک "عەلی بداغی"یەوە بە ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب کرا. کاک عەلی بۆ ئاسانکاری پێڕستێکی دووروودرێژی لە سەرباس و مژارەکانیش دەستنیشان کردبوو کە ئەو نووسەر و توێژەر و خاوەن نەزەرانەی بە پیر بانگەوازەکەمانەوە دێن بتوانن کاریان لەسەر بکەن. دیارە بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ئەمنییەتیی حیزب و سەرقاڵبوون بە گرتنی کونگرە و کارەکانی دوای کونگرە هەتا ڕادەیەک دوا کەوت و دواتر بڕیار لەسەر ئامادەکردنی کتێبەکە درا. ئەگەرچی تازە ئامادەکردنی کتێبەکە بۆ ٢٥ی گەلاوێژ بەزەحمەت بوو، بەڵام لە ناوەندی ڕاگەیاندن وا ساغ بووینەوە پەلە نەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمێکی باش و دەوڵەمەندمان هەبێ.

کتێبی "هەشتا ساڵ لەپێناو ڕزگاری"دا هەڵگری ٢٦ وتار لە ٢٦ نووسەرە کە ڕەهەندەکانی تەشکیلاتی، گوتاری نەتەوەیی، وێژمانی سیاسی، سیاسەتی زمانی و فەرهەنگی و مێژوویی، خەباتی پێشمەرگانە، پرسی میدیایی، ژێنگە و ژنان و پێگەی حیزبی دێموکرات... لە خۆ دەگرێ و هەر کام لە نووسەران لە ڕوانگەی خۆیانەوە مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان شەنوکەو کردوە. جێگای سەرنجە کە ڕادەیەکی بەرچاو لەو نووسەرانە کە بابەتیان لەو کتێبەدا بڵاو بۆتەوە و مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەڵسنگاندووە بۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێو حیزبی دێموکراتدا نەژیاوەن و تەنانەت نیشتەجێ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەبوون، بەڵام شارەزا بە بەرنامە و مێژووی خەباتکارانەی حیزبی دێموکراتن و ئەوە ئەم ڕاستییە دەردەخا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا لە بواری شوناسی نەتەوایەتی و دێموکراسیخوازی و فەرهەنگسازی کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بەڵکوو ئەو کاریگەرییە گواستراوەتەوە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کە ئەوە بۆ ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای شانازییە و پێویستە لەوە بەدواوەش بە کار و تێکۆشان ئەو پێگە کوردستانی و نەتەوەییەی حیزب بپارێزین و بەهێزتری بکەین.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی و ماندوونەبوونی بە هەموو ئەو نووسەرانە دەڵێم کە بەدەم بانگەوازی ئێمەوە هاتن. بەو هیوایەش کە لە ڕاگەیاندنی حیزب بە هەوڵ و هیممەتی زیاتر لە داهاتوودا بەرهەمی زیاتر بخەینە سەر خەرمانی بەرهەمەکانی حیزبەکەمان.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# پاییزی ئایەتوڵڵاکان، کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟ (بەشی دووهەم، ئێران وەک ڕووسیە، چین و کۆرەی باکوور)





فارین ئەفەرز - کەریم سەججادپوور

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

## ئێران وەک ڕووسیە

ئەمرۆ کۆماری ئیسلامی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت لە برگە کۆتاییەکانیدا دەچێت: ئەو ئایدیۆلۆژییە سواوەکەی بە زۆرەملێ درێژە پێ دەدات، ڕێبەرییە چەقبەستوویەکەی لە چاکسازیی دەترسێت و، کۆمەڵگەکەی تا ئاستێکی بەرفراوان پشتیان لە دەوڵەت کردوە. هەردوو ئێران و ڕووسیە لە ڕووی سامانی سروشتییەوە دەوڵەمەندن و مێژوویەکی پڕ لە شانازییان هەیە، کولتووری ویژەیی بەناوبانگ و سکاڵای کەڵەکەبووی چەند سەدەیان هەیە. هەردوو دوای شۆڕشی ئایدۆلۆژیک، ڕووسیە لە ١٩١٧ و ئێران لە ١٩٧٩ تووشی ئاڵوگۆڕی ئەوتۆ بوون کە بەدوای دابڕان لە مێژوو و دارشتنی پەرگالێکی لە بنەڕەتدا جیاوازەوە بوون. هەردوو هەوڵیان دا تۆڵە لە ڕابردوو بکەنەوە و ڕوانینێکی نوێ بە سەر نێوخۆ و دەرەوەدا بسەپێنن، کە بووە هۆی وێرانیی نەتەنیا بۆ خەڵکی خۆیان، بەڵکوو بۆ وڵاتانی دراوسێش. سەرەڕای ئایدیۆلۆژییە دژبەرەکانیان، یەکیان بێ ئاییننیی جەنگاوەرانە و ئەوەی دیکەیان دەسەڵاتداریی ئایینی، وێکچوونەکانیان سەرسووڕ هێنەرن. وەکوو یەکیەتیی سۆڤیەت، کۆماری ئیسلامی ناتوانێت سازشی ئایدیۆلۆژیکی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بکات، گومانداریییە لە ڕادەبەدەرەکەی خۆبەدیهێنەرە و، ڕێژیمەکە لە نێوخۆیدا هەڵگری تۆخمی هەرەسهێنانی خۆیەتی.

هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت بە چاکسازییەکانی گۆرباچۆڤ خێراتر کرا، کە بووە هۆی لەکیسدانی کۆنترۆڵی ناوەندی و کەوتنە کاری هێزی ئەوتۆ کە سیستەمەکە نەیتوانی سنووردارییان بکات. لە نەوەدەکانی زایینیدا، بێسەرەوبەرەیی، تاڵانکاریی ئۆلیگارکەکان و، نایەکسانیی پەرەئەستێن بوونە هۆی نەفرەت و سەرلێشێواوی. لەو گێژاوەوە ڤلادیمیر پووتین، ئەفسەرێکی پێشووی کەی جی بی، ئاژانسی هەواڵگریی یەکیەتیی سۆڤیەت، کە بەڵێنی سەقامگیریی و شانازیی دا، سەری هەڵدا و ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیستی بە ناسیۆنالیزمی گەشەسەندوو بە نارەزایەتی جەماوەریی گۆڕییەوە. وەک سەرۆککۆمار، ئەو خۆی وەک گێڕەرەوەی شکۆی ڕووسیە و دابینکەری جێگەی شیاوی لە دونیادا ناساندوە.

ڕووداوێکی هاوشێوە لە ئێران مومکینە. ڕێژیم لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکی و ئابوورییەوە مایەپووچە، توانایی جێبەجێ کردنی چاکسازیی ڕاستەقینەی نیە و، لەژێر گوشاری دەرەکی و نارەزایەتی نێوخۆ مەترسی هەرەسهێنانی لەسەرە. ڕووخانێکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی ئافراندنی بۆشاییەک کە نوخبە ئەمنییەتییەکان و ئۆلیگارکەکان بۆ پڕکردنەوەی هەنگاوی خێرا دەنێن. پیاوێکی بەهێزی ئێرانی، پەروەردە بوویەکی سپای پاسداران یان دامودەزگا هەواڵگرییەکان، دەتوانێت سەر هەڵبدات، ئایدیۆلۆژی شێعە بە قازانجی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، گەشەکردوو بە نارەزایەتیی جەماوەریی وەک بیروباوەڕی پەرگالێکی سەرەڕۆی نوێ وەلا بنێت. هێندێک کاربەدەستی دیار ڕەنگبێ ئەو خولیایەیان هەبێت، لە نێویاندا محەممەدباقر قالیباف، سەرۆکی هەنووکەی پارلەمانی ئێران و کاربەدەستی پلەبەرزی پێشووی سپای پاسداران. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیوەندیی درێژخایەنیان لەگەڵ سیستەمی ئێستا، ئەگەری ڕێبەرایەتی ئەو کەسایەتییە ناسراوانە لە سیستەمێکی نوێدا کەم دەکاتەوە. وێدەچی داهاتوو زۆرتر هی کەسێک بێت کە ئێستا کەمتر دیارە، کەسێک کە هێندە کەم تەمەن بێت کە بیروڕای گشتی ئەوی

بە بەرپرسی کارەساتی ئێستا نەزانێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەها بە ئەزموون بێت کە بتوانێت لە وێرانەکانی ڕێژیمەکەوە سەر هەڵدات.

بەدڵنیاییەوە، وێکچوونەکان بێخەوش نین. کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەت هەرەسی هێنا، هەر ئەوکاتی گەیشتبووە سێهەمین جیلی ڕێبەرانی خۆی، لە کاتێکدا ئێران هێشتا خەریکی چوونە نێو دووهەمیانە. هەروەها ئێران هیچ گۆرباچۆفێکی نەبووە: دروست لەبەر ئەو هۆیە خامنەیی پێشی بە چاکسازیی گرتوە، چونکە پێی وایە ئەوە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی کۆمارەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکی گەورەتر هەیە: کاتێک ئایدیۆلۆژییەکی بە تەواوی سەرەڕۆ هەرەس دێنێت، زۆر جار لەپاش خۆی نوێبوونەوەیەکی مەدەنی بەجێ ناهێڵێت، بەڵکوو گوماندارێی لە ڕادە بەدەر و دوورکەوتنەوە لە هەرچی پرەنسیپی ئایینی و ڕەوشتی. ڕووسیەی دوای یەکیەتیی سۆڤیەت کەمتر بە گەشەسەندنی دێموکراتیک دەناسرێتەوە تا هەوڵ بۆ دەوڵەمەند بوون بە هەر تێچوویەک. ئێرانی دوای دەسەڵاتداریی ئایینی دەتوانێ هەمان شێواز پیشان بدات: کرینگەرایی و بەکارهێنانی زێدەڕۆیانەی شتومەک وەک جێگرەوەی باوەڕی ئایینی و ئامانجی گشتی.

پوتینێکی ئێرانی دەتوانێت هێندێک لە تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامی قەرز بکات، بە ناسەقامگیر کردنی دراوسێیەکانی ئێران هەوڵی سەقامگیرکردنی ناوخۆیی بدات، هەڕەشە لە هاتووچۆی وزەی جیهانیی بکات، بەرگێکی نوێ بکاتە بەر شەڕانگێزیی وەک ئایدیۆلۆژی نوێ و، لە کاتێکدا کە بەڵێنی گەڕاندنەوەی شکۆی ئێران دەدات، ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی نوخبەی نوێ. بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و دراوسێیەکانی ئێران، وانەی ڕووسیە گرنگە: مردنی ئایدیۆلۆژییەکە زەمانەتی دێموکراسی ناکات. ئەو دەتوانێت زۆر هاسان ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پیاوێکی بەهێزی دیکە کە بەهەمان شێوە بێدەربەست بێت، بە نارەزایەتی نوێ تەیار کرابێت و خولیای نوێ هاندەری بن.

## ئێران وەک چین

لە کاتێکدا کە یەکیەتیی سۆڤیەت پێش ئەوەی زۆر درەنگ بێ نەیتوانی خۆی بگونجێنێت، چین بە گۆڕانی پراگماتیستی لە دەیەکانی پاش مردنی مائۆ خۆی دەرباز کردوە، لە ١٩٧٦، لە جیات بێخەوشیی شۆڕشگێڕانە پێشترییەتی دا بە گەشەی ئابووری. "مۆدێلی چین" زۆر دەمێکە دڵخوازی خۆمانەکانی کۆماری ئیسلامی بووە کە دەیانهەوێ سیستەمەکە بپارێزن، بەڵام تێدەگەن کە ئابوورییەکی خەریکی تێکرمان و نارەزایەتیی بەربەرینی جەماوەریی هێندێک هەوڵ بۆ چاکسازیی دەخوازێت. لەو سیناریۆیەدا، ڕێژیم وەک پێشوو سەرکوتکەر و سەرەڕۆ دەمێنێتەوە، بەڵام پرەنسیپە شۆڕشگێڕانەکانی و کۆنەپارێزییە کۆمەڵایەتییەکەی بە قازانجی نێزیکبوونەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان شلتر دەکاتەوە، هاوگونجییەکەی لەگەڵ دونیا

بەربەرینتر دەکات و وردە وردە لە سیستەمی دەسەڵاتداریی ئاینییەوە بەرەو سیستەمێکی تەکنۆکرات دەچێت. سپای پاسداران دەسەڵات و سوودەکانی دەپارێزێت، بەڵام وەکوو ئەرتەشی ڕزگاریدەری چین، لە هێزێکی چەکداریی شۆڕشگێڕەوە دەبێتە ناسیۆنالیستی کۆمپانیا گەرا.

بۆ جێبەجێکردنی وەها سێناریۆیەک، ئێران بەرەوڕووی دوو بەربەست دەبێتەوە: دامەزراندن و بەردەوامبوونی وەها سیستەمێک. لە چین، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە حەفتاکانی زایینی لە لایەن مائۆ، دامەزرێنەری شۆڕشی کۆمۆنیستی و یەکەم ڕێبەری ڕێژیمەکە، دەستی پێ کرد. بەڵام ئەوە جێگرەوەکەی، دینگ شیاوپینگ، بوو کە کەلکی لەو کرانەوەیە بۆ گۆڕینی ئاراستەی وڵات لە کۆنەپارێزیی ئایدیۆلۆژیکییەوە بەرەو پڕاگماتیسم وەرگرت و چاکسازیی وەرسووڕێنەرانەی جێبەجێ کرد. ئێران کەسانی هاوشێوەی دینگی پەروەردە کردوە، لە نێویاندا سەرۆککۆماری پێشوو حەسەن ڕوحانی و حەسەن خومەینی، نەوەی دامەزرێنەری شۆڕشەکە، بەڵام هیچکامیان توانایی زاڵبوون بەسەر خامنەیی و توندئاژۆیەکانی هاوبیریان نیە، کە زۆر دەمێکە پێیان وایە هەر جۆرە سازشێک لەسەر ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕانە، بەتایبەت نێزیکبوونەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان، لەجیات بەهێزکردنی سیستەمەکە دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی.

لە چین، نێزیکبوونەوە لە واشینگتۆن بەهۆی بەرهەڵستکاریی هاوبەش لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت هاسان کرابوو.

بە پێچەوانە، ئەگەرچی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان جاروبار بەرەوڕووی بەرهەڵستکاری هاوبەش بوونەوە، لە نێویاندا دیکتاتۆری عێراق سەددام حوسێن و هێزە چەکدارەکانی وەکوو ئەلقاعیدە، تاڵەبان و داعش، دوژمنایەتی بەرانبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بۆ خامنەیی هەمیشە گرنگترین شت بووە. تاقیکردنەوەی مۆدێلی چین یان وەلانانی بەرهەڵستکاریی هەمیشەیی دژی واشینگتۆن لە لایەن خامنەیی پیر و پەککەوتە دەخوازێت، کە ئەگەری زۆر کەمە، یان پرۆسەیەکی دەستنیشان کردنی جێنشین کە ببێتە هۆی هاتنەسەرکاری ڕێبەرێک کە هێندە دژی ئەمریکا نەبێت.

تەنانەت ئەو کاتیش، ئێران ڕەنگبێ لە ڕەچاو کردنی ڕێچکەی چین تووشی ئاڵنگاری بێت. هێزی کاری زەبەلاحی چین ڕێخۆشکەری ڕزگار بوونی سەدان میلیۆن کەس لە هەژاریی بوو، کە بووە هۆی نۆژەنکردنەوەی ڕەوایی دەوڵەت و متمانەی بیروڕای گشتی. بە پێچەوانە، ئێران، ئابووریەکەی زۆرتر بە سامانە سروشتییەکانییەوە بەستراوەتەوە، وەکوو ڕووسیە. بێتوو ڕێژیم بێ باشترکردنی دۆخی ژیانی هاووڵاتیان واز لە ئایدیۆلۆژییەکەی بێنێت، مەترسی لەکیسدانی لایەنگرانی هەنووکەیی بەبێ ڕاکێشانی لایەنگری نوێی هەیە.

ئێرانێکی کەمتر ئایدیۆلۆژیک کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان ئاسایی بکاتەوە و دەست لە بەربەرەکانی

لەگەڵ بوونی ئیسرائیل هەڵگرێت، دەبێتە هۆی باشتر بوونێکی مەزن لەچاو دۆخی هەنووکە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەکوو ئەزموونی چین ئاشکرای کرد، گەشەی ئابووری و هاوگونجی ناونەتەوەیی دەتوانێ ببێتە هۆی پاڵنەری خولیای مەزنیخوازیی ناوچەیی و جیهانی، کە ئاڵنگارییەکانی ئێستا بە هی نوێ دەگۆڕدرێنەوە. و هیچ ڕوون نیە ئێران بتوانێت سەقامگیریی نێوخۆیی لەماوەی گۆڕانێکی وەها پڕ کێشمەکێش بپارێزێت.

## ئێران وەک کۆرەی باکوور

بێتوو کۆماری ئیسلامی لەجیات بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان درێژە بە پێشترییەتیدان بە ئایدیۆلۆژی بدات، داهاتوویەکەی دەتوانێ بیرهێنەرەوەی کۆرەی باکووری ئێستا بێت: ڕێژیمێک کە نە بە هەبوونی ڕەوایی لەناو جەماوەردا، بەڵکوو بە دڕندەیی و تەریککەوتوویی درێژە بە ژیان دەدات. زۆر لەمێژە خامنەیی حەزی لە پاراستنی دەسەڵات لە لایەن ڕێبەری گەورەیە، ویشکە مەلایەک کە بە پڕەنسیپە شۆڕشگێڕییەکانی بەرخۆدان دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل وەفادار بێت و کۆنەپارێزیی ئیسلامی لە ناوخۆ درێژە پێ بدات. لەگەڵ ئەوەشدا پاش پێنج دەیە لە شۆڕشی ١٩٧٩، ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی ئێران دەخوازن لەژێر دەسەڵاتی سیستەمێکدا بژین کە شکۆی ئابووری ئەوان لەناو دەبات و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لێ زەوت دەکات. ڕاگرتنی وەها ڕێژیمێک کۆنترۆڵی تەواو و هەمەلایەنە دەخوازێت و، ڕەنگبێ چەکی ناوکیش بۆ چاوترسێن کردنی دونیای دەرەوە.

لە سێناریۆیەکی ئەوتۆدا، دەسەڵات لەدەست تاقمێکی بەرتەسک یان بنەماڵەیەکدا دەمێنێتەوە. ئەگەرچی ڕەنگبێ خامنەیی هەوڵ بدات پرۆسەی دیاریکردنی جێنشین وەها دابڕێژێت کە بە قازانجی کەسێک بێت کە بە پڕەنسیپە شۆڕشگێڕانەکان وەفادار بێت، ڕێژەی بەربژێرانی خاوەن تایبەتمەندیی ئەوتۆ کەمە، چونکە زۆر بەدەگمەن مەلایەکی کۆنەپارێز هەیە کە پشتگیریی جەماوەری و ڕەوایی هەبێت. ئیبراهیم ڕەئیسی، کە سەردەمێک وەک بەربژێری یەکەم دەناسرا لە ڕووداوی بەربوونەوەی هێلیکۆپتەر لە مانگی مای ٢٠٢٤، لە کاتێکدا کە سەرۆککۆماری ئێران بوو، کوژرا. ئەوە بەو مانایەیە کە خامنەیی تەنیا کوڕە ٥٤ ساڵەکەی، موجتەبای وەک بەربژێری سەرەکی بۆ ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، جێنشینیی بەمیراتگیراو ڕاستەوخۆ خیانەتە بە یەکێک لە پڕەنسیپە سەرەکییەکانی شۆڕش: پێداگریی خومەینی لەسەر "نائیسلامی بوونی" پاشایەتی.

موجتەبا قەت بۆ بەرپرسایەتییەک هەڵنەبژێردراوە، نێزیکەی هیچ کەسایەتییەکی جەماوەریی نیە و، زۆرتر بە پەیوەندییە پشتی پەردەکانی لەگەڵ سپای پاسداران ناسراوە. خووخدەکەی بیرهێنەرەوەی جیلی باوکیەتی، نەوەک دینامیزمی سەردەمی نوێ. جموجۆڵی پەرەئەستێنی لایەنگرانی لە ئارادان تا ئەوی بە چوست و چالاکیی شازادەی جێنشین محەممەد بین سەلمان



سەرچاوە
Serchawe

## خەزەڵوەری ٢٧٢٥

بشووبهێنن، لە نێویاندا بە هەڵمەتی سۆسیال میدیا بە هەشتەگی موجتەبا بین سەلمان بە فارسی، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە تەنانەت جەماوەری شۆڕشگێڕی لایەنگری خامنەییش تێدەگەن دیدی دووری پێشکەوتنخوازانە لە ڕوانگەی دواکەوتووانە سەرنجڕاکێشترە.

ڕەکابەری توندئاژۆی دیکە کەمتر هیوابەخشن. سەرۆکی ٦٩ ساڵەی سەختگیری دامودەزگای دادوەری، غولام حوسێن موحسینی ئێژەیی، کەمێک لە دادوەری لەسێدارەدەر زیاترە و لە دەیان لەسێدارەدانەوە تێوەگلاوە؛ ڕەنگبێ یەکێک لە لەبیرنەکراوترین کردەوەکانی لەنێو جەماوەردا گەزینی گوێی ڕۆژنامەوانێک بوو کە ڕەخنەی لە سانسۆڕ گرتبوو. هەر جێنشینییەک کە کەسایەتییەکی ئەوتۆ بگرێتەوە، پشت بە ڕەزامەندیی جەماوەریی نابەستێت، بەڵکوو بە وەفاداریی سپای پاسداران. بەڵام ڕوون نیە ئاخۆ سپای پاسداران درێژە بە گوێڕایەڵیی لە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، ئەو لایەنەی ئەرکی دیاریکردنی سەرۆکی گەورەی داهاتووی لە ئەستۆیە، بدات، یان لە کاتی دیاریکراودا، بۆخۆیان فەرماندەی گشتیی داهاتوو دەستنیشان دەکەن.

مۆدێلی کۆرەی باکوور هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگەیەک بەریەک دەکەوێت کە خەونی ئاوەڵایی و خۆشبژێویی کۆرەی باشوور دەبینێت. کەم کەس لە ئێران سیستەمێک بە ڕەوا دەزانێت کە لە جیات خۆشبژێویی ئابووری و ئاسایشی تاکەکەسی، زیاتر لە سیستەمی هەنووکەیی پێشترییەتی بە ئایدیۆلۆژی بدات.

دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیانە دەستبەسەرکردنی بەرفراوان لە ناوخۆ، ڕاکردنی جەماوەریی پسپۆڕان بۆ دەرەوە و، ڕەنگبێ قەڵخانی ناوکی بۆ چاوترسێن کردنی دەرەکی، بخوازێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێچەوانەی کۆرەی باکوور، ئێران ناتوانێ خۆی بە تەواوی تەریک بخاتەوە: ئیسرائیل دەسەڵاتی ئاسمانەکەی بەدەستەوەیە و بەردەوام پیشانی داوە توانایی هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی، پێگە هاژەکییەکانی و فەرماندە پلەبەرزەکانی هەیە.
بێتوو ڕێبەری گەورەی داهاتوو توندئاژۆیەکی دیکە بێ، وێدەچی کەسایەتییەکی کاتی بێت کە سیستەمەکە بۆ ماوەیەک درێژە پێ بدات، بەڵام ناتوانێ پەرگالێکی سەقامگیری نوێ دروست بکات. ئەحمەد کەسرەوی، ڕوشنبیرێکی سێکۆلاری ئێرانی کە لە لایەن ئیسلامییەکانەوە لە ١٩٤٦ کوژرا، جارێکیان نووسیبووی ئێران دەرفەتێکی دەسەڵاتداری بە مەلایان "قەرزدارە" تا کەمایەسییەکانیان ئاشکرا بێت. پاش نێزیکەی پێنج دەیە بەڕێوەبەریی خراپی ئایینیی، ئەو قەرزە دراوەتەوە. بێتوو داهاتووی ئێران هی پیاوێکی بەهێز بێت، وێناچێت ئەو مێزەر بەسەر بێت.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

## د. کوردستان موکریانی: ئەگەر تۆ زمانی خۆت نەپاراست، یانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆت نەپاراستوە



**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە: یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی پێناسەکردنی هەر نەتەوەیەک، زمانەکەیەتی، چونکە زمان کۆڵەکەی سەرەکیی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی هەر نەتەوەیەکە و زۆر لە بیرمەندان گوتوویانە "گەلێک زیندووە کە زمانەکەی زیندوو بێت". دوکتور کوردستان موکریانی، ئاکادیمیسیەن، زماناناس و کەسایەتیی دیاری بواری ئەدەبیی کوردستان لە وتوویژێکی تایبەتدا پتر باس لە گرنگی و ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیی نەتەوە بێدەوڵەتەکاندا دەکا.**

**شەهرام سوبحانی: با بەم پرسیارە دەست پێ بکەین بۆچی زمان گرنگترین فاکتەرە بۆ پێناسەکردنی هەر نەتەوەیەک؟**

**د. کوردستان موکریانی: زمان ناسنامەیە، ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە، و لە هەمان کاتیشدا ئەگەر تۆ زمانی خۆت نەپاراست، یانی ئەمنییەتی نەتەوەیی خۆت نەپاراستوە. ئەمە وەکوو دراوێکە لایەکی ئەمنییەتە و ئەویتری زمانە، یانی دەبێ تۆ زمان بپارێزی. تۆ هەموو ئەو پاشخانە ڕۆشنبیری و هەموو ئەو ڕابردووییەی هەتە لە ڕێگەی زمانەوە تۆمار کراوە.**

کەواتە تۆ ئەگەر زمانت نەبوو، نە ڕۆشنبیریت هەیە، نە ژیانت هەیە و نە شارستانییەتت هەیە. بۆیە زمان ناسنامەی تۆیە و دەبێ بیپارێزیت.

**شەهرام سوبحانی**: زمان چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانێ کاریگەریی لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازیدا هەبێ؟

**د. کوردستان موکریانی**: هەر نەتەوەیەک زمانی تایبەتی خۆی هەیە، زمانێک کە شانازیی پێوە دەکات، زمانێک کە گفتوگۆی پێ دەکات، زمانێک کە بیرەوەرییەکانی خۆی پێ دەنووسێ، کەواتە هیچ نەتەوەیەک نیە لە دونیادا زمانی خۆی نەبێ. جابۆیە نەتەوە و زمان هاوتەریب پێکەوە دەڕۆن، یانی یەکێک لە ڕەگەزەکانی نەتەوەیەک کە هەبێت، دەبێ زمانی تایبەتی خۆی هەبێ.

**شەهرام سوبحانی**: نێوماڵی کورد بە درێژایی مێژوو پەرتەوازە بووە، ئایا یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم پەرتەوازەییە بۆ نەبوونی زمانێکی ستاندارد ناگەڕێتەوە؟

**د. کوردستان موکریانی**: لێرەدا دورێکی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەڵکەوتەی جوگرافیاییش دەوری هەیە. تۆ ئێستا مەبینە کە خەڵک لە یەکتری نێزیکن و دەتوانن هاتوچۆ بکەن و ئێستا هەر بە ڕێگەی ئەم مۆبایلەی دەستی خۆت، تۆ دەتوانی یەکێک لەوپەڕی دونیا بێت و تۆش بە ئاسانی بە کوردی قسە و گفتوگۆی لەگەڵ بکەی و بیبینی و بیدوێنی. ئەوسا ئەگەر رووبارێک هەبوویێت لە نێوانیاندا نەیانتوانیوە بپەڕنەوە و پێوەندییان بە لایکی ترەوە هەبێت، هەر بۆیەش ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کەوا لێک نێزیک نەبنەوە، یانی نەک زمانی ستاندارد، بەڵکوو باری جوگرافییەکە وای لێ کردوە کەوا لێک نێزیک نەبن، یان دیالێکتێکی زۆری هەبێت، بەڵام هەبوونی دیالێکتیش ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ نابێ زمانێکی ستاندارت هەبێ، نەخێر! هەموو نەتەوەیەک دیالێکتی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام جیاوازیی ئێمە لەگەڵ ئەواندا ئەوەیە کە ئەوان یەکێک لەو دیالێکتەیان هەڵبژاردوە و بووەتە زمانێکی ستاندارد لە لایان، بەڵام ئێمە هەتا ئێستا ئەوەمان نیە. هۆی نەبوونیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە دەوڵەتمان نیە، کە دەوڵەتت هەبوو ئەوسا تۆ دەتوانی کار لەسەر زمانی ستانداردیش بکەی، ئێستا ئێمە دەتوانین تەنیا کار لەسەر زمانی فەرمی بکەین. ئێستا لێرە لە باشووری کوردستاندا زمانی فەرمی بە هەموو نووسراوەکان هەیە، و ئەو زمانەی کە لەنێو هەموو شارەکاندا بەکار دێت زمانێکی فەرمییە، خوێندن زمانێکی فەرمییە، بەڵام ستاندارد نیە، فەرمی جیایە، تۆ کاروباری دەوڵەتی پێ دەڕوێنی، پێی دەخوێنی، ئەمە وەکوو زمانی ئاخاوتن نیە، زمانی ئاخاوتن جیایە، تۆ بە چە دیالێکت بتهەوێ، قسەی پێ دەکەی، شێوەزارێک قسەی پێ دەکەی، بن زارێک قسەی پێ دەکەی، بەڵام لە نووسیندا نەخێر، زمانێکی فەرمیت هەیە. لە خوێندندا زمانێکی فەرمیت هەیە، لە



سەرچاوە
Serchawe

دامودەزگاکانی حکوومەتدا زمانێکی فەرمیت هەیە، لە باشووری کوردستاندا. من ناوم ناوە زمانی فەرمی، ئەمە زمانی ستاندارد نیە.

**شەهرام سوبحانی:** پەیوەست بە پرسیاری پێشووتر، ئاماژەتان بەوە کرد کە هۆی نەبوونی زمانێکی فەرمی بۆ نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی دەگەڕێتەوە، ئەدی خۆ ئێمە لەمێژە لە باشووری کوردستان خاوەنی حکوومەتێکی دیفاکتۆین، بەڵام بۆچی نەمانتوانیوە هەتا ئێستا زمانێکی ستاندارد ڕێک بخەین بۆ ئەوەیکە ئاکامەکەی ببێتە دروستکردنی یەکیەتیی و یەکڕیزی لە نێومالّماندا؟

**د. کوردستان موکریانی:** ئەمە بڕیاری دەوێ، دەبێ بڕیاری لەسەر بدرێ، و هەموو سەرکردەیەکیش ئامادە نیە ئەو بڕیارە بدات، چونکە تۆ چەند دیالێکتێکت هەیە لێرە، ئەگەر بێت و یەکێک لەو دیالێکتانە زاڵ بکەی بەسەر ئەوی تردا، ئەوی تری لێ زوێر دەبێ. تەنانەت کۆتایی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو تاک بە تاکی ڕووناکبیرانی کورد هەڵکەوتووانی کورد، زمانناسانی کورد، هەوڵیان دەدا و دروشمی "زمانێکی یەکگرتووی کوردی"یان هەڵگرتبوو، و مەبەستیان لەوە ئەوە بوو کەوا زمانێک هەبێ کەوا هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکە لە یەکتر تێ بگەن و پێی بنووسن، بەتایبەتی لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ئەم دروشمە دەورێکی باڵای بینی. چونکە کاریان لەسەر کرد، چەند کتێبێکیان دانا بەو شێوەیە و لە سەرتاسەری کوردستاندا بەو کتێبانە دەیانخوێند، بەڵام دوای ئەو کە تووشی نسکۆ بووین، ئیتر بەرە بەرە حکوومەتی عێراق ئەوە مافەی لێت سەندەوە و ئەو بابەتانەی کە بە زمانی کوردی بوون کردیانی بە عەرەبی، یانی ئەگەر هاتبا ئەمە بەردەوام بووبا تا ئێستا زمانێکی دەتوانی بڵێی یەکگرتووت هەبوو. بەڵام ڕایانگرت، ئێستا ڕووناکبیران لەگەڵ ئەوەدا نین کەوا بڵێین زمانێکی یەکگرتوو، ئەڵێن ناکرێ، نابێ و نابێ، بەڵام من پرسیار دەکەم لەهەر دوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردیدا کە ئەگەر تەماشای فەرهەنگ بکەی دەبینی ٩٥٪ وشە فەرهەنگییەکان وەکوو یەکن، بەڵام هەر دیالێکتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، من ناڵێم جیاوازی، بەڵکوو دەڵێم تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هێندێک ناوچە هەیە دەبینی ئەو تایبەتمەندییەی لەولا هەیە هێندێک ناوچە هەیە دەبینی ئەو هەردوو تایبەتمەندییەکەی تێدا هەیە و تۆ دەتوانی ئەم ناوچەیەی کە لە نێوەڕاستدا هەیە بکەیە زمانێکی ستاندارد، بەڵام کاری دەوێ و بڕیاری دەوێ. کەواتە تۆ دەتوانی زمانێکی ستاندارد بکەی، بەڵام ئاکادێمیای دەوێ کە تەنیا ئاکادێمیای زمان بێت، ئەو ئاکادێمیایەی کە ئێستا هەمانە ئاکادێمیای کوردییە، ناشتوانێ ناوی ئاکادێمیای زمانی کوردی لە خۆیی بنێ، چونکە ئەمە هەر بەردەوامی کۆڕی زانیاری کوردستانە ئی ساڵی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئێستا کورد لە باشووری کوردستاندا پێویستی بە ئاکادێمیایەکی زمان هەیە، کە کار لەسەر زمان بکات، پێویستی بە دەزگایەکی تایبەت هەیە بە فەرهەنگدانان، پێویستیمان بە فەرهەنگێکی یەکگرتوو هەیە، بەڵام نەک لەسەر حیسابی فەرهەنگەکانی تر بێ، بەڵکوو

ئەو فەرهەنگانەی کە ئێستا هەن هێندێک لەوانە تایبەتمەندی ئەوەیان تێدا هەیە کە فراوان بکرێن و لە ژیان کاری تێدا بکات و دەوڵەمەند بکرێ و سالانە سەر لەنوێ چاپ بکرێتەوە و دەوڵەمەند بکرێت، دەبێ وابکرێ، نەک بێین هەموو فەرهەنگەکان تێکەڵ بکەین و بڵێین ئەوە فەرهەنگێکی یەکگرتووە، چونکە ئەوسا مافی ئەو فەرهەنگنووسانە دەخورێت کە کاتێک بە تەنیا و یەکباڵ کاریان لە دونیای فەرهەنگدا کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: بێجگە لە زمان کام فاکتەری دیکە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە نەتەوەسازیدا؟

**د. کوردستان موکریانی**: دەی خۆ ئێمە نەتەوەین، هەیە پێمان دەڵێ میللەت، میللەت نەتەوە نیە، ئێمە نەتەوەین و سەربەخۆیی خۆمان هەیە، ئێستا ئێمە لە باشووری کوردستان هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی لەخۆی گرتوە، کە تەماشای ڕاگەیاندن دەکەی لێرە لە باشووری کوردستان دەبینی لێهاتووەکانی ڕۆژهەڵات لە هەموو ڕاگەیاندنەکاندا کار دەکەن، هی باکوور لێرەدا کار دەکەن، کە دەچییە مۆڵەکان، کە دەچیە شوێنە بازرگانییەکان دەبینی ڕۆژاوا دەوڵەمەندیان کردوە و بووژاندوویانەتەوە. یانی تۆ لە باشووری کوردستان توانا و هەڵکەتووەکانی هەر چوارپارچەی تێدا دەبینی، کەواتە تۆ نیمچە دەوڵەتێکی ئێستا، جابۆیە تۆ نەتەوەیەکی، ئابووریی خۆتت هەیە، بەڵام لێت ناگەڕێن، ئاگات لێیە بەغدا دەیهەوێ بە زۆری نەوتەکەت بەرێ، کە نەوتەکەی تەواو کرد، دەڵێ بێنە گازەکەشم بدەیە، چونکە تۆ کە گیرفانت پڕ بوو، سەربەخۆیی، هەر وەکوو ژنێک ئەو ژنەی کەوا خاوەنی جزدانی خۆیەتی، خاوەنی مانگانەی خۆیەتی، ژنێکی بڕیاردەرە، هەر نەتەوەیەکی خاوەن ئابووری خۆی بوو، نەتەوەیەکی بڕیاردەرە.

**شەهرام سوبحانی**: لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە پێکەوە وەک نەتەوەیەک یەکگرتووانە بۆ کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ کار بکەین؟

**د. کوردستان موکریانی**: وەک ئاماژەم پێدا ئێمە نەتەوەین، بەڵام هێشتا وشیاری نەتەوەیی لە لامان بە باشی پێ نەگەیشتوە، و بەداخەوە لەگەڵ یەکتری وەکوو هاونەتەوەیەک مامەڵە ناکەین، دیارە نەک هەموومان، نەخێر ڕووناکبیر هەیە زۆر زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، سەرکردە هەیە زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، تاک هەیە لەنێو ئەو بازاڕی کە دەچی دەبینی هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات. بەڵام کار لەسەر ئەمەش دەکرێ بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتووت نەبێ، کار لەسەر ئەمە دەکرێ هاوبیر نەبن لەگەڵ یەکتری، ئێمە کەوتووینەتە نێو دەمی چوار ئەژدیها لە دەورووبەرمان. هەر باشە ماوین، جا چۆن دێڵن ئەتۆ وەکوو نەتەوە ببووژێیتەوە، یانی لەوانەیە نیوەی سەروەت و سامانی خۆیان تەرخان بکەن تەنیا بۆ ئەوەی خاک لە پێش چاوت ڕەش کەن، نیشتمان لەلات نرخی نەمێنێ، سەرکردەکان ناویان بزڕێ، یانی

خەزەڵوەری ٢٧٢٥


کاری لەسەر دەکرێ و کەسیش هەیە لە ناوشیاریی خۆی، لە نابەرپرسیارێتی خۆی بە دوایان دەکەوێ و ئەو قسانە دەڵێتەوە. یەکێکی وەکوو من هەرگیز ئەوانە ناڵێتەوە، چونکە من دەزانم لەکوێوە ئەم بایە هەڵ دەکرێ و بۆچی هەڵ کراوە و لەبەر چیە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن کە ئەمەیان ڕاگرتوە، و ئەمە ماوە ئەگەر ئەو کەسانە نەبن، ئەوە دەخورێین ئێمە، و بەڕاستی ئەو ئەژدیهایانە دەمانخۆن، و دەبینم ئێمە زۆر نەتەوەیەکی بە توانایین، نەتەوەیەکی زۆر ئازاین، نەتەوەیەکی خاوەن بیرین، بۆیە لەنێو ئەم چوار دەسەڵاتەی کە دابەشیان کردووین، کەوا وایان لێ کردووین ئەوان حوکمڕانیمان بکەن، و ئەوە سەد ساڵە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە بمانتوێنەوە، نەیانتوانی و ئێمە هەر ماوین، کەواتە ئێمە هەر دەمێنین.

**شەهرام سوبحانی**: دوکتور زۆر سپاس کە کاتتان دانا. ئەگەر قسەیەکی نەگوتراوتان لەسەر ئەو بابەتە هەبێت بفەرموون.

**د. کوردستان موکریانی**: ئەمن ئامۆژگاریی کەس ناکەم، بەڵام لە ئەزموونی خۆم قسە دەکەم، ئەویش ئەوەیە کەوا ئێمە پێویستە یەکدەنگ و یەکڕەنگ بین، و یەکترمان خۆش بووێت، چونکە دەزانی خۆشەویستیی خاک، خۆشەویستیی کەس، خۆشەویستیی ئایدئۆلۆژییەت، خۆشەویستیی بیروڕا، هەر جۆرە خۆشەویستییەک بێت، هێزت پێ دەبەخشێ. ئەم هێزەش وات لێ دەکات کەوا تۆ بەردەوام بیت لە ژیاندا و ئەفراندن بکەی لە کار و کردەوکانتدا. بۆیە دەبێ ڕێز لە یەکتری بگرین و یەکترمان خۆش بووێ، لە هەمان کاتدا خاکمان خۆش بووێ و شانازی بە ڕابردوومان بکەین، بەڵام تەنیا لە ڕابروودا نەژین و لە ئێستادا بژین. ئێستا دەبێ چاومان کراوە بێت، کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان بین، دەبێ هاوار بکەین بە هەموومان ئێمە دەوڵەتمان دەوێ، یانی شەرمە بۆ ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش بە دروشمی مافی مرۆڤ و دێموکراسی هاتن، کەچی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئێمەی کورد و خاکی کوردستانیان دابەش کرد بەسەر چوارپارچەدا، دەبێ بچینە چاویانەوە و بە زمانی خۆیان بە کردەوەکانی خۆیان بڵێین، ئێوە کردوەکانتان ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر هەڵە بوو، و دەبێ ئەم هەڵەیە ڕاست بکەنەوە، و دەبێ باجێ ئەم هەڵەیەش بدەن، چونکە ئێمە سەد ساڵە باجی ئەوە دەدەین کە ئێوە بۆ بەرژەوەندیی خۆتان ئێمەتان کردە چوارپارچە، دەبێ ئێمە بەو زمانە قسە بکەین لەگەڵیان، ئیتر بەسە!

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# خەڵک ئیتر ئەسپی زینکراو بۆ دەسەڵات نین! (لە پێوەندی لەگەڵ پینەوپەڕۆکردنی کۆماری ئیسلامیدا)





**عەلی لەیلاخ**

تایبەتمەندیی سەرجەم دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان بەکارهێنان و کەڵکئاژۆ وەرگرتنە لە خەڵک! چ وەکوو هێزی جەماوەری و چ وەکوو چەمکێکی کۆمەڵایەتی/سیاسی.

ئەگەر ڕێژیمی پەهلەوی بە ئێرانشاریگەرایی و دروشمی "خودا، شاهـ، میهەن" بۆ ماوەی ٥٣ ساڵ دەسەڵاتی ئێرانی وەکوو قەبارەیەکی نوێ، بەدەستەوە گرت، ئەوە کۆماری ئیسلامیش بە هەمان شێوە لە جێگای "شا"، "ئیمام و ڕێبەری" داناوە و، بۆ گرێدانی خۆیان بە خودا، "کریدۆری ویلایەتی فقیهـ"یان کردۆتەوە. لەم نێوانەدا لەجیاتی وەتەن و نیشتمان، زیاتر جەختیان خستۆتە سەر خەڵک!

بەڵام هەر لە دەستپێکی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئیسلامی کە خومەینی دەیگوت "کارەبا و ئاو " بەخۆڕایی دەدەین و، خەڵک بە "مەقام و پلەی ئینسانی" دەگەیەنین، هەر لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا ڕوو بە بەردەنگەکانی دەیگوت: ئێمە "شا"مان لەنێو برد، جا ئێوە کێن و چ کارەن!؟ ئەم قسەیە دواتر لە درێژەی تەمەنی سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە زیاتر دەرکەوت،کە ئەوەی بەلایانەوە گرینگ نییە، خەڵکە و، لە چاوی ئایدۆلۆژیستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵک ئەوپەڕەکەی سەرێکن بۆ سەربڕین جا چ بۆ شایی بێ! چ بۆ ماتەم و پرسە!

بەکار گرتنی دەستەواژەی خەڵک، لە لایەن حکوومەتە ئایدۆلۆژیکەکانەوە زیاتر خۆهەڵواسینێکە بۆ ڕەواییدان بە هەر چەشنە خەمساردبوون لە ویستی بنەڕەتیی کۆمەڵگە و، خۆسەپاندنێکی سیاسییانە و نادێموکراتیکە لەهەمبەر کێشە و گرفتەکاندا.

وێکچوونێکی مێژوویی هەیە لەنێوان کۆی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی سەدەی بیستەم، کە ئەویش بەناوی خەڵکەوە پەرە بە جینایەتەکانی خۆیان دەدەن.

جۆرج ئۆروێڵ لە مەزرا خەیاڵییەکەی کە ناوی "مەزرای ئاژەڵان"ە، لە سەروبەندی شەڕی دوویەمی جیهانی، بەجوانی دۆخی ڕێژیمە سیاسییەکانی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی نەخشاندووە.

کە چۆناوچۆن گەندەڵیی سیاسی و ئیستبداد و لەنێوچوونی بنەما دێموکراتیکەکان، پاش شۆڕشەکان، بە فریودانی خەڵک دەست پێدەکات و، ئەم گەندەڵی و داخراوییەش هەر بەناوی خەڵک و لە قامووسی خەڵک بە پیرۆزییەکی ساختەوە جێ دەخرێ.

کۆماری ئیسلامی لەو ڕێژیمانەیە کە پاش ٤٥ ساڵ دەسەڵاتی ناخەڵکی و بەشێوەی ئۆلیگارشیی مەزهەبی لە قۆناغە هەستیارەکان وەکوو هەڵبژاردن و ناکۆکییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە، خەڵکی کردۆتە بیانوو؛ خەڵک لە دیدی کۆماری

ئیسلامییەوە دەستوپێوەندەکانی خۆیانن و جگە لە خەڵکی "خودی" هیچ کەسی دیکە ناگرێتەوە کە ئەوانیش لە پایتەخت و شارە گەورەکان ناترازێ؛ بەڵام بۆ ئاژاوەگێڕی و قوربانیکردنیان خەڵک زۆرن و دەستی درێژی ماف زەوتکردن، هەتاکوو گوندەکانی سەرسنووریش دەگات!

خومەینی و دارولەلەکەی نەتەنیا خەڵکیان بە "مەقامی ئینسانی" نەگەیاند، بەڵکوو لەبەر پاوانخوازی و چەقبەستووییەکی سەرەڕۆییانە، کەرامەتی ئەو خەڵکەیان تا ڕادەیەک شکاندووە کە بە چاوخشاندنێک بە هەڵسوکەوتی خەڵک دەبینین کە چ کۆمەڵگەیەکی بەتاڵ لە هیوا و دارماو لە ڕۆحی شارۆمەندی و گیرۆدەی خەمساردییەکی بێوێنەن؟

لە ئێستادا دروشمەکان و خەڵک فریودانەکان ناتوانێ واقعیەتی کۆمەڵگەی ئێران داپۆشێ و، ئامارەکان لە هەموو بارەوە باس لە کارەساتباریی دۆخی خەڵکی ئەو وڵاتە دەکەن.

"هاینرش بێل" نووسەری دژە شەڕی ئاڵمانی دەڵێ: دەزگای سەرکوتکەری نازی، بەدەر لەو هەموو گیانە کە ئەستاندی زەبرێکی گەورەتری وەشاند، ئەویش بەکارهێنانی هێندێک چەمکی پیرۆز و گران بوو بۆ پاساوی جینایەتەکان و مرۆڤکوژییەکانی.

دەزگای نازی تەنیا خەڵکی نەکوشت! بەڵکوو بە پرۆپاگاندای ناجوامێرانە باری مانایی وشەگەلێک وەکوو یەکسانی، مرۆڤ، ئازادی، سەرکەوتن و سەربەستی تا ئازادی و کەرامەتی مرۆیی لەنێو برد و زوڵمێکی قەرەبوونەکراوی لێ کردن.

هەر بەم ڕوانگە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامیش جیا لە نیزیک بە نیو سەدە ستەم و ستەمکاری، دەستەواژە پیرۆزی وەکوو "جمهوری"، خەڵک، هەڵبژاردن و "مساوات و برابری"، بە درۆکردن و فێڵکردن، لە مانا حەقیقییەکان بەتاڵی کردوون و بگرە خەڵکیش لە هەندێک لەم چەمکانە ئیتر بێزار و ماندوون.

لە ئێستادا کە زۆرینەی خەڵک بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان، نەمان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامییان دەوێ و، لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێژیمە تا لایەنگرانیان ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بێزراوتر دەبن. شاهیدی هێندێک هەوڵ و نمایشی پۆپۆلیستین بۆ "پینەوپەڕۆکردن"ی جەستەی پەڕتووکاوی ئەو ڕێژیمە کە بە هەموو دەوڵەتەکانییەوە چ خەسارێکی ماددی و مەعنەویی بەو خەڵکە نەگەیاندووە؟!



سەرچاوە Serchawe

ڕاستە تا ئەمڕۆکە بە هۆکارگەلێک بۆ نموونە "نەبوونی پرۆژەی سیاسیی ڕوون" و، جێگەرەوەیەکی جێی باوەڕ، ئێمە کۆدەنگییەکی بەربلاو بۆ نەهێشتنی ئەم دەسەڵاتە نیوەگیانە نابینین! بەڵام هەر ئەم خەڵکە تێچوویەکی قورس و گرانیان داوە، کە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان ڕا دەمێنی، تێدەگەی چەندە تینووی تێپەڕبوون لەم ڕێژیمەن و، چەندە لە دەموچاوەکانی ڕاست و چەپی ئەم حکوومەتە بێزارن.

لە پاش شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا، ڕۆژانە شاهیدی گلەیی و گازەندی بەرپرسانی ڕێژیمین بە مەبەستی قوتارکردنی حاکمییەت لە هەڵدێری ڕووخان و، فریودانی خەڵکیان بە شێوەی جۆراجۆر دەست پێ کردۆتەوە.

لە سەرۆککۆمارەکانی پێشوو تا ئەوەی ئێستاکە! بە جۆرێک قسە دەکەن چما تاوانی خەڵکە؟! و پێیان وایە خەڵک لە بیری چووتەوە، کە تەنانەت دەوڵەتی ئیسلاحخوازانیش لە کارنامەیاندا کوشتنی "قەڵەم و ئەندێشە"ی جیابیران، لەژێر ناوی قەتڵگەلی زنجیرەیی بەخوێناویی ماوەتەوە.

هەتا دەوڵەتی "تەدبیر و هیوا" کە بە ئاسانی ناڕازییانی سەرشەقامی گرانی و بێنانی، شەڵاڵی خوێن کرد.

کاربەدەستان و دامەزرێنەرانی ئەم ڕێژیمە کە مانەوەی خۆیان، ئەم حاکمییەتە بە ئەولەویەت دەزانن و پێیکەوە لە "کەشتی"یەکەی شەمخانی دان! هەر بۆیە بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتوونەتە گەڕ بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک، هەتا گەڕێکی دیکە، دەسەڵات بە دەستیانەوە بمێنێ.

لە دیدی ئەوانەوە پێیان وایە خەڵک هەمان "ئەسپی زینکراو" و ئامادەی جارانن کە لە تەنگانەدا دەتوانن بە کەیف و ویستی خۆیان لێی خوڕن.

ئەوان پێیان وایە لە ئاخر شەڕی و خەزانی "ویلایەت فقیە" و، قامکی تاوان ڕاداشتن بۆ خامنەیی، ئێران بە جۆرێکی دیکە، هاوشێوەی کووبا و کۆریای باکوور یان ڕووسیەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، دەتوانن بەڕێوە ببەن و هەر بۆیە بە "گوتاردەرمانی" و خۆدزینەوە لە ئەسڵی بابەتەکە واتە کۆتاییهاتنی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، ئیتر وازیان لە وادە و بەڵێن هێناوە و بە ڕەخنەگرتنی توند لە ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەر کەس لە هەوڵدایە خۆی و دەوڵەتەکەی لەم دۆخە لیخنە بێبەری و خاوێن نیشان بدات.

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

لە واقیعدا بەم هەوڵانە دەیانهەوێ زامی بەسەرچوویی تەمەنی ڕێژیمەکەیان سارێژ بکەن.

بەڵام بە خۆشییەوە هەڵسوکەوتی خەڵک لە وڵامی دەموچاوە درۆینەکان و دەمڕاستەکانی ئێستا و پێشووی ڕێژیم، نیشاندەری ئەمەیە کە تەنانەت ڕاوێژکارە باڵاکانی ئەو نیزامە بە چەشنی عەباس عەبدی و سەعید شەریعەتی دەڵێن: ئەوەی لە ئێستادا مانای نەماوە "خەڵک و پشتیوانی خەڵکە"، کەس ناپرسێت چۆن "چاک" دەبێت؟ بەڵکوو پرسیار لەسەر شێوە و کاتی "ڕووخان"ی ڕێژیم دەکەن.

١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ١٣ی خەزەڵوەر: سەرەتایەک بۆ قەیران و سەرکوت






**مستەفا شێخە**

ئەمڕۆ ١٥ی خەزەڵوەرە و تەنیا چەند ڕۆژێک بەسەر ساڵیادی ڕووداوێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێت. لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران لە قۆناغێکی هەستیاردا بوو و چاوەڕوان دەکرا درێژەی ئەم شۆڕشە بەرەو ئاقاری پەرەسەندنی دێموکراسی و فراوانکردنی ئازادیی هاووڵاتیان هەنگاو بنێت. لەم ڕۆژەدا ڕووداوێک قەوما نەک تەنیا

ڕێڕەوی مێژووی هاوچەرخی ئێرانی بەتەواوی گۆڕی، بەڵکوو برینێکی قووڵ و سارێژنەبووی لەسەر جەستەی کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەتی نەتەوە بندەستەکان و لە سەروویانەوە گەلی کورد، بەجێ هێشت.

١٣ی خەزەڵوەر، ئەو ڕۆژەی کۆمەڵێک خولیای لێدوانەکانی خومەینی لەژێر ناوی "پەیڕەوانی هێڵی ئیمام" بە دروشمی دژەئیمپریالیستییەوە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان لە تاران داگیر کرد. لێرەدا پێویستە ئەمەمان لە بەرچاو بێت، باڵیۆزخانەی هەر وڵاتێک لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، بە خاک و سەروەریی نیشتمانیی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت. ئەم کارە دزێوەی "پەیڕەوانی هێڵی ئیمام" بە خێرایی کرا بە سیمبولی "شۆڕشی دووەم" و سەرکەوتن بەسەر "شەیتانی گەورە"دا. بەڵام لە پشت ئەم وێنە ئایدیۆلۆژیکەوە، دەرەنجامگەلێکی کارەساتبار خۆیان حەشار دابوو کە ئێرانی بەرەو گۆشەگیرییەکی نێودەوڵەتیی درێژخایەن، ئیفلیجیی ئابووری و سەرکوتێکی سیستماتیکی نێوخۆیی پاڵ پێوە نا. لێکەوتە ستراتیژییەکانی ئەم ڕووداوە بۆ سەرانسەری ئێران و بەتایبەتی بۆ سەر تێکۆشانی مێژوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیانێکی زۆری لێ کەوتەوە و لە جیات ئەوەی کۆرپەی شۆڕشی گەلان لە نەخۆشی و ئازار بپارێزرێت و بەرەوە دێموکراسی و ئازادی هەنگاو بنێت، ئەم داگیرکردنی باڵیۆزخانەیە شۆڕشی تووشی نەخۆشییەک کرد و دەستەڵاتێکی وای لێ کەوتەوە، وەک خۆرە و مشەخۆر نەک هەر گەلانی نێو جۆگرافیای ئێران بەڵکوو وەک خۆرە زیانی بە هەموو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەیاند.

## لێکەوتە نێودەوڵەتییەکان

داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، کە بووە هۆی بارمتەگرتنی ٥٢ دیپلۆماتکاری ئەم وڵاتە بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ، لە کەشوهەوایەکی سیاسیی پڕ لە گرژی و بێمتمانەییدا سەری هەڵدا. پشتیوانیی مێژوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی، لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢(١٩٥٣) دژی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور محەممەد موسەدیقەوە بگرە هەتا پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای لە سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی شا، زەمینەیەکی بەهێزی بۆ هەستی دژەئەمریکایی لە ئێراندا دروست کردبوو. لە کوردستان، بێدەنگیی زلهێزەکان، لەوانەش ئەمریکا، لە بەرانبەر هێرشی حکوومەتی ناوەندی بۆ سەر کۆماری دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ و دواتر لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، وەک نموونەیەکی دیکەی دەستتێوەردان یان بێباکیی دەرەکی لە ماف و ویستی گەلان سەیر دەکرا. لەم چوارچێوەیەدا، گرووپێک بە ناوی "خوێندکارانی پەیڕەوی هێڵی ئیمام"، بە ئیلهاموەرگرتن لە گوتارەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی، باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە تاران، کە بە "لانەی سیخوڕی" ناویان دەبرد، داگیر کرد.

بەڵام ئەم ڕووداوە، زۆر خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، لە کردەیەکی سیمبولیکەوە بوو بە قەیرانێکی دیپلۆماتیکی هەمەلایەنە و پەیوەندییەکانی ئێرانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بۆ دەیان ساڵ ئاڵۆز کرد. یەکەمین لێکەوتەی ڕاستەوخۆ، پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماتیکییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی بەرفراوان بوو، ئێران لە دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆژیا، سەرمایە و بازاڕە جیهانییەکان بێبەش کرا، ئابووریی وڵات کە پێشتر لەسەر ڕێگەی گەشەسەندندا بوو، لەژێر باری هەڵاوسانی بێوێنە، کەمیی کاڵا و کۆچی بە لێشاوی شارەزایان و خوێندەواران بۆ دەرەوەی وڵات پشتی چەماوە. ئەم گۆشەگیرییە، زەمینەی بۆ دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) خۆش کرد. سەددام حوسێن بە چراسەوزی ناڕاستەوخۆی ڕۆژئاواوە، سوودی لە قەیرانی بارمتەکان و دابڕانی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەرگرت و هێرشی کردە سەر ئێران. ئەم شەڕە، سەرەڕای زیانە مرۆیی و ئابوورییە قورسەکانی، لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە دەرفەتێکی ناوازەی بە ڕێژیمی تازەپێگەیشتوو بەخشی تا کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشۆک و سادەی فریوخواردووی ئاخوندان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لەژێر سایەی "بەرگریی نیشتمانی"دا، هەر دەنگێکی نەیار و بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە سەرکوت بکات. شەڕەکە بووە هۆی کوژران و بریندابوونی ملیۆنان مرۆڤ و ژێرخانی ئابووریی ئێرانی بەتەواوی وێران کرد، بەڵام لە ئاکامدا بووە هۆی پتەوکردنی پێگەی ڕێژیمی داسەپاوی ئاخوندان. ئەمەش وایکردی خومەینی بەم شەڕە شاگەشکە بێت و لە قووڵایی دڵییەوە بڵێت: "شەڕ بۆ ئێمە نیعمەتی ئیلاهی بوو".

## قووڵبوونەوەی دیکتاتۆرییەت لە نێوخۆدا

لێکەوتە نێوخۆییەکانی ئەم ڕووداوە تەنانەت لە دەرەنجامە نێودەوڵەتییەکانیشی تاڵتر بوون. داگیرکردنی باڵیۆزخانە، بە دروستکردنی شەپۆلێکی دژەئەمریکایی، دەرفەتێکی زێڕینی بە ڕژێمی تازەپێگەیشتووی ئیسلامی بەخشی تا ناکۆکییە نێوخۆییەکان بە شێوەیەکی کاتی بشارێتەوە و دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات. بەڵام ئەم یەکێتییە، یەکێتییەکی ئایدیۆلۆژیک و ناسک بوو و زۆر زوو کرا بە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی دەستەڵاتی تازە پێگیشتووی ئەوکات لە نێوخۆ. هەموو ئەو هێز و لایەنانەی لە مانگەکانی سەرەتای شۆڕشدا داوای مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان دەکرد، لەوانە لیبراڵەکان، هێزە چەپەکان، ناسیۆنالیستەکان و نەتەوە بندەستەکان، بە "دەستوپێوەندیی ئیمپریالیزم" و "ستوونی پێنجەم" تۆمەتبار کران.

قەیرانی بارمتەکان، بە ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆ سەر "هەڕەشەی دەرەکی"، ڕێژیمی لە فشاری نێوخۆیی ڕزگار کرد و شەرعییەتێکی ساختەی پێ بەخشی تا ئامێری سەرکوتی خۆی دژی هەر دەنگێکی جیاواز بخاتە گەڕ. لۆژیکی ڕژێم سادە بوو: یان لەگەڵ ئێمەدایت دژی "شەیتانی گەورە" یان خۆت بەشێک لە پیلانەکانی ئەوانی. ئەم لۆژیکە پاساوی بۆ زیندانیکردنی



سەرچاوە
Serchawe

هەزاران چالاکی سیاسی، ئیعدامە بەکۆمەڵەکان و دەرکردنی یاسای زەبروزەنگ هێنایەوە. دەرەنجامەکەی، کۆچی زۆرەملێی نەوە لە دوای نەوەی ئەو ئێرانییانە بوو خەونی ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەرییان لە گەروودا خنکێندرا. ئەم ڕووداوە نەک تەنیا دێموکراسیی لە گەرووی شۆڕشدا خنکاند، بەڵکوو بناغەی بۆ دروستبوونی ئەم سیستەمە تۆتالیتارە دانا ڕەنگە ساڵانێک دوای لەنێوچوونیشی کاریگەرییەکانی بەسەر ژیانی خەڵکی ئێرانەوە بمێنێت.

## کوردستان؛ قوربانیی سەرەکیی

بەڵام بۆ گەلی کوردستان، ئەم ڕووداوە تەنیا کارەساتێکی نیشتمانی نەبوو، بەڵکوو خراپ بەکارهێنانێکی ستراتیژیک بوو بۆ سەرکوتکردنی ئامانجە ڕزگاریخوازییەکانی. لە بەهار و هاوینی ١٣٥٨دا، کاتێک کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی ڕاپەڕیبوو، ڕژێمی تاران بە بەڵێنی بێ بنەما و کاتکوشتن، دانوستانەکانی لەگەڵ "هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" دوا دەخست. لە ٢٨ی گەلاوێژی هەمان ساڵدا، خومەینی فەرمانی "جیهاد"ی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر شارەکانی کوردستان.

داگیرکردنی باڵیۆزخانە لە خەزەڵوەردا، ڕێک لە لووتکەی گرژییەکان نێوان دەستەڵاتدارانی تاران و بزووتنەوەی کورددا لە کاتێکدا ڕووی دا ئاخوندەکان بەپەلە خەریک بوون جێگەقوونیان لەسەر کورسیی دەستەڵات خۆش دەکرد. ئەم ڕووداوە دەرفەتێکی بۆ ڕژێم ڕەخساند تا بە بیانووی "یەکریزی دژی ئیمپریالیزم" و سەرقاڵکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە قەیرانی بارمتانەوە، کاتی پێویستی بۆ خۆڕێکخستنەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی و ئامادەکاری بۆ هێرشێکی گشتگیرتر بۆ سەر کوردستان بکرێت.

ئەو "ئارامیيە کاتییە" تەنیا فێڵێک بوو. لە کاتێکدا کامێراکانی جیهان لەسەر بارمتە ئەمریکاییەکانی تاران چڕ ببوونەوە، ڕێژێم لە زستانی ١٣٥٨ و بەهاری ١٣٥٩دا، بە بێدەنگی خۆی بۆ هێرشێکی خوێناوی و هەمەلایەنە بۆ سەر کوردستان تەیار دەکرد. بەمجۆرە، هاواری گەلی کورد لە بەرانبەر تۆپ و تانکی پاسدارانیدا، لەنێو ژاوەژاوی میدیاییی قەیرانی بارمتەکاندا بزر بوو. هەزاران کوردی بێتاوان شەهید کران، گوندەکان سووتێندران و بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستان ناچار کرا بەرەو چیاکان پاشەکشە بکات. پێویستە ئەمەشمان لە بیر بێت، ئەم پاشەکشەکردنەی هێزی پێشمرگەی کوردستان تەنیا بە مەبەستی پاراستنی گیان و ژیانی دانیشتووانی کوردستان بوو.
قەیرانی بارمتان، بووە هۆی بەلارێداچوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و ڕژێمی بەهێزتر کرد تا

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

کوردستان وەک "بنکەی جوداخوازی" و "دەستی دەرەکی" سەرکوت بکات. ئەم ڕووداوە، بە شێوەیەکی کاریگەر، دۆزی ڕەوای گەلی کوردی لە چاوی جیهاندا خستە پەراوێزەوە و ڕێگەی بۆ سیاسەتی سەرکوتکاریی دواتر خۆش کرد.

## ڕوانینی هەستیارانە بۆ داهاتوو

چل و پێنج ساڵ دواتر، ١٣ی خەزەڵوەر، ئێستا دەزانین ئەم ڕووداوە سەلماندی ئایدیۆلۆژیا توندڕەوەکان، تەنانەت ئەگەر دروشمی جوان و دژەئیمپریالیستیشیان هەڵگرتبێت، دەتوانن ببنە کۆت و زنجیر بۆ ئازادیی گەلان و وڵات بەرەو تەریککەوتنەوە و وێرانکاری ببەن. لێکەوتەکانی داگیرکردنی باڵیۆزخانە -لە گۆشەگیریی ئابوورییەوە تا سەرکوتی سیستماتیکی نەتەوەکان- دەبێت ببێتە وانەیەکی گرنگ بۆ بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی ئەمڕۆ.

گەلی کوردستان، لە کاتێکدا دەیان ساڵە لە بەرانبەر ستەمی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تاراندا تێدەکۆشێت، پێویستە ئەم مێژووە بە باشی لەبەرچاو بگرێت. ڕزگاریی ڕاستەقینە لە داگیرکاریی سیمبولیک و دروشمی بریقەداردا نیە، بەڵکوو لە یەکگرتنی هەموو گەلانی ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیک، فیدراڵ و لەسەر بنەمای مافی یەکسان و مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەمووان‌دا خۆی دەبینێتەوە.

لە داهاتووشدا تا ئەو ڕۆژەی تاران مافە ڕەواکانی گەلی کورد و باقیی گەلانی دیکەی ئێران بە فەرمی نەناسێت و پابەندی بنەماکانی دێموکراسی و دادپەروەری نەبێت، برینەکانی دوای ١٣ی خەزەڵوەر سارێژ نابنەوە و ئاشتی و سەقامگیریی ڕاستەقینە لە ئێراندا بەدی نایەت. ئەمڕۆ، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، پێویستە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر لە پەندەکانی مێژوو فێر بین و بیر لەوە بکەینەوە، ڕەنگە زۆر ڕووداوی دیکەی وەک داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا ڕووبدەن و لەبەرا خەڵک وابزانن، کار ناکاتە سەر ژیانی ئەوان و دواتر دەربکەوێت چۆن بووەتە هۆی گۆڕینی کارەساتباری ڕەوتی ڕووداوان.

**١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# سۆسیال دیموکراسی و ئاڵنگارییەکانی لە کردەوەدا





سۆران عەلیپوور

لە نێوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبردا سۆسیال دیموکراتەکانی ئورووپا، چالاکوانان، نوێنەرانی سەندیکاکان، ڕۆژنامەوان، وەرزشکار، فەیلەسووف و لێکۆڵەر، هاوکات نوێنەری ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان لە گۆشە و کەناری جیهانەوە لە شاری ئامستردام کۆ بوونەوە تا لەژێر دروشمی" بانگەوازێک بۆ مۆبیلیزەکردنی پێشخستنی ئورووپا و دەوروبەری" باس لە

ئاڵنگارییە جیددییەکانی مۆدێلی سۆسیال دێموکراسی و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی بکەن، ئەو هەڕەشانەش باس بکەن کە لە زۆر لاوە دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیستمی ئابووری و ژیان و مافی تاکەکەس و ئازادی لە ئورووپادا بەنیشانە گرتووە.

وەک یەکێک لە ئەندامانی وەفدی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەو کۆنگرەیە، دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە سەرەرای ئەرکی حیزبی لە نزیکەوە گوێ لە باسەکان بگرم و لەو ئاڵنگاری و مەترسییانە ورد ببمەوە کە مۆدێلی سۆسیال دێموکراسی لە جیهاندا بەگشتی و لە ئورووپادا بەتایبەتی لە بواری پراکتیکدا دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکا. لێرەدا ناپرژێینە سەر چەمکی "سۆسیال دێموکراسی" وەک ئایدیۆلۆژی یا ئەو تێبینییانەی لە ڕووی تیۆرییەوە لەسەر ئەو چەمکە هەیە، بەڵام ئەو مەترسییانەی لە کردەوەدا بەرەوڕووی ئەو مۆدێلە دەبنەوە کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان و ئێمەی کوردیش هەیە. بۆ ئێمە کە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی نەک هەر دروشمێکی سیاسی، بەڵکوو پرسێکی وجوودییە، هەر جۆرە پاشەکشەیەکی دێموکراسی لە دنیای دەرەوەدا گورزێکە لە پەیکەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێمەش.

لە ئورووپایەکدا کە بۆ یەکەم جار دوای جەنگی جیهانی دووەم شەڕ هاتۆتەوە نێو سنوورەکانی، پرسی خۆپڕچەککردن گەرمترین باسی بودجە و پلاندانانی وڵاتەکانییەتی، هێزە توندڕەوە ڕاستڕەوەکان، پۆپۆلیست و ئۆتۆریتەخوازەکان، دژەبیانییەکان، ئەوانەی کە دێموکراسی، زانست و زانکۆکان دەخەنە ژێر پرسیار، لە گەشەسەندندان، هەموو ئەوانە ئەو ڕیزبەندییە نەریتییەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە لە ئورووپادا هەیە، خستۆتە ژێر مەترسییەوە. جۆرێک لە ڕیزبەندی جیهانی خەریکە گەشە دەکا کە بالانسی هێز دەگۆڕێ و ئەو وێناکردنە لە پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان ئاڵۆز دەکا کە ڕۆژاوا ساڵانێکە وەک پرسێکی وجوودی بۆ ڕۆژاوایەکی بەهێز و بۆ بایەخ و بەهاکانیان شەڕیان بۆ کردووە. ئەم گۆڕانکارییانە هاوپەیمانێتییە کلاسیکییەکان لە هێڵەگ دەدا و تاقیان دەکاتەوە و تاکوو سنووری هەڵوەشاندنەوەیان دەبات. یەکێتیی ئورووپا و پەیمانی ناتۆ وەک دوو نموونەن کە نەک لە دەرەوە، بەڵکوو لە نێوخۆوە هەڕەشەیان لەسەرە، ڤیکتۆر ئوربان لە هەنگاری و سیاسەتەکانی، دەکرێ وەک نموونەیەک لەو هەڕەشە نێوخۆییە تەماشا بکرێ.

ناسیۆنالیزمی ڕاستڕەوی توندڕەو دووبارە بۆتەوە بە ئەکتەرێک لە شانۆی سیاسیی ڕۆژاوادا و گەڕاونەتەوە ناوەندەکانی بڕیاردان و لە چەند وڵاتێکیشدا لە لووتکەی دەسەڵاتدان. ڕەوتی ڕاستی توندڕەو بە سیاسەتی ترساندنی"پیاوە سپییەکە" لە نەمانی ڕەچەڵەک، بەها و جوغرافییەکەی، خەریکە لەسەر ئاستی جیهانی ئەو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییانەی لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەت - نەتەوەدا پرسە جیهانییەکان تاوتوێ و چارەسەر دەکەن، دەخاتە بەردەم چارەنووسێکی

نوێوە. لەسەر ئاستی وڵاتەکانیشدا بە هەمان سیاسەتی ترساندن، دابەشکردنی کۆمەڵگە و ڕەوتی دژەبیانی پاشەکشە بە سۆسیال دێموکراسی دەکەن.

ئەوە وێنەیەکی گشتییە لەو ئاڵنگاریانەی، سۆسیال دێموکراسی خستۆتە بەردەم ئەزموونێکی نوێوە، بەڵام ئەوە بەدەر لە کۆمەڵێک قەیرانی دیکە کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەین. دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئاسۆیەکی ڕوونی نییە و کەلێن و درزی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە فراوانبووندایە، ئورووپا کە چەندین قەیرانی ئابووری لە ماوەیەکی کورتدا خستۆتە سەر کارنامەکەی، ژیان و بژێوی دانیشتووانی سەختتر کردووە، سەرەتا کۆرۆنا و پاشان شەڕی ئۆکراینیا و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەڵاوسانی ئابووری، بەرزبوونەوەی نرخەکان و بەم دواییانەش پرسی گومرگ خستنە سەر هەناردەکانی لە لایەن دۆناڵد ترامپەوە، یەک لە دوای یەک ئاستی گوزەرانی خەڵکیان هێناوەتە خوار و سیستمی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی، کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سۆسیال دێموکراسییە، لەرزۆک کردووە. ئەو قەیرانە ئابوورییانە زیاتر لە هەموو کەس دەستی گرووپە کەمینەکان، بیانییەکان، ژنانی تەنیا و هاووڵاتییە بەتەمەنەکانی لە گەیشتن بە ژیانێکی ستاندارد کورت کردۆتەوە، ئاماری هەژاری و بێخانومانی بردۆتە سەر. ئەو نادادپەروەرییە کاتێک بەرجەستەتر دەبێ کە سەرنج لە زیاتر دەوڵەمەندبوونی بانکەکان، کۆمپانیا زەبەلاحەکان و ئەو کەمینەیە لە کۆمەڵگە بدەی کە دەستی بەسەر جووڵەی ئابووری داگرتووە، لە کاتێک شارۆمەندانی ئاسایی و خاوەن کۆمپانیا بچووکەکان بە ئاستەم دەتوانن بەردەوام بن و لەنێو دوو بەرداشی هەڵاوسانی ئابووری و ناجێگیریی سیاسی و سەربازیدا هەناسە بدەن.

هەر لە درێژەی گەورەتربوونی درزە کۆمەڵایەتییەکاندا پرسی نایەکسانیی ڕەگەزی و بەرتەسککردنەوەی مەودای دەرکەوتنی ژنان لە بوارەکانی سیاسەت، ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاستەنگێکی دیکەی بەردەم سۆسیال دێموکراسییە. تا ئێستاش مووچەی مانگانەی پیاوان لە ژنان بۆ کاری وەک یەک زیاترە و بە پەرەگرتنی ڕاستی توندڕەو ئازادییە تاکەکەسییەکان، سەربەخۆیی زانکۆکان و بیروڕادەربڕین لە مەترسیدان.

پرسێکی دیکە کە سێبەری بە سەر زۆر بواری ژیانی ڕۆژئاوادا کێشاوە، پرسی پەنابەرییە، لە دیالۆگی گشتیدا پرسی پەنابەر لە سەرچاوەی هێز و دەرفەتی کار، پێکگەیشتنی کولتووری جیاوازەکان و هاوکاری و پشتیوانیی مرۆیی بۆ خەڵکی لێقەوماو گۆڕاوە بۆ پەنابەر وەک سەرچاوەی تاوانکاری، هەڕەشە لە بایەخە دێموکراتییەکان و بارێک بەسەر سیستمی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیدا، لە گوتاری ڕاستە توندڕەوەکاندا پرسی بیانییەکان کارتێکی بەهێزی سیاسی و گوتارییە کە بۆ ترساندنی کۆمەڵگەی ڕۆژاوایی و بەهێزکردنی پێگەیان لە دەسەڵاتدا کەڵکی لێ وەردەگرن و تا ئێستاش بۆ ئەوان وەک ئەوە وایە سەد مێشیان لە خەڵەفێکدا دیتبێتەوە و لە بردنەپێشی ئەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو بوون و ئۆباڵی زۆر قەیرانی دیکەش دەخەنە

ئەستۆی ئەو کەمینەیە، ئەو بەو مانایە نییە کە هاتنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەر بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠١٥ کۆمەڵێک قەیرانی لە بواری فێربوونی زمان، خۆگونجاندن و دۆزینەوەی کار و سەرچاوەی بژێوی هەم بۆ پەنابەران خۆیان و هەم بۆ حکوومەتەکان دروست نەکردووە. ڕەوتی سۆسیال دێموکراسیش کە لە مێژووی خۆیدا سیاسەتێکی کراوە و دڵفراوان و مرۆڤدۆستانەی لە ئاست پرسی پەنابەریدا هەبووە، ئێستا سیاسەتێکی پارێزخوازانەی و توندتری گرتۆتە بەر، چونکە لە لایەکەوە فشاری ڕای گشتی لەسەرە و لە لایەکی دیکەشەوە لە مامەڵەکردن و دروستکردنی دەرفەت بۆ خۆگەنجاندنی پەنابەران لەگەڵ ژینگەی نوێدا شکستیان هێناوە و باس لە وەرگرتنی ژمارەی کەمتر، داخستنی سنوورەکان و ناردنەوەی ئەو کەسانە دەکەن کە بە شێوەی نایاسایی لە یەکێتیی ئووروپادا ماونەتەوە.

پرسی ژینگە و داهاتووی کەشوهەوای گۆی زەوی لە پرسێکی سروشتییەوە بووە بە پرسێکی سیاسیی گەرم، کاتێک ڕیزبەندی هێز بە جۆرێکی دیکە دادەڕێژرێتەوە و ئەو هاوپەیمانێتییانەی لە ژوور سنووری دەوڵەت . نەتەوە بە دوای چارەسەری ژینگە و پرسەکانی تردا دەگەڕێن لە بەردەم دابڕان و لێکهەڵوەشانەوەدان، ئەوە دۆزینەوەی چارەسەرێکی هاوبەش و ڕێککەوتنێکی جیهانی بۆ ڕاگرتنی گەرمبوونی کەشوهەوا بۆ ژێر دوو پلەی سێلسیۆسی ئاستەم کردووە، لەگەڵ ئەوەدا ڕەوتی سۆسیال دێموکراسی لەگەڵ سەوزەکاندا پشتیوانی سەرەکیی پەیماننامەی پاریس و نێوەرۆکەکەین بۆ پاراستنی ژینگە، بەڵام نێوەرۆکی ئەو پەیماننامەیە لە لایەن هێزە پۆپۆلیست و توندڕەوەکان هەڕەشەی لەسەرە تا ئاستێک کە بەشێکیان ڕاستی و دروستیی پرسی ژینگە و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدان، دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

ناداد پەروەریەک کە لە پرسی ژینگەدا هەیە ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی هەڵگری ئالای چارەسەری ژینگەن و بەشێکیشیان کارنامەی دوور و درێژی سۆسیال دێموکراسییان هەیە لە گەرمترکردن و ئالودەکردنی ژینگەی زەویدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە و هەیە، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانەی کەمترین ڕۆڵیان لەو بوارەدا هەبووە، زەرەرمەندی سەرەکین و قوربانی زیاتریان داوە، ئەوە بێجگە لە ناداد پەروەری، پەڵەیەکی ئەخلاقیشە بە نێوچاوانی ڕۆژاوای مۆدێرندا کە سۆسیال دێموکراتەکان لە باڵاکردن و بیچمگرتنیدا بەشی شێریان بەر دەکەوێ.

سۆسیال دێموکراتەکان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە پێویستیان بە هاوپەیمانییەتییەکی جیهانی هەیە لەنێوان هەموو هێزە سۆسیال دێموکراتەکاندا بە مەبەستی پاراستنی بەهاکانی وەک مافی مرۆڤ، ئازادیی تاکەکەسی و پارێزگاریکردن لە دامەزراوە دێموکراتییەکان، هەر لەو کۆنگرەیەدا بانگەشەی دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ مۆبیلیزەکردنی هەموو سۆسیال دێموکراتەکانی جیهان کرا. بێگومان مەوداکانی نێوان دروشم و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە لە مەیداندا زۆرن و پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان ڕۆژگارێکی سەخت تێپەڕ دەکەن، چۆن سۆسیال دێموکراسی دەتوانێ

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

سیاسەتەکانی لە ئاستی جیهانیدا بباتە پێشێ؟ پاشەکشەی دیموکراسی Democratic backsliding و پەرەگرتنی هێزە ئۆتۆریتەخوازەکان و کۆنسێرڤاتەکان چەندە کاریگەری لەسەر ڕەوتی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەو نەتەوانە هەیە کە لە گەڵ ئۆتۆریتەی داسەپاو و کۆنەپارێزی وڵاتەکانی خۆیاندا پەنجە نەرم دەکەن، پرسیارێکی گرینگە بۆ ئێمەی کورد کە بە دوای وڵامەکەیدا بگەڕێین و بتوانین لە گێژەنی سیاسەتی جیهانیدا ئەو ڕێیە ببینینەوە کە لە ماف و ویستەکانمان نزیک دەکاتەوە. لاوازبوون و پاشەکشەی گوتاری سۆسیال دیموکراسی و بەهێزبوونی ئوتۆریتاریانیسم لە بەرژەوەندیی ئەو هێزە سیاسییە کوردییانەدا نییە کە لە مێژووی خۆیاندا دیموکراسی، مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان لە بەرنامەکانی خۆیاندا گونجاندووە.

١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# چارەنووسی ناڕوونی ٥٢ میلیارد دۆلار، وێنەیەک لە پێکهاتەی تاڵان و وەڵامنەدانەوە لە ئێران



ڕەحیم نزهت زادە

دیارنەمانی دەیان میلیارد دۆلار لە دراوی هەناردەیی، هێمای دارمانی ئەخلاقی و پێکهاتەیی سیستەمێکی ئابوورییە، کە لەسەر بنەمای جیاکاری، قۆرخکاری و نادادپەروەری بنیات نراوە.

لە کاتێکدا هەڵاوسان و هەژاری و گرانیی نرخەکان هەناسەی خەڵکیان بڕیوە، دیارنەمانی ٥٢ میلیارد دۆلار لە دراوەکانی هەناردەکردنی وڵات، جارێکی دیکە سروشتی ڕانتگەرانە و ناشەفافی ئابووری ئێرانی ئاشکرا کردووە. لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوییە تا ئێستا، نزیکەی ٩٥ میلیارد دۆلار دراوی هەناردەکردن نەگەڕاوەتەوە بۆ وڵات، هەروەها زیاتر لە نیوەی تەنیا لە دەستی ٥٠٠ کۆمپانیادایە. ئەم ژمارانە ئەوە دەردەخەن، کە قەیرانی ئەمڕۆ لە کەمیی سەرچاوەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لە نەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ شەفافیەت و دادپەروەرییەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە وڵاتێکدا کە میلیۆنان کەس لەژێر گوشاری هەڵاوسان و پاشەکشەدا چەقێنراون، لە هەمان کاتدا کرێکاران و مامۆستایان



سەرچاوە
Serchawe

لەپێناو کەمترین بژێوی ژیاندا خەبات دەکەن، دەیان ملیارد دۆلار لە سامانی نیشتمانی، لە هەژماری نهێنی ئەو کۆمپانیایانەدا دەمێننەوە کە لە ئیمتیازاتی تایبەت بەهرەمەندن. پێکهاتەیەک کە پێویستە بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت، بووەتە ئامرازێک بۆ تاڵانکردن و چڕکردنەوەی سامان لە دەستی بازنەیەکی سنووردارردا.

گەندەڵی لە ئێران ئیتر ئیستیسنا و دەگمەن نیە، بەڵکوو سەرەڕای هەڵبەزینەوەی توندی خامنەیی کە ڕایگەیاند سیستماتیک نیە، ڕێک یاسای نەنووسراوی دەستەڵاتە و بەسەر پێکهاتەی ئابووری و ئیداری وڵاتدا زاڵە.

کاتێک یاسا لە خزمەتی دەسەڵات دابندرێت، دادپەروەری دەبێتە مۆڵەتێک بۆ جیاکاری. لە مۆڵەتی هەناردەکردنەوە، تا ئیمتیازاتی هاوردەکردن و تەرخانکردنی زەوی، هەمو قۆرخکراو بەدەست تۆڕەکانەوەوەیە، کە نە وەڵامی خەڵک دەدەنەوە و نە لە ژێر چاودێری دامەزراوەیەکی سەربەخۆدان.

لەوەها جۆرە هەلومەرجێکدا، کارئافرێنیی ڕاستەقینە دەسڕێتەوە، و جێگەی ئەو ڕانتگەرانە دەیگرنەوە، کە نە بەرهەم دەهێنن و نە بەها دەئافرێنن، بەڵکوو تەنها بە نزیکبوون لە ناوەندەکانی دەسەڵات، سامانە نیشتمانییەکان بەتاڵان دەبەن.

گەندەڵیی ئابووری لە ئێران دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی دوورخستنەوەی خەڵکە، لە چاودێری چارەنووسی خۆی. لە هەر شوێنێک خەڵک پەراوێز بخرێت، تاڵان و جیاکاری دەبێتە یاسا.

لە ئێراندا غیابی وەڵامدانەوە و دارمانی ئەخلاقی لە سیستەمی کارگێڕیدا تۆخترین توخمی دەسەڵاتە. بۆیە هیچ کام لە دامودەزگا بەرپرسەکان، لە بانکی ناوەندییەوە هەتا وەزارەتی ئابووری، چارەنووسی ئەو ملیاردەها دۆلارەیان ڕوون نەکردۆتەوە.

ئەم بێدەنگییەش بەڕێکەوت نیە؛ نیشانەیە بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و سامان لەیەکتردا تێکەڵ بوون. کاتێک سیاسەت و ئابووری لە خاڵێکدا کۆبکرێنەوە، دەزگای چاودێری، دەگۆڕێت بە بەرگێک بۆ گەندەڵی. دەرئەنجامەکەش ڕوونە: هەژارتربوونی خەڵک، لەنێوچوونی متمانەی گشتی و لەنێوچوونی هەستکردن بە دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا.

بێگومان هیچ وڵاتێک بەبێ دادپەروەری ئابووری ئازاد نامێنێتەوە. میللەتێک کە سامانەکەی بۆ ئیستغلالی نایاسایی لە

پۆست و گەندەڵی خەرج بکرێت، سەربەخۆیی ڕاستەقینەی نیە.

هەرێمە بێبەش و پەراوێزخراوەکان بە کوردستانیشەوە، ساڵانێکە باجی ئەم نادادپەروەرییە دەدەن. چڕبوونەوەی سەرمایە لە دەستی چەند کەسێکدا، نەبوونی دەرفەتی یەکسان و پشتگوێخستنی گەشەسەندنی مرۆڤی، کۆمەڵگای لە بازنەیەکی هەژاری، کۆچ و نارەزایەتی دا هێشتووەتەوە. چڕبوونەوەی دەسەڵات دوژمنی ئازادییە، چڕبوونەوەی سەروەت و سامانیش دوژمنی دادپەروەرییە.

ساختەکاریی ئەرزی ٥٢ میلیارد دۆلار، تەنها کارەساتێکی دارایی نییە؛ نیشانەی قەیرانێکی سیاسی و ئەخلاقی قووڵترە. خەڵک بە حەق دەپرسن: چۆنە لە وڵاتێکدا کە سەرچاوەی سروشتی و مرۆیی ئەوەندە زۆرە، زۆرینەی کۆمەڵگا لە هەژاریدا دەژین؟ وەڵامەکەی ڕوونە: کاتێک خەڵک لە مافی چاودێری و بڕیاردان لادەبردرێت، سامان تاڵان دەکرێت و دادپەروەری دەنێژرێت. کۆمەڵگایەک کە میدیای ئازاد، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و حزبە جەماوەرییەکانی نەبێت، مەحکومە بە دووبارەکردنەوەی ئەو کارەساتانە.

گەندەڵی دراویی ئەم دواییە، تەنها یەکێک لە نیشانەکانی قەیرانێکی قووڵترە: قەیرانێک کە تێیدا خەڵک لە مافی بەشداریکردن لە چارەنووسی خۆیان بێبەشن. تا ئەو کاتەی پێکهاتەکانی ئێستا نەگۆڕدرێن، و شەفافیەت و دادپەروەری، جێگەی نهێنی هێشتنەوە و هەڵاواردن نەگرێتەوە، سامانی نیشتمانی بەردەوام دەبێت لە بەتاڵانبران.

ڕزگاری ئابووریی ئێران، نەک لە دروشمگەلێکی پووچ و چاپکردنی پارەی زیاتردایە، بەڵکو لە گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵک، چەسپاندنی دادپەروەری و چەسپاندنی ئازادیی ئابوری ڕاستەقینەدایە.

لەم ڕێگایە دا، هەر دەنگێک ئازادیخواز و دادپەروەر، هەر ئەندێشەیەک کە بڕوای بە کەرامەتی مرۆڤ و سەربەخۆیی خەڵک هەیە، هەنگاوێکە بەرەو سبەینێیەکی گەشاوەتر.

١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات لەبارەی نێوەرۆکی قسە تازە ئاشکرابووەکانی سەرۆکی پژاک




**خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی کوردستان!**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند فایلێکی دەنگیی ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بڵاو بوونەتەوە کە بووەتە جێگای سەرسووڕمان و تووڕەیی سۆسیال‌مێدیای کوردی و هاوکات لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی ناچار بە کاردانەوە بەم قسانە کردوە.

ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پژاک لەو قسانەیدا هێرشی بەربڵاو دەکاتە سەر حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکرات و ڕەمز و سیمبولەکانی ئەم حیزبە کە هاوکات بەشی هەرە گرنگ لە ڕەمز و بەها شۆڕشگێڕییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردیشن.

سەرۆکی پژاک لە قسەکانیدا نەک هەر لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیی خۆیانەوە سێرەی لە ڕەسەنایەتیی حیزبی دێموکرات و

مێژووی خەباتە پڕشنگدارەکەی گرتوە، بەڵکوو دەریخستوە کە بنەما و فەلسەفەی وجوودیی خۆیان لەسەر دژایەتیی حیزبی دێموکرات و بەها و بایەخە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سڕینەوەی ئەوانیدی ڕۆ ناوە. بۆیەشە بەڕێزیان بە چەواشەکردنی مێژووی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بوختانکردن و هەروەها بەراوەژوو نیشاندنی ڕاستییەکانی ئەم مێژووە لە سنووری ڕەخنەگرتن تێدەپەڕێ و ئاو لە ئاشی دوژمنانی کورد دەکا. بڵاوبوونەوەی ئەم قسانەش لە کاتێکدایە کە حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانایی و هەوڵەکانی خۆیان بۆ پێکهێنانی یەکریزی و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەرخان کردوە. ئەگەرچیش دەگوترێت ئەم قسانەی ئەمیر کەریمی هی ساڵانی پێشترن و لە هەلومەرجێکی تایبەتدا کراون، بەوحاڵەش سەرۆکی ئێستای پژاک و ڕاگەیەنەکانیان دەیانتوانی بە دانی ڕوونکردنەوە و دووریکردن لەم بۆچوونانەی پێشتر دەریانبڕیون، بیسەلمێنن کە ئێستا لاپەڕەیەکی نوێیان لە بیرکردنەوە و پێوەندیی خۆیان بەرانبەر حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵداوەتەوە و ئەم جۆرە ڕوانینە چەوتانەیان وەلاناوە.

دیارە پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات قەزاوەت لەسەر قسەکانی ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پژاک لەسەر مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات، هەشت دەیە تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانە و دیپلۆماسیی حیزب و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بە خەڵکی کوردستان دەسپێرێ. وەک چۆن دەنگ و ئەکتی سیاسیی خەڵک، وەڵامدانەوە بە بانگەوازەکانی حیزب بۆ مانگرتن و ئەو دروشمانەی لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقامدا بەرز دەبنەوە؛ سەلمێنەری پێگەی مێژوویی و ڕاستەقینەی ئەم حیزبە لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن؛

**بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند خاڵ وەک ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو شاڵاوی بەلێشاوی قسە چەوت و بێنێوەرۆکەکانی سەرۆکی پژاک بە پێویست دەزانێ:**

**یەکەم؛** ئەو قسانەی ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پژاک دەریدەخا کە ئەو لایەنە لەسەر بنەمای چەواشەکاری، چاندنی ڕق و کین و سڕینەوەی جیابیران، ئەندامان و لایەنگرەکانی پەروەردە دەکا و بەمجۆرە تۆوی دابڕان و شەقارکردن لە هەناوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەچێنێ.

**دووهەم؛** سەرۆکی پژاک لەبری ئەوەی بناغەی ئایدۆلۆژی و بەناو خەباتەکەی خۆی بە مەنتیقی سیاسی و مێژوویی هەڵشێلێ و لایەنگر و ئەندام بۆ ڕەوتەکەی کۆ بکاتەوە، سیستماتیک پەنا بۆ چەواشەکاریی مێژوویی و پەلاماردان و شکاندنی ڕەمز و سیمبولەکانی حیزبی دێموکرات دەبا کە هاوکات سیمبولی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکە



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانیشن. ئەم سیاسەتە لە بەردەوامیی هێرشگەلی بێ پرەنسیپیانە بۆ سەر مێژووی خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە بەتایبەت لە پێنج دەیەی ڕابردوودا ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشان دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی بوون و لەو پێناوەشدا بە هەزاران شەهیدیان داوە؛ قازانجەکەی هەر دەچێتەوە گیرفانی نەیارانی بزووتنەوەی ڕەوای کورد!

**سێهەم؛** پێچەوانەی ڕوانگەکانی سەرۆکی پژاک، حیزبی دێموکرات بە پێی نەریتی لەمێژینەی خۆی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە حیزبی سیاسیی مۆدێرن لەسەر بنەمای خەبات و تێکۆشانی شێلگیرانە، بەردەوام و قوربانیدان لە پێناو گەل و بەها و بایەخە شۆڕشگێڕییەکان چێ دەبێ، نەک سیاسەتی سڕینەوە، چەواشەکاریی مێژوویی، خوێندنەوەی یەکلایەنە و لێدان لە شکۆ و بایەخە نەتەوەییەکان.

**چوارەم؛** حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٨٠ ساڵ تەمەنی پڕ شانازیی خۆی لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕاستە بێ هەڵە و کەموکووڕی نەبووە بەڵام بە شانازییەوە دەڵێین پێچەوانەی بۆچوونەکانی سەرۆکی پژاک هیچ کەس و حیزب و لایەنێکی سیاسی ناتوانێ خاڵێکی لاواز لە مێژووی ئەو حیزبە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بدۆزێتەوە کە زیانی بە جووڵانەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان گەیاندبێ؛ ئەوەش دەریدەخا کە حیزبی دێموکرات چەندە خاوەنی سەربەخۆیی و سەروەریی سیاسیی خۆیەتی.

**پێنجەم؛** هەوڵدان بۆ خەوشدارکردنی مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات ئەویش لە ڕێگەی هێرش و چەواشەکاری مێژوویەکی تاڵە و نەیارانی حیزبی دێموکرات و زیاتر لە هەمووان کۆماری ئیسلامی تاقییان کردوەتەوە، بەڵام ئەمە بەری خۆر بە بێژینگ گرتن بووە و لەوە هیچ دەسکەوتێکیان پێ نەبڕاوە. حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕەیە لە بارودۆخێکدا کوردستان پتر لە هەر کاتێک پێویستیی بە یەکریزی و هاوخەباتییە، تێکدانی هاوپێوەندی و چەتخستنە نێو کاری هاوبەش نەک لە خزمەتی بەرەوپێشبردن و بەئاکامگەیاندنی جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیە؛ بەڵکوو پێچەوانە ڕێک بە دژی ئەم ئامانجە دەخوێندرێتەوە.

**شەشەم؛** مێژووی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و خەسارناسیی ئەزموونی پێشووی هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش لە تەنیشت ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بەتایبەت لە دۆخی ئێستای ئێران و ناوچەدا پێویستیی ژیانەکیی بە هاوخەباتی و کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکان و تەنانەت لەمەش زیاتر پێویستیی بە پێکهاتنی بەرە یا هاوپەیمانییەکی بەرین لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؛ ئەم ئامانجەش بەو نەفەسە



سەرچاوە
Serchawe

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

بەدی نایە کە ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پژاک قسەی پێ دەکا و لە سەری دەڕوا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سپاس لە ئەندامان و لایەنگرانی و هەموو ئەو خاوەن قەڵەم و هزرانەی لەو ماوەیەدا بە زمانێکی خاوێن و مەنتیقی سیاسییەوە داکۆکی و بەرگرییان لە ڕەوایی بزووتنەوەی سیاسی - نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات و مێژووی خەبات و سیمبول و بایەخە شۆڕشگێڕییەکانی ئەم حیزبە کردوە، داوا لە ڕێبەریی پژاک دەکا بەڕەسمی لەبارەی قسە و لیدوانەکانی ئەمیر کەریمی، سەرۆکی ئەم حیزبە ڕوونکردنەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و لایەنە سیاسییەکان بدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی ئیداری


١٨ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ (٩ - ١١ - ٢٠٢٥)

١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# ویلایەتی فەقیهـ کۆماری ئیسلامی ئێران، قەیران لە هەموو ئاستەکاندا





**زانیار حوسێنی**

ویلایەتی فەقیهـ، بیرۆکەیەک بوو کە دوای شۆڕشی ٥٧ لە ئێران کرا بە پایەی ناوەندی سیستەمی سیاسیی ئێران. ئەم تیئۆرییە شەرعییەتی دەسەڵاتداری خستە دەستی پیاوانی ئایینی و وەلی فەقیهـ و پێکهاتەی سیاسیی ئێرانی گۆڕی بۆ سیستەمێکی ناوەندگەرا، ناڕوون و تاکڕەو بە سنووردارکردنی توندی ئازادییەکانی و پێشێلکردنی بونیاتەکانی مافی مرۆڤ.

جگە لە لێکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، چڕبوونەوەی دەسەڵاتی بێ مشتومڕ بووەتە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی بڕیاردانی داخراو و قۆرخکراو کە لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی دوور لە ڕاستییەکانی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران وەک ئۆمەتێک بە واتا و تاریفێکی نوێ ڕێگری لە گەشەکردنی دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و توانای داهێنانی کۆمەڵایەتی دەکا.

## ڕەوتی مێژوویی و پێکهاتنی ویلایەتی فەقیه

ویلایەتی فەقیه لە تیئۆرییەکانی خومەینی پێش شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی داڕێژرا و وەک پێنجەمین بنەما و ئەسڵی یاسای بنەڕەتی لەدوای شۆڕش چەسپێنرا. ئەم پێکهاتەیە ڕێگەی بە ڕێژیم دا کە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەسەر بڕیارە سیاسی، سەربازی و ئابوورییە گەورەکاندا هەبێ و هەموو دامەزراوە مەدەنی و سیاسییەکانی بەشداربوو، ببن بە بەرهەمهێنەرەوەی دەسەڵات بۆ ڕێژیم. جگە لەوەش قۆرخکاری دەسەڵات ڕێگری لە دروستکردنی کەشێکی ڕەخنەیی تەندروست و ڕۆیشتنی ئازادانەی زانیاری کردوە و بۆیە ئەگەری چاکسازیی پێکهاتەیی زۆر سنووردار و هەتا ڕادەیەکی بەرچاو مەحاڵ بووە.
لە ڕوانگەی مێژووییەوە، ئەم ڕەوتە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران زیاتر سەرنجی لەسەر پاراستنی هێژموونی و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی ناوخۆی خۆی بێ نەک دەسەڵاتێکی گونجاو و وەڵامدەرەوە، هەر ئەوە بۆتە هۆی کۆنترۆڵ و خۆگرتنی دامەزراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان. گرنگیدان بەو ئایدئۆلۆژیایە، بڕیار و پلانە گشتی و درێژخایەنەکانی وڵاتی بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەو مانەوەی ڕێژیم و ڕەوتی توندڕەوەکان ئاراستە کردوە، نەک گرنگیدان بە خۆشگوزەرانی، بەرژەوەندیی نەتەوەکانی نیشتەجێبوو لە ئێران، گەشەپێدانی گشتی و ژێرخانە گرینگەکان.

## پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی ویلایەتی فەقیه

ویلایەتی فەقیه ناوەندی هەموو بڕیارە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانە و ڕۆڵی سەرپەرشتیاری بەسەر پەرلەمان، دەوڵەت و دەسەڵاتی دادوەریدا هەیە. جگە لە دەسەڵاتی دەرکردنی بەرپرسە سەرەکییەکان و دیاریکردنی سیاسەتی ئابووریی گەورە و ئاراستەکردنی دامەزراوە سەربازییەکان، دەتوانێ سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی وڵاتەکە دیاری بکا بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان بکا. ئەم پێکهاتە تێکەڵاو و ئاڵۆزە وای کردوە کە سووڕانەوەی هێز لە دەسەڵاتدا مەحاڵ بێ و دامەزراوە مەدەنی و دەوڵەتییەکان تەنیا بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی وەلی فەقی کاربکەن و بە کردەوە وەک باسکی ویستەکانی ڕێبەری ئەو سیستەمە مامەڵە بکەن. لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا،

ئەسڵەکانی ٥،٥٧،١٠٧،١٠٨،١٠٩،١١٠،١١١،١١٢ باس لە هەڵبژاردنی وەلی فەقی (ڕێبەری ڕێژیم)، ڕادەی دەسەڵات، ڕێژەی شایستەیی و ئەرکەکانی دەکەن؛ بە وردبوونەوە لەو خاڵانە و تاریفی ئایدۆلۆژی ویلایەتی فەقیهـ، تەنیا ئەو تاکانە دەچنە بازنەی ئۆمەتەوە کە خۆیان لە بازنەی ئەو فکرییەتەدا ببیننەوە و لە بنەڕەتدا میللەت و نەتەوە بابەتێکی تەواو داخراو و بێ واتایە.

## کۆماری ئیسلامی و چڕبوونەوەی دەسەڵات

کۆماری ئیسلامی ئێران بە تێکەڵکردنی دامودەزگا ئایینی و دەوڵەتییەکان، سیستەمێکی بە ڕواڵەت نیمچە جەماوەری و نیمچە فەقیهی دروستکردوە. هەڵبژاردنەکان بە ڕواڵەت ئازادن، بەڵام کاندیدەکان لە لایەن شۆڕای نیگابانەوە لە فیلتەر تێدەپەڕێنن، کە وەک چاو و باسکی وەلی فەقی کار دەکەن و پەرلەمان و حکوومەت ڕۆڵێکی تەواو جێبەجێکارانە دەگێڕن. ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵاتە بووەتە هۆی قەیرانی لێپرسینەوە و وەڵامدەربوونەوە، قەیرانی شەرعییەت و دابەشبوونێکی قووڵ لە نێوان دەسەڵات و نەتەوەکانن نیشتەجێی ئەو چوارچێوەیە. لە ڕواڵەتی پێکهاتەی نیمچە جەماوەریی ڕێژیم، ڕێئاکتۆرەکانی بەرهەمهێنانی پاوانخوازی خۆیان حەشار داوە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە مەبەستی دابینکردنی وزەی پێویست بۆ لەسەرپێ ڕاگرتنی ئەو سیستەمە، زیاتر وەگەڕ دەکەوێ؛ بۆیە سیستەمی ڕێژیم توانای ڕاکێشانی نوخبە سەربەخۆکان و بەرزکردنەوەی تواناکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان نیە. کێبڕکێی سیاسیی ڕاستەقینە بەهۆی بایەخدان بە سەقامگیریی ڕواڵەتی، کراوەتە قوربانیی نرخی بەشداریکردن و ئازادی ڕاستەقینە.
چڕبوونەوەی دەسەڵات لەم سیستەمەدا بە ڕادەیەک بەرز بۆتەوە کە وەلی فەقی یان ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەتوانێ لە سەرووی یاسای بنەڕەتی، یاسا ئاسایی و عورفییەکانی وڵات هەڵسوکەوت بکا و لەهەر بەشێکی سیستەمی سیاسی - ئیداری، سەربازی-ئەمنییەتی و ڕێبازە دەرەکییەکانی وەک دیپلۆماسی و کارلێکی نێودەوڵەتییەکان، تەنیا بە یەک بڕیار لەژێر ناوی بڕیاری حکوومەتی یان فەرمانی ویلایی بەشێک یا هەمووی ستراتیژییە گەورە و هەستیارەکان بپارێزێ یان هەڵبوەشێنێتەوە. لە بەرانبەریشدا هیچ دامەزراوەیەکی فەرمیی دەوڵەتی یان ناحکوومی، شەرعییەتی داواکردنی ڕوونکردنەوە، شیکردنەوە یان پرسیارکردنی نیە؛ بڕیاری حکوومەتی یان فەرمانی ویلایی، سەرکردەی سیستەمێکی لەو جۆرە دەخاتە دۆخی دەسەڵاتێکی بێسنوور بە بێ لێپرسینەوە. داکۆکیکارانی مافێکی وەها بۆ وەلی فەقی، بەرگرییەکانیان بە پێی مادەکانی ٥٧ و ١١٠ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانن و ئەم دوو ئەسڵە بە سەرچاوە و وەرگیراوەکانی بڕیاری حکوومەتی پێناسە دەکەن. وە لە هێندێک حاڵەتدا یاسای بنەڕەتی، دامودەزگاکانی دەوڵەتی و هەموو سەرچاوەکان وەک خزمەتکار و جێبەجێکەری ویست و خواستەکانی وەلی فەقی دەژمێرن و بە ئاشکرا یاسا بە ژێردەستەی وەلی فەقیهـ و ڕێبەری ڕێژیم ناو دەبەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە یاسای بنەڕەتی دەبێ بەتەواوی ڕوون و بە بێ هیچ جێی پرسیار یان

پێویست بە شیکردنەوەی بێ و لەو دوو ئەسڵەدا (هەرچەندە بە تەواوی دژایەتیی لەگەڵ پێوەرە مرۆیی، مافەکانی مرۆڤ و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی هەیە) هیچ مەبەستێکی ڕاستەوخۆی یاسایی لێ دەرناکەوێ کە ڕێگە بە یاساییبوونی بڕیاری حکوومەتی درابێ.

بەڵام بەشێک لە داکۆکیکاران و لایەنگرانی ڕێژیم بۆ یاسای "بڕیاری حکوومەتی یان فەرمانی ویلایی" پەنا بۆ قسەیەکی خومەینی دەبەن کە دەڵێ: هەموو دەسەڵاتەکانی ویلایەتی ڕەهای فەقی لەم یاسایەدا نەهاتووە. لە ڕاستیدا ئەو لێدوانەی خومەینی کە یەکەمین وەلی فەقی و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بوو، لە یاسای بنەڕەتی تێدەپەڕێ و بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی دەبێتە فەرمانێکی ویلایی و ئیجباری؛ بە واتایەکی تر تەنیا ئەو قسەیەی خومەینی بوو بە تەنیا پێوەری ڕەوایی بڕیاری حکوومەتی یان فەرمانی ویلایی و ئەوەش هەمان پاوانخوازی تەواوی پاشاکانی سەردەمی کۆنە کە خۆیان بە نوێنەر و سێبەری خودا زانیوە.

## ویلایەتی فەقیه و دەرئەنجامە ناوخۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی

چڕبوونەوەی دەسەڵات دەرئەنجامی چەند چینەی هەیە: سەرکوتی سیاسی، سنووردارکردنی ئازادییەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەڵاواردنی ئایدئۆلۆژی. جگە لەوەش ناڕازیبوونی گشتی و دابەزینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بێمتمانەیی نێوان خەڵک و ڕێژیم گەیشتووەتە لوتکە. هەروەها فشارە دەروونییەکان کە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی بەردەوام و زیادبوونی بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکانەوە سەرهەڵدەدات، جیا لە دابەزین و کەمبوونەوەی دەستپێشخەریی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، سنووردارەبوونی لەڕادەبەدەری چالاکییە مەدەنی و کولتوورییەکانیش بەهۆی دانانی بەربەستی مرۆیی و دەستکرد، بوونە هۆی نەخۆشییە دەروونییە بەکۆمەڵەکانی وەک خەمۆکی، بێهیوایی، پاسیڤیەت و قەیرانی شوناس. لە ئێستادا، کۆمەڵگە لەژێر ئەو گوشارانەدا، توانای بەرخۆدانی بنیاتنەر و کارایی کۆمەڵایەتی لەدەستداوە و بێمتمانەیی بەربڵاو بووەتە پەتا؛ بەشێوەیەک کە نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو جوگرافیایە لە حاڵەتی چاوەڕوانی بەر لە هاتنە ئارای ئاڵوگۆڕی گەورە و بنچینەیی دان، ئاڵوگۆڕێک کە دیار نیە کەنگێ و چۆن پێداویستییە وەپشتگوێخراو و سەرکوتکراوەکان و قەیرانە کەڵەکەبووەکان دەکاتە ئاوردووی ئاوری ڕق و تووڕەیی و ناڕەزایەتی داهاتوو.

## ویلایەتی فەقیه لە ئاوێنەی سیاسەتی دەرەوەدا

ویلایەتی فەقیه کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا هەیە و بڕیارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئامانجی ئایدئۆلۆژی و ڕێگریکردن لە قاڵب دەدرێن. بەکارهێنانی بەرنامەی ناوەکی و هاژەکی، دەستێوەردانی ناوچەیی کە هەڕەشەیە بۆ سەقامگیری و ئاسایشی ئەو ناوچانە، پشتیوانی لە دامەزراوە تیرۆریستییەکان بۆ پێکانی ئامانجی وەک سپییکردنەوەی



سەرچاوە
Serchawe

پارە و... هتد، بووەتە هۆی گۆشەگیری نێودەوڵەتی و گەڕانەوەی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەمان سناپ بەک. ئەم سیاسەتانە بازنەی مانۆڕی دیپلۆماسییان سنووردار کردوە و توانای ئێرانی بۆ پەیوەندیی بنیاتنەر لەگەڵ جیهانی کەم کردوەتەوە. هاوکات تێچووی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەهۆی گۆشەگیری، لەگەڵ گەندەڵیی بە سیستەمکراو، گوشاری ڕاستەوخۆی خستۆتە سەر ژیانی ئەو خەڵکەی لەو جوگرافیایەدا دەژین و توانای ڕێژیمی بۆ وڵامدانەوەی قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کەمکردۆتەوە؛ بەجۆرێک کە زۆرێک لە لاوازییەکانی نەک لە ڕووی کەمتەرخەمییەوە، بەڵکوو دەرئەنجامی بێتوانایی و ناکارامەیی ئەو ڕێژیمەیە لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## وەلیی فەقیهـ لە چوارچێوەی ئابووریدا

ئابووریی گەورە لەژێر کۆنترۆڵ و دەستی دامەزراوە ناهەڵبژێردراوەکان دایە و زۆربەی سەرچاوە داراییەکان بۆ پرۆژەی سەربازی و ناوەکی خەرج دەکرێن، ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی و گەندەڵیی بەربڵاو، هەڵاوسان و بێکاری. جگە لەوەش چڕبوونەوەی ئابووری، داهێنان و کێبڕکێی لە کەرتی تایبەتدا سنووردار کردوە و بەرهەمهێنانی ئابووریی گەورەی کەمکردۆتەوە. گوشارە نێودەوڵەتییەکان و ناکارامەیی بەڕێوەبەری بۆتە هۆی زیادبوونی کەلێنی داهات و کەمبوونەوەی توانای کڕینی خەڵک، ئەمەش تەنیا یەکێکە لە هۆکارەکانی ناڕازیبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئەم سیستەمە بە چڕبوونەوەی دەسەڵات، سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی، چەقبەستوویی ئابووری و سنووردارکردنی چالاکییە کولتووری و مەدەنییەکان و گوشارە دەروونییەکانی، سیستەمێکی دروستکەری قەیرانی پێکهێناوە کە کاریگەریی لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە هەبووە و ڕێگری لە گەشەسەندنی بەردەوامی کردوە. چاکسازییە بچووکەکان ناتوانن قەیرانە پێکهاتەییەکان چارەسەر بکەن و گۆڕانکاری ڕاستەقینە، پێویستی بە داڕشتنەوەی بنەڕەتی دامەزراوەکان و ناناوەندگەرایی دەسەڵات هەیە، کە بە بوونی لیڤەری ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ، ئەنجامی ئەو کارانە و لەبەرچاوگرتنیان بە کردەوە مەحاڵ دەنوێنێ.

## ویلایەتی فەقیهـ لە کارلێککردن لەگەڵ کولتووردا

ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقی لە ڕێگەی شۆڕشی فەرهەنگ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیعە نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و نەریتییەکان، هەوڵیدا کەلتوور لە ئاستی گەورە و بچووکدا پێناسە بکاتەوە و کولتووری دینامیکی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بشێوێنێ؛ لەم ڕێیەدا نەک هەر بە سانسۆر، کۆنترۆڵی توند و دیاریکردنی سنوورە دیاریکراو و داخراوەکان هەموو

لایەنەکانی گەمارۆ دا، بەڵکوو هەوڵی دووبارە پێناسەکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ژنان و گەنجانیشی دا. بە ناوی بەها ئیسلامییەکانەوە سنوور و چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چۆنێتی جلوبەرگ و تەنانەت ئارەزووەکانیشی دیاری کرد و چوونەدەر و هەڵاتن لە ئەو بازنەیەی بە پێشێلکردنی کەرامەت، گەندەڵی و هێندێک جاریش لادان لە ئایینی زانیوە و زیاتر لە ٤ دەیەیە بووەتە هۆی گەورەترین فشاری دەروونی-کۆمەڵایەتی لەسەر ژنان، پیاوان و نەوە جیاوازەکان؛ لە ڕاستیدا تاکە کولتوری قبوڵکراو و ڕەوا، کولتوری ئیسلامیی ویلایەتی فەقیهـ و هیچی تر.

## کۆتا قسە

ویلایەت فەقیهـ وەک ناوەندی بڕیاردانی ڕەها، هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتی، دادوەری و سەربازی کۆنترۆڵ دەکا. ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵاتە بووەتە هۆی پێشێلکردنی بەدووپاتکراو و سیستەماتیکی دێموکراسی، ئازادیی ڕادەربڕین، بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی کێبڕکێی سیاسیی ڕاستەقینە؛ ئەم جۆرە ڕێژیمانە بە شێوەیەکی کردەیی توانای وەڵامدەربوونەوەیان لاواز و ناتەواوە و لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان بە دروستکردنی قەیران، هەوڵی ئاسایی نیشاندانی کێشەکان و خۆدزینەوە لە بەرانبەر پرسەکان دەدەن.
بەردەوامی چڕبوونەوەی دەسەڵات گوشارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری زیاتر کردوە و قەیرانی شەرعییەتی سیاسیی ئەو ڕێژیمەی گەیاندووەتە لوتکە. گوشارە ئابوورییەکان و سەرکوتە بەردەوامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وای کردوە، نەتەوەکانی نیشتەجێبوو لە ئێران زیاتر ئامادەی سەرهەڵدانی بزووتنەوە مەدەنییە بەربڵاوەکان بن؛ هەروەها سزاکان و گۆشەگیریی نێودەوڵەتیی، دەرفەتی چاکسازییان بە ڕادەیەکی بەرچاو سنووردار کردوە و ناڕەزایی ناوخۆییان زیاتر لە جاران کردوە. لە ئاکامدا تەنیا گۆڕانکاریی پێکهاتەیی، وەک کەمکردنەوەی چڕبوونەوەی دەسەڵات، چاکسازیی بەرفراوانی یاسای بنەڕەتی بەگوێرەی پێداویستییەکانی ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و پرسە ناوخۆییەکان، گۆڕانکاریی لە ڕێبازی ئایدیئۆلۆژی بۆ ڕێبازێک کە هاوتەریب بێ لەگەڵ داواکاریی گەلانی نیشتەجێی ئێران، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی قەیران و کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەتوانێ ڕووناکاییەکی کزی باشتربوونی ئەو دۆخەی ئێستا بخاتە بەر ئاسۆی دیدی کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام بەداخەوە بە سەرنجدان بە مێژووی حوکمڕانی و ڕەفتارەکانی سیستەمی ئێستا، مەحاڵە لەژێر ناوی ویلایەتی ڕەهای فەقیدا، گۆڕانکاریی پێکهاتەیی لە ڕێکخستنێکی لەو شێوەیەدا بکرێ؛ مێژوو دەریخستووە ئەو سیستەمانەی کە هیچ دوودڵییەکیان نیە لە پشتگوێخستنی ئەم جۆرە پرسانە، ناتوانن لە داڕمان و ڕووخان ڕزگاریان بێ.

١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# پێویستیی گەڕانەوە و پشتبەستن بە ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان





**ڕەزا دانشجوو**

قسەکانی ئەم دواییەی دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفڕانسی "مافی مرۆڤ دوای کۆماری ئیسلامی" لە ئۆسلۆ، پێتەختی نۆروێژ، سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین وەک بەشێکی پارێزراو لە مافی گەلانی ئێران بەرەوڕووی دوو کاردانەوەی جیاواز بۆوە! وەک چاوەڕوان دەکرا، لایەنی پاوانخوایی پاشایەتیخواز و لایەنگرانی

ناوەندگەرایی کە ئینکاری فرەچەشنی فەرهەنگی و زمانەوانی گەلانی ئێران بەشی سەرەکی بیروڕایان پێکدەهێنێت وەک هەمیشە بە دووپاتکردنەوەی دەستەواژەی "جیاییخوازی" هێرشیان کردە سەر نەتەنیا نوێنەری حیزبی دێموکرات، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بەرێوەچوونی ئەم کۆنفڕاسەیان ناڕاست و ناپێویست پێناسە کرد و وەک هەمیشە واقیعییەتەکەیان بە تەواوی شێواند! دوور لە ئەم بیروبۆچوونە دووبارەیە و چاوەڕواننەکراوە، پێشوازیی گەرمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم هەڵوێستە ڕوون و ئاشکرایە زۆر جێی سەرنج و ئاوڕدانەوەیە! لە پەراوێزەوە بەرەو ناوەند و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیعی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانێت لاپەڕەیەکی نوێ بێت لە خەباتی سیاسی لە کوردستاندا! ئەوەی ساڵانێکە بە تاقمێک هۆکاری جیاواز بۆ نموونە: پێداویستیی نزیکبوونەوە لە ئۆپۆزیسیۆنی فارس زمان بەشێوەیەکی پەردەپۆشکراو دەگوترا، ئێستا بەتەواوی و بەئاشکرا و بەڕوونی دەربڕدراوە! ڕاستی ئەوەیە کاتێک مافێک وەک پرەنسیپێکی قبووڵکراو و ڕێگەپێدراو لە مافی مرۆڤدا دانی پێداندراوە و، لە لایەن هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە پەسەند کراوە، بۆ دەبێت مرۆڤ لە دەربڕینی دوودڵ بێت و چاوپۆشی لێ بکات؟! شاردنەوەی ڕاستییەکان هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات! ئەم بزووتنەوە پاوانخواز و فاشیستییەی کە ساڵانێکە بەئاگاییەوە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی پشتگوێ دەخات و بچووکترین گۆڕانکاری لەبیر و بیرۆکەکانیدا نابینرێت و تەنانەت زۆر ڕادیکاڵتر و بێچاوڕوو ڕووهەڵماڵراوتر لە ڕابردوو بەردەوام خەریکی سووکایەتی و بێبایەخ نیشاندانی مافی گەلانی ئێران بەتایبەت گەلی کوردە، بەدڵنیاییەوە نە دیالۆگ و نە گفتوگۆ کاریگەریی لەسەر نابێت. هەر هەوڵدانێک بۆ قەناعەت پێهێنان بەم ئیدیعاکار و خاوەن ماڵە خەیاڵییە بێهودە و بێئاکامە! ڕەوتێکی فاشیست و پاوانخواز کە دوکتور قاسملووی نەمر بەئاشکرا هەر جۆرە دانوستان و گفتوگۆ و دانیشتنێک لەگەڵیان بەهۆی سروشتی ناڕاست و بیروباوەڕی کۆن و ماوە بەسەرچوویان نادروست و بێئاکام دەزانێت!

بەدەر لە مافی چارەی خۆنووسین وەک مافێکی پارێزراو بۆ هەموو گەلانی جیهان، خاڵێکی گرنگ کە لەم وتارەدا جەختی لەسەر کرایەوە، بەڵام لە مێدیاکاندا بەتەواوی پشتگوێ خرا، جەختکردنەوە و پێداگری لەسەر پێداویستیی گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و ئاگاداری لە بۆچوونیان وەک پێوەر و بڕیاردەری کۆتایی لەم باسەدا بوو.

لە سیستەمێکی بنچینەی دێموکراسی و خەڵکسالاردا، گەل وەک فاکتەری دیاریکەر و هێزی بزوێنەری دێموکراسی پێناسە دەکرێت. ئەم گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی و پشتبەستن بە دەنگی جەماوەریی لە خۆیدا دوو خاڵی زۆر گرنگ و خاوەن سەرنج لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کۆمەڵگەی کوردستان لەخۆ دەگرێت. خاڵی یەکەم و بنچینەیی بریتییە لە: بەشداریکردنی بەشە ڕاستەقینەکە و خاوەن ماڵ و هێزی بزوێنەری کۆمەڵگەی کوردی لە پرۆسەی بڕیاردان. لە ڕاستیدا لە پرسە گرنگەکانی وەک دیاریکردنی چارەنووسی حیزب و لایەنە سیاسییەکان هیچ ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان نیە و هەر لێدوانێک کە بیدەن تەنیا دەتوانێت هەڵوێستێکی حیزبی و ڕێکخراوەیی بێت و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت دەرخەری بڕیاری گەل بێت! جگە لەوەش

ئەمە وڵامێکی بنەڕەتییە بۆ ئەو نەیارانەی کە هەمیشە لە پشت هێرشە ڕێکخراوەکانیان بۆ سەر حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە ڕاستیدا هەمیشە هێرش دەکەنە سەر بوونی میللەتێک بەناو کورد! ئاشکرایە کاتێک باس لە گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی کۆمەڵگەی کوردستان بێت و لە ڕاستییدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بڕیاردەر لەم باسە نەبن، بزووتنەوەی فاشیستی پاوانخوازی تۆتالیتار هیچ بژاردەیەکی دیکەی نیە، جگە لە نیشاندانی سروشتی ناڕاست و ڕاستەقینەی خۆی! لێرەدا ئیتر پرسی هەڵوێستی حیزبی نامێنێت کە لایەنی داگیرکەر و پاوانخوازی کوردستان بەناو دەنگی کەمینەیەک نکۆڵی لێ بکات و پشتگوێ بخرێت!

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە واقیعی مەیدانیی ساڵانی ڕابردوو بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا، ئەوە دەردەخات کە پشتبەستن بە ئیرادەی گەل چەندە دەتوانێت لە دیاریکردنی هاوکێشە مەیدانییەکان یەکلاکەرەوە بێت! ئەوەی لە شۆڕشی ژینادا ڕووی دا، چ لە چوارچێوەی نارەزایەتییەکان چ وەک مانگرتن لە ساڵانی دواتر و بۆ یادی شەهیدانی شۆڕش، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ توانایی ناوازە و سەرسووڕهێنەری کۆمەڵگەی بەئاگابووی کوردستان بەرانبەر داگیرکەران!

هەروەک ئاماژەی پێ کرا گەڕانەوە بۆ دەنگ و ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان پرسێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ دیاریکردنی داهاتووی گەلی کوردستان. سەرەتا پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ خۆبەدوورگرتن لەهەر چەشنە گەمەی حیزبی و تێڕوانینی کورتخایەن و ڕووکەشی و هاوکات تێکۆشانێکی بەربڵاو بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و هێنانیان بۆ بەرەی پێشەوەی خەبات تا ڕاستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بێت! پشتیوانی و پشتگیری لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان وەک ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان کە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە پاراستنی ژینگەی کوردستاندا هەبووە و، بەداخەوە چەندین شەهیدیان کردۆتە قوربانی بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان، یان ئەو سەندیکا و ڕێکخراوە مەدەنییانەی کە لە ساڵیانی ڕابردوو دەیان نارەزایەتی و مانگرتنیان لە سەرتاسەری کوردستان و ئێران ساز داوە و ڕێکخستووە، دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەریی لەم بوارەدا هەبێت!

لە ڕاستیدا بەهێزکردن و پاڵپشتیکردن لەم ڕێکخراو و دامەزراوانە و کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی ساڵیانیان دەتوانێت بوار بۆ خەباتێکی بەربڵاو لە دژی داگیرکەرانی کوردستان دابین بکات و ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ بناغەدانانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دینامیک و چالاک بۆ داهاتووی کوردستان!

نابێ ئەوە لەبیر بچێت کە لەسەر بنەمای ئەم کۆمەڵگەی دینامیک و پێشکەوتوو بوو کە ڕێبەری مەزن، پێشەوای نەمر کۆماری کوردستانی دامەزراند و ناسیۆنالیزمی کوردی بردە قۆناغێکی نوێی خەبات دژی داگیرکەران. ئەم کۆمەڵگە بەئاگا و

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

پێشکەوتنخوازە، سەرەڕای هەموو کەمووکۆڕییەکانی، میتر و عیار و پێوەری هەموو بڕیاردانێکە و زامنی بەردەوامی و زیندوویی خەباتی ڕزگاریخوازی لە کوردستانە! چارەسەر لێرەیە، با لە هیچ شوێنێکی تر بەدوایدا نەگەڕێین!

١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# قوربانیی پێدۆفیلیا





**ئاسۆ مینبەری**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆ کلیپێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، جارێکی دیکە وەبیری هێنایینەوە کە چەندە دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک ئەتوانێ کاریگەریی لەسەر ڕووخاندنی کەسایەتیی تاکەکان و پاڵپێوەنانی تاکەکان و کۆمەڵگە بەرەو دارمانی ئەخلاقی و فەرهەنگی هەبێت. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڤیدیۆ کلیپێک دەستاودەست دەکرێت کە

خوێندنەوەی کۆمێنتەکان و هەروەها ناڕوونیی سەرچاوەی یەکەمی بڵاوکردنەوەکەی پرسیاری زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە و وای کردووە کە جارێکی دیکە چەقبەستوویی و هەوڵە سیستماتیکەکانی دەسەڵاتی ئاخوندی بۆ پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی دواکەتووی ویلایەتی فەقیه، ببنە ڕۆژەڤ و ڕای جیاوازی خەڵکی بەدوادا بێت.

لەم ڤیدیۆ کلیپەدا، ژمارەیەک کچ کە لەوانەیە تەمەنیان ٨ یان ٩ساڵان بێت بە وتنەوەی سروودێک کە ناوەڕۆکەکەی هاندان بۆ هاوسەرگیرییە بەشدارن و لەولاشەوە کۆمەڵێک پیاوی بەتەمەن و چەند کوڕێکی لاوی تێدایە کە لانیکەم تەمەنیان یەک و نیو بەرابەری تەمەنی کچەکانە. کچەکان حیجابی تەواو ئیسلامییان هەیە و بە ڕوویەکی زۆر گەشاوە و بێ ئاگا لە بارێکی دەروونی کە ئەم ڤیدیۆیە لە سەر ژیان و داهاتوویان هەیەتی خەریکی تەبلیغکردن بۆ پرسی منداڵهاوسەرین!

لە هەندێک سەرچاوەی نافەرمیدا باس لەوە کراوە کە ئەم سرووده تایبەت بە جێژنی تەکلیفە کە لە وەزارەتی پەروەردەی ڕێژیمدا لە کاتی گەیشتنی کچان بە تەمەنی ٩ ساڵی بۆیان دەگیردرێ، جێژنێک کە ڕیشەی لە شەرعی ئیسلامدایە و لەو تەمەنەوە بەپێی ئایینی ئیسلام کچ دەتوانێ هاوسەرگیری بکات چونکە گەیشتووەتە تەمەنی باڵغبوون. بەڵام هەندێ سەرچاوەی دیکەش باس لەوە دەکەن کە ئەمە پرۆژەیەک بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکە کە لەژێر ناوی جۆراوجۆری وەک گرووپی منداڵانی ئێران لە ساڵی ٧٨ـەوە دامەزراوە و کاریشی بڵاوکردنەوەی ئەم سروودانەیە کە ڕێک ئەرکی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لە چوارچێوەی باوەڕەکانی کۆماری ئیسلامییان لە ئەستۆیە.

**لەم ڤیدیۆیەدا چەند خاڵ سەرنجڕاکێشن کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم:**

- لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا وتنەوەی سروود و نواندن لەلایەن کچانەوە بەگشتی بە شتێکی بڤە دەناسرێت و بیستنی دەنگیان لەلایەن نامەحرەمەوە بە کارێکی حەرام دادەنرێت، بەڵام لەم ڤیدیۆیە و ڤیدیۆی هاوشێوەدا چونکە ئامانج ڕاکێشانی سەرنجی منداڵان و پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمە، ئەم بابەتە وەلا نراوە.

- جیاوازیی تەمەنیی کچان و کوڕانی بەشداربووی ڤیدیۆکلیپەکە سەرنجڕاکێشە! کچەکان لە تەمەنێکدان کە هێشتا خۆیان نەناسیوە و لەم تەمەنەدا تەنیا ئەرکیان دەبێ خوێندن بێ. تەنانەت کوڕەکانیش تەمەنیان لەو ئاستەدا نییە کە بتوانن بارگرانیی ژیانێکی ئەمڕۆیی لە ئەستۆ بگرن.

- هەوڵەکە ئەوەیە کە کچان و کوڕان بۆ چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری هان بدرێن، بۆیە لە سروودەکەدا هاوسەرگیری وەک هیوا و هومێد ناو دەبەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێژیم لە پەرەدان بە سیاسەتی جەوانی حەشیمەت شکستی خواردووە و خەڵک ڕاشکاوانە دژایەتیی سیاسەتی جەوانی حەشیمەتی ڕێژیم دەکەن.

- بابەتێکی دیکە پەرەدان بە هاوسەرگیریی منداڵانە، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە جیهاندا بە کارێکی نەشیاو دەزانرێت و لەژێر ناوی منداڵهاوسەریدا دژایەتیی دەکرێت.

- بابەتەێکی دیکە کە گرینگە و دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت گیرۆدەبوونی ئەو کچانە بە بیرۆکەی مەزهەبیی چەقبەستووی ڕێژیم و گوێڕایەڵبوونی بنەماڵەکانیانە کە پێیان وایە لە ڕێبازە دروستەکەی ژیاندان و هیچ ڕاستییەک نابینن.

ئەوەی کە لە ڤیدیۆیەدا دەردەکەوێ، گیرۆدەبوونی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە نەخۆشیی پێدۆفیلییە، ئەوان کچان تەنیا وەکوو کەرەستەیەک بۆ دامرکاندنی ئارەزوو و حەزی سێکسی دەبینن و لە فەرهەنگەکەشیاندا هەرچی تەمەنی ئەم کچانە بچووکتر بێ باشترە! بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و ژوورە فکرییەکانی ئەم ڕێژیمە تەنیا ئامانجیان ئامادەکردنی کچانی منداڵ بۆ چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییە، پرۆسەیەکی قورس کە پێویستی بە فێرکاریی تایبەت و پەروەردەی دروست هەیە تاکوو لە داوڕۆژدا تاک تووشی ناهومێدی و شکست نەبێت، بەڵام بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە بە پرسگەلێکی وەکوو مارەیی و نەفەقە و باقی بابەتەکانی دیکە، هەوڵیان ئەوەیە ڕاستیی بابەتە کە شکاندنی کەسایەتی و لەنێوبردنی باوەڕبەخۆبوون و متمانەی کۆمەڵایەتییە لەنێو کچاندا پەراوێز بخەن و لەم پێناوەشدا هەموو هەوڵێک دەدەن.

زەقکردنەوەی ئەم ڤیدیۆ کلیپە لەلایەن ڕێژیمەوە و لەم کاتەدا، بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو ڤیدیۆیانەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگیان دایەوە. ئەو ڤیدیۆیانەی کە تێیاندا بە شێوەی خۆڕسک مامۆستاکان قوتابخانەکانی کوردستانیان کردە مەکۆیەک بۆ پەروەردەی شۆڕشگێڕانە و لەسەر ئەم بابەتەش سزا دران.

لە ساڵانی ڕابردووشدا هەوڵی هاوچەشن بینراوە، وەک سروودی "سەلام فەرماندە" کە لە قوتابخانەکاندا و بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی منداڵان و بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ ڕاکێشانیان وترایەوە. سەرەڕای هەموو هەوڵەکان و بە سەرنجدان بە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، دەبینین کە دژایەتیکردن لەگەڵ بابەتی لەم چەشنە گەیشتووتە ئاستێکی بەرز و هەڵوێستگرتنی خەڵک بەنیسبەت ئەم بابەتە دەتوانێ هەوڵەکانی ڕێژیم بکاتە بڵقی سەر ئاو.

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

**تێگەیشتنی خەڵک لە پێگەی ژنان و کچان بەتایبەت لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، وای کردووە کە ئەم جۆرە هەواڵانە زۆر زیاتر لە جاران لەلایەن خەڵکەوە مەحکووم بکرێن. بەتایبەت کە لە ماوەی ڕابردووشدا بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆ زەماوەندی کچەکەی شەمخانی و ئازادیی جلوبەرگەکەی هێڵەکانی نێوان دەسەڵات و خەڵکی زیاتر زەق کردەوە، بۆیە ئەم هەواڵانە نەک تەنیا سەر ناگرن بەڵکوو بێزراویی ڕێژیم لای خەڵکیش زیاتر دەکەن.**

**٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# توریزمی کۆلۆنیالیستی، شیرینکردنی داگیرکاری لە زاری داگیرکراودا


photo : Keyvan Firouzei



سەلام ئیسماعیل‌پوور

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، بە ئاوڕدانەوەیەک لە لاپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دیجیتاڵ میدیای کوردی، یەکێک لەو بابەتانەی کە بەردەوام سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئەو بلاگرانەن کە هەوڵ دەدەن بە ڕێکلامکردن بۆ سەیرانگە و شوێنەوارە مێژوویی و سروشتییەکان و جوانییەکانی ژینگە، دابونەریتەکان، خواردنەکان و هێندێک لایەنی ژیانی

کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، سەرنجی فارسیزمانەکان و خەڵکی دیکەی ئێران بۆ سەردانی کوردستان و تەنانەت جێگیربوون و گیرسانەوەی هەمیشەیی لەم نیشتمانەدا ڕابکێشن.

ئەم جۆر کەسانە نوێنەرایەتیی ڕەوتێک دەکەن کە بە بیانووی چالاکیی مەدەنی، پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵێک بابەتی وەک کەسابەت و کار و پیشە، هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیم، بەئەنقەست (یان لە گەشبینانەترین حاڵەتدا، بە نەزانکارییەوە) دەبنە هۆی چەواشەکردنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و پەراوێزخستنی هێما و فاکتەرەکانی پێکهێنەری شوناسی سیاسی و خەباتگێڕانەی کوردستان و بەهۆی ڕۆڵێک کە بە دەمامکی گەشەی ئابووری و توریزم، لە پرۆسەی توانەوەی کولتووریدا دەیگێڕن، سیمایەکی ڕازاوە و سەرنجڕاکێش بە ڕەوتی لەنێوبردنی شوناس و گۆڕینی دیمۆگرافیی کوردستان دەدەن. لە ڕوانینێکی سەرپێییدا ڕەنگە ئەم بابەتە وەکوو بەشێک لە ئازادیی تاکەکەسی و ئابووری، بە دیاردەیەکی بێ زیان و تەنانەت بەکەڵکیش بێتە بەر چاو، یان بکرێ وا لێکی بدەیەوە کە ڕەنگە لە خزمەت پەرەسەندنی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار و پیشە و ناساندنی کولتوور و شوناسی کورددا بێت، بەڵام بە دیوی شاراوەیدا، ئەم ڕەوتە بەشێک لە ڕێوشوێنە نەرمەکانی هێژمۆنخوازییە، ڕەوتێک کە بە دەموچاوێکی ڕازاوە و ڕواڵەتێکی مرۆییەوە، بیرگە و شوناسی سیاسیی نەتەوەیەک بەرەبەرە سڕ دەکات و هێزی بەرەنگاری و خۆڕاگری تێیدا تەفروتوونا دەکات.

### توریزم وەکوو ئامرازێکی زاڵبوونی داگیرکەر:

توریزم ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بە یەکێک لە پێنوێنەکانی گەشەسەندن و پتەوکردنی بنەماکانی ئابوورییەکی گەشەخواز دەژمێردرێت، بەڵام هێندێک جار دەتوانێ وەکوو ئامرازێک بۆ تێکدان و ڕووخاندنی بناغەکانی کۆمەڵگە و تواندنەوە و سڕینەوەی نەتەوەیەک ڕۆڵ بگێڕێت.

لە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراوی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە دەسەڵاتی داگیرکەر بەردەوام وەکوو بێگانە، فاکتەری دژەتەناهی و "دار الحرب" چاوی لێ دەکات، لە شێوازگەلی جۆراوجۆری سەرکوت، دستوەردان، تواندنەوە و هەموو شێوە نەرم و ڕەقەکانی شەڕ بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕێکخستنە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگە و دژایەتیکردنی ڕەوتی شوناسخوازیی خەڵک و پێشگرتن بە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکیان لە دەوری مانیفێستی خەباتێکی ڕزگاریخوازانە کەڵک وەردەگیرێت.

لەو پرۆسەیەدا، "ئەویدیی بەهێز" ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە دزەکردنی زیاتری بۆ نێو خاکی کوردستان، هەم زەوی داگیر دەکات و هەم دەیهەوێ زەین و هەستی خەڵک، بە واتایەکی دیکە خۆیان وتەنی دەیانهەوێ "فتح القلوب" بکەن. بوونی بەردەوامی

توریست و کۆچبەرە ناخۆجێییەکان، بەرەبەرە ئاڵوگۆڕ بەسەر بەها کولتوورییەکان و پێوەرەکانی جوانیناسیی کۆمەڵگەدا دەهێنێت.

لە ئەنجامدا، جلوبەرگ، زمان، مۆسیقا، دابونەریتەکان، بەها نەتەوەییەکان، پێناسەی تاکەکان بۆ ڕەسەنایەتی، شوناس و نیشتمان و تەنانەت سیمای شارەکانیش بەرەو ئەو دیمەنە دەڕوات کە لە دەرەوە ئاراستە دەکرێت و دەسەپێنرێت.

هێندێکی دیکە لە ئاکامەکانی ئەم شێوازە لە سڕینەوە و سەرکوت و نێوبەتاڵکردن بریتین لە: کۆچی بەلێشاو و بێسەروبەری لاوانی کورد بۆ شارە گەورە خاوەن پیشەسازییەکانی ئێران و دەرەوەی وڵات لە لایەکەوە و کۆچی پێچەوانەی خەڵکانی بێگانە بۆ ناوچە چۆلکراوەکانی کوردستان لە لایەکی دیکەوە، کاولکردن و تێکدانی ژینگە و تاڵانی زیاتری سەرچاوەکان.
ئەو گۆڕانکارییانە لەوانەیە لە سەرەتادا زۆر شۆکهێنەر نەبن و کاریگەرییان لەسەر وشیاریی کۆمەڵگە تا ئاستی ڕاچڵەکاندن نەبێت، بەڵام بە زووترین کات وەک مۆریانە ڕەگ و ڕیشەی شوناسی نەتەوەیی و لانکەی خەباتی لەمێژینەی کورد دەکرووژێنن و ئەو داربەڕووە ئەستوورە کە لە قووڵاییەکانی مێژووی زاگرۆسدا بنجی داکوتاوە، بەبێ زەبری تەور و مشاڕ، ئەنجنئەنجن دەکەن.
کۆمەڵناسانی وەک کالینز لە پێوەندی لەگەڵ خەسارە کولتوورییەکانی توریزم لە کۆمەڵگەکانی وڵاتانی موستەعمەرەدا باس لە دەستەواژەی "ترازان و توانەوەی کولتووری" دەکەن کە مەبەست لەوە ڕەوتێکە کە تێیدا، گۆڕانکارییەکان لە کولتووری کۆمەڵگەی خانەخوێدا سەرەتا بە کاتی و زووتێپەڕ و کەمبایەخ دێنە پێش چاو، بەڵام بەرەبەرە ڕەهەندی کۆلۆنیالیستی و کاولکارانە بە خۆوە دەگرن.

چارلسۆن لەو پێوەندییەدا لە دەستەواژەی "بە توریستیکرانی کولتووری کۆمەڵگەی خانەخوێ" کەڵک وەردەگرێت. بەو واتایە کە توریزم و وەرگرتنی کۆچبەر سەرەتا بۆ ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە خوو و عادەت و دواتر دەبێتە جۆرێک لە هێژامەندی و ئەرکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی کۆمەڵگە و دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەی قوربانی بە جۆرێک گیرۆدەی دەبێت کە ڕزگاربوون لێی ئەستەم بێت.

ئەو چەشنە توریزمە هەروەها دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی جۆرێک لە دووبەرەکی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی، بەو واتایە کە توێژی لاوان دەکەونە داوی سەرنجڕاکێشبوونی ڕواڵەتیی هێما و تۆخمەکانی کولتووری هەناردەکراوی بێگانە و هەوڵ دەدەن بە قبووڵکردنی ئەو کولتوورە، نەریتە کولتوورییەکانی خۆیان لەگەڵی بگونجێنن، لە لایەکی دیکەوە، بەساڵاچووان زیاتر هەست بە مەترسی دەکەن و پێداگری لەسەر پاراستن و مانەوەی دابونەریت و تۆخمەکانی پێکهێنەری شوناسی خۆیان

دەکەن، کە ئەم پێکناکۆکییە کۆمەڵایەتییە نێوخۆییە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە درز و کەلێن بکەوێتە نێو بنەماڵەکان و کۆچی بەربڵاوی لاوان بە شێوەی تۆران و هەڵاتن لە شار و ناوچەکانیان و تەنانەت بەجێهێشتنی وڵات ڕوو دەدات کە بەو هۆیەوە چۆلبوونی وڵات و پیربوونی ڕێژەی حەشیمەتیش بە کێشە و نەهامەتییەکانی دیکەی کورد زیاد دەبێت.

ئامانج لە وەها سیاسەتێک ئەوەیە کە لاوان لە بەرانبەر هێما و بەهاکانی تایبەت بە توریستەکاندا هەست بەوە بکەن کە ئاسۆیەکی نوێ لە بەرچاویاندا دەرکەوتووە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێک بەربەرەکانیی نێوخۆیی لەگەڵ بەساڵاچوانی بنەماڵەکانیان کە سەرکەوتن تێیدا بە واتای ئەنتێگراسیۆن و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ داگیرکەر و کاڵبوونەوەی شوناسی کۆمەڵگەیە و لێرەدایە کە هێزی مرۆیی داگیرکەر لە بۆسەدایە تاکوو بەبێ هیچ تێچوو و توندوتیژییەک لەسەر خوانی تاڵانی وڵاتێکی چۆلکراو و بەتاڵبوو لە هێزی بەرەنگاری دابنیشێت.

جامایکا کین کید لە پەرتووکی "بستێک خاک"دا لەمەڕ کاریگەرییەکانی توریزمی کۆلۆنیالیستی، بە هێنانەوەی نموونەیەک لەو باوەڕەدایە کە کۆلۆنیالیستە بریتانیاییەکان، لەبەر ئەوەی کە نەیاندەتوانی بریتانیا لەبیر بکەن، دەچوونە هەر شوێنێک، هەوڵیان دەدا وەک وڵاتەکەی خۆیانی لێ بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هیچ وڵاتێک ناتوانێ دەقاودەق ببێتە بریتانیا، ئەو بابەتە کێشە و ئاریشەی زۆری بۆ خەڵکی خۆجێیی دروست دەکرد کە زۆریان هێشتا چارەسەر نەکراون. ئەو بابەتە ڕێک وەک هەڵسوکەوتێکە کە ئێرانییەکان بەرانبەر بە ناوچەکانی وەک گیلان و مازندەران و کوردستان گرتوویانەتە پێش.

چارەنووسی گیلان و مازندەران لەو پێوەندییەدا، ئاوێنەیەکی باڵانوێنی چارەنووسی داهاتووی کوردستانی توریستییە کە لە بەردەممانداییە. ئەو دەڤەرانە بە درێژایی مێژوو، شوێنی گەلانێکی خاوەن شارستانیەتی زێڕین و شوناسی سەربەخۆ و توانای خۆڕاگری لە بەرانبەر هێزە بێگانەکاندا بوونە و ناوی جەنگاوەرە تۆقێنەرەکانی دەیلەمی و گیلەک هەمیشە مۆتەکەیەک بۆ دوژمنانیان بووە، بەڵام لەو کاتەوە کە دێوەزمەی مۆدێرنیتەی ئێرانی ئەو دەڤەرانەی کردە ئامانجی توریزم و شوێنی سەیران و ڕابواردنی خەڵکی شارە گەورەکانی ئێران، شوناسی مێژووییان لە گەمارۆی ڤێلاکان، شەپۆلەکانی کۆچبەر و توریست و لەنێوچوونی خۆبژێویی ئابووریی جاراندا کاڵ بووەوە و ڕووخا. بۆیە هەر ئەو خەڵکەی کە ڕۆژگارێک هێمای کۆڵنەدان و خۆڕاگری بوون، هەنووکە لە ئاوێنەی زەینی کۆمەڵگەی ئێرانیدا تا ئاستی تیپێکی کولتووریی لاوەکی و بێ مەترسی دابەزیون. بۆ نموونە، کەسایەتیی تیپیکاڵی گیلەک لە جیهانی زەینی ئێرانییەکاندا، لە جەنگاوەرانی ئازای وەک "سپەهداری ڕەشتی" و "میرزا کووچەک خان"ەوە دابەزی بۆ "میری" کاراکتێری ناسراوی فیلمە فارسییەکانی سەردەمی شا، بە جۆرێک کە تەنانەت میواندۆستی و دڵپاکیی ئەو خەڵکەش وەکوو "بێغیرەتی" و ناو و ناتۆرەی نامووسیی جۆراوجۆر

خوێندنەوەی بۆ کرا.

دروستکردنی ئەو چەشنە کەسایەتییە تیپیکاڵە یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی داگیرکاری و ئیستعماری ئێرانی بوو، تاکوو بۆ زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی نەتەوەی کاسپییەن، خەڵکی ناوچە بیابانییە فارسنشینەکان بۆ کڕینی مڵک و زەوی و ڤێلاسازی و شارۆچکەسازی لە قووڵایی دارستان و بژوێن و لێڕەوارە سەرسەوزەکانی ئەو ناوچەیەدا هان بدرێن.

ئێستا دەیانهەوێ هەمان ئەو سیناریۆیە لەسەر کوردستانیش جێبەجێ بکەن. بە هەڵکەوت نییە کە هەوڵ دەدەن جۆرێک لە کاراکتێر و سێلێبریتیی بە ڕەچەڵەکی کوردی ڕاهێنراو یان ڕێگەپێدراوی خۆیان لە جێی ئۆستوورەکانی شۆڕش و خەباتی کوردستان لە زەینی خەڵکدا بچێنن، کاراکتێری "پێشمەرگە"، بە پێوەلکاندنی پاشگری "موسڵمان" زەوت و نێوبەتاڵ بکەن و پاشان بۆ ئەوەی بە تەواوی لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران و کوردستان بیسڕنەوە، کۆمەڵێک کاراکتێری دیکەی وەک کۆڵبەر و فوودبلاگێر و کەسایەتییە ئینستاگرامییەکان و... زەق دەکرێنەوە، چیا سەرکەشەکانی کوردستان کە لە بیرگەی گشتیدا بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، هێمای بەرخۆدان بوونە و وەکوو سەنگەری پێشمەرگە و مەتەرێزی پڕ ڕەمز و ڕازی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی، سیمایەکی تۆقێنەریان بۆ چەکدارانی داگیرکەر و کولتووری سیاسی و بیرگەی گشتیی کۆمەڵگەی ئێرانی هەبووە، ئێستا وەکوو سروشتی ناوازە و سەرنجڕاکێشی کوردستان دەناسێنرێن و دیمەنەکانیان دەکرێتە باکگراوندی کلیپ و ڕێکلام و هەڵپەڕکێی بلاگرەکان و سەمای ئێرانییەکان.

دروستکردنی بەنداوەکان و دەریاچە دەستکردەکان، خانووە توریستییەکان و دیاریکردنی گوندەکان وەک ئامانجی گەشتوگوزار، زێدەڕۆیی لە بەڕێوەبردنی جێژن و بۆنەی داهێنراو و تازەباو بە مەبەستی ڕاکێشانی زیاتری توریست و کردنەوەی دەرگا بە ڕووی ئێرانییەکاندا بۆ سەردانی دوورترین ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا بیر لە نیشتەجێبوونی یەکجاری لە کوردستاندا بکەنەوە، ڕەوتێکە کە بە پشتیوانیی ئۆرگانە ئەمنی و ئابوورییەکانی ڕێژیم دەچێتە پێشەوە تاکوو هەم ئاڵوگۆڕ بەسەر دیمەنی سیاسیی کورد و کوردستاندا بهێنێ و هەم بەستێن بۆ داگیرکردن و دەستبەسەردا گرتنی بەکاوەخۆی مڵک و زەوییەکانی کوردستان خۆش بکات.

لەو پێوەندییەدا، سەرەتا کوردەکان وەکوو خەڵکێکی تێکڕووخاو، سووکایەتیپێکراو، دەستەمۆکراو و هەمیشە ئامادە بۆ کڕووزانەوە و پاڕانەوە لە زەینی ئێرانییەکاندا وێنا دەکرێن. ئەو سەرلەنوێ پێناسەکردنە، هەمان سیاسەتی لەمێژینەی "خەساندنی" کولتووری نەتەوە ستەملێکراوەکانە؛ کولتوورێک کە تێیدا شانۆگەری و خۆنواندن جێگای ناڕەزایەتی، و ڕێکلام

بۆ شوێنە گەشتیارییە سەرنجڕاکێشەکان جێگای خەبات و بەرخۆدان دەگرنەوە.

لە هەنگاوی دواتردا، بە کەڵک وەرگرتن لە ئاسەوارە دەروونییەکانی ئەم وێناکردنە لە زەینی داگیرکەر و داگیرخوازدا و بە نیشاندانی دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی کوردستان وەکوو بەهەشتی بەڵێندراوی توریزم و دەرفەتێکی زێڕین بۆ مامەڵەی مڵک و زەوی، ئێرانییەکان کە هێشتا هەست بە ترسێکی قووڵ لە لایەنە سیاسییەکانی کولتووری کورد و کەشی خەباتگێڕانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا دەکەن، بەرەبەرە ترسیان دەشکێت و دەتوانن بە فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئەم خاک و وڵاتە، بۆ کڕینی زەوی و زار و داگیرکردنی بێدەنگ، ڕوو لە کوردستان بکەن.

باشترین پێناسە بۆ ئەو جۆرە پێوەندییە، وتەیەکی بەناوبانگی جۆمۆ کنیاتا، ڕێبەری بزووتنەوەی سەربەخۆیی وڵاتی کنیایە کە کاتی خۆی وتبووی: "کاتێک کە بانگخوازانی مەسیحی هاتنە ئەفریقا، ئێمە زەوییەکانی خۆمانمان لە دەستدا بوو و ئەوان کتێبە پیرۆزەکەیان. ئەوان پێیان وتین وەرن با دۆعا بکەین. هەربۆیە ئێمە چاومان داخست تاکوو دوعا بکەین. کاتێک کە چاومان کردەوە، ئەوان زەوییەکانی ئێمەیان لە دەستدا بوو و ئێمە کتێبە پیرۆزەکەی ئەوان."

**وتەی کۆتایی:**

توریزم لە کوردستان، ئەگەرچی بەڕواڵەت لەژێر ناوی بووژانەوە و پەرەپێدانی ئابووریدا خۆ دەنوێنێ، بەڵام بە دیوە شاراوەکەیدا هەڵگری جۆرێک لە بەرهەمهێنانەوەی پێوەندیی داگیرکەر و داگیرکراوە، شێوازێک لە کۆلۆنیالیزمی نەرم کە لە جیاتی زمانی زۆر و سەرکوت، لە وێنە و ڕیکلام و دزەکردنی بەکاوەخۆ کەڵک وەردەگرێت. ئەم شێوازە لە توریزم، بە جوانکردنی سیمای داگیرکاری و گواستنەوەی بەرەبەرەی حەشیمەت، ڕێگا بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کولتووری و توانەوەی شوناسدا خۆش دەکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، سروشت و کولتووری کوردستان وەکوو کاڵا و شمەکێک بە کار دەهێنرێن و شوناس، بیرگەی مێژوویی و کەشی خەباتگێڕانەی کۆمەڵگەی کوردستان لەژێر پێستی کۆمەڵێک دروشمی وەک پەرەپێدان و ئاوەدانیدا هێورهێور کاڵ دەبنەوە و دەتوێنەوە.

کوردستان هەنووکە لە خاڵێکدا ڕاوەستاوە کە دەبێ لەنێوان "گەشەسەندنی خۆڕسک و خۆویستانە" و "پێشکەوتن لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی داگیرکەرەوە" یەکێکیان هەڵبژێرێت.

لەو نێوانەدا، ئەوەی کە پێویستمان پێیەتی نەک ڕەشکردنی یەکجاریی توریزم، بەڵکوو سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

**خەسارناسیی هەمەلایەنە و گرێدانی بە ستراتیژیی خەوشهەڵنەگری ڕزگاریی نیشتمان لە هێژمۆنی داگیرکەرە.**

**توریزم لە کوردستاندا دەبێ هەڵقولاوی ناخی کۆمەڵگە و هەڵهێنجراوی بەرژەوەندی و پێویستییە ستراتژیکەکانی نەتەوەی کورد بێت، کار بۆ پاراستنی یادگەی مێژوویی، کولتوور و شوناسی نەتەوایەتی بکات و لەجیاتی جوانکردنی سیمای ناحەزی داگیرکاری و کاڵکردنەوەی هێڵە جیاکەرەوەکانمان لەگەڵ داگیرکەر، ڕچەشکێنی ڕێگایەک بەرەو بەهێزکردنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و جێگیرکردنی بیرۆکەی ڕزگاری و باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەی کورد بێت.**

**٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

# قەیرانی ئاو و قەیرانێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی





**هەردی سەلیمی**

ئەوە چەند ساڵێکە ئێران تووشی قەیرانی کەمئاوی و بێئاوی بووە، بەشێکی بەرچاو لە ڕووبار و تاڵاوەکان لەو وڵاتەدا وشک بوون. ورمێ و کاروون و گاوخوونی و هاموون و... لەو سەرچاوە ئاوییە گرنگانەی نێو ئێران بوون کە ئێستا بەرەو نەمان هەنگاو دەنێن. کارناسان لەسەر ئەو باوەڕەن بەشێک لە سەرچاوە ئاوییەکانی ئێران بەتەواوی کۆتاییان پێ هاتووە،

تەنانەت ئەم کێشە و قەیرانانە هەتا ئاستێک چووە کە دەنگۆی چۆڵکردنی تارانیش دەبیسرێ.

ئەم کێشەیە بێگومان بۆ بێبارانی و کەمبارانی ناگەڕێتەوە و ئەمە تەنیا بەشێکی بچووک لە کێشەکەیە، بەڵکوو ڕۆڵی هەرە سەرەکی لەم نێوەدا دەگەڕێتەوە بۆ مودیریەتی ئاو لە درێژەی ئەم چەند دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. ئەم بەناو مودیریەتە ناکارامەیە زۆر لەمێژە پێی ناوەتە قۆناغێکی ترەوە و لە مودیریەت و بەڕێوەبەرییەکی پڕکەموکووڕی دەرچووە و ئێستا وەک مافیای ئاو دەناسرێ. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانیان بە چاوی دەسکەوت و غەنیمەت لە هەموو سەرچاوە و کانزایەکی ئەو وڵاتە دەڕوانن و هەر باند و دەستە و کەسێکیان دەستی بەسەر بەشێکدا گرتووە.

ئەوەی بە مافیای ئاو دەناسرێ لە ئێراندا بریتییە لە تۆڕێکی بەربڵاو لە کەسانی کارفرما و سیاسی کەوا بڕیاربەدەستیشن و ئەوان دیاری دەکەن لەسەر کام ڕووبار بەنداو ساز بکرێ و ئاوی کوێ بۆ کوێ بەرن و کوێ وشک بکرێ و بە کوێ بفرۆشرێ. لێرەدا باسێک لە کونترۆڵی ئاو نییە، بەڵکوو باس لەسەر سوود و قازانجی تاکەکەسی و ناوچەییە. ئەوەی لە ئێستادا و لە پێوەندی لەگەڵ ئاودا دەکرێ، جیا لە بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە سروشتییە وەل ئامرازی دەسەڵاتداری، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییە. بەو واتایەی کەوا بۆ نموونە ئاوی کوردستان بەرەو ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ناوەندە پیشەییەکانی تەورێز بەڕێ دەکرێ، ئاوی عەرەبستان دەدزرێ بۆ ئیسفەهان و ناوەندە پیشەییەکان و بەرنامەی مووشەکی و ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

هەر ئەم ڕاستییەیە کە بەشێک لە چاودێرانی سیاسی و چالاکان و کارناسانی بواری ژینگەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی ئەوەی لە ئێراندا لە پێوەندی لەگەڵ سەرچاوەکان و بەتایبەتی ئاودا ڕوو دەدا، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەی ژینگەییە کە بە قازانجی نەتەوەیەک زیان بە نەتەوەکانی تر دەگەیەنێ.

لە هەمان کاتدا ئەم دەسوەردانە لە ژینگە و سروشت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەشەکانی تریش دەبێ و هەر لە ئێستاوە نیشانەکانی دەرکەوتووە، بۆ نموونە بە وتەی ناوەندی توێژینەوەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، ٧٠ لەسەدی دەشتەکانی ئێران ڕۆ چوون؛ بۆیە ئەم دزی و تاڵانانە لەگەڵ ئەوەی بوونەتە هۆی بازرگانییەک بۆ کەسانێکی دەسەڵاتدار و سەرهەڵدانی نایەکسانییەکی هەرە بەرچاو، لە هەمان کاتدا هاوسەنگیی ئێکۆلۆژیکیشی تێک داوە. ئەم کێشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشێکی بەرچاو لە بازرگانانی ئاو هەمان چاودێرانی بواری سیاسەتی ئاویی ئەو وڵاتەن.

لە ئێستادا ئاو دابەش و جیرەبەندی کراوە و بێ ئاگادارکردنەوە ئاو لەسەر خەڵک دەبڕن و تەنانەت نێو زانکۆکانیشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

گرتووەتەوە و خۆشۆردنیش بووەتە نۆرەیی! هەتا چەرخی ئەم دەسەڵاتە و دەستی مافیاکانی بجووڵێ و سیاسەتە ناوەندگەرا و ڕەگەزپەرستانەکەی بەردەوام بێ، ئەم قەیرانە قووڵ و قووڵتر دەبێتەوە؛ بۆیە بۆ کۆتاییهێنان بە هەر قەیرانێک و لەوانەش ئەم قەیرانە گرنگ و سەرەکییە پێویستە کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بهێنرێ، چون هەتا بمێنێ زیانە قەرەبوونەکراوەکانی زۆرتر دەبن.

٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# یەکگرتوویی





**مستەفا شڵماشی**

هەمووممان چ ئەوانەی لە ڕێبەریی حیزبەکان دان و چ ئەوانەی هیچ بەرپرسایەتییەکیان نییە، بەڵام خۆیان وەک سەرێک دەبینن لەنێو سەراندا، بە بەردەوامی باس لە یەکگرتوویی و پێویستیی یەکگرتن دەکەین. خۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەتێکڕایی خەونی پێوە دەبینن و گلەیی سەرەکییان لە حیزبەکان ئەوەیە کە بۆچی یەک ناگرن.

کەواتە کێشە لە ویستی یەکگرتندا نییە. تا ئێرە هەمووان قەبووڵیانە و ئەگەر بۆ ڕواڵەتیش بووبێ، دروشمی هەمووانە. بەڵام بۆچی ناتوانن ئەو دروشمە بەکردەوە جێبەجێ بکەن، لە کاتێکدا کە جێبەجێکردنی ئەو دروشمە لە دەست دوژمندا نییە و لە دەست خۆمان دایە. لێرەدا هەوڵ دەدەم هۆکاری ئەوەی کە بۆچی کورد ناتوانێ یەک بگرێ و بەیەکەوە بۆ پرسە نەتەوەییەکە تێبکۆشێ و هۆی چییە کە یەک نەفەر دەتوانێ بە بڵاوکردنەوەی هێندێک ژەهری سیاسی، کەشوهەوای نێو جووڵانەوەی کورد بە تەواوی تێک دا و ئاستەنگەکانی بەردەمی یەکگرتن چین. بە بڕوای من دەکرێ ئاوڕ لە چەند پرسێک وەک ئاستەنگی سەرەکی بدەینەوە.

### یەکەم: شێوەی دروستبوونی حیزبەکان:

**ئەلف – ئەو حیزبانەی سەرەتا و لەپێشتر دروست دەبن:** لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەگشتی حیزبەکان سەرەتا بۆ ئامانجێکی سیاسی دروست دەبن و تا ئەو جێگایەی کە هیچ ڕکابەرێکیان نییە، زۆرتر ئامانجەکەیان زەق دەکەنەوە و پرۆپاگاندایان زۆرتر لە دوو بواردا خۆی دەنوێنێ، شیکردنەوەی ئامانجەکانیان و ناساندنی دوژمنی سەرەکییان کە بەرامبەرەکەیانە؛ واتە ئەو دەوڵەتەی کە مافی لێ زەوت کردوون. حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە سەرەتادا دروست بوون، لەم تایبەتمەندییە بێبەری نین. ئەگەر چاو لە ڕابردووی حیزبە جەماوەری و قەدیمییەکان بکەین، لە سەرەتای دروستبوونیاندا ئەو تایبەتمەندییانە بەڕوونی دەبینین. ئامانجەکەشیان چونکە بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییە، زۆر زوو لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێی خۆیان دەکەنەوە و گەورە دەبن. وەک نموونەیەکی بەرچاو بۆ ئەم بابەتە دەتوانین چاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتی دامەزرانی و لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دواتریش بۆ وێنە "جووڵانەوەی ٤٧ - ٤٦ " بکەین. کە لێرەدا حیزب ئامرازە بۆ وەدیهێنانی ئامانج.

**ب – ئەو حیزبانەی دواتر دروست دەبن:** هەرچەند بەڕواڵەت ئامانجێکی جیاواز بۆ خۆیان دیاری دەکەن و لە سەرەتادا بانگەشەی پێوە دەکەن، بەڵام کاتێک دەبینن لە بەرامبەر حیزبە گەورەکەدا ناتوانن بەپێی پێویست گەشە بکەن، بەشی زۆری پرۆپاگاندای خۆیان لەسەر شکاندنی حیزبە گەورە خاوەن پێگەکەی پێش خۆیان دادەڕێژن. ستراتیژییان دەبێتە ئەوەی کە لە پێگەی حیزبە کۆنترەکە کەم بکەنەوە، تا بۆخۆیان گەشە بکەن. لە بەرامبەردا حیزبەکەی پێشتریش بەشی زۆری وزەی خۆی تەرخان دەکا بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆپاگاندای حیزبە تازەکە و لەجیاتی ئەوەی بەردەوام بەرگری لە مافەکانی نەتەوەکەی بکا و پرۆپاگاندای خۆی لەسەر دوژمنی هاوبەش کۆ بکاتەوە، لە ڕاستیدا زۆرتر خەمی پاراستنی خۆیەتی لە بەرامبەر حیزبە تازە دروستبووە ڕەقیبەکەیدا. بۆیە بەرەبەرە پاراستنی حیزب یان گەشەکردنی حیزب دەبێتە ئامانج، لەجیاتی ئەوەی وەک ئامرازێک چاو لە حیزب بکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

### دووەم: ناڕوونی لە ستراتیژیی نەتەوەییدا:

دیارە حیزبی وایە ستراتیژییەکەی ڕوونە و بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییە، جا لە هەر شکڵێکدا کە هەڵی بژاردووە، بەشێوەی خودموختاری، فیدراڵی یا سەربەخۆیی، جیاوازی نییە، ستراتیژییەتی. ئەگەر حیزبەکە بیهەوێ بەڕاستی بۆ لەنێوبردنی ستەمی نەتەوەیی تێبکۆشێ، بۆی گرنگ دەبێ کە بۆ یەکیەتیی نەتەوەییش تێبکۆشێ و تەنانەت ئامادە دەبێ بۆ قازانجی نەتەوەکە دەست لە قازانجە حیزبییەکە هەڵگرێ. بەڵام کارەسات ئەو کاتەیە کە حیزبێک لە مەسەلە نەتەوەییەکە تەنیا بۆ گەشەکردنی خۆی کەڵک وەرگرێ، چونکە دەزانێ کە کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکە، تەنیا بەو دروشمە سەرسام دەبن و لە دەوری کۆ دەبنەوە. ئەوکاتە مەسەلە نەتەوەییەکە بۆ ئەو دەبێتە ئامراز و حیزبەکەی کە ئامانجێکی دیکەی هەیە، دەبێتە ئامانج. بۆیە ئەو جۆرە حیزبانەش لە نێو جووڵانەوەی نەتەوەییدا زۆرتر کۆسپن تا ڕەگی بەهێزی جووڵانەوە.

ئەو دابەشبوونی حیزبییە بەداخەوە بمانهەوێ و نەمانهەوێ دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەشوهەوای ڕووناکبیرانی نەتەوەکەش دەگرێتەوە. ڕووناکبیرانیش هەم تێیان دایە کە تەنیا بیر لە مەسەلە نەتەوەییەکە دەکاتەوە و هەم تێشیان دایە کە بیر لە قازانجی خۆی دەکاتەوە و لەو دابەشبوونەدا لایەنێک هەڵ دەبژێرێ کە بۆ ئەو قازانجی هەیە. بۆیە بەداخەوە قەڵەمیش لە ئاست مەسەلە نەتەوەییەکەدا بە وەفاداری نامێنێتەوە و جاری وایە لەجیاتی دەرمان، ژەهر بڵاو دەکاتەوە.

### ئێستا بەو دوو تێبینییە سەرەکییەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بکرێ بە خاوێنبوونەوەی کەشوهەواکە و ڕەخساندنی زەمینەی یەکگرتن دەبێ چ بکرێ؟

بە باوەڕی من باشترە حیزبەکان چاو لە مرۆڤە هەرە سادەکانی سەرشەقام بکەن. برۆ لە بازاڕ چاوەدێری بکە بە سەر چەند میوەفرۆشێکدا کە زەحمەتێکی زۆر دەکێشن تا سفرەی منداڵەکانیان نانی لەسەر بێ. ئەوان لەجیاتی ئەوەی کە میوەی دراوسێکەیان بە ڕزیو و بێکەڵک لە قەڵەم بدەن، بانگەشە بۆ میوەکەی خۆیان دەکەن و باسی تازەیی و تام و لەزەتی میوەکەی خۆیان دەکەن. با حیزبەکانیش، بەتایبەت ئەوانەی کە خەمی گەورەیان ژێرچەپۆکی و بێمافیی نەتەوەکەیانە، بەرنامەی خۆیان بۆ کۆمەڵانی خەڵک باس بکەن و بانگەشە بۆ کاڵا سیاسییەکەی خۆیان بکەن لەجیاتی ئەوەی کە دژی حیزبە ڕەقیبەکانیان بدوێن. بەتایبەت بە شێوەی هێرش و دوژمنایەتیکردن و ڕەتکردنەوەی مێژوو و پیرۆزییەکان. دیارە ڕەخنەگرتن ناچێتە خانەی دژایەتیکردنەوە، بەڵام ڕەخنە ڕێوشوێن و پرەنسیپی خۆی هەیە؛ "یەک کردەوە یا یەک سیاسەت

بە ئامانج دەگرێ" و ڕەتی دەکاتەوە، نەک لەدژی تەواوی مێژووی حیزبێک بدوێ و هەموو خزمەتەکانی زەرپی سیفر بکا و هێرش بکاتە سەر پیرۆزییەکانی.

کەواتە بۆ ئەوەی زەمینەی یەکگرتن ئامادە بکرێ، پێویستە حیزبەکان، ئەوانەی ئامانج و ستراتیژییان بەڕاستی مەسەلە نەتەوەییەکەیە، "دۆستانە ڕەخنە لە یەکتر بگرن، دژایەتیی یەکتر نەکەن، ئامانجیان مەسەلە نەتەوەییەکە بێ و حیزب وەک ئامراز ببینن، نەک وەک ئامانج".

بەڵام لەگەڵ ئەوانەی کە ئامانجیان مەسەلە نەتەوەییەکە نییە و زۆرتر وەک ئامرازێک بۆ گەشەی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن ناتوانی چاوەڕوان بی کە بە خاتری مەسەلە نەتەوەییەکە بێن و یەک بگرن. بۆیە ناکرێ لە سەر نەهاتنی ئەوان تەگەرە بخرێتە سەر ڕێگای یەکگرتن. لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ بۆ ئەوەی کە کێشە دروست نەبێ، لەسەر هێندێک خاڵ ڕێککەوتنیان لەگەڵ بکرێ و پابەند بکرێن بە ڕاگرتنی کەشوهەوای جووڵانەوە بە هێمنی و خۆپاراستن لە توندوتیژی بەرامبەر ڕەقیبەکانیان. بەڵام ئەوانەی کە مەسەلە نەتەوەییەکەیان بۆ گرنگە، پێویستە "مەسەلە نەتەوەییەکە وەک ئامانجی ستراتیژیی هاوبەش ببینن و هەموویان خۆیان بە خاوەنی ئەو مەسەلەیە بزانن و هەمووشیان وەک شەریک لەو مەسەلەیەدا چاو لە یەکتر بکەن و هیچیان بەسەر هیچیاندا موزایەدەی سیاسی نەکەن و لە بەرامبەر هەر هێزێکی دەرەوەدا پێکەوە هەنگاو هەڵێنن."

دژی یەکتر نەدوێن و لە دەرەوەی مەسەلە نەتەوەییەکە هەر کاڵایەکیان هەیە با بۆ خۆیان پڕۆپاگاندای بۆ بکەن. تەنیا لەو حاڵە دایە کە دەتوانین هەنگاو بەرەو یەکگرتن هەڵێنین. بەهیوای ئەو ڕۆژە کە هەمووان بەو ئاکامە بگەن و بەرەو ئەوە ئامانجە هەنگاو هەڵێنن.

٢٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥ - ١٩٩٠) (دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی کوردستان)





- کوێستان نستانی

- د. هۆشمەند عەلی

چەند ڕۆژ دوای دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی کوردستان، ژنان یەکەمین کۆنفڕانسی خۆیان لە خانەی فەرهەنگی کوردستان لە مەهاباد پێکهێناوە. لەو کۆنفڕانسەدا مینا خانمی قازی ئەرکی سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ژنانی لەئەستۆ بوو، لەگەڵ (خانم گەوهەر تاجی سەدری قازی، ویلما سەیادیان، فەریدەی زەندی، ساحبەی یاهوو، شاسوڵتان فەتاحی قازی، خەدیجە



سەرچاوە
Serchawe

حیدەری و عیفەت قازی کچی پێشەوا قازی محەممەد) وتاریان خوێندۆتەوە و بەتێکڕا لە وتارەکانیاندا هانی دایک و باوکانیان داوە تا منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندنگە و هەوڵ بدەن نەخوێندەواری لە کوردستاندا بنبڕ بکەن. هەروەک لە وتارەکەی حەفیفەخان قازی و عیسمەت خانی کچی پێشەوادا هاتوە:"خانمەکان! گەورە مەسەلەیەکی مەشهوورە شێر چ نێر چ مێ، کورد خۆ بە شەهادەتی هەموو دونیایە لە هەموو کەس ئازاترە، ئەدی چۆن دەبێ بەخسووس دە دونیای ئەمڕۆدا کە لە هەموو دەوڵەتێکی پیاو و ژن پێکەوە کاری وڵاتی خۆیان ئیدارە دەکەن، بۆ ئیدارەی وڵاتیش خوێندن و نووسین لازمە، بەڵکوو لەگەڵ کابانی و خانەداری و منداڵ بەخێوکردنیش هەرچی عیلم و سەواد زیاتر بێ لەگەڵ قومقومەی سیری و لایی لایی لانکێ خۆشەویستی و نیشتمانپەرەستیی میللی فێری منداڵ بکرێ قەت لە بیری ناکا، میللەتێکی ئەو نەوعە دایکانەی هەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ سەرکەوتوو دەبێ دە جا وەرن بۆخۆتان و منداڵان بخوێنن و وڵاتی خۆمان بە عیلم و سەنعەتی برازێنینەوە.

**خانمان و خۆشکانی خۆشەویست!** تەماشای شاری مۆسکۆ بکەن، ببینن لە سایەی عیلم و فەرهەنگ چی لێ هاتووە، تەماشای ئەو کتێبخانە و بینا و ساختمان و مۆزەخانە و سینەما و خوێندنگەیانە بکەن هەموو ئەوانە لە سایەی خوێندندا دروست بوون، چی دەبێ ئێمەش بخوێنین و لە سایەی عیلم و زانستەوە مۆڵکی خۆمان سەربەرز بکەین. ئێمەی ژنان دەبوو ئاهەنگی زیاتر بگێڕین بۆ ئازادیمان تا هەموو جیهان بزانێ ژنی کورد زیاتر لە پیاوان ئازادیی خۆش دەوێ"(گەوهەری، ٢٠١٧، ٢١١؛ موجاب، ٢٨،٢٠٠١).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، خاتوو (ویلما سەیدیانی)لە وتارێکدا وتوویەتی:"پێویستە ژنان خوێندەوار بن و یارمەتیدەری گەورەی پیاوان بن و نابێ ئێمە هەمیشە چاوەڕێی هاوسەرەکانمان بین پارە و جلوبەرگ و زێڕمان بدەنێ. خانمە بەڕێزەکان منداڵەکانتان بەدبەخت مەکەن و لە چوارچێوەی ماڵدا مەیانهێڵنەوە، بیانێرن بۆ خوێندنگەکان تا بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی ژنی کورد هاوشێوەی ژنە شارستانییەکان لە دەرەوە کار بکەن"(موجاب، ٢٠٠١، ٢٧)

.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە بەهۆی چاکسازییە ڕووکەشەکانی بنەماڵەی شاهەنشاهی و پەرەدان بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەگشتی گرنگی ئەوتۆ بە کردنەوەی خوێندنگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدرابوو، هەربۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری بەگشتی کەم بووە (گەوهەری، ٢٠١٧، ٢١٢)، دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان و لە دوای پێکهێنانی کابینەی ئەم کۆمارە کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دێموکرات لە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٤٦بڵاو کراوەتەوە، دوای ئاهەنگێڕان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٢ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٦، ٢٣ کەس لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان وتاریان بۆ جەماوەری کوردستان داوە، (دوو) لەو کەسانە دوو مامۆستای ژن بوون، لە وتارەکانیاندا



سەرچاوە
Serchawe

سەرەڕای ڕەخنەکانیان ئاماژەیان بۆ خوێندەواریی ژنان و هەوڵدان بۆ پێشکەوتنەکانی ژنان کردووە، هەروەک خەدیجەی مەجیدی، کە مامۆستای خوێندنگای پەروانەی کچانی مەهاباد بووە، لە وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە و وتوویەتی:"خۆشکە بەڕێزەکان ئێستا با تەماشای برا ئازیزەکانمان بکەین و دەست بخەینە ناو دەستی یەکتری، چونکە من وای دەبینم، نیشتمانی دایک چاوەڕوانی کچەکانیەتی دەست بە کار بن و دەست بە خوێندن و فێربوون بکەن. جیهانی ئەمڕۆ پێویستیی بە کچان و کوڕانە دەست لەناو دەستی یەکتر کار بۆ ڕزگاریی نیشتیمان بکەن" (ڕۆژنامەی کوردستان، ١١ی فێورییە ١٩٤٦، ١). هەروەها کوبرا عەزیمی لە وتارەکەیدا هانی کچان و بنەماڵەکانیانی داوە لەپێناو ڕۆشنبیرکردنیان هەوڵ بدەن و لە هەمانکاتدا ڕەخنەی لە خەڵکی مەهاباد گرتووە، چونکە وتوویانە "کچەکانمان نانێرین بۆ خوێندنگا و بەو هۆیەوە ڕەوشتی تێک دەچێت و تەنانەت کە ئێمە دەبینن بە بێزەوە سەیرمان دەکەن و، دەڵێن ئەوانە مامۆستان! ئێوە سەیری کتێبە بیانییەکان بکەن، بۆ ئێمە وەک ئەوان مرۆڤ نین؟ بۆچی لە شارێکی وەک مەهاباد ئێمە ژنێکمان نیە نەشتەرگەر یان ددانساز بێ، بۆیە کچەکانتان بنێرن بۆ خوێندنگە "(موجاب، ٢٩،٢٠٠١)

هەر بۆ ئەم مەبەستەش، لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا وەک ئاگادارییەک بڵاو بۆتەوە و ئاماژەی بۆ کراوە، بەتەواوی خەڵکی شاری مەهاباد ڕادەگەیەنرێت لەسەر ئەمری پێشەوا قازی محەممەد و قەراری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوە بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی و لەو تاریخە بەولاوە تا ١٠ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کچ و کوڕی هەبێ و تەمەنی گەیشتبێتە خوێندن دەبێ بنێردرێتە خوێندنگا و هەرکەس لەو ئەمرە ڕووی وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەمبێ دەکرێ". (کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ مەعاونی حیزب تەهازادە)، (ڕۆژنامەی کوردستان، ١١ی ژانویەی ١٩٤٦،٤)

**لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە،** لە ڕوویی سیاسیی و قانوونییەوە حیزبی دێموکرات بێجگە لەوەی گرنگیی داوە بە خوێندن بە زمانی کوردی، لە هەمانکاتدا دایک و باوکانی ئەرکدار کردوە لەپێناو خوێندنی کچ و کوڕەکانیان و کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی کچانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چونکە هەتا ئەوکات بەهۆی کولتوور و داب و نەریتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا کچان بەو ڕێژەیەی پێویست بووە دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە (باڵەکی، ٣٢،٢٠١٦). هەروەک دەبینرێ و جێگای سەرنجە، جگە لە ژنان، خودی سەرۆککۆماریش بەتەنگ ڕەخساندن و پێشخستنی خوێندنی کچان و ژنان بووە و بۆ نموونە: لە شاری شنۆ یەکەم خوێندنگەی کچانی کردۆتەوە و تەنانەت حەسەنی کازمی بەڕێوەبەری خوێندنگە لە وتارێکدا، کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، پێویستە سپاسی سەرۆککۆمار بکرێت، بۆ ئەو خزمەتگوزارییە و بە گرنگی و بایەخەوە بڕواننە ئەو هەنگاوە و کچەکانیان بنێرین بۆ خوێندنگە، چونکە کوردستانێکی ئازاد پێویستیی بە ژنانی خوێندەوارە و ئازادی و خوێندن لە یەکتری جودا نین و بەرزترین دەسکەوت ئەوەیە



سەرچاوە
Serchawe

کە وەک پیاوان بن و ژنی نەخوێندەوار بارە بەسەر نەتەوە و نیشتمانەکەیدا، بۆیە دەبێ بخوێنن (موجاب،٢٠٠١،٣٤،٣٣).
هەر لەو بارەوە کوبرا عەزیمی لە بیرەوەرییەکانیدا وتوویەتی:"ئەودەم قوتابیی کچ زۆر نەبوون، ژنی خوێندەواریش هەر زۆر کەم بوون، ژنەکان ئەوسا هەر خەریکی کاری ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ بوون و جاروباریش بۆ بانگهێشتی باخ یان سەرەخۆشی و شایی دەهاتنە دەرەوە، دەنا نە دەچوونە دەرەوە، نە بەشدارییان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا دەکرد؛ ئەوەی چالاکیی سیاسییش بێ هەر هیچ. بەو زانیارییانەوە دەتوانم بڵێم ئەو چالاکییانەی ژنان کە لە یەکیەتیی "یایان" هەیانبوو بۆ سەردەمی خۆی هەنگاوێکی گەورە بوو، ئەگەر کۆماری کوردستان شکستی نەهێنابا، پێدەچوو یەکیەتیی "یایان" یارمەتیی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و زانیاری ژنان بایە" (عەزیمی، ٢٠٢٤،٩٦ ). لێرەدا دەکرێت ئەوە بۆ ژنانی نیشتەجێ لە نێوشارەکاندا دروست بێ، بەڵام بۆ ژنانی دێهاتەکان دەکرێ جیاوازتر لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە ژنانی دێهاتەکان لەگەڵ ئەوەی ئاستی خوێندەوارییان نەبووە، یان کەم بووە، بەڵام ئازادییەکی زیاتریان هەبووە و بەردەوام لە ئەرک و کاری دەرەوە هاوکاری بنەماڵەکانیان بوون.

هەرچەندە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان دامەزراوە و بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوشێوەی نێو کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی ژنان بوونە خاوەن ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان و هەوڵی بەئاگاهێنانەوەی ژنان و کچانی نێو کۆمەڵگەی کوردییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و پەرەیان بە کاری ڕێکخراوەیی و کردنەوەی خوێندنگای تایبەت بەکچان و چوونە سەری زانست و زانیاریی ژنان و کچان داوە، کە وەک دەستکەوتێکی ئەو کۆمارە بە ئەژمار هاتوە و ژنانیش هاتوونەتە مەیدان، ئەگەر نا هیچ کارێک سەبارەت بە بەشداری ژنان لە پرسە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و مافی دەنگدانی ژنان لە کابینەی یەکەمی کۆماری کوردستان و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی یەکەم (١٩٤٥) و دواتریش تا کۆنگرەی چوارەم (١٩٨٠) نەهاتۆتە بەرباس. هەروەها بەگوێرەی نووسراوەکان و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەنانەت خودی پێشەوا قازی محەممەد لە وڵامی چەند ڕۆژنامەنووسێکدا، پرسیاریان لێ کردوە کە لە حکوومەتی سەربەخۆی ئازەربایجانی دراوسێدا، بۆ یەکەم جار لە ئێراندا ژنان مافی هەڵبژاردنیان وەرگرت، لە کۆمارە کوردییەکەدا هەرچەندە دەنگدان وەک مەسەلەیەک نەخراوەتە بەرباس، بەڵام سەرۆک هاوسۆز بووە لەگەڵ دەنگدانی گشتیدا و لەو چاوپێکەوتنەدا پرسیاری لێ کراوە کە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی بەخشیوە بە ژنان لە هەڵبژاردندا، ئایا تۆش هەمان شتت کردوە؟ وڵامەکەی ئەوە بووە، کە هەرچەندە من ئەو کارەی ئازەربایجان بە ئەرێنی دادەنێم، بەڵام پێتان ڕادەگەیەنم کە من نەمتوانیوە ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێنم (موجاب، ٢٠٠١،٤٠؛ بوورزوویی، ٢٠٠٥،٤١٤).

بۆیە دەتوانرێ بگوترێ ئەگەرچی دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژنان



سەرچاوە
Serchawe

خەزەڵوەری ٢٧٢٥


ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دانا بۆ پرسەکانی خوێندن و خوێندەواری و زیاتر هۆشیارکردنەوەی ژنان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان، بەڵام ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەو قۆناغەدا نەچۆتە چوارچێوەی کایەی کاری سیاسیی و بەشدارییان لەگەڵ پیاوان لەنێو سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات و تەنانەت لە کابینەی وەزارەتی کۆماری کوردستانیشدا.

**هەر چۆنێک بێ**، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، تاکوو دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە ناوی هیچ ڕێکخراو و بڵاوکراوەی تازە دامەزراوی تایبەت بە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەکراوە. بێگومان لە دوای ئەم قۆناغەش دەرکەوتنی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار و دەرهاویشتە و گۆڕانکاریی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی کە لەسەر پرسی ژنان و بارودۆخی سیاسیی نەتەوەی کورد هاتبوونە کایەوە. هەر بۆیە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی دواتردا ڕەهەندەکانی خەباتیان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە بواری جیاوازتر دەست پێ کردوە.

٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# هەڵوێستەیەک لەسەر ناتەبایی نێو سیستەمی کۆماری ئیسلامی





**حەسەن شێخانی**

کۆماری ئیسلامی لە جەوهەردا حکوومەتێکی یەکگرتووە یان نایەکگرتوو؟ لە نێوخۆیدا تەبا و سازاوە یان ناتەبا و ناسازاو؟ هاوڕێکیی نێوسیستەمی هەیە یان ناهاوڕێکە؟ ئەمە پرسێکی گرینگە و تیشک دەخاتە سەر پێوەندییە نێوخۆییەکانی دەسەڵات لە ئێراندا؛ چۆنیەتیی سیاسەت و سیاسەتداڕێژی لە کۆماری ئیسلامیدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە؛ لەم

دەلاقەوە باشتر لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی و لە دۆخی ئێستای تێدەگەین و تا ڕادەیەکیش بەرچاوڕوونیمان سەبارەت بە داهاتووی کۆماری ئیسلامی و ئێران پێ دەدا. گەلۆ ئەم پرسە بۆ سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە؟ هۆکارەکەی چیە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە؟ لەم وتارەدا کەمێک بەدوای ئەم پرسەدا دەڕۆین و شی دەکەینەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران حکوومەتێکی نائاساییە. بەشێکی زۆر لەو کێشانەی لە سەرەتاوە لەگەڵیان بەرەوڕوو بووە، لەم تایبەتمەندییەوە سەرچاوەیان گرتوە؛ ڕەخنە و تێبینیی دنیای دەرەوەش لە کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە حکوومەتێکی نائاساییە و لەگەڵ یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان ناتەبایە و نەزمی زاڵی لە بیاڤی نێونەتەوەییدا قبووڵ نییە و وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی ئەم نەزمە دەجووڵێتەوە. بەشێکی داواکاریی کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت ڕۆژاوا ئەوەیە کە لەم حاڵەتە نائاساییە بێتە دەر و وەک حکوومەتێکی ئاسایی لە چەشنی دەوڵەتانی دیکەی جیهان هەڵسوکەوت بکا؛ داواکارییەک کە تا ئێستا وەڵامی ئەرێنیی پێ نەدراوەتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە کۆماری ئیسلامی کە لە ئەنجامی شۆڕشێک هاتە سەر کار، بە پێچەوانەی زۆرێک لەو حکوومەتانەی لە ئەنجامی شۆڕشێک دێنە سەر کار، بەڵام دوای ماوەیەک لە دۆخی شۆڕشگێڕی دێنە دەر، هەروا لەم دۆخەدا ماوەتەوە و هەروا خۆیان بە "شۆڕشگێڕ" دەزانن و ئەم دەستەواژەیە تا ئێستاش وەسفی بەتایبەت بەشی حاکمییەتیی کۆماری ئیسلامی و ناوەندەکانی دەسەڵات و بنیات و دامەزراوە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی دەکا و سیاسەت و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەنگرێژ و ئاراستە دەکا؛ هەڵبەت بەو خوێندنەوەی کە خۆیان لەم دەستەواژەیە هەیانە.

بەدەر لەوەی بەشێک لە کێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لەم تایبەتمەندییەی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرن و پەیتاپەیتا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ داوای لێ دەکەن کە لەم حاڵەتە نائاساییە بێتە دەر، لەنێو سیستەمی کۆماری ئیسلامیشدا سەرچاوەی کێشە و مقۆمقۆ و دابەشبوونە و، ئەمەش وای کردووە لەسەر هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتکردن ڕێک نەکەون و سیاسەتی ئێران حاڵەتێکی یەکانگیری نەبێ؛ واوەتر لەمەش بۆتە هۆی نەبوونی دەستەیەکی یەکگرتووی بەڕێوەبەری و، کێشە و گرفتی زۆری بۆ دروست کردووە و کۆسپی گەورەی بەردەم گەشەسەندنی ئێران بووە و ئاسۆی پێشکەوتنی ئێرانی تاریک کردوە.

لە ڕاستیدا یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەگەر نەڵێین گەورەترین کێشەی، ئەوەیە لەنێو خۆیدا یەکانگیر و تۆکمە نییە و لەسەر زۆر شتی سەرەکی، جیاوازی و کێشەیان هەیە و بۆتە هۆی بەفیڕۆچوونی وزە و پۆتانسیەلێکی زۆر و زیانێکی زۆری لە ئێران لە گشتییەتیی خۆیدا داوە و لەسەر حیسابی خەڵکی ئێران تەواو بووە.



سەرچاوە
Serchawe

ڕیشەی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، کە یاسایەکی دووفاقییە و ئەم دووفاقێتییەش لە پێکهاتە و دەسەڵاتی یاسایی و ڕاستەقینەی ئەم سیستەمەدا ڕەنگی داوەتەوە.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، یاسایەکی هاوڕێک و سازاو نیە و ئەمەش لە سەرلەبەری دامودەزگاکان و پێوەندییەکانی ئەم سیستەمەدا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆکاری خوێندنەوەی جیاواز و جۆراوجۆر و دژبەیەک و نەسازان و بەریەککەوتن. کۆماری ئیسلامی قەت هاوڕێک و سازاو نەبووە و تەنیا لە قۆناغگەلێکدا مەیلێکی ئەم سیستەمە کە ڕیشەی لە یاسای بنەڕەتیدا هەیە، زاڵ بووە و حاڵەتی هێژمۆنیکی پەیدا کردووە. واتە سەرەڕای ڕواڵەتێکی سازاو و یەکگرتوو و پتەو، لە هەناوی خۆیدا هەڵگری دووفاقێتی بووە و ئەوپەڕەکەی مەیلێکیان زاڵ و هێژمۆن و، ئەویتر مارژیناڵ و پەراوێزخراو بووە؛ بە چەشنێک کە مەیلی دووەم لەژێر پاڵەپەستۆی مەیلی هێژمۆندا، دەرەتانی خۆدەرخستنی نەبووە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سیاسەتداڕێژیدا نەبووە. ئەوەی کە بۆچی مەیلێک توانیویەتی ببێتە هێژمۆن و بەسەر ئەویتردا زاڵ بێت، بێجگە لە پێوەندییەکان و ئامرازەکانی هێز لەنێو سیستەمدا، دەگەڕێتەوە بۆ هێزی کۆمەڵایەتیی یان قووڵایی کۆمەڵایەتیی هەر کام لەم دوو مەیلە. جمک و دووانەی ئەم دوو فاکتەرەیە کە وای کردوە یەکێکیان ببێتە هێژمۆن و ئەویتر ببێتە مارژیناڵ و پەراوێز و، بوونێکی ئەوتۆی لەسەر شانۆیی سیاسەتی ئێران نەبێت.

بنەڕەتیی ئەم کێشە و کەلێن و ناهاوڕێکییەی نێو سیستەم دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتیی خۆپێناسەکردنی کۆماری ئیسلامی و فۆرمولەکردنی سەرچاوەکانی ڕەوایی ئەم سیستەمە. ئەوەی کە لە لایەک ڕەواییەکی بانزەوینی و ئاسمانی و خوایی بۆخۆی قایلە و لە لایەکی دیکە و لە درێژە و لە خوارەوەی سەرچاوەی ڕەوایی یەکەم، باسی ڕەوایی خەڵکی دەکا و زەوین دەکاتە درێژکراوەی ئاسمان و لە خوار ئەودا جێگیری دەکا و وەک سەرچاوەی دووەم لەقەڵەمی دەدا. ئەمەش بەڕوونی لە هەیکل و بنیات و دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەپێی ڕیزبەندیی ئەم دوو سەرچاوەیە و گرینگی و جێگیربوونیان لەم سیستەمەدا، ئەو دامەزراوانەی نوێنەرایەتیی سەرچاوەی یەکەم دەکەن لە سەرەوە جێ دەگرن و سەروەرن و دەسەڵاتی ڕاستەقینەن و وەک دەڵێن حاکمییەتین و، دامەزراوەکانی دیکە کە وەک نوێنگەی ڕەوایی خەڵکین لە خوارەوە جێ دەگرن و دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نییە؛ هەرچەند دامەزراوەکانی کەتیگۆری دووەم لە ڕواڵەتدا ڕەوایی و دەسەڵاتی خۆیان لە خەڵک وەردەگرن بەڵام تێپەڕێن و ڕەوایی بڕیارەکانیان گرێ دراوە بە پەسندی دامەزراوە باندەست و باڵادەستەکان، کە پێیان دەڵێن حاکمییەتی و نوێنگەی سەرچاوەی یەکەمی ڕەوایین لەم سیستەمەدا.

بەکورتی ئەم سیستەمە لە چییەتی و هەناوی خۆیدا هەڵگری ناهاوڕێکی و دووفاقێتی و بەریەککەوتن و پێکدادانە، کە لەجیاتی ئەوەی یەکتر بەهێز و تەواو بکەن بەزۆری یەکتر دەسوون و پەک دەخەن. ئەم خەسڵەتە هەم لە سیاسەتی

نێوخۆییدا ڕەنگی داوەتەوە و هەم لە سیاسەتی دەرەکیدا. یەکیان خوازیاری درێژەدانە بەو ڕەوتە "شۆڕشگێڕی"یەی کە تا ئێستا هێناویانە، ئەویتر خوازیاری دابڕانە لێی؛ یەکیان خوازیاری دژایەتیی ڕۆژاوایە و ئەویتر خوازیاری سازان لەگەڵی؛ یەکیان دەیەوێ هەروا وەک حکوومەتێکی نائاسایی بمێننەوە و لە هەر چەشنە نۆرماڵیزاسیۆنێک لە نێوەوە و دەرەوە دەپرینگێتەوە، ئەویتر خوازیاری نۆرماڵیزەکردنی هەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکییە؛ هەر کامیان ڕوئیا و "بەرنامە"یەکیان بۆ ئابووریی ئێران و گەشەسەندنی ئێران هەیە، کە لە هێڵە سەرەکییەکاندا لەگەڵ یەکتر نایەنەوە و یەکتر ڕەت دەدەنەوە؛ یەکیان بە جیهانبینیی ئیسلامی و ئوممەتخوازی دەڕوانێتە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئەویتر بە جیهانبینیی ئاسایی و نۆرماڵی دەوڵەت – نەتەوە و بەبنەما وەرگرتنی "بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێران"؛ یەکیان خوازیاری ئەولەوییەتدان بە ئابوورییە، ئەویتر ئەولەوییەت بە پرسی بەرەڤانی و هێزی بەرگریی نیزامی دەدا؛ بەدیاریکراوی لە بیاڤی نێوخۆییدا، یەکیان خوازیارە کۆمەڵگە بەگوێرەی گوتاری ئیزۆلەی خۆی، بەڕێوە ببات و نۆرم و بەهاکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێ و گوێ نەداتە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و هەروا لە دەلاقەی خۆیەوە بڕوانێتە کۆمەڵگە و ئاراستەی بکا؛ ئەویتر دەیەوێ خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە بگونجێنێ و ویشک و داخراو لەگەڵ کۆمەڵگە مامەڵە نەکا؛ ئەمانە هەمووی دەرخەری نایەکانگیری و دووفاقیێتیی ئەم سیستمەیە؛ ئەمەش وای کردووە کە دەستەیەکی بەڕێوەبەریی سازاو و پتەو لە کۆماری ئیسلامیدا بوونی نەبێ و بەردەوام یەکتر بسوون و پووچەڵ بکەنەوە.

ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد بنەمای کێشەخوڵقێنی سیستەمی کۆماری ئیسلامییە، لەسەر ئەم بنەمایە دەزگا و دامەزراوەی جۆراوجۆر هەڵچنراوە کە هەر کامیان پشکێکی دەسەڵاتی هەیە و ئێمە شاهیدی چەشنێک حکوومەتی "ملوکالطوایف"ی و ئاڵۆزیی پێکهاتەیین لە کۆماری ئیسلامیدا؛ لە ئەنجامی ئەم سیستەمە "شاز"ەدا ئەمڕۆکە لەگەڵ دیاردەیەک بە ناوی "چەنددەوڵەتی" یان "بێدەوڵەتی" بەرەوڕووین، ئەمەش پرۆسەی بڕیاردانی دژوار و تەمومژاوی کردووە؛ بۆ نموونە ئەو هەموو "شۆڕا بەرز"انەی کە لە پەنا و لە سەرووی سێ دەسەڵاتەکە دروست کراون، هەم ئەم سێ دەسەڵاتەی کەمکاریگەر کردووە و هەم پرۆسەی بڕیاردانی پێچەڵپێچ و، چەمکی بەرپرسیارێتی هێناوەتە ژێر پرسیار؛ چونکە ئەم شۆڕایانە دەسەڵاتیان هەیە، بەڵام بەرپرسیارێتییەکی ڕوونیان نییە و وەڵامدەر نین.

کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی دووبنەمایی و دووڕوخسارییە؛ هەموو دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی کەموزۆر دەگەڕێنەوە بۆ یەکێک لەم دوو بنەما و ڕوخسارە و گرێدراو بە بەستێنی کۆمەڵایەتی و ئاستەنگە دەرەکییەکان، بە شێوەیەکی ناوەناوە و نارێک و تێکەڵپێکەڵ خۆیان دەنوێنن.

زاڵبوونی مەیلێکی نێو سیستەم وای کردوە کە ئەم گومانە دروست بێت کە کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی یەکگرتووی پتەوە،

وای کـردووە هەنـدێک کەس هێژمۆنیـکبوونی مەیلێـک بە واتـای یەکگرتـوویی بنەمـایی ئەم سیسـتەمە لێکبـدەنەوە و لە ناهاوڕێکی و ناسازاویی ئەم سیستەمە خافڵ بن! لە هێژمۆنیدا مەیلێک یان لایەنێک لە هەناوی ناهاوڕێکی و دووفاقێتی نێو سیسـتەمدا، زاڵ دەبـێ و ڕواڵەتێکـی یەکگرتـوو لە سیسـتەم پیشـان دەدا و ئەم کـارەش لە ڕێـگەی پەراوێزخسـتن و کەمکاریگەرکردنی مەیلەکەی دیکە دەکا و بەم پێیە زەمینەی خوێنـدنەوەی هەڵە لە سیستەم دەرەخسێنێ و وەک سەرپۆشێک بۆ ناڕێکیی ناوەکیی سیستەم کار دەکا. بەتـایبەت لەو قۆناغـانەدا کە مەیلی هێژمۆن قـووڵاییەکی کۆمەڵایەتیشی هەبـووە و خاوەن هێزی کۆمەڵایەتی بووە، ئەم خوێندنەوەیە برەوی پەیدا کردووە. خـاڵێکی جێی سەرنج ئەوەیە کە مەیلی هێژمۆن لە کـاتی هێژمۆنیکبوونیشیدا لە هەنـاوی سیستەمدا بێ چاڵنج نەبـووە و هەر ئەمەش وای کردوە کە مل بـدا بـۆ هاتنەپێشی مەیلەکەی دیکە لەسەر شانۆی سیاسەت. واتە دووفاقێتی نێو سیستەم وەک خۆرەیەک لەنێو دڵی سیستەمدا بـووە و گرێدراو بە بەستێنی کۆمەڵایەتی مەجال بۆ دەرکەوتنی مەیلەکەی دیکەش لەسەر شانۆی سیاسەتی ئێران خۆش بـووە و وای کـردووە کە هەندێک چەمک و دەستەواژە بێنە ئارا کە ناتەبـاییەکی جەوهەرییـان لەگەڵ بەشی حاکمییەتیی سیستەم هەیە کە دوای قۆناغیـک دیسـان پاشەکشـە بەو تێـڕوانین و ڕوانـگەیە کـراوە. لە بیـاڤی نێوخۆییـدا مەیلـی زاڵ یـان لەژێـر پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتیدا پاشەکشەی کردووە یان خەریکی وەدەرنانی مەیلەکەی دیکە بووە لەسەر شانۆی سیاسەت. واتە هیچ سـازانێکی بنەمـایی لەنێوانیـدا نەبـووە کە کـۆدەنگی لەسـەر نەزمێکـی سیاسـی – کـۆمەڵایەتی بـکەن و لەجیـاتی کـارکردن بـۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی یەکتر، خەریکی ئاوادانکردنەوە و خزمەتی خەڵک بن. دووفـاقێتییەکە بەم شێوەیە کۆسپ بـووە لە بەردەم گەشەسەندنی ئێران. بیـاڤی دەرەکیش درێژکراوەی بیـاڤی نێوخۆیی بـووە و ئەم ناهـاوڕێکییەی پێوە دیـار بـووە و ئەمەش وای کردوە کە نەتوانن لەم بیاڤەشدا سەرکەوتنێکی ستراتیژیک و درێژماوە بەدەست بێنن.

ناهاوڕێکیی ناوەکیی سیستەم، کێشەیەکی گەورەی کۆماری ئیسلامی بووە و کۆسپی بەردەمی بـووە. هیچ حکوومەتێـک نـاتوانێ سەرکەوتوو بێت مەگەر ئەوەی لە نێوخۆدا ڕێک بێت و لانیکەم لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و هێڵی بنەڕەتی کۆک و تەبـا بـن. ئەوەی کۆمـاری ئیسـلامی لە حکوومەتەکـانی دیکە جیـا دەکـاتەوە ناسـازاویی جەوهەریـی سیسـتەمی کۆمـاری ئیسـلامییە؛ نائاسـاییبوونی ئەم سیستەمەیە؛ ئەوەی کە ویسـتوویانە ببـنە کـۆکەرەوەی شـتە دژبەیەکەکـان! ئەو شـتانەی لەگەڵ یەکتـر نـاکۆکیی جەوهەرییـان هەیە و هەوڵـدان بـۆ گونجاندنیان لە درێژمـاوەدا وەخت و وزە بەفیـڕۆدانە. هەر ئەمەشە وای کـردوە هەنـووکە کۆمـاری ئیسـلامی لە دۆخێکـی هەڵپەسـێردراودا بێـت و لە گـرتنەبەری ئەجێنـدایەکی ڕوون بێتوانـا بێـت و لە حـاڵەتێکی بەرگریکـارانە و پاسیڤدا بێت. کێشـەی کۆمـاری ئیسلامی ئەوەیە کە بەسـتێنی کـۆمەڵایەتیی کـۆمەڵگەی ئێـران بەپێچەوانەی مەیلی زاڵی نێو سیستەم گۆڕاوە و چیتر ئەم مەیلە هێزی کۆمەڵایەتی نییە کە پـارادایمی خـۆی بسەپێنێ و بچەسپێنێ. دووفـاقێتی نێـو سیسـتەم دەستەوەسـتانی ئەمڕۆی سیستەمی لـێ کەوتـۆتەوە، نە کـۆمەڵگەی لەگەڵ مـاوە و نە بەڕووی دەروەشدا هێزێکی ستراتیژیکی بەرگرەوەی لە هەمبەر هێرشی دەرەکیدا هەیە؛ ئەمەیە بەرهەمی ناهاوڕێکیی نـاوەکیی

خەزەڵوەری ٢٧٢٥


سیستەم و دژایەتی لەگەڵ یاسا و ڕێسا جێکەوتوو و تاقیکراوە و باوەکانی جیهان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی سیستەمێکی نارێک و ئاڵۆز و نائاسایی. قسەی کۆتایی ئەوەیە کە لە نێوەوە ساغ نەبووی و نارێک بووی، لەوانەیە بۆ ماوەیەک بتوانی درێژە بدەی، بەڵام دواجار ئەم خەسڵەتە سەرت لێ دەشێوێنێ و دادەمێنی و ناتوانی بەرەو پێشەوە بچی.

٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## خۆخۆریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی! (لە پەراوێزی ناشارەزایی لە ڕەخنەگرتندا)





**عەلی لەیلاخ**

**هێنری کیسێنجەر، سیاسەتوان و دیپلۆماتی بەناوبانگی ئەمریکایی دەڵێ:** "هەرکات بەرپرسانی کۆشکی سپی لەسەر چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پرسیاریان لێ کردووم کە چ بکەین؟ گوتوومە: هیچ مەکەن! چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکی خۆخۆرییە و، بۆ ئەوەی پێویستی بە هێز و هێرشی دەرەکی هەبێ، خۆیلەخۆیدا

دەپووکێتەوە!

"خۆلەنێوبردن" یان هەمان خۆخۆری کە کێشەیەکی دەروونییە، بریتییە لە: کۆمەڵێک ڕەفتاری بەئەنقەست یان نائاگاهانە، کە دەبێتە هۆی سازبوونی لەمپەر و کۆسپ و دڵساردی، هەروەها هۆکارێکی بەهێزی خۆپەکخستنی مرۆڤە بۆ نەگەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەم دیاردەیە لە دەروونناسیدا بە گرفتێکی زیانمەند پۆلێن کراوە، کە هەڵگری چەند تایبەتمەندییە کە بەرچاوترینی بریتییە لە: خەسار بە خۆ گەیاندن و، بەرد لەسەر ڕێی سەرکەوتن خستن و، دژبە خۆڕاوەستانی هەمەلایەنەیە. ئەگەر بمانهەوێ ئەم چەمکە دەروونییە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، کە پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ کورد بەگشتی و بەتایبەتی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرێ بدەینەوە و ئەم بابەتەی پێ ڕاڤە بکەین، پەی بە کارەساتێکی خۆماڵی دەبەین بە ناوی "خۆخۆریی نەتەوەیی" کە وەکوو نەخۆشیی تەبەق، نمەنمە هەنگاوی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەییمان شل و سست دەکا و، بە شەلەشەل وەسەر ڕێگایەکمان دەخات کە ڕێگای ئێمە و خەباتی ئێمە نییە.
ئەم "خۆلەنێوبردن"ی نەتەوەییە کاتێک سەرهەڵ دەدا و، پەرە دەستێنێ کە هەست بە گرنگایەتی و، هێڵی سووری نیشتمانی نەکرێ و، ئەوەی کە پێی دەگوترێ بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە ئاسانی لەبەر ویستی تاکڕەهەندی، یان مەزنخوازیی سیاسی ڕەچاو نەکرێ.

لەبنەڕەتدا سیمبۆل و هێما نەتەوەییەکانی گەلانی دونیا، یەکشەوە لەدایک نابن! یان شینبووی دۆخی کارەساتباری خەبات و ملنەدانی خۆڕاگرانەن، یان هەڵگری "بیرەوەریی گشتی"ن. هەر بۆیە ڕێزگرتن لەو هێما و سیمبۆلانە لەنێو هەموو نەتەوەکان دەچێتە خانەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە. چون پێش لە لێکترازان دەگرێ و، ئەڵقەی پێکەوەبوونیان لە هەمبەر ئەوی دیکەدا پتەوتر دەکا. بەرژەوەندیی نەتەوەیی تەنیا لە هێژمۆنی سیاسی و سامان و سروشتی ژێئۆپۆلێتیکیدا، کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو پاراستن و دوورخستنەوەی هەرکام لە هێما نەتەوەییەکان لە سووکایەتیپێکردن، بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی دێتە ئەژمار.

بە پێچەوانەکەشی ڕاستە کە ئەگەر هێما و نیشانە نەخشێندراوەکان لەجیاتی ڕێزگرتن لە ئێستا و دواڕۆژدا، بێڕێزییان پێ بکرێت، بێگومان وەبیرخەرەوەی هەمان گرێی دەروونییە کە پێی دەگوترێ "خۆخۆریی بەکاوەخۆ". بەم جیاوازییەوە کە لە "خۆخۆریی نەتەوەییدا"، کێشە تەنیا تاکەکەس نییە، بەڵکوو زەبر لە ئێستا و دواڕۆژ و کۆی ئەو دەستکەوتە نەتەوەییانە دەدرێ کە بە خوێن و خەباتی گەلێک بەدەست هاتوون. نووسەرێکی یۆنانی دەڵێ: تەنیا سەرداره ڕەشید و تێکۆشەرە خۆنەویست و مرۆڤە فیداکارەکانن کە موڵکی گشتی و نەتەوەیی نین، بەڵکوو دیمەنێکی جوانی مێژوویی و کەنارێکی لەباری

سروشتی، هەتا شێعر و ئاوازێکی ناخبزوێنن تا دەگاتە بزەی منداڵێکی هاووڵاتی، دەتوانن موڵکی نەتەوەیی بن. کەواتە گەر بەم دیدە بەربڵاو و گشتگیرە بڕوانینە هێندێک هەڵسوکەوتی ئەم ڕۆژانە، هەست دەکەین کە چەندە کەمتەرخانە دەجووڵێنەوە و، بە ناوی کردەوەی سیاسی، خەریکی "خۆکوژیی ناسیاسییانەی نەتەوەیی"ن.

لە سەدەی بیستەمدا و لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، کۆماری کوردستان و لێکەوتەکانی بەرچاوترین و کاراترین ڕووداوی سیاسی بووە، کە کورد بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێ، خۆبەڕێوەبەریی ئەزموون کردووە و ڕێچکەیەکی کردۆتەوە بۆ چەسپاندنی مافە دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی. هەر ئەمە کە ڕەفتاری سیاسی و ژیرانەی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات کاریگەریی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازانەی پارچەکانی دیکە دانا و، ڕووناکیبەخشی "ڕێی خەباتی ئەوان"یش بووە، نیشانەیە لەوەی کە بەپێچەوانەی ئینکار و چەواشەکاریی نەیاران، کۆماری کوردستان و لێکەوتەکانی، کە باشترە بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دەستکەوتەکانی، یەکێک لە فۆنداسیۆنە بەهێزەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەیین.

ئەمە بە مانای پیرۆزکردن و بڤەکردنی مێژووی ئەم حیزبە نییە بۆ ڕەخنەگرتن و قامکدانان لەسەر کەمایەسییەکانی ئەم حیزبە هەشتا ساڵەیە. بەپێچەوانە زۆرترین ڕەخنەکان لە حیزبی دێموکرات هەر لە نێوئاخنی ئەو حیزبەدا بە کادر و پێشمەرگەکانەوە تا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە سەری هەڵداوە و ڕەخنەگرتن تەنانەت بە شێوەی زانستی و نازانستیش هەر لەنێو بەدەنەی ئەو حیزبەدا هەبووە تا ئاست لێکترازانی تەشکیلاتیش ڕۆیشتووە.

بەڵام کە باس لە "خۆخۆریی نەتەوەیی" دەکرێ کە خۆرەی گیانی مێژوومان بووە و بەداخەوە لە ئێستاشدا هەر بە شێوازی جۆراوجۆر دەیبینین. لە کات و ساتێکدا کە گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هێژمۆنی شوناسە باڵادەست و دەسەڵاتدار و چەکدار و جێکەوتووەکانی فارس و تورک، هەڕەشەیەکی مرۆیی و کولتووری و سیاسین بەسەرمانەوە، گرنگیدان بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پاراستنی هێڵە سوورەکان ئاکارێکی شۆڕشگێرانەیە و، بەپێچەوانەش لەژێر هەر بیانوویەک دەستبردن بۆ ڕەمز و سیمبۆلەکان و ڕەچاونەکردنی میتۆدی ڕەخنەگرتن، لێدانە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پەرەپێدانە بە "دەردەگولەی خۆخۆریی نەتەوەیی!"

بەڵێ! ئەمە حەقیقەتە کە قازی محەممەد و کۆمارەکەی، موڵکی گشتین! پێشمەرگە و سروودەکەی موڵکی گشتین! شەهیدان و فیداکارانی نیشتمان موڵکی گشتین! سەرجەم ئالاهەڵگرانی کۆچکردووی ئەم "ڕێنسانسە نەتەوەییە" موڵکی گشتین، هەتا لێزانیی دوکتور قاسملووئاسا و خەمخۆریی "کاک فواد"ەکان موڵکی گشتین! ئەوەی وا ڕۆژێک بۆ سەرخستنی ئەم گەلە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا بێ و، هەنگاوێکی بە کردەوەی هەڵهێنابێ، موڵکی گشتین و، بە هێڵی سوور زانینیان بەشێکی

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

گرینگ و گرانن لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێمەی مافخوراو و چەوساوەدا.

ئەم هێڵی سوورە، مەبەست لە دوورخستنەوەیان لە ڕەخنەی زانستییانە، کە پێویستییەکی ئەمڕۆیی بۆ سەرکەوتن نییە، بەڵکوو کوردیش وەکوو گەلانی بەختەوەری دونیا پێویستی بە ڕێزگرتن لە سیمبۆلەکانی خۆیە، نەک بە دەستی خۆی سێرە لێگرتن و ڕووشاندیان. جیاوازیی هێڵی سووری نەتەوەیی کە بەزاندنیان خەسار و خۆکوژیی نەتەوەیی لێ شین دەبێ، لەگەڵ ڕەخنە و ڕوانگەی خەسارناسانە لەوەدایە کە هەروا کە دەوڵەت - نەتەوەکانی دیکە بۆ خۆسەپاندنیان هێما و ڕەمزی خۆیان زەق دەکەنەوە، دەی ئێمەش با لەم "شەڕگە"یەدا بەگوێرەی پێویست هێما و سیمبۆلەکانی خۆمانمان خۆش بوێ و، بیانپارێزین و دەستی ناوەندە زانستییەکان و کەسانی شارەزاش ئاوەڵا بهێڵینەوە بۆ ڕەخنەی زانستییانە لە قۆناغە سیاسییەکانی بزاڤی کورد؛ نەک ململانێی سیاسی بکەینە ئامرازێک بۆ لێدان لە هێماکان.

لە دونیای بەربەرەکانیی سیاسەتدا، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بانگەشە بکەی بۆ "ویترین"ی سیاسەتی خۆت، بە زمانی سادەتر، لایەنە کوردییەکان مافی خۆیانە بە بانگەشە و تەبلیغ بۆ شێوەی خەبات و مودیرییەتی وڵات لەگەڵ یەکتر بکەونە ململانێی سیاسییەوە؛ بەڵام کاتێک بۆ خۆفەرزکردن و سەپاندنی خوت، کار گەیشتە لێدان لە هێما و سیمبۆلەکان و بزاندنی هێڵە نیشتمانییەکان، ئەوە ئیتر ڕەکەبەریی سیاسیی نییە و ڕەفتئەنگێزییەکی دوژمنکارانەیە بۆ خۆپووکاندنەوە. کەواتە هەر چەشنە دەربڕینێک کە هێرشبەرانە بێت بۆ سەر هێما سازبووەکانی گەلی کورد، کە بەشێکن لە "بیرەوەریی گشتیی" ئێمە، هاوشێوەی هەمان نەخۆشیی "خۆلەنێوبردنە" کە وەکوو پەتا و ئێپیدیمی، کەسانی دیکەش ئالوودە دەکات.

**"بوودا" دەڵێ:** پێش وتنی هەر قسەیەک، دەبێ بەم سێ دەروازەیەدا تێپەڕێ! ئەو قسە دروستە کە دەیکەین؟ ئەو قسە پێویستە کە دەیکەین؟ و ئەو قسە مێهرەبانی تێیدایە یان نە؟ بە چاوخشاندنێک بە شێوەی قسە و دەربڕینی ئەم ڕۆژانە هەست دەکرێ کە نە دروستن، نە پێویستن و نە سۆزێکی نیشتمانییان تێدایە و بەشێکی زۆری دەچێتە خانەی هەمان خۆخۆریی نەتەوەییەوە! بۆ نموونە: لێدان لە ڕەمز و شکۆی خەباتکارانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هیچ نەبێت لە بەرانبەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، ئاڵای "کوردبوون" و خۆڕاگرییان ڕاگرتووە و مەکتەبێک بوون بۆ وانەی شوناسخوازی و لێفێربوون، کە زۆر کەسی فێر کردووە! ئەگەر بۆ ڕێزگرتنیش نەبێ، لانیکەم قسەی نەستەقی کوردییە کە گوتراوە: "لە کانیاوێک ئاوت خواردەوە، بەردی تێ ماوێ"با چیتر کانیاوەکانی نەتەوەیی، بەردیان تێ ناوێین!

٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# لێکەوتە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی پشتیوانیی ئێران لە گرووپە نیابەتییەکانی لە ناوچە






**ڕەحیم نزهتزادە**

لەم دواییانەدا هەواڵەکان دەریانخستووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران، نزیکەی یەک ملیار دۆلاری بۆ گرووپە بەوەکالەتەکانی لە لوبنان گواستۆتەوە. ئەو سیاسەتە لێکەوتەی ئابووری و ئەمنییەتیی بەرفرەوانی لەسەر وڵاتانی ناوچەکە و ژیانی خەڵک دەبێت، و دەرخەری سەرنجی سەرچاوەکانە بۆ ئامانجەکانی کاریگەری ناوچەیی، نەک خۆشگوزەرانیی گشتی.

## یەکەم، بابەتی دارایی ملیار دۆلاری و ئامانجەکانی

پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەم ساڵانەی دواییدا دەریانخستووە، کە ڕۆڵی گرووپە بەوەکالەتەکان لە سیاسەت و ئاسایشی ناوچەکەدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرچاوتر بووە. یەکێک لە ڕوونترین دەرکەوتەکانی ئەم ڕەوتە، گواستنەوەی ملیارەها دۆلارە لە هەندێک وڵاتەوە، بۆ گرووپە چەکدارەکان و ڕێکخراوە بەوەکالەتەکان.
بەگوێرەی زانیارییەکان، کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکەی یەک ملیار دۆلاری، بۆ گرووپێکی چەکداری لە لوبنان گواستۆتەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو سەرچاوانە، بۆ چالاکییە سەربازییەکان، بەهێزکردنی کاریگەریی سیاسی و ناوچەیی ئەم گرووپانە خەرج دەکرێن و هەرگیز بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی خەڵکی ئەو وڵاتانەی لەئامانجدا نەبووە.

## دووهەم، لێکەوتە ئابوورییەکانی بۆ وڵاتانی ناوچەکە

دەرئەنجامە ئابوورییەکانی ئەم سیاسەتانە، بەبێ گوێدانە ئامانجە سیاسییەکان، زۆرتر کاریگەری لەسەر خەڵکی ئاسایی هەیە. لە لوبنان کە ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەختی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆتەوە، ئەم جۆرە گواستنەوە داراییانە، دەتوانێت نایەکسانیی ئابووری گەورەتر بکات و فشار لەسەر گرووپە لاوازەکان زیاتر بکات. دابەزینی بەهای دراوی نیشتمانی، بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە خەڵک بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان، تەنیا بەشێکن لە کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتانە.

## سێهەم، کاریگەرییە ئەمنی و سیاسییەکان

لە ڕوانگەی ئەمنییەوە، پاڵپشتیی دارایی و چەکی بیانی بۆ گرووپە چەکدارەکان، هەڕەشە لە سەقامگیری نێوخۆی وڵاتان دەکات، توندوتیژی و گرژییە سیاسییەکانیش زیاتر دەکات. کاتێک گرووپە بەوەکالەتەکان، بە سەرچاوەی دارایی دەرەکی بەهێز دەکرێن، ئەگەری دەستوەردانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە پێشهاتە نێوخۆییەکانی وڵاتان زیاتر دەبێت. ئەم ڕەوتە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە مێژوویەکی پڕلە ململانێی نەتەوەیی و ئایینییان هەیە، بنەمای قەیرانی ئاڵۆز و درێژخایەن دروست دەکات.

## چوارەم، ڕێگا نافەرمییەکانی گواستنەوەی سەرچاوەکان

تەحەددایەکی تر، ڕێگا ئاڵۆز و نافەرمییەکان بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکانە؛ لە بازرگانی کاڵا و نەوتەوە، بۆ بەکارهێنانی

تۆڕی ئاڵوگۆڕی فەرمی و نافەرمیی دراو. ئەمەش شەفافیەتی ئابووری کەم دەکاتەوە، هاوکات چاودێریکردنی سووڕی دارایی قورس دەکات. لەم جۆرە بارودۆخانەدا مرۆڤی ئاسایی زۆرترین زیانی پێدەگات، چونکە قەیرانی ئابووری و کەمیی سەرچاوەکان ڕاستەوخۆ ژیانیان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

## پێنجەم، کەلێنی نێوان سیاسەت و ژیانی خەڵک

یەکێک لە لێکەوتە گرنگەکانی ئەم سیاسەتانە، پێکهێنانی بۆشاییە لە نێوان ئامانجە دەسەڵاتسەپێنەکان و واقیعە ئابوورییەکانی خەڵکدا. لە لایەکەوە، ئەکتەرە ناوچەییەکان سەرنجیان لەسەر کاریگەری و کۆنترۆڵیان هەیە، لە لایەکی دیکەوە خەڵک ڕووبەڕووی دابەزینی توانای کڕین و زیادبوونی هەژاری دەبنەوە. ئەم دژایەتییە، متمانەی گشتی کەم دەکاتەوە و نارەزایی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، ئەمەش مەترسی لەسەر سەقامگیری ڕاستەقینە دروست دەکات.

## شەشەم، پێویستیی گۆڕینی شێواز

ئەزموونی مێژوویی و ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە نیشان دەدەن، کە وەبەرهێنان لە ئاسایشی نێوخۆیی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، زۆر کاریگەرتر و بەردەوامترە، لە خەرجکردنی سەرچاوەکان بۆ پشتگیریکردنی گرووپە بەوەکالەتەکان. داڕێژەرانی سیاسەتی ناوچەیی، دەبێت ڕێڕەوی خۆیان بەرەو بەهێزکردنی ئابووریی نێوخۆیی، شەفافیەتی دارایی و پاراستنی خەڵک ڕێنمایی بکەن. تەنیا لە ڕێگەی ڕێبازێکی لەو شێوەیە، دەتوانرێت بناغەکانی گەشەی بەردەوام، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ڕاستەقینە بەرهەم بهێندرێت.

## ئاکامگیری:

پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گرووپە بەوەکالەتەکان لە ناوچەکە، تەنیا سیاسەتێکە کە ئامانج لێی نفوزی ناوچەییە، کە لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دوورمەودای، بۆ وڵاتانی دراوسێ و ژیانی گەلەکەیان هەیە. گرنگیدان بە گەشەپێدانی بەردەوامی نێوخۆ و خۆشگوزەرانیی گشتی، کلیلی دروستکردنی ئاسایش و سەقامگیری ڕاستەقینەیە لە ناوچەکەدا.

٢٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# دەور و نەخشی یاخیبووان لە ئەدەبی بەرگریدا (بە دیاریکراوی حەمەدۆک* وەک مشتێ لە هەشتێ)






هێمن مەردانی

یاشار کەماڵ (١٩٢٣ - ٢٠١٥) نووسەری داهێنەری کوردی باکوورە کە بە دەکارکردنی بەیت و باو و فۆلکلۆری کوردی، داستانی پیاوانی یاخیبووە و ئەزموونی ژیانی بێبەشان، دونیایەکی دارماڵ لە بەرگریی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی خوڵقاندوە.

سەرتۆپ و چلەپۆپەی نووسینەکانی، حەمەدۆکە کە جێگە و پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە؛ بەسەرهاتێک کە قارەمانەکەی حەمەدۆک، لەنێو هەناوی زەبر و زەنگ و توندوتیژی و نایەکسانیدا دەبێتە یاخییەکی بەرپرسیار و جێی متمانە و لە چوارچێوەی داب و نەریتی ئەشقیا (یاخی بووەکان) دەبێتە هێمای بەرگریی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ. لە بەرهەمەکانی کەمالدا یاخی بووەکان نەک بەس یاساشکێن، بگرە ئافرێنەرانی سەرلەنوێی یادەوەری گشتی و پاسەوانانی عەدالەتی خەڵکین. شیکاریی ئەو ڕۆمانە ئەوە دەردەخات کە دنیابینی کەماڵ ئاوێتەیەکە لە واقعبینیی کۆمەڵایەتی، توخم و ڕەگەزە فۆلکلۆرییەکانی کوردی و زمانە تۆخە شاعیرانەکەی کە هاوکات ڕووبەڕێکی حیماسی و ڕەخنەگرانە دەخوڵقێنێت. کەسایەتیی حەمەدۆک لەو ناوەدا، وێنەیەکە لە جۆرە ڕۆمانەکانی پەروەردە و بارهێنان کە ڕێچکەی گۆڕانکاری ئەو لە مێرمنداڵێکی سەرکەش و سەرتغ بۆ یاخیبوویەکی عەدالەتخواز و دادپەروەر، دەنگدانەوەی ڕەوتی دۆزینەوەی بەرگریی و وشیاریی بەکۆمەڵە. لە سایەی سەری بۆچوونەکانی فرانتز فانوون لەمەڕ توندوتیژی ڕزگاریدەر، هومی بابا لەمەڕ ڕووبەری لیمینال (ڕووبەری نێوانێتی)، و ئیدوارد سەعید لە بارەی دەنگی داماوان و هەژاران، دەکرێ ئەوە بڵێین کە ڕۆمانەکەی کەماڵ نەک بەتەنیا وێنەیەکی خۆجێیی لە چۆکۆڕاوای باشووری ئەنادۆڵە، بگرە پەیامێکی جیهانیشە لەمەڕ دادپەروەری و ڕزگاری. بەم جۆرە، حەمەدۆک لە بەردەوامیی نەریتی یاخیببووەکاندا، وەک مشتێ لە هەشتێ، نموونەیەکی بەرچاوە لە ئەدەبی بەرگریی و پاش-کۆلۆنیالیزم، دەقێک کە لە سەریەکەوە گرێدراوە بە مێژوویی کۆمەڵایەتی کوردەکان و جووتێرانی چۆکۆڕاوا و لەو لاشەوە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی گوتاری جیهانی دادپەروەری و ئازادیی.

وشەیەل سەرەکی

**یاشار کەمال؛ حەمەدۆک، یاخیبووەکان، ئەدەبی بەرگریی، پاش – کۆلۆنیالیزم، دادپەروەری کۆمەڵایەتی**

## پێشبار: یاشار کەماڵ، بنج و بناوانی کوردی و جیهان بینی ئەدەبی

یاشار کەماڵ لەدایکبووی گوندی هەمیتە لە پارێزگای عوسمانیەیەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیەیە. لێرە بوو کە کەماڵ بە بەیت و باوی کوردی و بەسەرهاتەکانی خۆجێی و هەروەها ئەدەبی تورکمانەکان ناسیاو دەبێ، هەوڵ دەدات و گەشە دەکات و گشتی ئەمانە دەور و نەخشیان گێڕاوە لە شکڵگرتنی جیهانیبینی ئەدەبی ئەو. (باسکێت، ١٣٣:١٩٩٩). دونیای ئەدەبی کەماڵ پشت ئەستوورە بە هەستیاری کۆمەڵایەتی، وشیاریی مێژوویی و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی بۆ دادپەروەری. ئەو بە دەکارکردنی زمانی گوندی، وێنەکاری شاعیرانە و دووپاتە ئافراندنی بەیت و باوە ناوچەییەکان، کەش و هەوای گوندەکانی باشووری ئەنادۆڵ دەکات بە گۆڕەپانێک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئاغاوەتی (فێئۆدالیزم) و سەرلەنوێ چێکردنی بەرگریی

کۆمەڵایەتی. لەو نێوەدا، چیرۆکی حەمەدۆک شوێن پێگەیەکی ناوەندی هەیە؛ بەرهەمێک کە نەک بەتەنیا سەربردەی لاوێکی سەرکەشە، بەڵکوو بە واتای دەقێکی کلاسیک لە ئەدەبی بەرگری و شیکاریی پاش-کۆلۆنیالیزم دەناسرێتەوە.

## شێوازی ئەدەبیی یاشار کەماڵ

شێوازی ئەدەبیی کەماڵ لە تێهەڵکێشکردنی واقیعخوازیی کۆمەڵایەتی، وێڕای توخم و ڕەگەزی فۆلکلۆر و ڕیالیزمی جادوویی بێهاوتا و بێوێنەیە. بە کاتی باسکردن لە کەش و هەوا و وێناکردنی سروشت و ناساندنی کەسایەتییەکان، زۆر جاران پەنا دەباتە بەر شێوازی دەربڕینی تەواو شاعیرانە؛ بۆ وێنە: کاتێ شاری ئادانا وێنا دەکات وەکوو "شارێک لە شووشە کە شەو ڕۆژ دەدرەوشێتەوە" دەیشوبهێنێت یان وێنەی ئاوایی و گوندە باگڕ و وشک و قاقڕەکانی چۆکۆڕاوا کە لە دیمای بوونەوەرگەلی زیندوو و تووڕە و تۆسن نیشان دەدرێن.(مەمبرول، ٢٠٢٣). هەر بەم شێوازە نووسەر وادەکات کە واقیعی تاڵیی هەژاری و نەداری و زوڵم و ستەم هاوکات ڕوویەکی حیماسی و خۆڕاگرانە بەخۆیانەوە بگرن.

کەماڵ بە کەلکوەرگرتن لە زمانی خۆماڵی و ڕۆژانەی نێو خەڵک جۆرە ڕەسەنایەتییەکی فەرهەنگی دەبەخشێتە بەسەرهاتەکانی. ئەو چەشنە پێوەندییە دەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبی زارەکیی، نەک بەس دەبێتە بەرزبوونەوەی هەستی هاوسۆزی بەردەنگەکان، بگرە یاخیبووان لە ئاستی قارەمانگەلی تاکەکەسیی بەرزدەکاتەوە بۆ هێماکانی بەکۆمەڵ لە بەرگریی و خۆڕاگریی. لەو چوارچێوەیەدا، یاشار کەماڵ لە پاڵ ڕیالیزم دا، کەلک لە خەسڵەتەکانی ڕیالیزمی جادوویش وەردەگرێت؛ شێوازێک کە تێیدا ڕاستینەی کۆمەڵایەتی ئاوێتەی هێماگەلی سروشتی و ئۆستوورەیی دەکات.

## حەمەدۆک: بەسەرهاتی بەرگریی

هابز بام (١٩٨١) لە سەر ئەو بڕوایەیە کە هەندێ لە یاخیبووەکان، کە ئەو وەک (یاخیبووانی ڕەسەن و نەجیم) ناویان لێ دەنێت، لەلای خەڵکی ڕەشۆکی وەکوو قارەمانانی خەڵکی دەناسرێن، کە چالاکی و کردەوەکانیان دژی ستەم و زوڵمە؛ بۆ وێنە: ڕابین هوود یەک لەو کەسایەتییە یاخیبووانەیە. (هابزبام، ١٩٨١، ٢٠-٢٢). هەڵبەت لە ئەدەبی زارەکیی و مێژوویی کوردیشدا بە دەیان و بگرە زیاتر لەو جۆرە کەسایەتییە یاخی و شۆڕشگێرانە دەبیندرێن، وەکوو خولە پیزە، خاڵە سوورە و حەمەتاڵ و... هتد.

## توندوتیژی وەکوو بەرگریی و خۆڕاگریی

فانوون لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا، داماوانی گۆی زەوی، توندوتیژی وەکوو کەرەستەیەک دەزانێ بۆ ڕزگاریی و گەڕاندنەوەی کەرامەتی مرۆڤی (فانون،١٩٦٣. ٥١-٦١). ئاکار و کردەوەی حەمەدۆکیش لەو چوارچێوەیەدا شیکاری و شرۆڤە هەڵدەگرێت؛ ئەو توندوتیژییەی کە لە ئاستی تاکەکەسیی تێدەپەڕێت و دەبێتە کردەیەکی سیاسی دژ بە ئاغاوەتی (فیئۆدالیزم) و زوڵم و زۆری. لە ئەدەبیاتی کەماڵدا، توندوتیژی نەک ڕووخێنەر، بگرە کەرەستەی ڕزگاریدەرە کە هەل و بوار دەڕەخسێنێت بۆ بەرگریی بەکۆمەڵ و پاراستنی شان و شکۆی مرۆڤەکان.

### ڕووبەری نێوانێتی و کەوشەنەکانی شوناس

هومی بابا چەمکی (ڕووبەری نێوانێتی) بۆ باسکردن لە دۆخەکانی نێوان سنووری دەکار دەکا، ئەو شوێنەی کە شوناسەکان ناجێگیر و بێ سوباتن و لە حاڵی دووپاتە ژیانەوە و بووژانەوەدان و گەرەکیانە هەمیسان خۆیان بناسێننەوە و پێناسە بکەنەوە.(بابا، ١٩٩٤، ٢١). حەمەدۆک لەوەها کەش و هەوایەکدا دەژیت: ئەو هاوکات پارێز دەکات لە کۆمەڵگەی جووتیاران و مەودایەک دادەنێت و لەولاشەوە لە پەراوێزی نەزمی سیستەمی دەوڵەتی ناوەندیدا دەمێنێتەوە. ئەم دۆخە دووانەیە ئەو دەکات بە هێمایەک لە ناڕوونیی، ناسەقامگیری و خۆڕاگریی کولتووری، چوونکە دەگەڵ ئەوەیدا تەک پێکهاتەکانی دەسەڵات ناکۆک و دژە، بەڵام هاوکات نوێنەری نەریت و شوناسی گشتییە.

## بەستێنی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی

ڕۆمانەکە لە دەیەی ٣٠یی هەتاوی و لە بەرەبەری گۆڕانکارییەکانی دارشتی کۆمەڵگەی تورکیاوە نووسراوە. بە گۆڕانی سیستەمی تاکە حیزبی بۆ فرە حیزبی و هاتنە کایەی ماشین و دەزگاکانی پێشکەوتووی کشت و کاڵی وا چاوەڕوانی دەکرا کە دەسەڵاتی ئاغاکان کەم بێتەوە و لە کزی و لاوازی بدات (ئەشکرۆفت، گریفیتس و تیفین، ١٩٨٩: ٢٢-٢٤). لە کردەوەدا، خاوەن زەوی و زارەکان بە هاودەستیی و یەکانگیریی سیاسی و قۆرخکردنی کەرەسەکانی بەرهەم هێنان بەردەوام بوون لە دەسەڵات داسەپاندنی خۆیان. لەوەها کەش و هەوایەکدا بوو کە نووسینەکانی یاشار کەماڵ پرژانە سەر ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگە و هەروەها خستنەڕووی نەخشەڕێگا و جێگرەوەکان بۆ بەرگریی و خۆڕاگریی. بە سەیر کردنی ئەو بەستێنە مێژوویە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی ڕۆمانەکانی کەماڵ بەرەوژوورتر لە سنوورەکانی میللی و نەتەوەیی دەجووڵێنەوە و ئەو کەوشەنانە تێدەپەڕێنێت. کەماڵ بە وێناکردنی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە چۆکۆڕاوای باشووری ئەنادۆل، وێنەیەکی جیهانی لە زوڵم و زۆری و بەرگریی چێ دەکات کە دەکەوێتە وتوویژ و دیالۆگ لەگەڵ بیروڕاکانی پاش - کۆلۆنیالیزم.



سەرچاوە
Serchawe

## چوارچێوەی تیئۆریک و شیکاری پاش - کۆلۆنیالیزم

ئیدوارد سەعید لەسەر ئەم بڕوایەیە کە گۆڕەپانی ئەدەب نەک بە تەنیا جێی خۆخافڵاندن و سەرپێوە قاڵکردن و خەیاڵ پلاوی نیە، بەڵکوو دەتوانێ وەکوو کەرەستەیەک بۆ ڕەخنەی دەسەڵات و زمانحاڵی هەژاران و لێقەوماوانی کۆمەڵگەش دەکار بکرێت.(سەعید، ١٩٩٤:١٢٢). هەر لەو پێناوەدا ڕۆمانی حەمەدۆک ئاوێنەی باڵانوێنی وەها ڕۆڵگێران و دەور و نەخشێکە و بەستێنیک پێکدێنێ تا وەکوو پەراوێز نشینەکان و بێ دەسەڵاتانی کۆمەڵگەش درەتانی دەربڕینی قسەکانی خۆیان هەبێت. لەلای ترەوەش، "هومی بابا"پێداگرە لەسەر ئەم خاڵە کە ناڕوونیی و دووانەیی فەرهەنگی نەک نیشانەی کزی و لاوازیی، بگرە بەستێن و گۆڕەپانێکی گرنگ و لەبارە بۆ خۆڕاگریی و بەرگریی. کەسایەتیی حەمەدۆک بە شوناسێکی دووانەیی و نێوان فەرهەنگێتی، هێمایەکی ڕوون و دیارە لەو ناڕوونیە؛ ئەو لە ڕووبەرێکی نێوانێتی لە هاتووچۆدایە و هەر ئەمەش دۆخی شلە و ڕێژنە ئاسایانە دەکاتە هێزێک بۆ بەربەرەکانێی دەسەڵات. "فانوون"یش چەمکی توندوتیژی لە چوارچێوەی خەباتی دژە داگیرکاری، وەک هێزێکی ڕزگاریدەر لە وەدەستهێنانەوەی سەرلەنوێی ئازادی وێنا دەکات، نەک بە مانا و دیوە نەرێنییەکە کە ڕووخێنەریی بێت. لە بەسەرهاتەکدا، حەمەدۆک ڕێک لەو ڕێچکەیە تێدەپەڕێت و دواجار دەبێت بە قارەمانێکی خەڵکیی کە نوێنەر و نوێنگەی ڕزگاریی و دادپەروەرییە.لە کۆتاییدا، تری ئیگلتەن، وابیردەکاتەوە کە داڕشتن و زمانی ڕەوایەت کردن، خۆیی لە خۆیدا کەرەستەن بۆ ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتیی.(ایگلتون، ٢٠٠٢، ٥٧). کەماڵیش بە کەلکوەرگرتن لە زمانی شاعیرانە و دەکارکردنی بەیت و باو و کولتووری ناوچەیی، بە شێوازێکی دیار و بەرچاو ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی دەئافرێنێتەوە.

## بەرگریی گشتیی و ئاستەنگ و بەربەستەکان

لەگەڵ ئەوەدا کردەکانی حەمەدۆک دنە دەر و وزە بەخشینە بۆ جووتیاران و چێوەدارانی چۆکـﯚڕاوا، بەڵام ڕۆمانەکە ئەوە دەردەخات کە بەرگریی گشتی لە کۆمەڵگەیەکی تا سەر ئێسقان ئاغاوەت و فیئۆدالی لە چوارچێوەیەکی تەسک و تەنگدا قەتیس دەمێنێتەوە. هەرچەندە کوژرانی عەبدی ئاغا هیوا و هومێدێکی کاتی دەخوڵقێنێت، بەڵام داڕشتی دەسەڵات هەر لەسەر جێێ خۆیەتی(ئێلیوت، ١٩١٩، ٤٧). کەماڵ لێرەدا شێوازی واقع بینی و واقع خوازیی خۆی دەپارێزێت: بە تەنیا گۆڕانکاریی لە لایەن کەسێکی قارەمانەوە بەس نیە و، دادپەروەری کۆمەڵایەتیی پێویستیی بە ئاڵوگۆڕی قووڵ و بنچینەیی هەیە.

## پەیامی کۆمەڵایەتی و جیهانی

بەرهەمەکانی کەماڵ یان نەتەوەیین واتە لەودیو سنوورەکانی تورکیاوە قەتیس نامێنێت و ئاودیوی وڵاتانێکی فرەی جیهان دەبێتەوە و دەخوێندرێتەوە. هەروەک چۆن فانوون پێداگری دەکاتەوە کە فەرهەنگی بەرگریی چەکێکی بەهێزە دژ بە توندوتیژی سیستماتیک و پلان بۆ دارێژراوە. (فانون، ١٩٦٣، ٦٣). لەولاترەوە بەڕای سەعید، ئەدەب توانستی ئەوەی هەیە کەوشەنەکانی فەرهەنگی و سیاسی تووشی ئاستەنگ و چالێنج بکات و دەنگی کەمینە و نەتەوە ژێردەستەکان بگەیەنێتە جیهانەوە(سەعید، ١٩٩٤، ١٢٧). بەو جۆرەیە کە بەرهەمەکانی یاشار کەماڵ دەچنە خانەی ئەدەبی بەرگریی جیهانی و بەسەرهات و چیرۆکەکانی ئەو ناوبانگیی فرەلایەنە پەیدا دەکەن.

## پاشبار

یاشار کەماڵ بە نووسینی حەمەدۆک نەک تەنیا چیرۆکێکی دوور و درێژی سەبارەی بە ژیان و سەربردەی یاخیبوویەکی نووسی، بگرە دەقێکی دەگمەن و هەرمانیی لە چەشنی ئەدەبیی بەرگریش خوڵقاندووە کە بۆ هەتاهەتایە لە بەرزایی دەمێنێتەوە. ئەو بە دەکارکردنی فۆلکلۆری کوردی و ناوچەیی، ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی، ڕیالیزمی جادوویی و بەسەرهاتە ئۆستوورەییەکان، هەندێ قارەمانی دروست کردن کە لە نێوان کەوشەنی یاساشکێنی و دادپەروەریدا لە هاتووچۆدان. کەسایەتیی حەمەدۆک دەرخەری ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە توندوتیژی بێتوو لە خزمەت بەرگریی و دادپەروەری دا بێت دەکرێ ببێتە هێزێکی ڕزگاریدەر. بەرهەمەکانی کەماڵ ئاوێنەیەکی باڵانوێنن لە ئەدەبیی پاش-کۆلۆنیالیزم؛ ئەو ئەدەبەی کە هاوکات دەنگی بێبەشان دەگەیەنێت و چەمک گەلی ئازادی و دادپەروەری برەو پێدەدات. ئەو بە گرێدانی یادەوەری گشتی گوندنشینەکان دەگەڵ تیئۆری و بۆچوونەکانی جیهانی خۆڕاگریی، جێگە و پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی ئەدەبی جیهان بۆ خۆی مسۆگەر کرد. واتە دەکرێ بڵێین حەمەدۆک لە لایەکەوە ئاوێنەیەکە لە کۆمەڵگەی تورکیەی دەیەی ١٣٣٠ی زایینی و لەولاترەوەش بەشێکی دانەبڕاوەیە لە میراتی ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگری کە هەموو کەوشەنەکان و حدوودەکانی بڕیوە و پەیامەکەی خۆی گەیاندۆتە تەواوەتی خەڵکانی تۆپی زەوی.


*** مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نووسەر، وەرگێڕ و سیاسەتمەداری کورد بە وەرگێڕانی "حەمەدۆک" کتێبخانەی کوردیی بەو بەرهەمە بایەخمەندە ئەدەبییە دەوڵەمەند کرد.**


٢٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید محەممەدعەزیز قادری)



**برایم چووکەڵی**

"بەربەیانی دەبیە باسی گەرمی ڕۆژێکی درێژ
دەبیە دەسپێکی وڵاتێکی لەنێو ئەفسانەدا"

ئەوانەی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەیاندا ڕاپەریون، بیریان لەوە کردۆتەوە کە لە وانەیە خۆیان هیچ کات بەروبوومی ئەم دارە پیرۆزەیان بە قسمەت نەبێت، کەچی دیسانیش بە تین وگوڕتر لە جاران ڕێگەی سەخت و پڕ

له کەند و لەند هەڵدێر و گەوەیان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە ڕانەپەڕیوون خۆیان وەک تاکە کەس ئازاد بکەن بەڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازادکردنی نیشتمان و نەتەوە بندەست و چەوساوەکەیان ڕێگەی خەبات و بەرخۆدانیان گرتۆتە پێش و ئیمانیان بەو ڕاستیە هێناوە کە ئەو ڕێچکەیەی شکاندوویانە کوێر نابێتەوە و پڕ ڕێبوارتر لە پێشوو، دەبێتە ڕێبازێکی پیرۆز بۆ نەوەی داهاتوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەنی مێژوویەکی گەورە لە فیداکاری و قوربانیدانن. لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناوی سەدان و هەزاران قارەمان دەبینرێ کە بەداخەوە هێشتا ئەو دەرفەتە بۆ زۆربەی زۆریان نەڕەخساوە، تا ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان بەو جۆرەی پێویستە، بیانناسن. حەمەعەزیز قادری، یەک لەو قارەمانانەیە کە هەموو تەمەنی بۆ نەتەوەکەی تەرخان کردبوو.

شەهید محەممەدعەزیز قادری ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئاوایی "نەروێ"ی سەر بە شارستانی پاوە چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری کردەوە. بەرەبەرە قۆناغی منداڵی تێپەڕاند و بەهۆی گیروگرفتی ژیان بە ناچاری ڕووی لەک اری تاقەتپڕووکێن کرد و بۆ پەیداکردنی بژێوی باشتری بنەماڵە شانی دایە بەر کاروکاسبی. حەمەعەزیز تاڵی و سوێرییەکانی ژیانی بەتەواوی چێشتبوو و کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کرد، ئەو کە بە چاوی خۆی زوڵم و ستەمی ڕێژیمی شای دیبوو، چالاکانە بەشداریی لە خۆپیشاندانەکاندا کرد. پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی و زەوتکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە لایەن ڕێژیمی تازەوە، و کاتێک کە ڕێژیم هێرشی هێنایە سەر کوردستان، پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزب لە شاری نەوسوود گرت. پاش فتوای خومەینی و هێرش بۆ سەر خەلکی کوردستان لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی حەمەعەزیز چەکی شەڕەفی لە شان کردو لە هێزی شاهۆ سازمان درا و ئەرکی دیفاع لە خاکی کوردستانی گرتە ئەستۆ و قۆڵبڕ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی و دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد هەڵمالی.

محەممەدعەزیز قادری هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کرد. لە شەڕەکانی ناوچەی هەورامانیدا بەشداریی چالاکانەی کرد. ئەو لاوێکی هێدی، هێمنو لەسەرەخۆ بوو، هەر لەو کاتەشدا پێشمەرگەیەکی ئازا، قارەمان و خاوەنی ئیمانێکی شۆڕشگێڕانە بوو. فیداکاری، لێهاتوویی، ئازایەتی، و لێوەشاوەییەکەی بوونە هۆی ئەوە پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێ و لە هێزی شاهۆدا بەرپرسایەتیی سەرپەل، فەرماندەری لک و سەرئەنجام فەرماندەری هێزی شاهۆ وەربگرێ. حەمەعەزیز لە زۆربەی مەئموورییەتەکانی حیزبدا بەشدار بوو. لە زۆر عەمەلیاتی قارەمانانەدا بەشداریی کرد،



سەرچاوە
Serchawe

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

ئەو مەسئوولییەتەی بە دلسۆزییەوە لە ناوچەکانی هەورامان جوانرۆ و دالاهۆ بەڕێوە برد، سەرەڕای ئازایەتی و لەخۆبوردوویی، کوڕێکی دڵپاک، بەڕەوشت بوو و هاوسەنگەرانی کردبوویانە سیمبولی خۆشەویستی و ببوو بە نموونەی قارەمانێکی چاونەترسی نێو قارەمانانی هێزی شاهۆ.

حەمەعەزیز قادری بەداخەوە ڕۆژی ٢٨ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە کاتێکدا لە مەئموورییەتێکی حیزبی لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی لە ناوچەی هەورامان دەگەڕانەوە بەپێی پیلانێکی خائینانەی بزووتنەوەی ئیسلامی تەحویلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درانەوە و بەو شێوەیە قۆناغێکی تازە لە ژیانی سیاسیی حەمەعەزیز قادری لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد.

لەو ٧ کەسە لە زیندانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەیەکی دڕندانە، یەکیان ڕزگار بوو. جەللادانی ڕێژیم زۆریان هەوڵ دا بەچۆکیان دابێنن و ئیرادەی پێشمەرگانەیان تێک بشکێنن، بەڵام ئەوان کە ئیمانیکی قووڵیان بە حیزبەکەیان بوو، لێوە ئەمیندارەکانیان هەڵنەپچڕی و دڵی خۆیان کردە گەنجینەی سەر بە مۆری نهێنییەکانی حیزب. ئەوان زیندانیان کردە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی و لەم بوارەشدا ڕووسوور هاتەدەر و نیشانیان دا کە بەراستی پێشمەرگەی حیزب و گەلەکەیانن. ڕێژیمی دژی گەلی کاتێک زانی کە ناتوانێ بەسەر ئیمانی کورانی دێموکراتدا سەرکەوێ، حەمەعەزیز قادریی لەگەڵ ٥ تیکۆشەری دیکە بە ناوەکانی ئەرشەد ڕەزایی، یونس محەممەدپوور، عەدنان ئیسماعیلی، موزەفەر کازمی و مەعرووف سوهرابی ئێعدام کرد، بەم شێوەیە ژیانی جەستەیی حەمەعەزیز و هاوڕیانی کۆتایی هات، بەڵام ناو و یاد و ڕێبازیان بۆ هەمیشە بەزیندوویی مایەوە. بەدڵنیایی ئەو پۆلە هەڵۆیەی چیاکانی شاهۆی سەربەرز بوون کە ڕێژیمی کۆنەپەرەستی هیچکات نەیتوانی دەستی بە شاباڵی ئەوان ڕابگا و خوێناویی بکا. بەڵام هەم کۆماری ئیسلامی و هەم ئەو خۆفرۆشانەی کە دەستیان لە داوخستن و پاشان ئێعدامی ئەم پۆلە پێشمەرگەیەدا هەبوو، بەو کارە دزێوە پەڵەیەکی ڕەش بۆ هەمیشە بە نێوچاوانی خائینان و خۆفرۆشان دەمێنیتەوە. ئەوان بۆ هەمیشە ڕوورەشی مێژوون و ڕۆژێک دادێ کە سەری شۆڕیان لە دادگای خەڵکدا دابخەن.

**٢٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

---

## بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی مەحکوومکردنی کارەساتی گیانلەدەستدانی ئەحمەد بالدی و سەرکوتکارییەکانی دژی نەتەوەی عەرەبی ئەهواز

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئاگادار بووین کە ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٤، ئەحمەد بالدی، خوێندکاری تەمەن بیست ساڵ و گەنجی عەرەبی ئەهوازی کە لە نارەزایەتی بە ڕووخاندنی دوکانی بنەماڵەکەی لە لایەن مەئمورانی دژە خەڵکی شارەداریی ئەهوازەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، دوای خۆڕاگرتن لە بەرامبەر برینی سەخت، گیانی لە دەست داوە.

بەم بۆنەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی داغدار و دۆستان و کەسوکار و نەتەوەی عەرەبی ئەهواز، ئەم کارەساتە بە درێژەی ئەو مەینەتی و زوڵم و هەڵاواردنانە دەزانێت کە بە درێژایی ئەو ساڵانە بە شێوەیەکی سیستماتیک و تەواو ئامانجدار لەدژی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران کراوە.
بە ڕوانگەی ئێمە ئەم جۆرە کارەساتانە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتداریی ڕێژیمێکی ستەمکار و کولتوورێکی سیاسی لەسەر ئەساسی هەڵاواردن و داگیرکاری و ڕق و کینەی دەسەڵاتدارانی ئێران بەرامبەر بە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی وەزاڵەهاتوو لە کەڵەکەبوونی ستەم و سەرکوت و هەڵاواردن و حاشالێکردن و سوکایەتی پێکردن لەدژی خۆیەتی.
ئەحمەد بالدی نموونەی ئاشکرای میلیۆنان کەسی پڕ لە ئازارە کە لەنێو نەتەوەی عەرەبی ئەهواز و ناوچەکانی وەک بەلووچستان، کوردستان و ناوچەکانی دیکەی نەتەوە چەوساوەکانی ئێران، سەرەڕای بوونی دەریایەک لە سەروەت و سامان


سەرچاوە
Serchawe

لەژێر پێیان، ڕۆژانە شایەتی تالانکردنی سەرچاوە و سەرمایەی نەتەوەیی خۆیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەن و پشکی ئەوان لەم ئیمکانات و سامانە سروشتییانە تەنیا هەژاری و بێبەشییە و تەنانەت ئازار و هەوڵەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی کەمترین ئیمکانات بۆ ژیانێکی شکۆمەندانە بەرەوڕووی تەنگپێهەڵچنین و گوشاری سەرکوتکەرانەی ڕێژیم و شکاندنی کەرامەتی ئینسانیی خۆیان دەبنەوە و لە هەلومەرجێکی لەو جۆرەدا ئەگەر لە دەستی جەلادەکانی ڕێژیم ڕزگاریان بێت، هەندێک جار لەوپەڕی بێهیوایی و توڕەیی سەرچاوەگرتوو لە سوکایەتی پێکردنی لەڕادەبەدەر، بەم شێوەیە تەندروستی و ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە.

هەروەها، دوابەدوای کارەساتی مەرگی ئەم گەنجە، ڕێژیم لە هەنگاوێکی هاوتا لەگەڵ سیاسەت و سروشتی سەرکوتگەرانەی خۆیدا، ژمارەیەک ڕۆژنامەوان و چالاکی عەرەبی ئەهوازی لەوانە حەسەن سەلامات، جەواد ساعدی و سەید سادق ئالبوشوکە دەسبەسەر کرد و وێڕای گەمارۆدانی نەخۆشخانە، ڕێگری لە خەڵک کردووە کە پەیوەندی بە بنەماڵەی ئەحمەد بالدیەوە بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو جۆرە گوشارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر نەتەوەی عەرەبی ئەهواز کە بووە هۆی ڕوودانی کارەساتەکانی وەک خۆسووتاندنی ئەحمەد بالدی و هەروەها دەسبەسەرکردنی ڕۆژنامەوانان و سانسۆری هەواڵ و گوشار بۆ سەر بنەماڵەی ئەم گەنجە بە توندی مەحکووم دەکات و هاوخەمی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکارەکەی و نەتەوەی عەرەبی ئەهواز دەردەبڕێت.

ئێمە هەروەها لە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتیوەیی و ئەنجومەن و ناوەندەکانی مافی مرۆیی چاوەڕوانیمان هەیە و لە بەرامبەر هەڵاواردن و تاوانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی عەرەبی ئەهواز و نەتەوە ژێر دەستەکانی دیکە و پێشێلکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران هەڵوێستی جیددی بگرنە بەر و ئەم ڕێژیمە لە بەرامبەر تاوانەکانی ناچار بە وڵامدانەوە بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندەی پەیوەندییە ئێرانی و کوردستانییەکان

١٤٠٤ - ٨ - ٢٥ هەتاوی - ٢٠٢٥ - ١١ - ١٦ زایینی

٢٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی کۆڕی "خزمەتێک بە بارستایی تەمەن"، کۆڕیادی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە واشنگتۆن



**ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشینگتۆن (مێراو) بە مەبەستی ڕێزگرتن لە تەمەنێک خزمەتی پڕلەشکۆی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبیی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڕیادێکی لەژێر ناوی "خزمەتێک بە بارستایی تەمەن"دا بەڕێوە برد.**

ئەم کۆڕیادە ڕۆژی شەممە، ٢٤ی خەزەڵوەر (١٥ی نۆڤامبر) لە واشینگتۆن بەڕێوە چوو و، هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی مامۆستا حەسەنزادە. لە سەرەتاشدا سەیران شەڕەفی، بەڕێوەبەری کۆڕیادەکە ڕایگەیاند کە مەبەست لە گرتنی ئەم کۆڕیادە جگە لە ڕێزگرتن لە کەسایەتیی مامۆستا ئەوەیە کە تێیدا باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بکرێ و نەوەی نوێ بتوانێ ڕاستەوخۆ و وردتر لەم ڕەهەندانە بڕوانێ.

**لە بڕگەی یەکەمی کۆڕیادەکەدا ویدیۆیەک پێشان درا کە تێیدا کۆمەڵێک لە هاوسەنگەران و هاوڕێبازانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوون، لە ڕوانگەی خۆیانەوە باسیان لە کەسایەتیی مامۆستا حەسەنزادە دەکرد.**

- مستەفا مەولوودی.
- محەممەدنەزیف قادری.
- حەسەن ڕستگار.
- سمایل بازیار.
- حەسەنی شەرەفی.
- خەدیجە مەعزووری.
- عومەر باڵەکی.
- مستەفا شڵماشی.
- باباعەلی مێهرپەروەر.
- گوڵاڵە شەرفکەندی.

ئەو بەڕێزانە بوون کە لەو ڤیدیۆیەدا لەسەر کەسایەتیی مامۆستا حەسەنزادە دوابوون.

لە بڕگەی دواتری کۆڕیادەکەدا ناسر باباخانی، بەرپرسی ناوەندی میراو وتارێکی پێشکەش کرد لەژێر سەردێڕی "فرەڕەهەندی و شوێندانەری" و لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە هەندێک کەسایەتیی تایبەت لە مێژووی سیاسەت و ئەدەبی کوردیدا هەن کە دەکرێ بە نەوەیەکی زێڕینیان ناودێر بکەین. بەڕێزیان بە ئاماژە بەوە کە مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن و مامۆستا زەبیحی وەچەیەک لەو نەوە زێڕینەی کوردن، گوتی لە وەچەی دواتر دەبێ ئاماژە بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بکەین و هەموو ئەو بلیمەتانە کەسایەتیی فرەڕەهەند بوون و ئەو فرەڕەهەندییە و قووڵایی ڕەهەندەکانیان لەنێو کۆمەڵگەدا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب، سیاسەت و ڕۆژنامەوانی و رووناکبیریدا دەبێتە هۆی سازبوونی ڕەوت یان شەپۆلێکی فکریی گرینگ لە کۆمەڵگەدا. ناسر باباخانی بە هەڵکڕاندنی ئەو ڕەهەندانە لە ژیان و ئاسەواری مامۆستا حەسەنزادە ئاماژەی بەوە کرد کە دەکرێ تەواوی ئەو ئایتێمانە لە بۆچوونەکانی بیرمەندێکی ئاوانگاردی وەک "گرامشی"دا، واتە سێ چەمکی هێژێمونی، بلۆکی مێژوویی و هەروەها ڕووناکبیریی ئۆرگانیک بە شێوەیەکی تەتابوقی لەنێو ئاسەوار و ژیانی مامۆستا حەسەنزادەدا بدۆزیەوە و ئەوە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی مامۆستا لەنێو جیلە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا شوێنپەنجەی بە تەواوەتی دیار بێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا ڤیدیۆیەک پێشان درا کە لەودا چەند ئەکادیمیسیییەنێکی باشووری کوردستان باسیان لە

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

ڕۆڵ و پێگەی بەرزی ئەدەبیی مامۆستا حەسەنزادە کردبوو کە توانیویەتی پردێکی پێوەندیی پتەو لە نێوان نووسەران و ڕووناکبیرانی شەش دەیەی ڕابردووی کورد لانیکەم لە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا هەڵبەستێ. دوکتور کوردستان موکریانی، مامۆستا مومتاز حەیدەری، دوکتور شوکرییە ڕەسووڵ، دوکتور عوسمان دەشتی و مامۆستا ئازاد عەبدولواحید ئەو نووسەر و ئاکادیمیسیەنانە بوون کەو ڤیدیۆیەدا لەسەر پێگەی ئەدەبیی مامۆستا دوابوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا جەلیلی ئازادیخا، وتەبێژی کوردانی نیشتەجێی ئەمریکا (کەی ئەی سی) وتارێکی لەسەر پێگەی سیاسی و ئەدەبیی مامۆستا حەسەنزادە و شوێنپەنجەی لەسەر ڕووداوە سیاسی و ئەدەبییەکانی نیوسەدەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کرد. لە بڕگەی کۆتایی کۆڕیادەکەشدا پەیامی ڤیدیۆیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بڵاو بۆوە کە جگە لە دەربڕینی سپاس و پێزانینی خۆی بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆڕیادە، باسێکی لەسەر گرینگیی ئاوڕدانەوەی هەمەلایەنەی هەمووان لە بابەتی گرینگی زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی کردبوو.

شایانی باسە لەم کۆڕیادەدا کە زیاتر لە دوو کاتژمێر و نیوی خایاند، شاندەکانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، لقی حەوتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا و کانادا، مەڵبەندی واشنگتۆنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ناوەندی کوردانی ئەمریکا بەشدار بوون.

٢٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## تێکۆشانکردن پێویستە بەمجۆرە لەنێو گەلدا بێتە بەردەوامکردن!



**دارسمە**

هێندێک کەس پێیانوایە خەبات کار نیە، و ئەگەر کاریش بێت کارێکی زۆر سووک و هاسانە. یانی ئەوەندە سووک و هاسانە هەر خۆی ڕادەپەڕێت. ئەگەر لە ترسی ڕەخنەگرانی دژی پیاوسالاری بوێرم، دەڵێم پیاو لە خەباتیش ماندوو دەبێت، بەڵام پیاو ئەگەر پیاو بێت، ئەم ماندوویەتییە بەسەر خۆی ناهێنێت و بە بێدەنگی لە خەبات دەکشێتەوە و لە

شوێنێک پاڵ دەداتەوە و شەرمیش ناکات بە ڕابردووی خۆی بنازێت.

ئەوانەی ماندوو دەبن باش دەزانن ئەم خەبات و مەباتە ئەگەر هیچ خێری تێدا نەبێت، ئەوەندەی هەیە دەتوانی بیکەی بە پێشینە بۆ خۆت و بە یارمەتیی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ئورووپا دەرفەتی وەرگرتنی مافی پەنابەری بدۆزیتەوە و ڕوو بکەیتە وڵاتێکی ئورووپا و لەوێ لە ژیانێکی ئاسوودا ڕایبوێریت.

وازهێنان لە خەباتیش وەک ئەوەیە لە زیندان ڕزگار بووبیت. با ئەم قسەیەم دوو لەڕووی ئەو زیندانی و خەباتگێڕانە بێت کە دوای دەرچوون لە زیندان یان بەجێهێشتنی مەیدانی خەبات سەری خۆیان بەردەدەنەوە و فیشەک و شتی دیکە بە ڕابردووی خۆیانەوە نانێن و سەربەرزانە دەژین. کشانەوە لە کارێک مرۆڤ دەرەقەتی نایەت، شتێکی ئاساییە و لێرەدا بە دیاریکراوی خەباتگێڕ و زیندانیی سیاسی لە کاتی حەسانەوە و تەنانەت دوای ئەمانیش هەر جێگەی ڕێزن، بەڵام کێشە ئەمەیە کە هێندێک کەس کاتێک واز لەم ڕابردووە دێنن، داهاتوویان دەبێتە مۆتەکەی بۆشایی و بیر لە پاساو و ماساوی زۆر سەیر و سەمەرە دەکەنەوە.

هاوڕێیەک ئەم ڕۆژانە گێڕایەوە، دەیگوت لەو ئورووپایەی دوور لە کوردستان و مەیدانی خەبات، لە ماڵێک لەگەڵ کۆمەڵێک ماندووی خەباتی ڕابردوو لە میوانی بووین. کابرایەکی سمێڵفشمان لێ پەیدابوو، هەر سەری قسەی کرد، دیار بوو یارمەتیی ماندوویانی پشوو هەڵمالاو دەدات و خەریکە دەروویەکی دیکەیان بە ڕوودا بکاتەوە. کابرا لە سەرەتای قسەکانیدا داوای کرد دەرگای ژوورەکە پێوە بدەن و نزیکەی سەعات و نیوێک بێ نێوەدان خەباتی ڕابردووی جنێوباران کرد. وەک هەڕەمەی دڕندە، سەرکردە و مەڕکردەی خەباتی ڕابردوو و ئەم سەردەمەی خستنە سەر کەڵپە و هەر نەیدەدانەوە.

کابرای گێڕاوە، نزیکەی یەک سەعات و نیو قسەی کرد و لەم یەک سەعات و نیوەدا نەیگوت دەسەڵاتی دابەشکاریی کوردان خراپن و نەشیگوت ئەوان چەندیان زوڵم و ستەم دەرهەق بە کوردان کردوە. باسی عوسمانی و سەفەوی و دابەشکردنی کوردانی نەکرد، و نەشیگوت دامەزراندنی حیزب و میزبی سیاسی و میاسی پێداویستیی کات و سات و مێژووی خۆیان بوون. بەڵام گوتی ئەوانەی خەباتگێڕ بوون باش بوو وازیان هێنا، و ئەوانەی ئێستاش بەردەوامن، بۆ بەرژەوەندیی گەل "تێکۆشان ناکەن". وەک هاوڕێکەم گێڕایەوە، ئەوانەی لەم کۆڕە بچووکەدا بوون، پێشتر خەباتیان کردبوو، بیریان لەو پاساوانە دەکردەوە کە بۆ پەشیمانبوونەوە لە ڕابردوویان پێویستن، و ئەوانەی پێشینەی خەباتیشیان نەبوو، سینگیان ڕەپێش دەدا و پێشانیان دەدا کە ئەوان چەندە مرۆڤی پاک و بێخەوشن.

ئەمە قسەی من نیە و وباڵ بە ئەستۆی ئەو هاوڕێیەی لە کۆڕەکەدا بەشدار بووە. ئەو دەیگوت کابرای وەقسەهاتوو گوتی: پێشمەرگایەتی مۆدی نەماوە و ئێستا هەر ناوبردنیشی حەیاچوونە، چونکە کاتی خۆی پێشمەرگە لە جیاتی ئەوەی دەست بەسەر بنکە و پایەگای دوژمن دابگرن و شەڕی سێ مانگە بکەن و سەرۆکەکانیان لە هەڵبژاردنی گشتیدا تێکڕای خەڵک دەنگیان پێ بدات، بەکۆمەڵ بەسەر ماڵی خەڵکی کوردستانیاندا دەدا و لە پێناو گەیشتن بە هێلکەوڕۆنی گەرم و مریشکی سوورەوەکراو، خەڵکیان دەدایە بەر شەق و مست و پێلەقان.

کابرای سمێڵفش دیار بوو زۆر خوێندەوارە و هێندێک مانیفیستیان بە زەبری چاولێسوورکردنەوە پێ خوێندووەتەوە و تێیان گەیاندوە کە ئێعدامەکانی مەیدانی فڕۆکەخانەی سنە و ٥٩ لاوی مەهاباد و کوشتوبڕی خەڵکی گوندەکانی دەشتی شارویران و سندووس و شنۆ و لاجان، بە "قەرەگوڵ" و "قارنێ" و "قەڵاتان" و "سۆفیان" و "کانی مام سەیدە" و "کولیج" و "سەرووکانی"یەوە، هەموویان درۆ و دەلەسەی ئەوانەن کە دەڵێن خەباتمان کردوە.

**لێرەدا بیرم لە درۆ و دەلەسەی هێمنی شاعیر دەکردەوە درۆیەکی بە ناوی کوشتاری گوندی قەڵاتان هەڵبەستووە و دەڵێت:**

**بەهاری کوردەواری سوور و شینە**
**لە دەوری تەرمی خۆێنین کۆڕی شینە**
**کە دەتهەوێ بەهاری کورد ببینی**
**وەرە گوندی قەڵاتانم ببینە**

کابرا زۆربلێکە، لەم یەک سەعات و نیوەدا، زۆر شتی گرینگتر لە دۆزی نەتەوە مەتەوەی ئاشکرا کرد و گوتی: بە منداڵی بە چاوی خۆی لە گوندێک میوان بووە و دیتوویەتی ئەوانەی چل و چەند ساڵە خۆیان بە خۆیان دەڵێن پێشمەرگە و کۆماری ئیسلامی پێیان دەڵێت "ضد انقلاب"، چۆن لە پێناو ئامادەکردنی مریشکێکی سوورەوەکراوی نێو ڕۆنی کوردیدا خەڵکی گوندیان داوەتە بەر مست و پێلەقە.

هاوڕێکەم دەیگوت کابرا زۆر دژی کۆنەپەرستی و خورافات بوو و دەیگوت ئێمە پێشڕەوی تێکۆشانی گەلین و "تێکۆشان بەردەوام دەکەین" و بۆ ئەم مەبەستەش ماوەیەک لەمەوبەر هەوڵماندا لەگەڵ برایانمان خەباتی ئەربەعینی حوسێنی بۆ زیندووکردنەوەی یادی ئیمام حوسێن بەردەوام بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەم تێکۆشانەی ئێمە بە توندی کەوتە شەرمەزارکردنی لایەنگرانی کۆنەپەرستی.



سەرچاوە
Serchawe

**خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

لەم نێوەدا من خەریک بووم لە گێڕانەوەکە دادەبڕام و بیرم لەوە دەکردەوە زۆر پێویستە ئەم قسانەی هاوڕێم دەیانگێڕێتەوە، بە ئاوی زێڕ بنووسرێنەوە و پێش ئەوەی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێت، بکرێنە پۆستەر و بنێر و بە کوێرایی چاوی دژبەرانی ئەم بیرۆکەیە، لەسەر دەرگای وەزارەتی نێوخۆی ئێران و وەزارەتی تێکۆشەری ئیتلاعات لە تارانی پایتەختی ڕێڕەوانی ئیمام هەڵبواسرێن و پێویستە بۆ هەڵواسینی ئەم پۆستەر و بانێرانە سەر دەرگای ئیدارەی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ لەبیر نەکرێن و لە هەمووشی پێویستتترە بۆ شەرمەزارکردنی کۆمارە تەمەنکورتەکەی مەهاباد کە خەریک بوو چەند بەرەکی بخاتە نێوان گەلانی دوور و نزیکی میزۆپۆتامیا، سەر دەرگای فەرمانداریی ئەم شارە واتە مەهابادیش "نەیەتە لەبیرکردن."

**٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥**

# کۆچی دوایی سروودبێژی «بژی دێموکرات»






**تاهیر قاسمی**

له نێوەڕاستەکانی دەیەی نەوەتی زایینیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی هەستپێکراو دەستی بە بووژاندنەوەی هونەر و ئەدەبیات لەنێو حیزبدا کرد. وەڕێخستنی ڕۆژنامە دیوارییەکان لە زۆربەی کۆمیتە و ئۆرگانەکاندا، چاپکردنەوەی سەرلەنوێی گۆڤاری لاوان کە پتر باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی هەبوو، بەردەوامیی بەرنامەی کۆلکەزێرینەی تایبەت بە ئەدەب و هونەر لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە، کۆڕە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە بەردەوامەکانی کۆمیسیۆنی

پەروەردەی حیزب، زیادکردنی پاشکۆی ئەدەب و هونەر بۆ ڕۆژنامەی کوردستان و بووژاندنەوەی کۆڕی هونەریی حیزب بەشێک لەو هەنگاوانە بوون. ئەوانەش پتر بەرهەمی کار و تێکۆشانی کەسانی قەڵەم بەدەست و خاوەن بەهرەی وەک نەمر عەبدوڵلا شەریفی، کاک قادر وریا، کاک سمایلی بازیار، کاک برایم لاجانی، کاک هەیاس کاردۆ، نەمر کاک ئەحمەدی قادری و هونەرمەندی نەمر تاهیر خەلیلی و هونەرمەندانی دیکەی کۆڕی هونەریی حیزب بوون. لەم نێوەدا هاوکاریی ئەدیبان و هونەرمەندانی شاری کۆیە لەوانە نووسەر کاک قادر بەشدار، مامۆستای مووزیک کاک سەردار ئەحمەد و بە گشتی تیپی مووزیکی باواجیی کۆیە ڕۆڵی گرینگیان لەو بووژانەوە و پەرەدانەدا هەبوو. لە سایەی ئەو هەوڵ و هاوکارییانەدا کۆمەڵێک بابەتی جوان لە ئەرشیڤی حیزبی دێموکراتدا تۆمار کران کە بەشێکیان هەتا ئێستاش سەرتۆپی ئەو سروود و ئاوازانەن کە لە میدیاکانی حیزبدا بڵاو دەبنەوە.

یەکێکی تر لەو هونەرمەندانەی خزمەتی بەو بووژانەوە هونەرییەی حیزب کرد، هونەرمەند سمایل شەیدا و یەک لەو سروودە بەناوبانگانەی ئەو سەردەم تۆمار کران، سروودی «بژی دێموکرات» بوو.

«بژی دێموکرات» شێعری مامۆستا هێمنە کە ساڵی ١٣٢٤، ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات نووسراوە. ڕاست پەنجا ساڵ دوای نووسرانی ئەو شێعرە و لە یوبیلی زێڕینی تەمەنی حیزبدا، لە حاڵێکدا کە شێعرەکە لە چاپەکانی دواتری کتێبی "تاریک و ڕوون"دا کەوتبووە بەر تیغی سانسۆڕی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و پاک کرابۆوە، لاوێکی دەنگخۆشی باشووری کوردستان، پڕ بە گەرووی، سروودی "بژی دێموکرات"ی بە گوێی دۆستان و دوژمنانی ئەم حیزبە دەگەیاند. ئەو لاوە دەنگخۆشە ئیسماعیل ئیبراهیم ناسراو بە سمایل شەیدا بوو کە وێڕای شنۆخانی خوشکی هاوشۆی کۆڕی هونەریی حیزبیان دەکرد و لە جێژن و بۆنە حیزبییەکاندا گەلێک جار گۆرانی و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانییان بۆ تێکۆشەرانی حیزب دەچڕی.

هونەرمەند سمایل شەیدا لە ساڵانی دواتردا وەک زۆرێک لە لاوانی باشوور بە هۆی بێدەرەتانی و هەژاری، ڕووی لە دەرەوەی وڵات کرد و سەرەنجام لە وڵاتی ئاڵمان گیرسایەوە. ئەو لە دەرەوەی وڵاتیش، ئەگەرچی بە جەستە لە حیزبی دێموکرات دابڕابوو و لە هاوڕێیانی حیزبی دوور بوو، بەڵام ڕۆحی لەگەڵ ئەم حیزبەدا مایەوە. لەم ساڵانەی دواییدا سەرەڕای ئەوەی تووشی نەخۆشییەکی سەخت ببوو، دڵی هەر لای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەم حیزبە بوو و بە سەرمایەی هەموو نەتەوەی کوردی دەزانی. بە جۆرێک کە ٧ ساڵ دوای هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا، پرۆفایل و کاوێرەکانی سمایل شەیدا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر وێنەی قەڵای دێموکراتی بۆردوومانکراو، بەڵام ڕازاوە بە وێنەی پێشەوای نەمر و گڵکۆی



سەرچاوە
Serchawe

خەزەڵوەری ٢٧٢٥

شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بوو. تا سەرەنجام ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا لە شاری هانۆڤێری ئاڵمان بەو نەخۆشییە کۆچی دوایی کرد.

هەواڵی کۆچی دوایی کاک سمایل شەیدا ئەگەرچی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی خەمبار و تاسەبار کرد بەڵام بێگومان ناو و یادی ئەو وەک سروودی «بژی دێموکرات» تا هەتایە لە دڵی گەلەکەی و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بە نەمری دەمێنێتەوە.


ڕەوانی شاد و یادی هەرمان

٢٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# وردەکاریی هێمنانە (مۆسیقا چۆن مەبەست قووڵ دەکاتەوە؟)





ڕەسووڵ سوڵتانی

ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەیی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێک دەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم

ئەم بەیتە شیعرەی هێمن جیا لە پەیامەکە، لایەنێکی پڕ وردەکاری و شاعیرانەی تێدایە، کە پێویستە وەکوو ڕەهەندێکی

جوانیناسانە ئاوڕی لێ بدەینەوە.

زۆرمان گوێ لێ بووە گوتراوە و دەگوترێتەوە کە سیاسەت لایەنی جوانیی ئەدەب ناهێڵێ. بەڵام کە ئاوڕ لە جیهانی هونەر و ئەدەب دەدەینەوە، سەیر دەکەین بەشێکی زۆر لە لووتکەکانی ئەو بوارە بەرهەمی سیاسەتن یان بە واتایەکی دی لەو سۆنگەیەوە بە لووتکە گەیشتوون، چونکە ئاوڕیان لە دۆخ و پرسێکی سیاسی داوەتەوە. نموونە لە جیهانی ئەدەبدا زۆر زۆرن کە دەکرێ لە ڕۆمانەکەی سولژ نیتسینەوە (ڕۆژێکی ژیانی ئیڤان دنێسفیچ)ـەوە تا سەگوەڕەکەی موکری و بەزمی تەگەکەی یۆسا و سەدان دەقی شیعریش بە نموونە بخەینە ڕوو. کەوابوو ئەو وتەیە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی مشوورخۆرانە کە دەڵێ ئەدەبیات با نەبێتە درووشمی ڕووتی ئایدیۆلۆژیی سیاسەت و سیاسەتی ئایدیۆلۆژی... لایەنێکی ترسنۆکانە، کە بەشێک لە نووسەر و شاعیرەکان بۆ خۆدزینەوە لە هەموو بەرپرسیارەتییەکی مرۆیی ئەم وتەیان کردووەتە بنێشتەخۆشکەی سەر زاریان.

ئەم دوو دێڕە شیعرەی هێمن، ئاوێنەی دۆخی ژیانی نەک هەر هێمن بەڵکوو هەموو تێکۆشەرێکی کوردن، تێکۆشەرێک کە بۆ خەبات و بە ئاوات و خەونی ڕزگارکردنی میللەتە بندەستەکەی و ڕەواندنەوەی تەمی خەمی ژێردەستی، چەکی خەبات و ژیانی چیایی هەڵدەبژێرێ، بەڵام لە ئاکامدا بۆ ڕەواندنەوەی خەمی خۆی پەنا دەباتە بەر مەی و مەیخانە.

لایەنی هونەری و جوانیناسانە و شاعیرانەی ئەو شیعرە کە نەیهێشتووە ببێتە درووشم و قسە و دەبڕینێکی ڕووتی خەفەت و خەم، لە پاتەبوونەوەی پیتی (م)ـدایە. لەو دوو دێڕەدا ئەو پیتە دە جار پاتە دەبێتەوە. پیتی (م) لێرەدا دۆخی مرۆڤێکی خەمبارمان بۆ وێنا دەکات کە سەری داخستووە و لەبەرخۆیەوە دەڵێ ئمممممم ئم ئم

دووبارەبوونەوەی پیتەکان لە شیعردا جیا لە دەوڵەمەندکردنی لایەنی مۆسیقایی دەق، مانای دەقەکەش بەرجەستەتر دەکاتەوە.

وەختێک نالی دەڵێ:

بگاتە ئاسمانی بێستوون فەرهادی هاوارم

شەش جار پاتەکردنەوەی پیتی (ا) وێکڕا هەم دووریی نێوان زەوی و ئاسمانی بێستوون(چیا) و بێستوون(بێ کۆڵەکە)مان بۆ



سەرچاوە
Serchawe

وێنا دەکات، هەم بەرزیی هاوارەکە.

لێرەدایە لووتکەی خوڵقاندنی جوانی و واتا.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزڵوەری ٢٧٢٥ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٥ی زایینی






# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**